

# ڕۆڤار

ژمارە ٨٨

مایس -حوزەیران

ڕۆڤار، بڵاوكراوەیەكی ڕۆشنبیرییە
هەر ژمارەی تایبەتە بەداهێنەرێكی كورد
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
دوو مانگ جارێك دەریدەكات

**یەكەم ژمارەی ڕۆڤار ٥-٥-١٩٩٩ دەرچوە**

سەرنووسەر
ڕەووف بێگەرد

بەڕێوەبەری نووسین
ئیدریس عەلی

گرافیك دیزاین
ئارام عەلی

تیراژ: ١٢٠٠

نرخ: ١٢٥٠

ناونیشان
سلێمانی- شارێی سالم
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

www.serdem.net

پەیوەندیکردن بەڕۆڤارەوە لەڕێگەی
ئیمێڵی
edrisali16@yahoo.com

چاپخانەی
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم



## ژمارەکانی ڕابردووی ڕۆڤار

ئیبراهیم ئەحمەد، محەممەد مەولود (مـەم)، کەمال مەزهەر، لەتیف حامید، سوارە ئیلخانی زادە، محێدین زەنگەنە، ئەحمەد هـەردی، یەڵماز گۆنای، ئیسماعیل بێشکچی، موحەرەم موحەممەد ئەمین، دڵدار، مەستورەی ئەردەڵانی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، جەمال عیرفان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، جەلالی میرزا کەریم، ڕەفیق چالاك، عەبدولخالق مەعروف، هێمن، حسێن حوزنی موکریانی، ئەمین فەیزی، کامەران موکری، جەلال تەقی، حەمە ساڵح دیلان، هەژار، شاکر فەتاح، کاکەی فەلاح، عەلائەدین سەجادی، شێخ محەممەدی خاڵ، حسێن عارف، عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، سەلیم بەرەکات، پێشەوا قازی محەممەد، مەحمود مەلا عیزەت، فایەق بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، جگەرخوێن، بابەتاهیری عوریان، عەرەب شەمۆ، دڵشاد مەریوانی، مەنسوری یاقوتی، حەسەنی قزڵجی، برایم ئەمین باڵدار، مەسعود محەممەد، بەختیار زێوەر، نەجمەدینی مەلا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، لەتیف هەڵمەت، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێردی نەمر، مەلا مەحمودی بایەزیدی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شەریف پاشای خەندان، جەمیل صائیب، ئەحمەد موختار جاف، عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری، میر شەرەف خانی بەدلیسی، وەفایی، گۆران، بەدیع باباجان، جەمال شارباژێڕی، مارف بەرزنجی، نالی، مەحموی، ئەنوەر قەرەداخی، حەمەی مەلا کەریم، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، ئیبراهیم یونسی، قەرەنی جەمیل، مەلای گەورەی کۆیە، تۆفیق وەهبی بەگ، محەممەد ئەمین زەکی، عەبدوڵڵا جەوهەر، مستەفا بەگی کوردی، شێرکۆ بێکەس، سالم، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەحمەد کایا، مەولەوی،قانیع.عوسمان چێوار.کەریم کابان،ڕەفیق حیلمی، مستەفا زەڵمی.ئازاد شەوقی.

سەرۆکی فەخری
شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا
ئازاد بەرزنجی

# پێڕست

| | | |
|---|---|---|
| ژياننامه | ٧ | ڕۆڤار |
| پێشەکی کامەران موکری بۆ چاپی یەکەمی دیوانی شێخ نوری | ٨ | کامەران موکری |
| شێخ نوری شێخ ساڵح نوێخواز و سەردەمەکەی | ١٢ | ئازاد عەبدولواحید |
| هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی شێخ نوری | ٢٥ | حەمە دلێر میسری |
| مەرجەعیاتی ڕووناکبیریی و شاعیرێتیی | ٣٨ | د. ڕەئوف عوسمان |
| سێ نامەی شێخ نوری | ٤٤ | شێخ نوری شێخ ساڵح |
| شیعری دلاوەران | ٤٨ | ئەحمەد هەردی |
| شێخ نوری و یەکەمین ئۆپەرێتی کوردی | ٥٨ | د هیمداد حوسین و عەبدوڵڵا ڕەحمان |
| شێخ نوری شاعیر وەك ڕەخنەگری گوتاری پیاوسالاری | ٦٦ | عەبدولخالق یەعقوبی |
| بیری پێشکەوتنخوازی | ٧٠ | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| بیری ناسیۆنالیزم | ٧٨ | مەجید ساڵح |
| شێخ نوری شێخ ساڵح و دەرفەتی | ٨٨ | هومایۆن ساحب |
| دێڕی دڵاوێز | ٩٢ | هەژار فەقێ سلێمان |
| هزرە تیۆرییەکانی | ٩٨ | حەمە مەنتك |
| شێخ نوری و مامۆستا گۆران | ١٠٣ | دکتۆر کامیل بەسیر |
| پایەی شێخ نوری لای شاعیران و | ١١٢ | لە دیوانی شێخ نورییەوە |
| تورك و گورگ و مەڕ | ١٢٢ | شێخ نوری |
| شێخ نوری شاعیری بە ئەزمون | ١٢٥ | لە دیوانی شێخ نورییەوە |
| نامەیەکی شیعری | ١٣٢ | شێخ نوری |
| بیبلیۆگرافی و پێڕستکاری | ١٣٦ | بوار نوورەدین |

بەڕێز فاروق مەلامستەفا سپۆنسەری ئەم ژمارەییەی کردووە

# سەروتار

## بەهرەیەکی درەوشاوە. نوێ خوازێکی شیعر

شێخ نوری شێخ ساڵح یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی و پێشەنگیشە لە بواری نووسینی پەخشان و ئەو زمانە کوردیەی ماوەیەکی زۆربوو بە کۆڵی ئەدەبیی کوردیەوە، بەتایبەتی شیعر ببوو بە بار. لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابووردووەوە، لە ڕۆژنامەکانی ژین و ژیانی ئەو سەردەمانە و پاشانیش چاپ کراوی ترەوە، وتاری ناوازە و ڕای کاریگەر و گیانی نوێ خوازانەی خۆی ڕاگەیاندوە. دەتوانین بڵێین شیعری شێخ نوری شیعری ڕووناکبیرێکە کە لە گرنگی و بایەخی سەردەمەکەی خۆی تێ گەیشتوە و شارەزای ئەدەبی ئەوروپا بوە، ئیتر لەڕێی زمانی فارسییەوە بووبێت یان عەرەبی و تورکی. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەست دەخاتە سەر ئەم ڕاستیە و ڕەنگە لە کتێبەکەیدا ئەو بایەخەی بە شیعری شێخ نوری داوە تەنیا بە هەمان تایبەتمەندیەوە بووبێت کە بە شیعری گۆرانی داوە. شێخ نوری بۆ یەکەمجار بە شیعر پەردە لەسەر دواکەوتوویی کۆمەڵگا لادەدات و ڕووپۆشی خۆ شاردنەوە دەخاتە نێو تەنووری لە یادکردنەوەوە. هەر ئەوە لە شیعرا دەست بۆ فەلسەفەی ژیان و نکوولی کردن لە وەستان دەکات و گیانی بەرخۆدان و پشتگیریی لە جەماوەری نەدار و تێکۆشەران بەرزڕادەگرێت. هەروەها پەردەلەسەر سیاسەتەکانی دژ بەکورد هەڵدەماڵێت و ڕەخنەی توند لەخۆیشمان دەگرێت.

ئێمە لەو ڕاستیە بە ئاگاین کە دەبوو - ڕۆڤار - زۆر لە ئێستا لە پێشتر ژمارەیەکی خۆی بۆ ئەم گەورە پیاوە تەرخان بکردایە و گوڵی ناو ئینجانە بۆن خۆشەکانی بوایە. دەستاودەست کردنی ستافەکەی ڕۆڤار بە درێژایی ئەم ماوەی دەرچوونەی، زۆریی ئەو ڕوناکبیر و تێکۆشەر و شاعیر و بەهرەمەندانەیش کە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە ڕیزی ئەم کاروانە شکۆمەندەیان گرتبوو، بە داخەوە دوای خستین. بەتایبەتییش ئەو قەیرانەی لەم دواییەدا بەسەر وڵاتەکەماندا هاتوە و، تەنیا بە هاوکاریی دڵسۆزان دەتوانین ڕۆڤار دەربکەین و دەست بۆ هەندێک کاری ڕوناکبیرانەی تر بەرین. ئەوەیش دەزانین ئەمەی ئێستای ڕۆڤاریش، لە ئاستی شکۆی شەرافەتمەندانەی ژیانی شێخ نوری و توانا و بەهرەی مەزنی شیعرەکانیدا نیە. بەڵام لە هەگبەی شوانیی بواری ڕوناکبیریی ئێستای ئێمەدا، بەداخەوە، لەمە زیاترمان بۆ نەڕەخسا. لە هەمان کاتدا هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەین کە شێخ نوری ئەو مرۆڤە گەورە و شاعیرە داهێنەرەیە کە ئێمە و ئەدەبیی کوردییش قەرزاری بیر و هونەرەکەین.

**سەرنووسەر**





# ژیاننامە

شاعیر و نووسەری لێهاتووی کورد (شێخ نووری شێخ سالح) ساڵی 1896 لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتا لە حوجرە لای چەند مەلایەک دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە، ساڵێکیش لە (ڕوشدیەی عەسکەری) خوێندوویەتی و زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی فێر بووە. شێخ نووری شێخ سالح یەکێکە لەو شاعیرە پێشەنگ و ناودارانەی کورد کە لەگەڵ (گۆران)ی نەمردا ڕۆڵی پێشەنگیان بینیوە لە دامەزراندن و هێنانەکایەی ڕێبازێکی تازە لە شیعری کوردی و تێپەڕاندنی شێوازی کۆنی کلاسیکدا. لەم ڕێگەوە شۆڕشێکی ئەدەبیی گەورەیان بەرپا کردووە. ئەم ڕۆشنبیرە گەورەیە لە بواری ڕۆژنامەنووسییشدا لە سەردەمی شۆڕشەکەی (شێخ مەحمود)ی نەمردا لە ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان)دا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. شیعرەکانی شێخ نووری کە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی ئەقڵێکی ڕۆشنبیر و هەستێکی ڕاستگۆی عاشقی ئازادی و پێشکەوتن بوون، لەو سەردەمەدا بوونە ڕێچکەشکێن و نموونەی جوانی شیعری نوێی کوردی و یەکەم دیوانی شیعریشی لە ساڵی (1985)دا چاپ کراوە. ئەو کەڵەشاعیرە لە بوارەکانی سیاسەت و ئیدارەشدا پیاوێکی تێکۆشەر و بەئەزموون بووە. شاعیری ناسراوی کورد

(شێخ نووری شێخ ساڵح) لە (20 کانونی یەکەمی 1958) و لە تەمەنی (62)ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاک سپێردراوە.

شێخ نووری شیعر و وتارەکانی بە ئیمزای (م. نووری) کە کورتکراوەی ناوەکەیەتی، بڵاو کردووەتەوە. لەبەر ئەوەی لە سەردەمی خۆیدا پاڵپشتی سیاسەتی ئینگلیز نەبووە و ڕقی لە نۆکەری و ملهوڕی بووە، هەمیشە ئازاری دەروونی و وەزیفییان داوە. شێخ نووری جگە لە پێشەنگایەتیی شیعری و ڕۆژنامەوانی، کۆمەڵێک وەزیفە و پلەی باڵای پێ دراوە، بەڵام هەمیشە دوور خراوەتەوە و لە وەزیفەکان و دایان بڕیوە.

ئەو ڕۆژنامانەی کە شێخ نووری تیایاندا کاری کردووە، بریتین لە: پێشکەوتن، ژیانەوە، ژیان، بانگی کوردستان.





# پێشەکیی کامەران موکری بۆ چاپی یەکەمی دیوانی شێخ نووری

بەلای منەوە مامۆستا شێخ نووری شێخ صالح مامۆستای ماوەی گوێزانەوەیە (فترة الانتقال) لە هۆنراوەی کوردی دا، لە کۆنەوە بۆ نوێ.. وە کە ئەڵێم نوێ، یان کات و سەرەتای دەرکەوتنی هۆنراوەی (نوێ) مەرامم دەوروبەری کۆتایی شەڕی جیهانگیری یەکەمە.

لەکاتێکا کە هۆنراوەی کوردی لە کوتی (شێوە و هەستی کۆنا) بوو، ئەو و مامۆستا گۆران شۆڕشێکی قووڵیان لە هۆنراوەی کوردی دا بەرپا کرد، ئەگەر چی زۆر کەسیش ئەم شۆڕشەی بەلاوە (یاخی بوونێکی ناڕەوا بوو) دەربارەی هۆنراوەی کوردی، بەڵام لە ئەنجاما بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا دەرکەوت کە شۆڕشێک بوو پڕ بە پڕی (واقیع و پێویستی) لەگەڵ هەموو کەم و کوڕیەکیشیا.

بەم بۆنەیەوە ئەمەوێت شتێک بڵێم، یان بڵێین بیرێک دەربڕم، کە ئەویش ئەوەیە، (کاتێ کە هێزی نوێ کەرەوە چ لە ئەدەب دا، وە چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا) ئاڵای خەبات بەرز ئەکاتەوە، هێزی کۆنە پەرست، بەرەنگاری ئەبێتەوە وە بە هەموو جۆرێک شاڵاوی بۆ دێنێ، بەڵام ئەگەر هێزی نوێ کەرەوە، هێزێک بێت سوومەند و لە ناوجەرگەی بەرژەوەندی کۆمەڵەوە هەڵقوڵابێ ئەوا گومانی تیا نیە سەرکەوتووە.



بەڵێ مامۆستا شێخ نووری شۆڕشێکی ئەدەبی گەورەی بەرپا کرد یان بە وردی بڵێین سەرکردەیەتی شۆڕشێکی ئەدەبی کرد لەگەڵ مامۆستا گۆران و نوسەر و شاعیرە نوێ کەرەوەکانی ترا..

مامۆستا ڕەفیق حلمی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دا (بەرگی دووهەم) ئەڵێت: (لە وەزن قافیە و شێوە و ئاهەنگدا مامۆستا نووری ڕێگەیەکی

تازەی داناوە بۆ شیعری کوردی، لەبەر ئەمە سەردەمێک (شێخ نووری) سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی (سلێمانی) بووە، وە زۆریان تەنانەت (گۆران)یش هەوڵی لاسایی کردنەوەی (شێخ نووری)یان ئەدا.

مامۆستا شێخ نووری ئێستە لە تەمەنی (62) ساڵیدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەک هەر لە هۆنراوە وتن سارد نەبوتەوە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم سەرلەنوێ دەروونی هۆنراوەی کڵپەی سەندوە.

شێخ نووری لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە قوتابخانەکانی تایبەتی ئەهلی خوێندوویەتی، تورکی و فارسی و عەرەبی ئەزانی، وە وەکو مامۆستا ڕەفیق حلمی دەری خستوە شێخ نووری لە دانانی هۆنراوەی کوردی دا پەیڕەوی (تۆفیق فکرەت)ی کردوە، کە یەکێکە لە شاعیرە بەرزە نیشتمان پەروەرەکانی تورک لەو دەورەدا.

خوێندەواری بەڕێز:

بەلای منەوە، مامۆستا شێخ نووری چۆن لە لاویدا زۆر بەگەرمی دەسی دابوە ئەدەب ئەگەر هەروا لە سەری بڕۆیشتایە، ئەتوانم بڵێم ئێستە پایەیەکی تری ئەبوو لە ئەدەبی کوردی دا، بەڵام (داخەکەم) چەرمەسەریی ژیان و ئەو کۆسپانەی ئەهاتە ڕێگەی وای لێ کرد کە تا ڕادەیەک لە هۆنراوە وتن (ساردبێتەوە)، ئەمە جگە لەوەش کە زۆر جار وەک شاعیرەکانی ترمان هۆنراوەکانی، لە کون و قوژبن دا لە ئەنجامی زۆرداریا ئەخنکان و ئەبوون بە خۆراکی مارو مێرو.

بە باس کردنی (مامۆستا نووری)دا، کاکە (ئەخۆل) م بە بیردا دێت، کە چۆن لە لاوییدا هەر هۆنراوەی گەرم و گوڕی ئەو بوو بەسەر زمانی لاوانەوە، کەچی داخەکەم کە ملی نا بەرە و گرێی چوارەمی تەمەن، ئەویش چەرمەسەری ژیان وەک شەلەلی شەر ڕێی پێ گرت و سستی کرد...

ئنجا هیوادارم چۆن مامۆستا نووری شاعیری بە نرخمان کەوتۆتەوە هەوڵ دانێکی چالاکانە لە مەیدانی ئەدەبا، هەروەها مامۆستا (ئەخۆل)یشمان ئەسپی هۆنراوەی تاو بداتەوە بۆ ناو مەیدانی ئەدەب.

ئەی مامۆستایانی بەڕێزم: ئەی هاوڕێ نووسەر و شاعیرەکانم تەمی زۆرداری (ئیمپریالیزم) ڕەویەوە، گزنگی ئازادی خۆی سوو لە لوتکەی ژیان، ئێوەش کۆتی فەرامۆشی بهاڕن، ڕوو بکەنەوە کۆڕی خەباتی بێ وچان لەپێناوی نەتەوەی کوردا... مامۆستایینە ئەو کۆسپانەی جاران لە ڕێتانا بوو، نەمان، ئەو داوانەی بۆیان دائەنان، پەتیان پسا، بنووسن. نەتەوەی کورد چاوەنواڕتانە.

شاعیرەکانمان، وە مامۆستای شاعیر شێخ نووری وەنەبێ جاران (خوا نەکردە) بڵێم بەزی بن، بەڵکو چۆنیەتی ژیانیان وای لێ کردبوون کە نەتوانن هەنگاو زۆر بنێن چونکە (بەلای منەوە) ژیانی ئەو و مامۆستایانە لەگەڵ ژیانی لاوێکدا لە هەڕەتی لاویدا (سەڵت و قوڵت) زۆر جیاوازی هەیە...


خوێندەواری بەڕێز:

وا ئەم سێ 3 هۆنراوە (نایابە)ی مامۆستا شێخ نووری شێخ صالح ت پێش کەش ئەکەم، بەڵام وەنەبێت بمەوێ مامۆستا (خۆیت) پێ بناسێنم چونکە تۆ کاتێک مامۆستات ناسیوە کە ئێمەمانان دەسمان قەڵەمی نەگرتووە، وە خوێندەوارە لاوەکانیش بێ گومان بە هۆنراوەکانیا و بە هۆی (شیعرو ئەدەبیاتەوە) چاکی ئەناسن.

بەڵێ ئەم چەند دێڕەی من دانانرێت بە پێشەکی یەک هی یەکێک کە شاعیرێک بە خوێندەواران بناسێنی بەڵکو چەند دێڕێکە خۆم زۆر شاد بووم کە پێم سپێررا دەربارەی مامۆستام شێخ نووری بینووسم، چەند دێڕێکە هی هەستی خۆم، دەرونی خۆم وە خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم کە ئەم کارەم پێ سپێررا.

مامۆستا لە هۆنراوەی (شێخ مەحموودی نەمردا ئەڵێ):


من بێم لەبەر ڕەزای دڵی تۆ، یا یەکێکی تر
ناموسی کوردەواری بنێمە کەنارەوە؟!
تۆ و، ئەو کەسەش کە وای وتووە باشی تێ بگەن



کورد نایەوێ بژی بەلەکەی عەیب و عارەوە

لەم دوو بەیتەدا، ئاگری کورد پەروەری بە جۆرێک بڵێسە ئەسێنێ کە لام وایە هەرچی ئاوی چەرمەسەری ژیان هەیە بەسەریا بڕژایە نەی ئەکوژانەوە، وە نای کوژێنێتەوە، مامۆستا شێخ نووری ئەمەی لە کاتێکا وتووە، کە شمشێری زۆرداری لەسەر گازەرای پشتمان بریسک و هوڕی ئەهات، ئەمە بەڵگەیە کە مامۆستا چەند بەپەرۆش بووە بۆ ئازادی، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە مامۆستا هەرگیز گەلی کوردی فەرامۆش نەکردووە بەڵێ، ئەم چەند بەیتە ژیلەمۆ بوون لە دەروونی مامۆستادا بەڵام وا ئەمردو بوون بە گڕر، گڕر،

ئەم هۆنراوەیە بەڵگەیە بۆ باوەڕ پتەوی مامۆستا بە سەرکەوتنی گەل، نیشانەیە بۆ هیوایەکی گەشاوە وەک پشکۆ هەمیشە لە دڵیا بووە.





مامۆستا شێخ نووری کورد پەروەر لە هۆنراوەی (لە خەوما) هەر وەک هۆنراوەکانی تری باسی زۆرداریی گوڕ بەگوڕە وڵات فرۆشەکان ئەکات، وە ئاگری قین و تۆڵە و ڕاپەڕین خۆش کەرە، بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە مامۆستا چەند داخ لەدڵ بووە بەرامبەر بە دوژمن، بەڵام (ڕێی دەربڕینی) تەنگ بووە وەکو وتمان بەگوێرەی چۆنیەتی ژیانی ئەوسا، هەلی کەم بۆ هەڵکەوتووە تا ئەم هۆنراوە ئاگراویانەمان پێشکەش بکات لە هۆنراوەی (14ی گەلاوێژدا) چەند بەیتێکم بەرچاو کەوت وەک گوڵ پێ یان گەشامەوە، چونکە تەواو لە جەرگی (واقیع) یان داوە، ئەو چەند بەیتە بە گوڕ سەرنجیان ڕاکێشام وە هێنامیشیانە پێکەنین بە جۆرێک پێکەنیم بە گازەرای پشتا کەوتم...! بۆ؟ ئێستە بۆتان ئەگێڕمەوە، جاری فەرموون ئەمە بەیتەکانن، بەڵام خۆشت (هاوڕێ گیان) هۆنراوەکە هەمووی بەوردی بخوێنەرەوە تا چەمسەرت لێ ون نەبێت:

پریاسکەی شیعری توند گرێ دراو
لەترسی گەرران لە کون ئاخنراو
بیری ئازادی و وتاری نوسراو
لە کونە مشکی قولا هەڵگیراو

بۆچی پێ کەنیم؟ دوو بەسەرهاتی خۆمتان

بۆ ئەگێڕمەوە کە هۆی پێکەنینەکەم ئەو دوو بەسەرهاتەیە.. یەک: جارێکیان لە (بەدرە) دەست بەسەر بووم، لە پڕ وتیان ئەتان پشکنن منیش چەند وتارێکم هەبوو، چووم پێچامەوە و نامە ئەرزەوە لە حەوشەکەمانا. بەڵام وتم وا چاکە چەوری کەم نەک باران بباریٚ و بیان شواتەوە، بەڵێ کولنجیان کردبوو چەورم کردن وە نامە ناو خاکەوە، کەچی دوای شەش حەوت ڕۆژ کە دەرم هێنانەوە نیوەی مشک خواردبووی (تومەز گوناهی چەوریەکە، بوو).
دووهەم: دوای شۆرشی 14ی گەلاوێژی پیرۆز بە (20) ڕۆژێک ماڵێک ئەیانەویٚ قوڕ بگرنەوە بۆ سواغ دان، ئەچن لە حەوشەکەیانا گڵ هەڵ ئەکەنن لەپڕ قوتویەکی تەنەکە دەرئەکەویٚ، خاوەن ماڵ ڕەنگە وایی زانیبیٚ (خەزنەی) دۆزیوەتەوە، کەچی کە ئەی کەنەوە سەیر ئەکەن هەموو ئەو نووسراوانەی منە کە لەساڵی (1955)دا بۆیان شاردوومەتەوە، ئەم نووسراوانە (وتار و چیرۆک و چیرۆکی تەرجومە کراون) بەڵام لە 80% بەجۆرێکی لیٚ هاتوە، هەر دەسم دانیٚ وەک ئاردیان لیٚ هات...
ئێمە جاران ئاوا ئەژیاین، ئاوا ئەمان نووسی، ئاوا خەباتمان ئەکرد... وە من لەو باوەڕەدام کە من هیچی ئەوتۆ (سەیر) یان (بە ئەندێشەم) بەسەر نەهاتووە لە چاو نووسەران و تێکۆشەرانی تردا. وە مامۆستا شێخ نووریش بیٚ گومان زۆر شتی وا سەیر و (بەئەندێشەی) بەسەر هاتووە، وە ئەو بەیتانە هەستی خۆی و ئێمەمانانە...
ئۆخەی هاوڕیٚ ینە ئەڵێم ئۆخەی بە دڵسۆزی سوپای نەبەز و سەرکردەی قارەمانی دلێرمان کاک عبدالکریم قاسم گەل ڕزگاری بوو، ئۆخەی... بنووسن... بنووسن بۆ گەل بۆ خزمەتی گەل، بۆ پێش خستنی گەل.
ئیتر ئەڵێم بە پێویستی نازانم ورد ورد لەسەر هۆنراوەکانی مامۆستا بنووسم فەرموون ئەوە هۆنراوە نایابەکانی پێشکەشتان بیٚ، وە زۆر سوپاسی مامۆستا شێخ نووری ئەکەم کە ئەم سەر بەرزیەی بەمن بەخشی سوپاس هەر بژین ئەوانەی ئەنووسن بۆ گەل، تیٚ ئەکۆشن بۆ گەل ئەژین بۆ گەل.

تێبینی ڕۆڤار: ئەم بابەتە بە هەمان ڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی خۆی دامان ناوەتەوە





# (شێخ نووری شێخ ساڵح)
# نوێخواز و سەردەمەکەی

**ئازاد عەبدولواحید**



لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، کوردستانی باشوور وەک سەرتاپای ئێراق بەدەست زەبروزەنگ و چەوسانەوە و ژێردەستەیی دەیناڵاند. بەهۆی داپچڕان و لێک هەڵوەشانەوەی ئەندامەکانی لەشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە پاش شکان و سەرنەکەوتنی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا (1914–1918) و سەرکەوتنی بەرەی ئینگلیز و سوێندخۆرانی، ئینگلیزەکان لەشکریان کردە سەر ئێراق و بەناوی ڕزگارکردن و جاڕدانی سەربەخۆییەوە، بەهەموو فرتوفێڵێکەوە توانییان لە ساڵی (1917)ـەوە ئێراق بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە؛ بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کورد تێگەیشت


ئەوانەش داگیرکەرێکی نوێن، بۆیە هێزەکانی ئینگلیز لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا لەسەر دەستی جەنگاوەران، هێرش و زەبری مەردانەی میللەتی کورد دەستی پێکرد و تێک شکێنران و بەتوندی بەرپەرچ درانەوە، بەمەش تێیان گەیەنرا کە میللەتی کورد لە جەوهەر و نیازی گڵاویان گەیشتووە و ئەوەشی بۆ دووپاتکردنەوە کە بەهیچ شێوەیەک حەز بەژێردەستەیی ناکەن. ئەم لە ڕوو هەڵگەڕانەوەیەش لەلاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردماندا نووسرا، کە یەکەمین ڕاپەڕینی چەکداری میللی بوو بەڕووی داگیرکەرانی ئینگلیزدا، چونکە یەکەم میللەتی ئازادیخواز بوو، تەفرەدان لەگەڵی دادی نەدا و یەکەم میللەتی جەسوور بوو لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا بانگی بەرگری چەکدارییان دژ بە ئینگلیزەکان ڕاگەیاند و تەقەیان لە هێزەکانی کردو سەلماندیان کە دەکرێ لەگەڵ بەهێزترین دەوڵەتی ئیمپریالیستی داگیرکەر شەڕ بکرێ.


میللەتی کورد ویستی وەک هەموو گەلانی دنیا ڕاپەڕێ و داوای مافی چارەنووسی خۆی بکات، لەو کاتەشدا خەباتی میللەتانی ژێردەستە لە زۆر شوێنی دیکەی ئەو جیهانە پان و بەرینە لە ئارادا بوو، کە بە تەئسیر و کاریگەری شۆڕشە مەزنەکانی جیهان کەوتبوونە ڕاپەڕین و خەبات کردن، لەسەرووی ئەوانەشەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. موونەوەرانی ئەو سەردەمەش بەهۆی بڵاوکردنەوەی (بیری نوێ) لە کوردستاندا ڕۆڵێکی چاکیان گێڕا، لە جۆشدانی خەبات و جووڵاندنی زیاتری هەستی نەتەوایەتی لە لایان.

گومان لەوەشدا نییە پاشماوەی پیاوەکانی دامودەزگای پێشوو، کە هەڵوێستی سەیرکردن هەڵدەبژێرن، هەلپەرستان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ یارمەتی ئەو هێزەیان دەدا و حەزیان دەکرد جێ پێی خۆیان زیاتر بکەنەوە و بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن، یان دەسکەوتی تازەیان بێ، بەڵام ئەوانە نەیانتوانی لە ژێر زەبری ئەو شاڵاوە توند و بەهێزە خۆیان ڕابگرن، کە زۆربەی جەماوەری گەلەکەمانی تێدا بەشدار بوو.

ڕاستییەکەی سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی (شێخ مەحموود)ی ڕابەر لە سلێمانی و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پێشەوە بۆ مافی چارەنووس بوو، بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی بوو، هۆی سەرەکی داگیرساندنی ئەو ئاگرە و ڕاپەڕین و هەڵسانی گەلی کوردمان لەبەر ئەوە بوو، بەدرێژایی چەند سەدەیەک لە ژێر باری چەوساندنەوەو گوشار و پاڵەپەستۆی سیاسی دەیناڵاند، بۆیە دەیویست لەو بارودۆخەدا نەمێنێتەوە، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە دلێرە کاتی ئەوەیان هاتبوو تێبگەن، مردن لە پێناوی سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆیی، سەد جار لە ژیانی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی باشتر بێ لە لایان. لەلایەکی دیکەشەوە وەک هەموو لایەکمان دەزانین کوردستان ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و خاکەکەی بەپیت و فەڕە، جگە لەوەی دەسکەوت و خێروبێری سروشتیی دیکەی زۆرە، ناکرێ تا سەر داگیرکەرانی تازە چاوی تێببڕن و مرغی خۆیانی لێ خۆش بکەن، دەست بەسەر بەرهەم و ڕەنجیاندا بگرن و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لە پیشەسازی تازەدا وەک کەرەسەی خاو بەکاربهێنن و لە بازاڕدا بەنرخێکی گران پێیانی بفرۆشنەوە، کە ئەمەش جەوهەری ئیمپریالیزمی نوێیە. ئابووری کوردستانیش ئەو سەردەمە و تا حاڵی حازریش بەشێکی ئابووری ئێراق پێکدەهێنێ، جارێکی دی لەسەر دەستی داگیرکەرانی نوێ کەوتە بەر هەڕەشە لێکردن و مەترسییەوە. کۆمەڵانی خەڵکیش زوو بەو مەترسییەیان زانی کە ئەم کارە درێژە بەژێردەستەیی و چەوسانەوە و ئیستیغلال کردنیان دەدات، بۆیە بەشی هەرە زۆری میللەت، بەهەموو چین و توێژ و بەرەکانییەوە دژی ئینگلیز کەوتنە ڕاپەڕین.

ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید کاردانەوەیەک بوون، پاڵەپەستۆی سیاسی و چەوسانەوەی





نەتەوایەتی دروستی کردبوون. سەرکوتکردنی ئازادی و سەربەستی ئەو تەقینەوەیەی بەرپا کرد، کە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد داوای مافی چارەنووسی خۆیان دەکرد، دەیانویست لە ناو شاری سلێمانیدا سەرکردە و ڕیش سپی خۆیان، بەخۆیان هەڵیانبژێرن- لەبەر گەلێک هۆی مێژوویی کە لێرەدا جێگای باسکردنیان نابێتەوە- ڕۆڵەکانی ئەو شارە پێش شوێنی دیکە کەوتن و زووتر هەستیان بەو لایەنە کرد. ئەو هەستەش زیاتر لە ناو موونەوەر و ڕووناکبیرەکان ڕوونتر خۆی نواند، چونکە زۆربەیان بەهۆی زانینی زمانی تورکی، سوودێکی باشیان لە بزووتنەوە و شۆڕشی گەلان وەرگرتبوو. بێ گومان خەباتکردنیش بۆ سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆیی لە ژێر چنگی داگیرکەر - بێجگە لە خەباتی چەکداری - شێوەی زۆرە، لەبەر ئەوە ئەو موونەوەرانە بەهۆی ئاگاداری خۆیان لە خەباتی گەلان، ئەمە کارێکی زۆری کردە سەر هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانییان تا وای لێهات ئەوانیش زوو بەچەکی خەباتی خۆیان هاتنە مەیدان و



هەوڵیان دا زیاتر کار بکەنە سەر هەست و نەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و وروژاندنی هەستیان بەرانبەر بەچەوسانەوە و خەبات کردن لە دژیدا. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵیان دەدا بۆ هەڵتەکاندنی بنەما سیاسییە کۆنەکان لەلایان و سڕینەوەی پاشماوەکەی لە مێشکی جەماوەردا. لەو کاتانەدا کە بارودۆخی گونجاو بۆ ڕووخاندن و هەڵتەکاندنی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڕەخسێ، ڕۆشنبیری شۆڕش دروست دەبێ، کە ئەوانیش دەبنە دەستێک بۆ ئەو پرۆسەی هەڵتەکاندن و بوومەلەرزەیە کە واقیع لە ڕەگوڕیشەوە دەگۆڕێ و بەڕوانینێکی تازەوە دێتە ناو کۆڕی ژیان و تێی دەڕوانێ، کەواتە پێویستە ڕۆشنبیری شۆڕش خاوەنی ئەو ڕوانینە تازەیە بێت بۆ ژیان، ئەو ژیانە تازەیەی شۆڕشە تازەکە دەیهێنێتە دی. کاتێ شۆڕشێک دەست پێ دەکات، ڕۆشنبیری خۆیشی دەخوڵقێنێ تا ئەو ڕۆشنبیر و

شێخ نووری

ڕۆڤار

داهێنەرانە بتوانن لە پاڵ شۆڕشە بەدی هاتووەکە نوقڵانەی شۆڕشی بەدی نەهاتووش لێ بدەن، کە ژیانێکی خۆشتر و شەنگتر و دادپەروەرانەتر بۆ ئادەمیزاد دەهێنێتە دی. داهێنەر و ڕۆشنبیری پێشڕەو تەنیا لەسەر شۆڕشی بەدیهاتوو ناگیرسێتەوە، ئەوەندەی هەوڵ دەدات ئەرکی بەردەوامی شۆڕشگێڕانەی خۆی بەجێ بهێنێ، بۆ هێنانە دی ئاواتە بێ سەروبنەکانی مرۆڤ. بەم شێوەیە ڕۆشنبیری شۆڕش دەتوانێ هەموو بارێکی دواکەوتوو تێپەڕێنێ و کاتێکی تازە دروست بکات کە کاتی (شۆڕش)ـە و ئیقاعی ئەوکاتە تازەیە لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەکات.


ڕۆشنبیریی تازەش لەسەر دوو کۆڵەگە قاچی خۆی قایم کرد کە ڕۆشنبیریی (شۆڕشگێڕایەتی) و (ئیلتیزام)ـە، بۆیە لەو سەردەمەدا تێکەڵی ترپە و لێدانی دڵی شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد بوون، کە دەڵێم (ئیلتیزام) ئەم وشەیە ئەوە ناگەیەنێ، وەک زۆر کەس تێی گەیشتوون، بەرگێک، پۆشاکێک بێت و بکرێتە بەر کە لەگەڵ سروشتی داهێنان و خولقاندندا نەگونجێ. ڕۆشنبیری ڕەسەن ئیلتیزام بە مەسەلەیەک نازانێ وەک ئەوەی کەسێک بێت کۆمپالەیەک بەرانبەر خەڵک لەگەڵ کەسێک، یان چەند کەسانێکی دی پڕ بکاتەوە، بەڵکو ڕۆشنبیری شۆڕش لە ناو شۆڕشەکەدا هەڵوێستی کۆمەڵایەتی خۆی قووڵ دەکاتەوە و ئەو هەڵوێستە هەر بەو قووڵییە لە نووسین و بەروبوومیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئاوەژوو دەبێتەوە، ئەوساکە مەسەلەکە نابێتە خۆ بەستنەوەیەک و هەر کاتێ بیەوێ لێی دوورکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە بەشێک لە خود و زاتی خۆی، نابێتە شتێک، لە دەرەوەی ئەو خودە خۆی ببینێ. ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەش کە (مەسەلە) ی نەتەوەکەیان دەکەن بە بەشێک لە خۆیان و خودی خۆیان، ڕۆشنبیری مولزەم نین، چونکە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی ئیلزام نییە، لەبەر هیچ نا لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا ((هەڵوێستە)).

هەر لەو تێگەیشتنەوە ڕۆشنبیری ڕەسەنی شۆڕش دروست دەبێ و ئەو هەڵوێست و ئیلتیزامە بەقووڵی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

شێخ نووری شێخ ساڵح یش وەک شاعیر و ڕۆشنبیری شۆڕش لەو سەردەمەدا مەسەلەی کورد بووەتە بەشێکی زیندوو لە خودی ئەو و تا دوا هەناسەی ژیانی دەستبەرداری نەبووە و لێی جیا نەبووەتەوە. ئەگەر لەلایەنی شۆڕشگێڕایەتیشەوە مەسەلەکە بگرین، کە دەڵێین ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ بەو مەبەست و واتایە نایڵێین کە ڕۆشنبیرەکە چووبێتە کۆڕی خەباتی چەکدارانە و بەو ئەزموونەدا تێپەڕیبێ، بەڵکو شۆڕشگێڕایەتی شاعیر ئەوەیە کە تووی ڕەتکردنەوە و یاخیبوونی لە گیانی خۆیدا هەڵگرتبێ، بۆ ئەوەی خۆی لە کارتێکردنە نەرێنی و سەلبییەکانی ڕابوردوو سەرفراز بکات و لە شێوەی گوزارشت و گوزارە و ڕوانینی کۆن خۆی ڕاپسکێنێ، تێڕوانینی نوێ جێگەی کۆنەکە بگرێتەوە و لە ژیانە تازەکەدا ڕێی خۆی بگرێتە بەر و ببینێ و بە کەرەستەی تازەوە بەپیرییەوە بچێت.

شێخ نووری شێخ ساڵح سەرەڕای ئەوەی شاعیرێکی خاوەن بەهرەیە، شاعیرێکی ڕۆشنبیر و هۆشیاریشە بەچەکی ڕۆشنبیری و لەگەڵ ئەو گۆڕان و ڕاپەڕینانە بووە، ئەگەرچی لە لای زۆر کەس ئەو چەکە بەکاریگەر و بڕندە ناژمێررێ، بەڵام چەکێکە لە ناوەوەڕا مرۆڤ دروست دەکات، ئەنجامی ئەو جۆرە خەباتەش ڕاستەوخۆ نییە، وادیارە ئەنجامی ئەو خەباتەی شێخ نووری شێخ ساڵح بەڕاستەوخۆیی کەمێکی دەستگیر بووبێ، بۆیە دوو جار بەگرتن و بەندیخانە باجی خۆی داوە.

شێخ نووری شێخ ساڵح هەستی بەگرنگی هەڵگرتنی چەکی هۆشیاری کردووە، بۆ ئەوەی لە پاڵ بەهرەی داهێنانی خۆی زیاتر هەست بە پێویستیی کۆت شکاندنی شیعری ئەو سەردەمە بکات، هەستیشی کردووە پێویستی بەدەرباز بوونە



له ترسی دەربڕین و دوودڵی و سانسۆر، ئینجا کەوتووەتە تەقەللا و کۆشش بۆ ئەوەی لە دنیای شیعردا خۆی ڕزگار بکات، لە واقیعێک بە هەموو نووچدان و پاشکەوتوویی و چەوسانەوەیەک، بەرەو واقیعێکی پێشکەوتووتر کە ئینسانیەتی خۆی زیاتر تێدا مسۆگەر بکات.

شێخ نووری شێخ ساڵح وەک شاعیرێکی ڕچەشکێن، نرخی (ئازادی) زانیوە و ڕۆشنبیرێکی پێشڕەوی ئەو شۆڕشەیە، سەربەستی ئەو لە لای شتێکی کەم نرخ و بێ بایەخ نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ دەرخستن و سەلماندنی ئینسانیەتی خۆی، کە لە پەرژین و کۆتەکانی زات ڕزگاری دەکات، چونکە ناڕازییە لەو واقیعەی تێیدا دەژیت، واقیع دەخاتە قەفەسی تاوانباری و پەنا دەباتە بەر واقیعی ئەو خەونانەی جارێ بەدی نەهاتوون و خەڵکی بۆ هان دەدات بەدی بهێنن. ئەم ڕاپەڕین و نوێ بوونەوە شیعرییەی شێخ نووری شێخ ساڵح لە شیعری کوردیدا بەرپای کرد، هەڵسانەوەی میللەتی کوردە لە سەردەمێکدا کە خەریک بوو بارە سیاسییەکەی دەبووژایەوە، تەکانە شیعرییەکەی لەگەڵ چەسپاندنی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری نوێی ئەو سەردەمە هاتە گۆڕێ. وەک چۆن حەزرەتی (نالی) بووە هۆیەکی ئیعلامی گەورەی سەردەمی بابانەکان و نوێنەرایەتی لایەنە ڕۆشنبیرییەکەی کرد، شێخ نووری شێخ ساڵح یش ویستی بەداهێنان و ڕوانینی تازەوە ئەو بارە تازەیە ڕابگەیەنێ، بۆ ئەوەی بەهۆی داهێنان و تازەبوونەوەکەی (مەسەلە)ی میللەتەکەی گەورە و زەق بکاتەوە، چونکە لەوە گەیشتبوو کە میللەتێک ئەوەندە بوونی هەیە ئەگەر داهێنان و تازەبوونەوەی هەبێ، بۆیە هات و ئەو واقیعە تازەیەی بەتێگەیشتنێکی قووڵەوە چۆڕاندە ناو ئەو وەرچەرخان و تەقینەوەیەوە کە سەرەتای شیعری تازەی لێوە دەست پێکرد، تێگەیشتن لەو لایەنانەی دەبنە هۆی تەقینەوە و گۆڕان بەرپاکردن لە جیهانی دەرەوەدا، دەبێتە هۆی پێگەیاندنی تەقینەوەکانی جیهانی ناوەوەو بەم جۆرە وشە لە ناو شیعردا دەبێتە (کردەوە) و (هەڵوێست) بۆ گۆڕین و یارمەتی گۆڕانیش دەدات.


لێرەوە لێتوێژەرەوە ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک شێخ نووری شێخ ساڵح لەو سەردەمە دابڕێ کە تێیدا ژیاوە، چونکە شایەتێکی ڕاستگۆی ڕووداوەکانیەتی. وەنەبێ شاعیر بەتەنیا وەک شایەتێک بەسەر ڕووداوەکانەوە وەستابێ و بەس، بەڵکو ئەو کەسێکی خەمخۆری گەلەکەی بووە و بە هەموو توانست و هەوڵێکەوە دەیویست لە گۆڕینی واقیع بەشدار بێت و بەهۆشێکی کراوە و زەینێکی تیژەوە لەگەڵ ڕووداوەکان دەژیا. کە دەڵێم شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، مەبەست ئەوەیە بە(وشە) بارێکی باشتر دەخولقێنێ. لە هەموو شۆڕشێکدا وشەی ((ڕۆشنبیری پێشڕەو)) بەرانبەر بەو خەباتە دەوەستێ کە تێکۆشەرێک لە کۆڕی خەباتدا دەیدا بەدەستەوە. شێخ نووری شێخ ساڵح وەک پاشکۆیەک یان کەسێکی زەلیل و تەمبەڵ دوای ڕووداوەکان و بارودۆخەکە نەکەوتووە، بەڵکو زۆر هۆشیارانە لەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی هەڵسوکەوتی کردووە و خرۆشاوەو تێیدا قووڵ بووەتەوە و شان بەشانی ڕۆیشتووە، هەوڵێکی بێ وچانیشی داوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ڕووداوەکان بگۆڕێ، بە شیعر و کەرەستە تازەکەیەوە ئەوەندەی لە وزە و توانابییدا هەبووە هەوڵی داوە. بەهۆی هەڵسووڕاندنی کاروباری ڕۆژنامەوە، کۆمەڵێ وتاری نووسیوە



شێخ نووری

کە لەگەڵ گەرموگوڕی و خێرایی ڕووداوەکان بێت و ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆی لە بارەیانەوە دەربڕیوە، ئەمەش هەوڵێکی دڵسۆزانەی شاعیرێکە کە بەتەواوی لە سەردەمی خۆیدا لە دەوری خۆی گەیشتبێ بۆ زەقکردنەوە و دەرخستنی ڕووداوەکان و ڕوونکردنەوەیان و نەبوونیان بەژێرەوە، کە ئەو ڕووداوانەش بەشێکی گرنگ و زیندوون لە مێژووی تازەماندا. لە ناو سەرجەمی ئەو ڕووداوانەشدا کە لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە زانیویەتی کامەیان بۆ شیعر ماڵی و دەستەمۆ دەکات، بەتێگەیشتنێکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەن ساتوسەوای لەگەڵ ڕووداوەکان کردووە و لە ڕاگەیاندنی سەرپێیی خۆی بەدوور گرتووە تا شیعرەکان شێوەی هەواڵێکی ڕۆژنامەیی وەرنەگرن و هەندێ لایەنی هونەریی لەکیس نەدەن.

کە خوێنی ڕاپەڕین زیاتر لە لەشی میللەتدا کەوتە جموجووڵ، هێندەی پێنەچوو خوێنی ڕاپەڕین و بزووتن لە لەشی شیعری کوردیشدا گەڕاو کەوتە جووڵە و تەکان، دڵی شیعری کوردی لە جارانی خێراتر کەوتە لێدان و لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح زیاتر لە پێشان گوێمان لە ترپەی لێدانی ئەو دڵە بوو، دوای ئەوەی ئەو دڵە ماوەیەک بوو بەسستی لێی دەداو لەسەر یەک شێوە و نەسەق و ڕێباز دەقی گرتبوو. ئەو لەشە سڕ و تەزیوە لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح کەوتەوە جووڵە، چونکە شاعیر بەتیۆر و پراکتیک بۆی چووە مەیدان و جاڕی بۆ دا، ئەوەشی بەگوێدا چرپاندین کە شیعری کوردی پێویستی بەجووڵاندن و شڵەقاندنە، تا بتوانێ لەگەڵ هەنگاوەکانی سەردەم و گۆڕانەکانیدا هەنگاو هەڵبگرێ. ئەم بارودۆخە تازەیەی لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا دروست بوو، یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی تەقاندنەوەی بەهرەی شاعیرایەتی شێخ نووری شێخ ساڵح و بە یەکەم شیعری تازە، ڕاپەڕینی شیعریی خۆی ڕاگەیاند، چونکە زانی ئەم ڕاگەیاندنە پڕ بە پێستی واقیع و سەردەمەکەیە و کۆمەڵێ پێداویستی مێژوویی و نەتەوەیی و شارستانیی ڕەپێشی کردووە، گوێی بەوە نەدا ئەو بزووتنەوەیە پاڵپشتی دەکرێ یان نەء، بێ سێ و دوو لێکردن و دوودڵی ڕێبەرایەتی کرد و بناغەیەکی نوێی بۆ شیعری کوردی هەڵچنی، لە دواییشدا بەکۆمەڵێ وتاری ڕەخنەیی هەوڵی دا بیروڕای خۆی بچەسپێنێ. لەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە شاعیر لە ناو گەرمەی ڕاپەڕینەکانی ئەو سەردەمە و لە باوەشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی میللەتی کورددا چاوی هەڵێناوە و چەپ و ڕاستی خۆی ناسیوە، کە دەستیشی دایە تازەکردنەوەی شیعری کوردی، تەوژمی بیری نەتەوایەتی زیاتر چاوی کردبووەوە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە نێو گرووپی ڕۆشنبیرانی کوردا لە برەودا بوو، ئەم بزووتنەوەیە شان بەشانی هەستی نەتەوایەتی ئەو گەلانەی کە تورک نەبوون دەستی بە نەشونوما کرد، بەتایبەتیش دوای ڕاگەیاندنی (مەشروتییەت) لە ساڵی (1908) پریشکی بەتینی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا (1789) و بڵاوکردنەوەی بیروڕای پڕشنگداری برایەتی، ئازادی، یەکێتی، یەکسانی، ئاگری لە تەخت و تاراجی ڕزیوی دەوڵەتی عوسمانلی بەردا، چاو و مێشکی ڕۆشنبیران و گەلانی ژێردەستی عوسمانلی ڕووناک کردەوە و بەئاگای هێنان، بۆیە گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی بۆ خەباتکردن هاتنە کۆڕی تێکۆشان و ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوە نەخۆشەکە، کە سەری لە گوێ قەبر دەلەرزی، بۆ یەکەم جار دژی سوڵتان و دامودەزگایەکانی، شۆڕشی (مەشروتییەت) لە ساڵی (1908)دا بەرپا بوو. بەم شۆڕشە سوڵتان عەبدولحەمید بەناچاری مل بۆ هێزی گەلانی عوسمانی و داخوازییە ڕەواکانیان شۆڕ دەکات، کۆمەڵی (ئیتیحاد و تەرەقی) سەرکردەی ئەم ڕاپەڕینە بوو. گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانلی هیوا و ئومێدێکی گەورە و بەهێزیان بەم ڕاپەڕینە هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئاواتی ئەو گەلانە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە



نەهاتە دی، لەم هەڵویستەدا گەلانی ژێردەستە هەریەکەیان لە کلاورۆژنەی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیەوە لە پێناوی پاراستنی خۆیان و وڵات و چارەنووسیان ڕێبازی خۆی گرتەبەر. ئەم خەبات کردنە بەهۆی هاتنی جەماعەتی (ئیتیحادییەکان) بەیەکجاری شیرازەی یەکێتیی گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانلی پسان و بارودۆخێکی تازەی هێنایە کایەوە. جێگای خۆیەتی لێرەدا بڵێین ڕاپەڕینی (مەشروتییەت) بەڕووداوێکی گرنگ و وریابوونەوەیەکی ڕۆشنبیرانە بۆ گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانلی دەژمێررێ.

(مەشروتییەت) گۆڕانێکی بنەڕەتی گەورە بوو، بیری ڕووناکبیرانی ڕاچڵەکاند و نەتەوە ژێردەستەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلی بەئاگا هێنایەوە، لە کاتێکدا ئەو دەسەڵاتە تێکڕای گەلانی ژێر دەستەی خۆی، نەتەوەی تورک دەیچەوساندنەوە، بۆیە لەو قۆناغە مێژووییەدا خەباتی نەتەوایەتی سڕ و لاواز بوو، لێرەدا دەتوانین سەرەتای ڕاپەڕین و بیرکرانەوە و هەست بەکێشەی نەتەوایەتی کردن لە ساڵی (1908)ـەوە دەست پێدەکا. بە بەرپاکردنی (مەشروتییەت) بەجارێ دڵ و دەروونی ڕووناکبیرانی کورد هەژا، بیر و مێشکی ڕاچڵەکاندن و ڕاپێچی کۆڕی خەباتی نەتەوایەتی هاوچەرخی کردن و کەوتنە سەر ئەو ڕێگایە هەست و هەڵچوونی نەتەوایەتی خۆیان بەتوندی و بە بەهێزی دەربخەن.١



کە لەو کاتەدا گەلی کورد بەکۆمەڵێ ڕووداوی گرنگدا تێپەڕی، نۆبەرەی ئەو جووڵانەوانەی جووڵانەوەی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) و (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) و (شێخ سەعیدی پیران) بوو، تا هاتنی (شێخ مەحموودی حەفید). (شێخ مەحموود)یش بۆ خۆی پیاوێکی نیشتیمانپەروەری ئازا بوو، هەر لە زووەوە حەزی بەسەربەخۆیی دەکرد. تورکەکان لە کاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەتاوانی ناپاکی، بڕیاری لە سێدارەدانیان دا، ئەگەر لەپڕ فەرمانی گوێزرانەوەی سوپاسالاری ئەو کاتە (سەلاحەددین جولاغ) دەرنەچووبایە، کە سوپاسالاری تورکی بەناوبانگ (عەلی ئیحسان پاشا) جێگای گرتەوە، ئەوە بڕیاری لە سێدارەدانەکەی (شێخ مەحموودی حەفید)یان جێبەجێ دەکرد.

ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ ئێراق، لە کۆتایی ساڵی (1918)دا کە هاتنە کوردستان یەکسەر (شێخ مەحموود)یان کردە حوکمداری کوردستان، لەبەرئەوەی شێخی حەفید لە ناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خاوەنی پلە و پایەیەکی بەرز بوو. لە ئێراق پێش ئەوەی ڕوو لە هیچ کەسێک بنێن، ڕوویان لەو ناو ئەویان بەلایق زانی ئەو پایە و شوێنەی بدەنێ، ڕەنگبێ لە سەرەتاوە ویستبێتیان خۆیان لە مەترسی (شێخ مەحموود) بپارێزن تا شوێن پێی خۆیان قایم دەکەن. وەنەبێ شێخی حەفید ئەو پایەیە بەرچاوی گرتبێ و ئیدی کەوتبێتە موساوەمە کردن لەگەڵیان، چونکە وەک مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە شێخ مەحموود خۆ تێهەڵقورتانی ڕاوێژکاری ئینگلیزی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕییەکەی ئەوەندە پێ ناخۆش بوو، هەر زوو لەگەڵی نەگونجاو ڕایەکانی لەگەڵی جووت نەبوو، بۆیە بەسەر ئینگلیزدا یاخی بوو و فەرمانی دا هەموو ئەفسەرە ئینگلیزەکان بگرن، کە لە ناوچەی دەسەڵاتدارێتی ئەودا دەژیان، هەر ئەو کاتەش سەرکردایەتی لەشکرەکەی خۆی کرد و بەرگری لە سنووری دەسەڵاتدارێتییەکەی کرد و کەوتە جەنگ لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز کە بەرەبەرە دەهاتنە پێشەوە



بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتی شێخ مەحموودی حەفیددا بوون. لە (19-5-1919)، (شێخ مەحموود) بەبریندارى لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل گیرا، ئەوە بوو دادگایەکی سەربازی ئینگلیزەکان بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرکرد، بەڵام لە دواییدا ئەو بڕیارەیان کرد بەبەندکردنی تا سەر و بۆ دوورگەی (هنگام) دوورخرایەوە کە یەکێکە لە دوورگە دوورەکانی (هیند) تاکو کاتی بەندێتییەکەی تێدا بەسەر ببات. ئینگلیزەکان دوای ئەوەی ئەو بڕیارەیان بۆ دەرکرد تامی حەسانەوەیان نەچەشت، هەر ئەو کاتە ڕاپەڕین لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەرپا بوو، تا ناچار بوون لە ئەیلوولی ساڵی (1922) دا بیگەڕێننەوە، لەو کاتەدا کە ساڵێک بوو دەوڵەتی ئێراقیان دروست کردبوو، بەوپەڕی ڕێزەوە کردیان بە حوکمداری کوردستان، ئەم جارەش وەک جاری پێشوو گەڕایەوە سەر بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز و پاش ماوەیەکی کەم دەستی کردەوە بەدەرکردنی ئینگلیز و بەسەریاندا یاخی بوو، بەخۆی و بە لەشکرەکەی دایەوە شاخەکان کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد بەڕێوەیان دەبرد، دوای ئەوەی لە لەشکری عوسمانی دەستیان لە کار کێشایەوە و چوونە پاڵ هێزەکانی شێخ مەحموودەوە، بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان، پاش ئەوەی ئینگلیزەکان شاری سلێمانی یان بۆردوومان کرد و دەیان کەسی بێ تاوانیان لە دانیشتوانی شارەکە کوشت و بریندار کرد، شێخ مەحموود بەم جۆرە تاکو ساڵی (1927) مایەوە و لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز جەنگا، دوای تەواوبوونی ئەو ڕاپرسینەی دەربارەی ولایەتی (مووسڵ) کرا، کە لەلایەن (کۆمەڵەی نەتەوەکان – عصبة الامم)ـەوە ئەنجام دراو بڕیاریان دا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق بهێڵرێتەوە. ئەوە بوو ئەویش چەکی داناو لە سەرکەوتنی بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازییەکەی بێ هیوا بوو، ئینجا بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی لەگەڵ حکوومەتی ئێراق و ئینگلیز بەستی، ڕووی کردە هەندێ لە گوندەکانی سەر سنووری ئێران و لەوێ دانیشت.

لە ساڵی (1930) جارێکی دیکە (شێخ مەحموود) بەهۆی ڕووداوەکانی شەشی ئەیلوول، شەڕی ڕاگەیاند، ئەم جارەیان بزووتنەوەکەی تا ساڵی (1932) درێژەی کێشا و خۆی دا بەدەست هێزەکانی حکومەت و ڕەوانەی باشووری ئێراقیان کرد، چەند ساڵێک بەدەستبەسەری لە باشوور و ناوەڕاستی ئێراق مایەوە و بەم جۆرە دەوری تێکۆشەرانەی خۆی لە پێناوی سەربەخۆیی نەتەوەکەی و مافە ڕەواکانی دی.٢

شێخ نووری شێخ ساڵح وەک شاعیرێکی هۆشیار کە بیری نوێی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، شان بە شانی شێخ مەحموودی حەفید دژی داگیرکەران و سیاسەتی ئینگلیز وەستا. لەو سەردەمەدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دوو دەستە بوون،

دەستەیەکیان کە سەر بە(جەمعیەتی کوردستان) بوون بە ڕێبەرایەتی (مستەفا پاشای یامولکی) داوای کۆمەڵێ مافی نەتەوایەتییان دەکرد، هەرچی (شێخ مەحموود)یش بوو وەک لەمەوپێش باسمان کرد هەڵگری ئاڵای سەربەخۆیی بوو بۆ کوردستان. شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێک بوو لەو شاعیرە موونەوەرانەی کە چووە پاڵ ڕێباز و داوایەکانی (شێخ مەحموودی حەفید) و پاڵپشتی لە سەربەخۆییخوازی و بیروڕا سیاسییەکانی دەکرد، بۆیە ئەو ژیانە سیاسییەی (شێخ مەحموود) دروستی کرد، کارتێکردنێکی زۆری بەسەر ژیان و شیعری شێخ نووری شێخ ساڵح ـەوە هەبوو. لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە هەوڵی دا شۆڕش بەسەر بنەمای کۆنەکاندا بەرپا بکا بۆ دروستکردنی بنەمای نوێ تا ئەو بنەما نوێیانە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگای نوێدا بگونجێن، چونکە دەیزانی ئەو خەباتە کۆمەڵایەتییەش بەشێکی گرنگە لە خەباتی هونەر و شیعر، شیعری (پەچە) کە لەو کاتەدا ئافرەتان بە پەچە و چارشێو دەم و چاوی خۆیان دەپۆشی، یەکێکە لە شیعرە کۆمەڵایەتییە جوانەکانی ئەو سەردەمە.



گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی وا لە خوێنەران دەکات بەرەو هێنانە دی ئامانجی گەورەتر خەبات بکەن، بۆیە زۆرجار وا ڕێ دەکەوێ شۆڕشی ئەدەب و تازەکردنەوە پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکەوێ و دەتوانێ ڕابەرایەتی هۆشیاری زۆربەی خەڵک بکات، ئینجا شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدەن بۆ ڕێنماییکردنی ئەو هۆشیارییە ئازادە و هێنانە دی داوایەکانیان. شێخ نووری شێخ ساڵح وەک ڕۆشنبیرێک باری دواکەوتووی کۆمەڵی ئەوسای ڕەت کردەوە و کەوتە خەبات کردن بۆ ژیانێکی باشتر، شۆڕشە ئەدەبییەکەشی لەگەڵ سەرەتای شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە سەری هەڵدا. لەلایەنی ڕۆشنبیریشەوە، ڕۆشنبیریی باوی سەردەمەکەی خۆی ڕەت کردەوە و هەوڵی تێپەڕاندنی دا بۆ ئەوەی جۆرە ڕۆشنبیرییەکی دی جێگای بگرێتەوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی ژیانی نوێ بسازێ.

گومان لەوە ناکەم کە گۆڕین و نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح تەنیا گۆڕینی فۆرم و شێوەی شیعرەکانی نەبووە، واتە تەنیا گۆڕینی کێش و سەروا نەبوو، یان هێنانی عیبارەت و ڕستەی شیعریی تازە نەبوو، بەقەدەر ئەوەی گۆڕینی چەمکی شیعر بوو، واتە شیعری زیاتر لە ژیان نزیک خستەوە و فڕێی دایە ناو باوەشی ژیانەوە، لەوێوە لە گۆشەنیگایەکی تازەوە ساتوسەوای لەگەڵدا کرد. ئەگەر کەسێک بیەوێ بەشێوەیەکی مەوزووعیانەوە سەیری شیعرەکانی ئەم شاعیرە بکات، ئەوە دڵنیام ئەو کەسە ناتوانێ هیچ شیعرێک لە ناو شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح دەربهێنێ، چونکە ئەو وێنە ڕاستگۆیانەیەی کە بۆ سەردەمەکەی خۆی کێشاوە، تەواو دەشێوێ.


شێخ نووری شێخ ساڵح لە شیعرەکانیدا تەعبیر لە ویژدانی زیندووی میللەتەکەی دەکات و زۆربەی ڕووداوەکانی میللەتەکەی بەڕاستگۆییەوە گوشیوەتە ناو شیعرەکانی خۆی. وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی دەنگی ڕەتکردنەوە و یاخیبوون بووە، لە دژی داگیرکەران و نۆکەران و چڵکاوخۆرەکانی ئینگلیز، بە شیعر و بە خەباتی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان وەستاوە. ئەو تێکۆشان و خەباتەی خۆشی دایە پاڵ شێخ مەحموود، کە ئەمڕۆکە کەم کەس هەیە گومان لە دڵسۆزی و جگەرسۆزی ئەو پیاوە بکات

شێخ نووری

بۆ کورد و کەس نییە- بەرچاو تاریکەکان نەبێ- گومان لە نیشتمانپەروەریێتی و دڵسۆزییەکەی بکەن. شێخ نووری شێخ ساڵح یش شان بەشانی هەموو سەرکەوتن و نووچدانێکی پەیتا پەیتا شیعرە نەتەوەییەکانی خۆی بڵاودەکردەوە و لەگەڵ هەموو ڕووداوێکی ئەو سەردەمە دڵی داچڵەکیوە و بە شیعر ئەو هەستەی خۆی دەربڕیوە. هەر بەوەندەش نەوەستاوە کە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بێت، بەڵکو وەک خەمخۆرێک زوو هەستی بەگرنگیی چەکی ڕۆشنبیریی کرد و بەبیروباوەڕی نوێ و پێشکەوتووانە لەگەڵ هۆشی نەوەی تازە هەڵچووی ئەو سەردەمە دەدواو گۆشی دەکردن وەک لە شیعری (ئەی شەباب) و (عەسکەر)دا زیاتر ئەمە دیارە.

شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح ئاوێنەیەکی باڵانومای سەردەمێکی ناسکی میللەتی کوردن، بۆیە وەک شاعیرێکی سەر بەمیللەت بەوردی زۆربەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی نووسیوەتەوە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە. ئەو شیعرانە ڕەنگدانەوە و ئاوەژووکردنەوەی هەموو ئەو دیمەن و دیاردە تازانەیە کە ئەو قۆناغە تازەیەی هێنایە پێشەوە. ئەم حاڵەتە تازەیەش بۆ کات و سەردەمی خۆی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو، ئەگەر هەندێ کلێشەی شۆڕشگێڕایەتی ئەمڕۆکەی بەسەردا نەسەپێنین. شێخ نووری شێخ ساڵح ئەم بارە تازەیەی بە شیعری تازە - کە ئەویش کردەیەکی شۆڕشگێڕانەیە - بەرجەستە کرد و شان بەشانی بزووتنەوەکەش دەڕۆیشت، دەتوانین ئەم شاعیرە بەیەکێک لەو کەسانە دابنێین کە لە کوردستاندا تۆوی (بیری نوێ)یان ڕواندووە، وەک کەسێکی خاوەن پەیام بە شیعر و بە وتار و بەکردەوەی ڕۆژانەی خۆی، دەیویست لە دروستکردنی باری ژیان و گوزەرانێکی خۆشتر و بێ چەوسانەوە و دەست بەسەری بەشدار بێت. لەبەرئەوەش بوو بە دوای چەمکێکی تازە بۆ ئەدەب دەگەڕا، تا توانی لە ئەنجامدا، ئەو چەمکە دەستگیر بکات و لە مێژووی ئەدەبیاتدا ئەو سەرەتایە بەشانازییەوە جێگەی خۆی لە لاپەڕەکانیدا بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بارە سیاسییەکە و ئەنجامەکانی پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەژیانی گەلەوە هەبوو، کەچی شێخ نووری شێخ ساڵح چەکی شیعر و ڕۆشنبیری فەرامۆش نەکرد، کە چەکێکی ناڕاستەخۆیە لە پرۆسیسی گۆڕاندا.


شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی میللی نەبوو، لەو سەردەمەدا شیعری ڕۆژانە و سەرپێیی نووسیبێ، تا لەگەڵ چێژی گشتی بەڕێوە بڕوات، بەڵکو وەک شاعیرێکی هونەرمەند و شارەزا بەسنعەتەکەی، دەستی دایە نووسینی شیعری سیاسی و بابەتی



کۆمەڵایەتی، هەرچەندە شاعیرێکی خاوەن توانایی و دەسەڵات بووە، بەڵام لەو کاتەدا هەر ئەو جۆرە شیعرانەی پەسند کردووە، تا مردنی ئەو خەتەشی بەرنەداوە. بۆ نموونە لە (1941) شیعرێکی نووسیوە بەناوی (پەچە) و تێیدا باری دواکەوتووی ئافرەتی کورد نیشان دەدا و لایەنگیری دەکات بۆ سەربەست بوونی و هانی دەدات بۆ (پەچە) فڕێدان و بەشداربوون لە گۆڕانەکانی کۆمەڵ و خەباتکردن بەسەر باری دواکەوتنیدا، ئەم داوایەش ئەگەرچی لە بانگ ڕاهێشتنەکەی (قاسم ئەمین) و (عائیشە تەیموور)ی میسر و (ڕەسافی و زەهاوی) ئێراق دوور نەبووە، بەڵام دیسان بەڵگەی موونەوەریتی و هەڵگرتنی پەیامێک دەگەیەنێ. هەر لە بیستەکاندا بەدوو شیعر (جووتیار) ی بەسەر کردووەتەوە و هانیان دەدات بۆ ئەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری زیاد بکەن و ڕوو بکەنە ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی میللەتەکەمان کە خۆی میللەتێکی کشتوکاڵییە و ئابووری کوردستانی پێوە بەندە. ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شێخ نووری شێخ ساڵح ناوەڕۆکی شیعرەکانی تازە کردووەتەوە و مەستی کردوون بەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و بەشیعری نیشتمانی و سیاسی لەسەر دیاردە تازەکانی ژیانی کورد وەستاوە کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ڕووی کردە گۆڕان، بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو دیاردانە ڕابکێشێ و تێیدا قووڵ ببنەوە.




لە ئەزموونی شاعیرایەتی شێخ نووری شێخ ساڵح دا زیاتر (واقیعیەت) بەسەریدا زاڵە و ئەگەر لە سەرەتاوە بە ڕۆمانتیکیش دەستی پێ کردبێ، ئەوە ئەوەندە لە باوەشی ڕۆمانتیکدا ئۆقرەی نەگرت و زیاتر هەنگاوەکانی بەرەو ڕیالیزم برد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر پەرەی بەو ڕێبازەی دەدا و تا مردیش هەر ئەو ڕێبازەی بەرنەدا. گرنگترین شت لە شیعری ئەم شاعیرەدا لایەنی (ڕاستگۆیی)یە لە دەرخستن و بەرەو پیرەوە چوونی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی کە ئەو ڕاستگۆییە گەرموگوڕی زیاتری بە شیعرەکانی داوە، ڕووداوەکانیش وەک (ئەزموون و تاقیمانە) لە ناوەوە خۆیان داڕشتووە و بوونەتە بەشێک لێی، بۆیە ساتوسەوا کردن لەگەڵ ڕووداوەکان کاری نەکردووەتە سەر سادەکردنی بەرهەمەکانی و لە دەستدانی هەندێ




لایەنی هونەریی شیعرەکان و تەنیا ڕاگەیاندنی ڕووداوەکەی نەگرتووەتە ئەستۆی، بەڵکو لە قاڵبێکی هونەری و جوانیدا مشتوماڵی کردوون و لە گۆشەنیگایەکی نوێوە ئەدای کردوون. وەک وتمان بەروبوومی شیعری و نووسینەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح کە دەخوێنینەوە بەئاشکرا هەست بەتەوژمی (بیری نوێ) لەسەر ڕووی شیعرەکانی و لە ناو بیروڕایەکانیدا دەکەین، ئەم کارتێکردنەش ڕەوتەنی و سەرپێیی نەبووە، بەڵکو کارتێکردنێکی قووڵ بووە کە قەوارە و کیانی گۆڕیوە و هەڵی تەکاندووە، ئەویش بە شیعر خۆی لە قەرەی ئەو مەسەلانە داوە کە خۆی بڕوای تەواوی پێیان هەبووە و بە چەکی شیعر لەگەڵ بەرەی دژ بەمیللەتەکەی کەوتووەتە زۆران گرتن.

شێخ نووری شێخ ساڵح دژی داگیرکەران و چەوسانەوەی میللەتەکەی خەباتی دەکرد، بەقەد تۆزقاڵێ لە کێشەکانی نەتەوەکەی دانەبڕاوە و ئەو بیروباوەڕەی بەهیچ شتێک نەگۆڕیوەتەوە، ئەو هەستە نەتەوایەتییەی تێکەڵ بەبیرێکی پێشکەوتنخوازانە کردووە. بێجگە لەوەش بەکارە شیعرییەکانی چووەتە ڕیزی شاعیرە پێشکەوتووخوازەکان، چونکە هەموو ڕچەشکێن و داهێنەرێک پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕن. بنەڕەتی کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی لە ئەدەبدا هەر لە ڕوانگەی داهێنان و بینینی ژیان بەچاوێکی تازەوە سەیر دەکرێت. شێخ نووری شێخ ساڵح خۆی بەورد و درشتی کێشە و مەسەلەکانی میللەتەکەیەوە بەستووەتەوە، لەگەڵ هەموو کەوتن و نووچدان و کۆست و خەمێکی بووە و تا مردن ئەو ڕێگایەی بەرنەداوە کە لەسەری ڕۆیشتووە، لەسەر چەند بیروڕا و سەنگەرێکی جیاواز جیاواز جێ گۆڕکێی نەکردووە و خۆی نەدیوە، ئەمەش حەقیقەتێکە لە شیعرەکانیدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. لەبەرئەوەی شێخ نووری شێخ ساڵح خاوەنی باگراوندێکی ڕۆشنبیریی گەورە بووە و زەمینەیەکی پتەوی هەیە، کە ئەمەش هێزێکی وای داوەتێ، بتوانێ بەتەواوی جێ پێی خۆی لەسەر ئەو زەمینەیە قایم بکات و وەک پووشی لێ نەیەت (با) بەملا و بەولادا بیبات و بیهێنێ.

ژیانی شێخ نووری شێخ ساڵح کتومت ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تازەیەیە کە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید و ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هێنایانە پێشەوە. ئەگەر بەوردی سەرنجی مێژووی شیعرەکانی شاعیر بدەین، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە لەو ساڵانەدا نووسیونی کە ڕواڵەتەکانی ژیانی تیدا جووڵاوە، بێ گومان دەگەینە ئەو قەناعەتە کە لووتکەی دەسەڵاتی شاعیرانەی شێخ نووری شێخ ساڵح و تەقینەوەی بەهرەکەی و پڕانی زمانە شیعرییە تازەکەی بۆ ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە، کە هۆیەکی یاریدەدەر و مەوزووعی بوو لە پاڵ هۆیە زاتییەکان کە لە کەسی شاعیردا کۆبووبوونەتەوە، خۆشی یەکێک بوو لەوانەی دەورێکی گورجوگۆڵانەی لە جۆشدانیدا گێڕاوە و وەک ڕۆشنبیرێکی هۆشیاری سەردەمی خۆی هەستی بەئەرکی سەرشانی خۆی کردووە.

مەسەلەی بەستنەوەی ڕاپەڕینە شیعرییەکەی شێخ نووری شێخ ساڵح بەجموجووڵی سیاسی ئەو سەردەمە کارێکی زۆر پێویستە، چونکە زمانی شیعری ئەو، زمانی ئەو بارودۆخە نوێیە بوو کە زۆرانبازی و ململانێی ئەو هێزانە دروستیان کرد کە ڕوو بەڕووی کورد بووبوونەوە، واتە شێخ نووری شێخ ساڵح بە زمانی ئەو ڕووداوانەوە نووسیویەتی کە ویستی گۆڕان لە واقیعی کوردستاندا بەرپا بکات و ژیانی ئینسانی کورد بگۆڕێ. ئەمیش لە لای خۆیەوە ویستوویەتی شیعر لە کۆت و پێوەند ڕابپسکێنێ. لەبەرئەوەی سەرەتای داهێنان و تازەبوونەوەکەی شاعیر پێوەندییەکی بەهێز و توندوتۆڵی بەجووڵانەوەی سیاسی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای ئەم سەدەیەوە هەبێ، بۆیە تازەبوونەوەکەی زادەی کات



و شوێن و سەردەمی خۆیەتی، وەک شایەت و بەشداربوویەک لە ڕووداوەکان دەردەکەوێ.

((شۆڕش)) بەرپاکردن لە واقیعدا، گۆڕان دروست دەکات، چونکە واقیعەکە بەرەو بارێکی باشتر و پێشکەوتووتر دەبات. هیچ گۆڕانێکیش بەبێ پاڵپشتی کردنی خولْقاندن و داهێنان، ڕێڕەو و سەمتی خۆی وەرناگرێ و بەناتەواویش دەمێنێتەوە، بۆیە هاوکێشە ڕاستەکە بۆ (گۆڕان) وای لێ دێ:

واقیع      شۆڕش      داهێنان

گۆڕان

ئەو گۆڕانەی داهێنان دەیهێنێ، بەکاری ڕووخاندن و خاپوورکردنی ئەو بنەمایانە کە (چێژ) و (تێڕوانین) و (بیر) و (بۆ چوون) لە بارێکی (باو- سائد) و مەییو دەکات بەبارێکی جووڵاو. بمانەوێ و نەمانەوێ هەموو گۆڕانێکی سیاسی بۆ ئەوەی دەسەڵات و سیستمەکەی وەک خۆی بهێڵێتەوە (ڕۆشنبیریی باو) جێگیر دەکات، بەڵام داهێنان لە شۆڕشی تازەی خۆی بەرەو گۆڕان و دروستکردنی پاشەڕۆژ، بەزمانێکی تازەوە بەدوای ئاسۆیەکی دەربڕینی تازەدا دەگەڕێ.

بۆ ئەوەی بەشێوازێکی تازەوە ئەم تێڕوانین و بارە تازەیە بگرێتە باوەشی پڕ لە میهری خۆی. ئەو کاتە پێش هەموو شتێک گۆڕان لە هۆشیاری و تێگەیشتن و تێڕوانینی شاعیردا دروست دەبێت. بەم جۆرە شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی خاوەن هەڵوێستە لە بەرانبەر مەسەلەکانی ژیان و مێژوو و سەردەم و میللەتەکەی، تازەبوونەوەکەشی زادەی واقیعێکە کە تەعبیرێکی ڕاستگۆیانەی لێ کردووە و زیاتر لە هاوکێشە و زۆرانبازییەکانی تێگەیشتووە و لە ڕەهەند و مەودا و سووچە دوورونزیکەکانی کۆڵیوەتەوە، ئینجا لە شیعردا هەوڵی بەرجەستەکردنی داوە.

**تێبینی: ئەم وتارەی کاک ئازاد عەبدولواحید زۆر لەوە زیاتر بوو کە لێرەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لاپەڕەکانی ڕۆڤار سنووردارە و وتارەکانیش لەوە زیاتر بوون کە ئێمە چاوەڕێی بووین، بۆیە بە ناچاری هەر ئەوەندەمان بۆ بڵاوکردەوە داوای لێبوردن لە کاک ئازاد و خوێنەران دەکەین.**

**ڕۆڤار**





# "هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی شێخ نووری شێخ ساڵح لە بازنەی سیاسەت و ئەدەب دا"

**حەمە دلێر میسری**

**خوایا بەسە ئیتر لابەری دەیجووری ئیضمیحلال**
**طلوعی پێ بکە خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقلال**
**لەگەڵ خوولیای هیجرەتدا، بەسەرچوو عومری شیرینم**
**دەسا تۆبەی ویصالە... ئاە... ئەی ئومێدی ئیستیقلال**

لەدوای خامۆشبوونی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی، "کوردستان" لەگەڵ داگیرکەرێکی نوێ ڕووبەڕوو بووەوە. دەوڵەتانی هاوپەیمان، بەتایبەت ئینگلیز و فەڕەنسییەکان ئەم ناوچەیەیان دابەش کرد: ئینگلیز کە بەشی شێری لە میراتی دەوڵەتی عوسمانی بەرکەوت، هەر زوو کەوتە پڕوپاگەندە بۆ دەستەمۆکردنی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت.

"لوید جۆرج" سەرەکوەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ: "زانیمان دەتوانین توانای دوژمن لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە نارەزایی گەلانی ژێردەستیەوە هەڵتەکێنین... باسی ئازادی وەک یەکێک لە مەبەستەکانمان یاریدەمان دەدا بۆ تێکدانی شیرازەی یەکێتیی وڵاتە ناحەزەکانمان و لەوەشدا

بەهەڵە نەچووین". پڕوپاگەندەی هاوپەیمانان ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی نیشتمانیبوون. دوای ئەوەی بە کردەوە کەناڵی ڕۆژنامەنووسییان بۆ مەرامی خۆیان و دژایەتیی تورک و بەلشەوفیک بەکار هێنا، لە بەسرە ڕۆژنامەی تایمسی بەسرە و لە بەغدا (تایمسی بەنراو) بە زمانی ئینگلیزی و (ئێران) بە فارسی و (تێگەیشتنی ڕاستی)یان بە کوردی دەرکرد... لە ماوەی یەک ساڵدا 1918–1919 (165) ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە، لەم ڕۆژنامەیەوە گفت و بەڵێنی ئینگلیز چووە بواری نووسینەوە و بووە هاندەری دەستەبژێری ئەو کاتە کە خۆیان بۆ هەلومەرجی نوێ ئامادە بکەن. لە ژمارەکانی (تێگەشتنی ڕاستی)دا دەیان وتار و شیعری نیشتمانی و سیاسی دەخوێننەوە کە هەموویان بزوێنەری هەست و سۆزی کوردانن، هەر لە لاپەڕە یەک ژمارەیەکی دەنووسن:

"تێگەشتنی ڕاستی" خزمەتی یەک بوون و سەربەستی و سەرکەوتنی کوردان ئەکا، ئەمڕۆ هەموو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێ هێنانی ئەم ئومێدە موبارەکەن و گەلێکیان لە پاشی کۆششێکی پیاوانە پێ ی گەیشتن".



دواتر لە سەردەمی دەسەڵاتی "مێجەر سۆن"ی حاکمی عەسکەری لە سلێمانی 1/7/1919 تا 5/3/1921 هەوڵ درا لە ڕێگەی هێنانی چاپخانەیەکی کارکراوەوە، چەقی پڕوپاگەندەی ئینگلیز بگوێزرێتەوە بۆ شاری سلێمانی و بەمەش یەکەم چاپخانە لە مێژووی کورددا کەوتە کار. شایانی وتنە (سلێمانی) لە ماوەی (67) ساڵی حوکمداری باباندا (1784 تا 1851) کەناڵێکی وەها مۆدێرن و پێشکەوتووی بە خۆیەوە نەدیبوو، هەر لەبەر ئەوەش ئەو کاتەی "سۆن" ڕۆژنامەی پێشکەوتنی دەرکرد کە لە ڕێگەی 118 ژمارەوە 29/4/1920 تا 27/7/1922 بە شێوەی هەفتانە دەردەچوو، خزمەتی زۆری بە ئەدەب و نووسینی کوردی کرد و خەڵکی سلێمانی و ناوچەکەی، بەتایبەتی دەستەبژێر، بە گرنگی و بایەخی ڕۆژنامە ئاشنا کرد.

"سۆن" لەبەر ئەوەی کوردییەکی باشی دەزانی و باش شارەزای کون و کەلەبەری ئەو بەشەی کوردستان بوو، وەک هەموو داگیرکەرێک ژەهر و شەکری تێکەڵ دەکرد، زۆر جار پەنای دەبردە بەر ستەم و زۆرداری و جاری وەهاش وەک ئەوروپییەکی پێگەشتوو بیری دەکردەوە و بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو. هەر لەبەر ئەوە دامەزراندنی چاپخانە و هاندانی گەشەی زمانی کوردیی بە پێویست دەزانی. (سلێمانی) بووە مەڵبەندی ململانێی ڕاگەیاندنی ئینگلیز و جلخوارەکان و بەلشەفیک لە لایەک و هاندان و زیندووکردنەوەی هەست و سۆزی ناسیۆنالیزمی تازەدەرکەوتوو لە ناو گەلانی ژێردەسەڵاتی پێشووی عوسمانیدا. لەو هەلومەرجە نوێیەدا، لە ناو گێژاوی ئاراستەی کۆن و سۆزداری بۆ دەسەڵاتی پێشوو، لایەنگرانی دەسەڵاتی نوێ بە ئومێدی بەجێهێنانی ئەو گفت و بەڵێنانەی کە دنیایان لێ پڕ کردبوو، دەستەبژێرێکی دانسقە و دەگمەن، تەییار بە زانستی ئایینییەوە کە خولیای ئازادی و سەرفرازیی نەتەوەکەیان بوون، پەنا دەبەنە بەر دەستەواژەی ئازادی و عەدالەت و سەربەخۆیی میللەتانی مەزڵوم کە هەر لە سەردەمی مەشروتەوە 1908 پێی ئاشنا بوون و غەم و سەوداسەریی شەو و ڕۆژیان هیوا و ئومێد بوو بە ئایین. ئەم دەستەیە بوونە پێشەنگی یەکەم ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی و دووەمی کوردستانی گەورە دوای بەدرخانییەکان.

لە ناو ئەم دەستەیەدا، بلیمەتێکی هەڵکەوتە، دووربین، چاو لە هیوا، لاوێکی خوێنگەرم و ڕەفیق حیلمی وتەنی (تەجەدودپەروەر) هاتە مەیدانی چالاکیی فیکری و ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەوە، (شێخ نووری شێخ ساڵح) ئەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوە بوو کە لە هەرەتی لاویێتیدا تەژی بوو لە حەماسەتی شۆڕشگێڕانە، عەقڵێکی گەورە لە بازنەی جوگرافیایەکی بچووکدا، گەمارۆدراو بە دوژمنانی دڵ پڕ لە قین، (شێخ نووری) وەک پێشبینیی ئەو گۆڕانکارییەی کردبێ، پێشتر تینیوێتیی شاعیرێتیی خۆی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی تورک و فارس و عەرەب شکاندبوو، وەک لە چەند سەرچاوەدا باس کراوە (شێخ نووری) زۆر بایەخی بە شیعری (نالی و مەولەوی و مەحوی) داوە، لە (نالی)یەوە خۆشەویستی و شیرینیی زمانی کوردی و فیکری قووڵی وەرگرت:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردیە، خۆکردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

لە "مەولەوی" زاری ڕەسەنی کوردی و پاکژیی زمانی شیعر و کێش و سەرواى خۆماڵی و جوانیی سروشت و دیمەنی ڕەنگینی کوردستان و لە "مەحوی"یش ئاکاری زوهد و ڕوو وەرگێڕان لە مادیەت و هەڵپەی دەستکەوت و خۆبردنەپێشەوە و سادەیی ژیان و قەناعەت و عیزەتی نەفسی وەرگرت!


خودا کەی! بەس کە بۆ دنیا ئەمەندە ئاین و ئۆیین
تەمەشاکە ئەحیببا ساغ و، ئۆین چیی هەموو زوو ڕۆیین

"شێخ نووری" وەک ڕووناکبیرێکی بەگومان لە واقیع و ڕەخنەگر لە ناوەند و ژینگەی ئازاد لە فیکر و هەڵوێستدا، بە پرۆژەیەکی نوێخوازی و ئایندەخوازییەوە، کەوتە جەنگی بەردەوام لەگەڵ پاشەگەردانیی زمانی کوردی و دواکەوتوویی و بێئاگایی زۆرینەی کۆمەڵ و کەسانی تر کە بە حەسرەتی ڕابوردوو و دەسەڵاتی خەلیفەوە بوون و هەوڵیان دەدا مێژوو بگێڕنەوە و ئەو هەلە ڕەخساوە بەهەدەر بدەن.

"شێخ نووری" و دەستەیەکی تر لە منەوەرانی سلێمانی و دەوروبەر، دامەزراندنی چاپخانەیان بە دەستکەوتێکی گەورە و کەناڵێکی مۆدێرن زانی تاکو پەیامەکەیان بگەیەنن، ئەوان هەر زوو لە گرنگیی چاپ و چاپەمەنی تێگەیشتن. بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە ئەو چەند وتارەیە کە "شێخ نووری" لە "بانگی کوردستان" و "ڕۆژی کوردستان"دا لەسەر بایەخی چاپ نووسیویەتی، دەیزانی ئەو دەستکەوتە مەزنە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات و لەو ڕێگەیەوە "ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب" هێدی هێدی زمانی کوردی لە زمانی سۆز و خەیاڵی شاعیرانەوە بکەنە زمانی فیکر و ڕەخنە و وتاری سیاسی و زانستی. هەر بیرۆکەی ئەو و چەند منەوەرێکی تر بوو کە هەڵمەتێکی کۆمەککۆکردنەوەیان جاڕ دا بۆ کڕینی ئامێرێکی نوێی چاپ، تا لەگەڵ خواست و مەرامی منەوەراندا بگونجێ. کە بە داخەوە بە هۆی شکستی حکومەتی کوردستان ئەم هەوڵە ناکام بوو.

لە "118" ژمارەکەی "پێشکەوتن"دا "شێخ نووری" نۆزدە بەرهەم لە شیعر و بەخشان بڵاو دەکاتەوە، بە شیعری "جووت و گا شتێکی چاکە" خەڵاتی یەکەم بۆ نووسینی کوردی و دوور لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە وەردەگرێ کە جگە لە مەرجی کوردیی نووسینەکە "ئازایەتی لەوەدا بوو کە نووسەر بە بیری خۆی ڕێکی بخات نەک لە ئەم و ئەوی وەرگرێت".

یەکەم هەنگاو "شێخ نووری" ڕەخنەی لە نازناو و لەقەبی باو و خۆهەڵکێشان گرت و بە گیانێکی بەرز و ئاکارێکی سادەوە، ناوی (م. نووری – محمد نووری)ی هەڵبژارد و گەر جارێک بێ، ناویان لەژێر ناوی (ڕۆژی کوردستان)دا دەینووسی: ئەم پەیامەی "م. نووری" لای زۆرێک لەو شاعیر و



نووسەرانەی ئەو قۆناغە کاریگەری هەبوو، زیاتر مەبەستیان ناوەڕۆکی پەیامەکە بووە، نەک خۆناساندن و خۆدەرخستن.
"شێخ نووری" لەو ڕاستییە گەیشتبوو کە خەبات لەپێناوی پاراستنی زمان و کولتووردا پێشینەی هەیە و دەبێ ڕێز لە شاعیرە دێرینەکانمان بگرین و یاد و یادەوەرییان بژێنینەوە. بە توانایەکی زۆر و دەسەڵاتی شارەزایی لە زمانی (تورکی و فارسی و عەرەبی)دا بووە خاوەنی چوار موڵک و زمانی کوردیی خستە ئاستی ئەو سێ زمانەوە وەک (نالی). سەرەتایەکی بوێرانە لە (پێشکەوتن)ەوە دەرکەوت کە زمانی کوردی لەژێر هەژموونی سێ ئیمپراتۆریەتی زمان دەربهێنێ (عەرەبی زمانی ئایین، فارسی زمانی ئەدەب و تورکی زمانی دەوڵەت). ئەو جورئەت و جەسارەتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی دامەزراند، ئەوەتا دەنووسێ:
"قەومیەت سێ شت تەشکیلی ئەکا، ئەخلاق، دیانەت زمان، بەعزێ لە فەیلەسووفان ئەڵێن ڕابیطەی زمان لە ڕابیطەی دیانەت بەقووەت ترە.
"م. نووری" بۆ ئەنجامدانی پرۆژە نوێخوازییەکەی ڕووی لە لاوان و نەوجەوانانی شار و کوردستانەکەی کرد، دەیزانی هیچ کات بە کەرەسەی کۆن و بەسەرچوو، بونیاتی نوێ و سەردەمیانە دروست نابێت، توێژە تازە... و پێگەیشتووەکە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیی قۆناغ و مێژوو دەبێتەوە، بە لای بەندەوە ئەم قەصیدەیەی شێخ نووری مانفێستی نوێخوازییە، ئەگەرچی وشە و دەستەواژەی عەرەبی و عوسمانیی تێدایە، بەڵام ناوەڕۆک و جەوهەری




ئاشکرایە، سەرەتایەکی بوێرانە و نوێیە و ئەو هەنگاوەیە کە دواتر فۆرم و کێش و سەروای شیعری کوردیی گرتەوە و یەکێتیی بابەتی لەخۆ گرت.

**صبحەینێ ئەم تەجدودە، بۆ تۆیە ئەی شەباب بۆ تۆیە، ئەی ئومێدی وەتەن، خادمی حەیات ئەی ئافتابی فەجری ئەمەل، مایەیی نەجات ئەی نەورەسیەکانی وەتەن، وەقتی غیرەتە تەحصیل عیلم و مەعریفەیە، مایەی شەرەف سبحەینێ خاکی ئەم وەتەنە لات ئەمانەتە حورمەتی وەتەن، شەرەفی هەموو بۆ تۆیە ئەی شەباب**

ئەرکی دەستەبژێری لێوەشاوە و چالاک و لەخۆبووردوو، بەرپرسیارێتییە، ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی گشتگیر و هەمەلایەنەیە، دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسی و ئەخلاقیی کراوەیە لە پێناوی لێبوردەیی و یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان
لە ناو کۆمەڵگەیەکی داخراو و برسی و دواکەوتوودا، بەتایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەرکی ڕووناکبیر قورس و قورستر دەبێت، پێویستە زەنگی بەئاگایی بۆ کۆمەڵ لێ بدات تا تاکی هۆشیار بەرهەم بهێنێت و ببێتە وزە و پاڵپشت و هاریکاری سەرکەوتنی پرۆژەکەی.
ویستگە گەشاوە و درەوشاوەکانی ژیانی (م. نووری) پڕن لە هەڵوێست و ئازایەتی و نوێگەری، ناکرێ لەم وتارە کورتەدا لەسەر یەک بە یەکیان بوەستین. تەنیا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو: (م. نووری)، بە پێناسەی (گرامشی)، ڕووناکبیرێکی ئۆرگانییە نەک تەقلیدی، بەڵگەمان ئەوەیە لە هەموو ژیانیدا نەک بە بیر و لێکدانەوە و قەڵەم و نووسین ڕووناکبیر بوو، بەڵکە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە پراکتیک ئەرکی ڕووناکبیریی جێبەجێ کردووە، ئاکاری سادە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی



نموونەیی بووە، عەلائەدین سەجادی دەڵێ "شێخ نووری ئەوەندە متواضع بوو، ناخۆشی کرد بوو. لە هەڵوێست و عیزەتی نەفس و دژایەتیی مادیەت و پۆست و مەحسوبیەت و ڕێزگرتندا گرەوی پێشەنگی بردبووەوە:

**وەختە یەکجاری لە دەس ئاشوب و فتنە شەق بەرم**
**من قسەی ڕاست و ڕەوان و خۆشی بێ پەروا ئەکەم**
**طەبعی عالی وادەبێ، سەیری بە کوللی فیقرەوە**
**گاڵتە و صوبحەت بە تاجی تەختی شاهەنشائەکەم**

ئەوەندەی من لە توانامدا بووبێت و بەرهەمی پێشی (ڕۆژنامەی پێشکەوتن)م خوێندبێتەوە، م. نووری دامەزرێنەری هونەری ئۆپەرێتە، شێخ نووری ساڵی 1925 (ئۆپەرێتی)ی داناوە، مەبەستم شیعری (ئینتیباه- دلاوەران)ە.
دایەلۆگی سەردەمییانە لە نێوان (دلاوەران، باوک، دایک، منداڵەکان، ئافرەت، چەکبەدەستەکان) کە مەبەستی شۆڕشگێڕانە، هەیە و هەریەکەیان خەسڵەت و ئاستی فیکری و ڕۆڵی لە کۆمەڵدا داونەتێ، ئەمەش بۆ بەئاگایی م. نووری دەگەڕێتەوە

کە کێومالّی کەسایەتیی کوردی ئەو کاتەی کردووە و توێژ و ڕەگەز و گرووپەکانی ناسیوە و بەپێی توانایان و پێویستیی قۆناغەکە ئەرکی بەسەردا دابەش کردوون:
چەک بەدەستەکان:

**ئێمە کە موسەللح لە دەرو دەشت و لەشارین**
**سوێن خۆری حوضوری حەق و باب و کەس و کارین**
**بۆ مەسعەدەتی ئەم وەطەن و میللەتی کوردە**
**ڕیشە و ڕەگی زاڵم ببڕین بەم دەست و بردە**
**تاکەی لە زەحمەتا بین، لەناو مەزەللەتا بین**

لە ئاوێنەی بەرهەمەکانی (م. نووری)دا بە ڕوونی بارودۆخی سیاسی و تۆڕی کۆمەڵایەتی و سوسیۆلۆژیای کۆمەڵی کوردەواریی ئەو کاتە دەبینرێ، لەبەر ئەوەی قەڵەمەکەی لەگەڵ هزر و ئاکاری خۆیدا ڕاستگۆ بوو.
شانازی و سەروەرییەکی تر کە بە شێخ نووری بەخشرا، ئەو کاتە بوو کە (مەلیک مەحمود) بە هۆی لێهاتوویی خۆی و شارەزاییەکەی و زیرەکییەوە، ئەرکی ڕۆژنامەی حکومەتی باشووری کوردستانی ڕووبەڕوو کردەوە (ڕۆژی کوردستان). بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا لە سەردەمی (دەوڵەتی

ماددەوە 5500پ ز) تا ساڵی 1922، هیچ میرنشین و دەسەڵاتێکی کوردی کەناڵی نووسراوی نەبووە، لێرەدا کە (م. نووری) دەبێتە یەکەم خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری یەکەم ڕۆژنامەی دەوڵەتی کوردی، ئەوا م. نووری، ئەو سەرنووسەرە کارا و قەڵەم بەبڕشتەیە کە ناوی دەبێتە سەردەستەی سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەنووسیی کوردی. (ڕۆژی کوردستان) لە ڕێگەی شازدە ژمارەوە (لە 15ی تشرینی دووەمی 1922 تا 3ی مایسی 1923) بووە بڵندگۆی ئەو دەسەڵاتە ناوازە و ساوایەی کورد، وەک لە پانۆرامای ڕووداوەکانی ڕۆژگار و وتارەکانی (ڕۆژی کوردستان)دا دەردەکەوێ کە (م. نووری) بە سەلیقەی زمان و بەئاگا لە بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە بووە بە شاهیدحاڵێکی بەئەزموون و ڕاستگۆ و پارێزەری نەتەوەکەی، هەر زوو قەڵەمە بوێر و بەتواناکانی لە دەوری ڕۆژنامەکە کۆ کردەوە "کەمالی، عارف صائب، حەمدی، ئەحمەد شەوقی، زێوەر، بێخود و کەسانی تر..." لێرەوە لە لاپەڕەکانی (ڕۆژی کوردستان)دا، بناغەی شێوازێکی نوێی زانستیی بۆ وتاری سیاسی دادەڕێژێ. پێشتر شاعیران لە بازنەیەکی داخراوی لۆکاڵیدا داخ و میحنەتی خۆیان هەڵدەڕشت و نەهامەتیی میللەتەکەیان دەخستە ڕوو. دیارە ئەم پەیامەش بیستراو و سۆزدار و تەعبیری بووە، بەڵام گواستنەوەی ئەم پەیامە بۆ شێوازی پەخشانی هونەری و خوێندنەوەی وردەکاریی سەردەمەکە، ئەو بازنەیەی شکاند و وتار بووە بەڵگەدار و سەربوردەی مێژوویی و (تەفکیری). لە وەڵامی (م. نووری) و (عارف صائب)دا دەردەکەوێ کە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی عێراق وەک "العراق، نجمة" چ ماکینەیەکی پڕوپاگەیاندەیان بۆ کورد خستووەتە کار تەنیا لەبەر ئەوەی داوای سەربەخۆیی خۆی کردووە. وتاری سیاسیی نوێ پشتبەستە بە ئارگۆمێنت و بەڵگە و نموونەی دافیعی و مێژوویی. "م. نووری" و منەوەرانی ئەو قۆناغە خوێندنەوەی تەواویان بۆ ئاستەنگ و کەلێن و ناتەواوییەکانی حکومەتی کوردستان هەبوو، بەڵام دەیانویست بەها و نرخێکی نوێ و سەردەمییانە بدەنە ئەو ئەزموونە، ڕووخسارێکی جوانی پێ ببەخشن و هەوڵ بدەن بە هەموو ناتەواوییەکەوە بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی خەونی لەمێژینەی کورد بوو وەک پیرەمێرد لە ستایشی ئەو دەستکەوتە مێژووییەدا وتوویەتی:

سەلاحەدین جەلالی وای نەدیوە، تەئریخ لەبەرچاوە
هەموو پاشاکانی مردن بە حەسرەت ڕۆژێکی واوە

بەڵێ (م. نووری) بە گیان و فیکر و قەڵەم داکۆکیی لەو هەلکەوتە دەگمەن و مێژووییە دەکرد، دەیزانی یەکەم جارە کورد بتوانێ حکومەتێکی نوێ دروست بکات و خۆی خاوەنی خۆی بێت.

(م. نووری) هەتا لە ژیاندا بوو، وەفادار و بەئەمەک و دڵسۆز بوو بۆ ئەو ڕۆژگار و ئەزموونە و پێشەواکەی (سەجادی) دەگێڕێتەوە کە شێخ نووری "داخی زۆر بوو بۆ سەردەمی شێخ مەحموود، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵک لۆمەی شێخیان ئەکرد... ئەم "واتە شێخ نووری" ئەیووت ئەترافەکەی باش نەبوون... زۆر جار کە بەیەکەوە دانیشتووین و باسمان کردووە، بۆ تێکچوونی وەزعی کورد، گریانی ئەهات".

خۆشەویستیی ئەو بۆ مەلیک مەحموود لەو دڵسۆزییەوە بوو کە بۆ سەرکردەیەکی قارەمانی ئەو قۆناغەی هەبوو، لە کۆچی دوایی مەلیک



شێخ نووری

مەحموددا شیوەن دەگێڕێ و بۆ کێلی قەبرەکەی ئەم یادگارە بەجێ دەهێڵێ کە گوزارشتە لە هەست و خۆشەویستی و ئەمەکداریی هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ڕێز لە هەڵوێستی سەرکردە و پێشەوا و قارەمانەکانیان دەگرن:

**ئەوە ئەو شاهەیە ئاواتی کوردی پێوە ئاڵا بوو**
**کە خاکی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخی بەماوابوو**
**کە لەکاتی نەوجەوانیی تا مردن بەگیان و دڵ**
**بە شوێن ئامالی پڕ ئالامی کوردا وێڵ و شەیدا بوو**
**بنووسە تۆش لە خوێنی دیدە ساڵی مەرگی شێخ مەحموود**
**(کە ڕۆژێ بوو لە ئاسۆی کورد و کوردستان ئاوا بوو)**


شێخ نووری داهێنانێکی تری خستە ناو گۆڕەپانی شیعرەوە کە جیاوازە لە "تضمین –تێهەڵکێش و موللمەع و پێنج خشتەکی" ئەوەش شیعرێکی مەبەستدارە و دوو شاعیر دەیهۆننەوە، بە شێوەیەک، ناتوانین بەیتەکانی هەریەکەیان لە ئەوی تر جیا بکەینەوە، بۆ نموونە ئەم قەسیدەیە پێنج بەیتییانە کە لەگەڵ (عەلی کەمال باپیر–کەمالی) دایان ناوە، بە جۆرێ فیکر و هەڵوێستیان تێکەڵ بووە، دەڵێی لە یەک گەروو و ناخی یەک بڵندگۆی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیەوە دەردەچێ:

میللەتێکی وا قەدیم، قەومێکی مەشهووری جیهان
مالکی خاک و وەتەن، ساحیبی تەئریخ و زبان
عەیبە ئیتر خزمەتی خەڵقی، لە زیللەتدا ژیان
بەسیە ئەی خزمینە بوغز و کینە، با یەک دڵ و بەجان
تێبکۆشین بۆ تەرەقی شەوکەت و ئیجلالی کورد

هەردوو شاعیر هەر دەڵێی لەگەڵ دەردەکورد دەدوێن و ئەوەی لەو زەمان و قۆناغەدا وتوویانە و پێشبینییان کردووە، لەگەڵ ئەمڕۆشدا هاوتەریبە و ڕوو لە ئێمە و ئەزموونەکەمانە. وتارەکانی شێخ نووری لەسەر کێشەی موسڵ بەڵگەیەکی ترە بۆ توانا و فیکری سیاستمەداری بەئاگا کە لەو ڕۆژگارەدا قسەی حەق دەکات و لەم ئانوساتەشدا ئەو دەنگە حەقبێژە سەدای دێت و زەنگی بەئاگاییمان بۆ دەچرێ، ڕۆژنامەی (نجمة) بە دەنگێکی ناشاز و کرێگرتە، موسڵ بە خاکی عەرەب ناونووس دەکات و لە دایکە کوردستانییەکەی دەپچڕێ، وا دەزانێ کەس بەئاگا و لە ماڵ نییە تا وەڵامی ئەو مەرامە ناحەزی و چاوچنۆکییە بداتەوە، هەر بۆیە (م. نووری) لێی دێتە دەنگ و لە ئانوساتی خۆیدا بە حەق وەڵامی ناحەق و زاڵم دەداتەوە: "ئێمە یەعنی هەموو میللەتی کورد بە هەموو مەوجودیاتمانەوە، لەم بەسەرهاتانە هەڵبەستراوانە، کە ئیسنادی لە بەعزێ پیاوی گەورە و صاحب وجدان ئەدەن، بەکوللی ڕەد دەکەینەوە. لە ولایەتی موصڵدا، کوردستان کە بەتەنیا سلێمانی دراوەتە قەڵەم، وانیە، بالعکس، قصەبە و مولحەقاتی موصڵ کامیلەن کورد و کوردستانە... هتد.

ئەرک و بەرپرسیارێتیی ڕووناکبیر ئەوەیە لەبری زۆرینە بیر دەکاتەوە و لە کاتی خۆیدا هەڵوێست لەسەر دوژمن و ڕووداوەکان وەردەگرێت و ئاشکرای دەکات، دەردە کوشندە و ئەزەلییەکان کە بوونەتە هۆکاری دواکەوتوویی و دیلێتی و نەهامەتیی ئەم میللەتە بە درێژایی مێژوو، باس و چارەسەریان دەکات، غەم و خولیای شەو و ڕۆژیان بووە، هەر لە جزیری و خانی و حاجی و نالی و سالم و کوردی، هەموو شاعیر و نووسەرانی دوای ئەوان و تا ئەمڕۆش، (دەردەکورد، ناکۆک و خۆخۆری، کەوتنەدوای جەهالەت و ڕوو لە مادیەت و خۆپەرستی.. هتد هاوار و دادوبێدادیان بووە، چون حەمدی صاحبقڕان دەڵێ:

وەک تریشقە ئاگر ئەگرن، هەوری ڕەحمەت ناگرن
ئەژدەها ئەگرن بەقەد کێوێک و عیبرەت ناگرن
من لەداخی میللەتی کورد لەت لەتە جەرگ و دڵم
سەر کە ئەگرن بۆ کوتەک، داوێنی دەوڵەت ناگرن



"م. نووری" لەو سەردەمەدا بە وتار ئەم مەبەستە دەخاتە ڕوو:

"هەتا ئێستا مەعروزی هەر فەلاکەتێ بووبین، سەیئات، عەتالەتی خۆمان بووە، ئەمجا لازمە لەپێشی هەموو شتێکدا ئەم حەقیقەتانە بەتەواوی تێ بگەین..

– چونکە زەمان زۆر ناسکە، فرسەت لەدەستایە، وەقتی وا موساعدمان نیە کە بە تەرەردود ڕای ببورین... هتد.

کەس وەک ڕووناکبیر و خاوەن فیکر و ئازادیخواز، لە غەمی ئازادی و سەربەخۆییدا نییە، ئەو نرخ و بەهای ئەو نیعمەتە گەورەیە دەزانێ، هەر لەبەر ئەوەیە هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و حیرسەوە داکۆکیی لێ دەکات. دەزانێ لە سایەی ئازادیدا کە بە خوێن و قوربانی بە دەست دێت، پێناسەی مرۆڤبوونی هەموو کەس دەدۆزێتەوە. بە هۆیەوە لە ڕۆژگاری سەخت و پڕ مەترسی و ئەنگوستەچاودا، ورە و تین دەداتە بەر گیانی ڕوخاو و غەفڵەتی جەماوەر و بەئاگایان دەهێنێتەوە. ئەو کاتەش ئازادی و سەربەخۆیی دەپشکوێ و چرۆ دەکات، ئەم هەوڵی بەزیندووڕاگرتن و گەشە و ڕەونەقی دەدات، دەزانێ پاراستن و گەشە و ڕێز و سەقامگیری و فراوانکردنی ئەو فەزایە و دەرفەتە، زۆر لە خەبات لەپێناوی بەدەستهێنانیدا سەخت و دژوارترە.

"ئەمرۆ ڕۆژێکە کە زۆر ناسک و فرسەتە، هەموو ئانێکی ئەم زەمانە ئەوەندە بەقیمەتە کە چیتر موقابیلی نیە، ئەمرۆ ڕۆژێکە کە ئەگەر بەغەفڵەت ڕابوێرین موقابیلی هەموو سانیەیەکی ئەبێ دە ساڵ عەزاب و ئەسارەت بکێشین... هتد".

داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لەگەڵ زەبری سەربازی و کوشتن و برینی ڕۆڵەی کورددا، کاریان لەسەر شێواندنی ئەو شۆڕش و پرۆژە سەربازی و فیکرییە کردووە کە کورد بە هێزی بیر و بازوو هەڵیگیرساندووە، لە ناو پانتایی هۆشیاری و نەستی تاکی کورددا، هەوڵیان داوە بێهیوایی، بڕوانەبوون بە ئایندە و دووبەرەکی بچێنن. "م. نووری" و دەستەبژێرانی ئەو سەردەمە و ئەمرۆش، لە هەموو وتار و شیعرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیاندا ڕەخنەیان لەو مەرامە ژەهراوییەی دوژمن گرتووە و هەوڵیان داوە تاکی کورد هان بدەن و بەئاگای بێننەوە و ئاڕاستەی بکەن بۆ خوێندن و خوێنەواری تا بە چرای زانست ئەو جەهل و کورتبینییە بڕەوێننەوە، و ئومێد و هیوایان بە ئاییندەی خۆیان و نەتەوەکەیان بەهێز بێت:

"تەعلیم و تەربیەیی مەکاتیب، سەی و غیرەتی مەعاریف، هەموو بۆ ئیستیقبال و ئیستیقلالە" مع التآسف ئێمە ئیستیقبال "مەبەست ئایندەیە" بە ئەهمیەت تەقدیر ناکەین، چونکە لە جیان و خصوصی ڕەسمیدا، تەعقیب و مەسەلەکان تابعی ئەم دەستوورەیە "ئەمرۆ بێت و سبحەینێ خودا کەریمە" ئەم حاڵەتە ڕۆحیەیە کە لە دەماغی هەموو جاهیلێکدا ڕەگی داکوتاوە مانعی لێکدانەوەی ئیستیقبال بووە، هەموو کوردانی لە هەموو شتێک پاش خستووە و گرفتاری ئەسارەت و سەفالەتی کردووە".

(ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان) مێژوویەکی گەشی ڕاگەیاندنی نووسراوی نیشتمانییە. "ڕۆژنامەکە هەواڵ و بەیاننامە ڕەسمیەکانی حکومەتی بڵاو دەکردەوە، بەتایبەتی فەرمان و بڕیارەکانی مەلیک مەحموود، سەرباری هەواڵی وڵات و گەلانی دراوسێی کوردو هێزەکانی کاراو کاریگەرەکان و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها گەلێ وتاری کۆمەڵایەتی دەربارەی ژیانی کورد



شێخ نووری

ڕۆڤار

بڵاو کردۆتەوە. بەڵام بە مۆرکێکی سیاسی، بوارێکی زۆریشی بۆ بایەخدان بە ویژەی کوردی تەرخان کرد بوو".

سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە، ئەو قەڵەمە بە بڕشت و بەتوانایە بوو کە لە وتارەکانیدا زمانێکی دیبلۆماسیی سەردەمییانەی بەکار هێناوە و هەوڵی داوە هاوسەنگییەک لە نێوان ململانێی هێزە ئیقلیمی و زلهێزەکاندا بکات، هەوڵی داوە ئینگلیز بخاتەوە بیری گرفت و بەڵێنەکانی سەبارەت بە گەلی کورد. بەڵام دیارە سیاسەتی دواتریان پشتکردنە کورد و فەرامۆشکردنی مافەکانی بووە، نەک هەر ئەوەش، بەڵکە بە نوێترین چەکی ئەو سەردەمە و فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆمبابارانی سلێمانی (پایتەختی حکومەتی کوردستان)یان کردووە و دەستیان لە کوشتنی پیر و ژن و منداڵ نەپاراستووە. لەو ڕۆژانەدا و بەرامبەر بە تاوانە گەورەیە، "م. نووری" هاتووەتە دەنگ و ناڕەزایی حکومەتی کوردستان و دەنگی مەزڵومیەتی قەومەکەی دەردەبڕێت و ئەو سیاسەتە چەوتە مەحکوم دەکات:


"حکومەتی ئینگلیز، ئەم میللەتە مەزڵومە بۆمبابااران و تەهدید و تەخویف ئەکا، تێ ناگەین مانای چیە و لەبەرچیە، عەجەبا حکوومەتی فەخیمە لە تەرەف کوردێکەوە تەهدید کرا... یاخود موقابیل بەخۆی هیچ قوەتێک لە کوردستاندا شک ئەبا کە مودافەعەیەک بکا، ئەگەر غەیری حوریەت و ئازادی میللی خۆمان، دەعوایەکی ناحەقیمان لێ واقیع بووە باشە. وە ئیلا ژن و منداڵ، فەقیرو خانووی ئەم میللەتە گوناهی چیە".

ئاوابوونی خۆری حکومەتی کوردستان، کاریگەریی پڕ ناسۆر و خەمناکی درێژخایەنی لەسەر هەست و دەروونی شێخ نووری هەبووە. ئەوەتا لە چاوپێکەوتنەکەی کاک ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادیدا، سەجادی دەڵێ "داخی زۆر بۆ سەردەمی شێخ محمود... لە تێکچوونی وەزعی کورد گریانی ئەهات".

دوای ئەو ساڵانە، ئەو قەڵەمە پڕ هەڵوێست و جوامێرە، بێدەنگ بوو. ئەم هەڵوێستەشی جۆرێکی تر بوو لە ڕەخنە و ناڕەزایی و بەربەرەکانیی سانسۆری دەسەڵاتی داگیرکەر و جەهلی کۆمەڵگەکەی، لێرەدا بە ئەزموونی "نالی"دا چووەتەوە و تەواو ڕەچاوی ئەو حاڵەتەی کردووە کە منەوەران لە هەموو سەردەمێکدا پێوەی دەناڵێنن:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خامۆشم**

ئەگەرچی لە ناخەوە لەگەڵ ئازار و مەینەتیی میللەتەکەیدا، ئەهەژێ و شەوێک بەبێ خەم سەرنانێتەوە، "گۆران" لە خامۆشی و بێدەنگیی ئەو بەهرەیە خەمناکە و دڵتەنگە، (سەرۆک) لە مەیدان دوورکەوێتەوە، لە وەڵامی شیعرێکی م. نووریدا، ڕازی دڵی خۆی بۆ دەردەبڕێ و گلەیی ئەوەی لێ



دەكات كە چۆن ئەبێ زەبری زەمانە كار لەو توانایە بكات:

**نەبڕینی زمان و پەل بەستن**
**بلبلێ مەنح ئەكا لە مەیلی وتن!**

دیارە ئەو شیعرەی شێخ نووری كە بە ناوی (جەناب)ی كوڕیەوە نووسیوویەتی، ئاماژەیە بۆ ڕۆژگاری گەشی حوكمداریی كورد خۆی و ئازادیی میللی و نەبوونی سانسۆر لەسەر چاپ و چاپەمەنی و كاریگەرییان لەسەر گەشەی بەهرە و سەلیقەی ئەدەب و سیاسیی منەوەران:


**باوكم ئەو وەختە ئەدیبێ بوو لە ڕیزی ئودەبا**
**مەلەوانێكی بەقودرەت بوو لە دەریای ئەدەبا**
**ئەو دەمە شیعری دەووت، هۆش و شعورێكی هەبوو**
**سەر و دڵخۆش و ڕەحەت، كەیف و سرورێكی هەبوو**
**ئێستە كۆماوەتەوە، پشتی بەسەر جەدوەلدا**
**قسمەتی خۆی ئەمە بوو، هەر لە دەمی ئەوەلدا**



بەڵام ژیلەمۆی هزر و دڵ و دەروونی ئەم وەتەنپەروەرە، لەگەڵ شنەبای ئازادی و خواستی سەرفرازی هەر بەشێكی كوردستانە داگیركراوەكەیدا دەگەشایەوە، لە لایەك شیعری بۆ قارەمانانی باكوور دەگوت و سیاسەتی شۆڤێنیی توركی ڕیسوا دەكرد، ئەمە تا دوای لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و چلوشەش هاوخەباتی لە شەوی 28ی حوزەیرانی 1925 هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێ:

**ئەی ساڵی جیهان دیدە، ئەیا صەحنەیی میحنەت**
**ئەی ساڵی گوزەشتە، سەنەی ماتەمی ئوممەت**
**ئەمڕۆ ڕۆژێكی بڵند و گەورە و زی قیمەتە**
**یار و باوەڕمان بەبێ شك ڕۆحی پاكی حەضرەتە**
**ڕۆژی ئازادی، هەموو كوردانە، جەژنە، شادی یە**
**جەژنی ئیستیقلالە، ئەمجا نۆبەتی ئازادیە**

ئەو كاتەی یەكەم ڕاپەڕینی جەماوەری لە شاری سلێمانی كڵپەی سەند، بووە یەكەم ئەزموونی خەباتی مەدەنی و شارستانی و (م. نووری) قەڵەمی كوردانەی خۆی تاو دا و نەفرەتی لە داگیركەر كرد، خوێنی شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینەی بەرز ڕاگرت و بۆ مێژوو تۆماری كردن. ئەوەتا ڕەخنە لە (كۆمەڵەی گەلان-عصبة الامم) دەگرێ كە هەرگیز بە هانای میلەتی مەزلومەوە نایەت و پشتوپەنای زۆردارانە، لە ڕاستیدا ئەو كۆمەڵەیە هەر كۆمەڵەی سەركردە ستەمكارەكانە نەك



میلەتانی ستەمدیدە، داکۆکیکەر بووە لەو حکومەت و دەزگا داپڵۆسێنەرانەی گفت و پەیمانیان بێڕەواج بوو، هەر درۆ و فیشاڵی بەرژەوەندیی خۆیان بووە، وەک ئەحمەد موختار جاف نووسیویەتی:

ئەو قەراری عوصبەیەی وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی ڕووتە و قسەش ناچێتە گیرفانەوە

شێخ نووریش دەڵێ:

**ئەی عصبة الامم، وەصیی ئەقوامی ڕووی زەمین**

**بێ دەنگ لەم مەزاڵیمە، شێوەی مورووەتە؟**

**وەک داری لیژنە، مەیت و جەنازەی شەهیدی کورد**

**لەم باغە کەوتووە، ئەمە ڕەسمی عەدالەتە؟**

**لەم عەصرەدا، کە عەصری تەرەقی و تەکامولە**

**ئەم سەربڕین و کوشتنە، شەرتی حیمایەتە؟**

ئەو کاتەی شێخ نووری بە بیستوپێنج ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا "زنجیرە وتاری (ئەدەبیاتی کوردی)ی بڵاو کردەوە، وەک "د. کامل بەصیر" دەڵێ:

"بووە یەکەم نوێنەری بزوتنەوەی ڕەخنەسازی کوردی، شێخ نووری لەم زنجیرە وتارەدا، هێڵە گشتی یەکانی ڕەخنەسازی ڕاستەقینەی کوردی داڕشتووە و زەمینەیەکی بە پیتی بۆ ڕەخنەسازەکانی دی خۆش کردووە".

جارێکی تر "م. نووری" سەلماندی کە شکستی سیاسی لە غەمی ئەدەبی کوردی دووری ناخاتەوە، هەوڵی دا لە ڕێگەی دەقی ئەدەبیی تۆکمە و بەپێز و زانستییەوە جووڵە و تینوتاو بخاتەوە ناو ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانمان. لە کۆتاییدا، با گیانی بەرز و عەقڵی گەورە و سادەیی ژیان و عیزەتی نەفس و ئاکاری پاک و بێگەردی شێخ نووری و منەوەرانی تری نەتەوەکەمان (کەمالی، عارف صائب، جەمال عیرفان، زێوەر، بێخود، ڕەفیق حیلمی، پیرەمێرد، قانع، بلە، سەجادی، گۆران، دڵدار، دیلان، کامەران و هەردی) و دەیان کەسایەتیی ترمان بکەینە قیبلەنومای کارو کردارمان.

با سیاسەتمەدار و خوێندەوارەکانمان جارێکی تر بە فیکر و هەڵوێست و نووسینەکانیاندا بچنەوە و شەنوکەوی بکەن و بۆ ئێستا و ئاییندە سوودی لێ وەربگرین، لە ناو خەرمانی وتار و شیعرە بەنرخەکانی (م. نووری)دا لانی کەم ئەم ئامۆژگارییە لە گوێ بگرین و بیکەینە سەرمەشق و بە ویژدانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین. "ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە نابێتەوە، ئەگەر لەم ڕۆژەدا، فەرامۆشی بکرێن، ئەبەدی عەزابێکی لا تەناهی یە".

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

**بڕوانە ئەم شیعرەی شێخ نووری کە لە "تەرویە"ی ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)دا نووسراوە، ئەم ڕۆژنامە زمانحاڵی دەورەی سێیەمی حوکمداریی مەلیک مەحمودە و لە 20ی ئەیلولی 1923 تا 15 ئایاری 1924، 25 ژمارەی لێ دەرچووە.**

**د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1978، ل 99.**


**ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی (1918– 1919) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراق، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئاراس و بنکەی ژین. چاپی یەکەم، هەولێر، 2007، لاپەڕە یەکی ئەو ڕۆژنامەیە.**

**بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:**

**ا– د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەشتنی ڕاستی، سەرچاوەی پێشوو.**

**ب– مەحمود دلێر ئەمین میسری، ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەب لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (1922–1924) چاپ، ئۆفیسی ژیر، لە کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانیی سلێمانی، زنجیرە (38)، ساڵی 2004، ل ٢30–229.**

**بۆ زیاتر شارەزابوون لە شارەزایی سۆن لە زمانی**



کوردی و ناوچەکەدا بڕوانە:

آ- میجرسون، میرزا غلام حسین شیرازی، رحلة متنکر الی بلاد مابین النهرین و کردستان/ ترجمة فؤاد جمیل، الجزء الاول و الثانی، الطبعة الاولی ١970.

ب- مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی 2007.

دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، سنندج 1386 ش. ف. ل107.

دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محمد مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1984، ل 250.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ژ 30، ڕۆژی 18ی نۆڤەمبەری 1920.

سەروتاری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە م. نووری وەڵامی کەسێک دەداتەوە کە زمانی کوردی بێبایەخ سەیر دەکات و تەنیا بە زمانی شیعری دەزانی

بڕوانە: سەرچاوە و پەراوێزەکان:

- بڕوانە (پێشکەوتن) ژ 91، 19ی جێنیوەری 1922، ل 1.



قەصیدە: ئیستیقبال بۆ تازە پێشکەوتووەکانە، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ 82، س 2، 17ی نۆڤەمبەر 1921.

بڕوانە: هیوا عەزیز سەعید، ڕۆشنبیر و گوتاری فیکری، گۆڤاری ڕەهەند وەک نموونە کە لە (جیرار لیکیلرک، سوسولوجیا المثقفین، ترجمة د. جورج کتورة) وەرگیراوە. چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2013.

دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحید کۆی کردۆتەوە و چاپی کردۆتەوە و لەسەری نووسیووە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، محمل و مضیحة الجاحظ، بغداد، 1989، ل 451.

سەرچاوەی پێشوو، ل 186.

دەقی ئەم ئۆپەرێتە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1925دا لە نامیلکەی (گۆرانی کوردی)دا بڵاو کراوەتەوە.

بڕوانە دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحد، سەرچاوەی پێشوو، ل 61 تا 64.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تەواوی شیعرەکەی پیرەمێرد، بڕوانە: م. ڕ. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، 1991، ل 844–843.

دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحید، سەرچاوەی پێشوو ل453.

هەر ئەو سەرچاوەیە ل 135.

هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 312، هەروەها پێشتر ئەم شیعرە تێکەڵەی هەردوو شاعیر (م. نووری و کەمالی) لە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە 9، ساڵی یەکەم، 17ی کانوونی دووەمی 1923دا بە ناوی (م. نووری –عەلی کەمال) بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) ژ 10، ساڵی یەکەم، 24ی کانوونی دووەمی 1923 سەروتار.

دیوانی حەمدی (ئەحمەد بەگی صاحێبقڕان 1878 1936–)، ساغکردنەوەی: جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپی یەکەم، ئۆفیسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، 1984، ل 176.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)، ژ 5، ساڵی یەکەم، 20ی کانوونی یەکەم، 1922، ل 2.

هەر ئەو ڕۆژنامەیە، ژ 6، 27ی کانوونی یەکەمی 1922، ل 4.

هەر ئەو ڕۆژنامەیە، ژ 15، ساڵی یەکەم، 3ی مارتی 1923 ل 4.

فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراق، بەراییەکان 1914–1939، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001، ل 9.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان، ژ 15، ساڵی یەکەم، 3ی مارتی 1923، ل 4.

دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحید، سەرچاوەی پێشوو ل 453.

شێخ نووری

دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980، ل 123.

دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل 346.

سەرچاوەی پێشوو، ل 316–314.

سەرچاوەی پێشوو، ل 387، بۆ ماتەمی 6ی ئەیلوولی 1930 وتراوە.

د. کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی، مێژوو، پەیڕەوی کردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، 1983، ل 134.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) ژ 6، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی 1922 ل 4.



# مەرجەعیاتی ڕووناکبیری و شاعیرێتیی شێخ نووری شێخ ساڵح

**د. ڕەئوف عوسمان**

شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێکە لە شاعیر و ڕووناکبیر و تێکۆشەرە ناودارەکانی کورد. ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە پاکەی شێخ نووری بەشێکە لەو میراتە پیرۆز و پشتاوپشتانەی کە بۆ نەوەکانی جێ هێشتووە و بووە بە پەیام و خەمێکی پیرۆزی ئەوتۆ کە تاک بە تاکی بنەماڵەکەی لە کۆڵیان کردووە و بە ئامان و زەمان لێی نابنەوە. دیارە ئەمە شەرەفێکی باڵایە و دەست هەموو کەس ناکەوێت. مەرجەعیاتی ڕووناکبیری و ئەفراندنی ئەم زاتە فرە لک و پۆپە و کاریگەریی دیار و بەرچاوی هەیە لەسەر کۆی بەرهەمە ڕووناکبیری و ئەدەبی و هەڵسوکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بە درێژایی قۆناخەکانی ژیان. سەرچاوە و بنەماکانی بیر و هۆشیاری و ڕووناکبیریی شێخ نووری لە مەودا و دنیابینیی فراوان و جیاجیادا خۆی نمایش دەکات و دواجار لە بەرهەمەکانیدا جارێک ڕەنگی تۆخ و جارێک ڕەنگی کاڵ دەداتەوە.




ئەو جۆگە ڕوون و چاوقرژاڵییانەی کە دەڕژێنە سەر ڕووباری هزر و دنیا ڕووناکبیرییەکەی شێخ نووری، چونیەک نین، هەندێکیان خوڕ و تیژڕەو، هەندێکی تریش مەنگ و قووڵ و هەندێکی تریش سست و کەمخایەنن و لە قۆناخێکدا لە چەندێتییەوە گۆڕاون بۆ چۆنێتی و جاڕدانی شیعری نوێی کوردیی لێ کەوتووەتەوە، ئەمە جگە لە بوارە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان کە هەمیشە لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە و جێگای تێڕامان بووە.

ئەگەر توخمی شاعیرێتی بەر لە هەر شت بریتی بێت لە بەهرەیەکی خۆڕسکی خودایی کە ڕژابێتە خانەکانی مێشکەوە، دیارە پاشخانی ڕووناکبیری و تاقیکردنەوەی شیعری و دەورکردنەوەی بەرهەمە ناوازەکان و باوەشکردن بە ئەڵقە زیندووەکانی کۆمەڵگە و ژیاندا، ئەو بەهرە خۆڕسکە بارگاوی و موتوربە دەکەن و ئەیگەیەننە چڵەوپۆپەی داهێنان، هەر بۆیە کە باس لە شاعیرانی ئەو زەمین و زەمانە دەکرێت، یەکەم دەر دوو لە نێوانیاندا ناوی شێخ نووری دەدرەوشێتەوە، نەک بە تەنیا لە بواری شاعیرێتیدا، بەڵکو لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی وبابەتی هزری و ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان و چیرۆکەشیعر و دەنگخۆشی و هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانیی جوامێرانەدا، تەنانەت لە ١٩٢٣/٦/٣دا کاتێک کە ئینگلیزەکان بە زەبری زۆروزەنگ هاتنەوە سلێمانی، بۆ یەکەم جار شێخ نوورییان بەند کرد لەسەر ئەوەی کە لایەنگرێکی سەرسەختی مەلیک مەحمود بووە.

یەکێک لەو جۆگە خوڕ و بێگەردانەی کە ڕژاوەتە ناو ڕووباری داهێنان و ئەفراندنەکانی شێخ نوورییەوە، بەرهەمی شاعیرە گەورەکانی بەر لە خۆی بووە، نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و مەحوی ئەو دڵۆپە ئاونگانە بوون کە پەڕیونەتە سەر چرۆی شیعرەکانی و هێندەی تر بۆنخۆش و گەشیان کردووەتەوە، با ئەوەش لە بیر نەکەین کە شێخ نووری لە قۆناخێکی تەمەنیدا وەک شۆڕشگێڕێکی بواری ئەدەب و زمان، لەم لوتکە کلاسیکییانە یاخی بووە و لوتکەیەکی جیاوازی سەرکەشی تری بۆ خۆی و نەوەکانی داهاتوو دەستنیشان کردووە کە ئەویش ئەو تازەکردنەوەیە بوو لە شیعرەکانی کوردیدا و تا هەنووکەش ئەم ڕەوتە گوڕوتین و ئیدامەی خۆی هەیە.

سیما و ڕەنگی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەسەر دەستی شێخ نووری و گۆران و ڕەشید نەجیب و عەبدولڕەحمان بەگی نفووس بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ بەکاربردنی زمانی کوردیی پەتی و پاکژکردنەوەی ئەم زمانە تێکەڵەیە لە وشەی فارسی و عەرەبی. دیارە ئەم مەبەستە لە نێو ئەمانەدا پتر لای گۆران بە درەوشاوەیی مایەوە، هەروەها لادان لە یەکێتیی قافیە و بابەت و پشتبەستنی شابەیت (البیت القصید) و دوورکەوتنەوە لە موبالەغەی فووتێکراو و ئەفەرۆزکردنی تەعقیداتی زمان و شوناسی بێئەرزش و خۆدوورخستنەوە لە بابەتە ئایینییەکان و وشەی قەبە و فەخم. دەتوانم بڵێم کە شێخ نووری مامۆستای قۆناخی گواستنەوە بوو لە کۆنەوە بۆ سەردەمی نوێ. بابەتەکانی شیعری شێخ نووری بە تەنیا لەسەر یەک تەوەر لەنگەریان نەگرتووە، بەڵکو پەلیان هاویشتووە بۆ سروودی خوێندکاران، کە بریتییە لە (٥) چامە، بۆ سۆزی دەروون کە (١٢) چامەی هۆنیوەتەوە، ئەمە جگە لە چیرۆکەشیعر کە (٦) بابەتی چێ کردووە و هەموو ئەمانەش مەرجەعەکانی چیرۆکیان تیا هاتووەتە دی، وەک کات، جێگە، ڕووداو، پاڵەوان، ئەمە جگە لە پیاهەڵدان و وەسف و حەماسەت و شیوەن، با ئەوەشم لە بیر نەچێت کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چەند هەوڵێکی خستووەتە بەردەممان.

گۆران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ عەبدولڕەزاق بیماردا دەڵێت شێخ نووری پێشەنگی تازەکردنەوەی شیعری کوردییە. ئەم دانپیانانەی گۆران خۆی لە خۆیدا گەواهیی سەرامەدێتیی شێخ نوورییە لەو بوارە گرنگەدا. یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی کە



ڕژاونەتە سەر ئەفراندنەکانی شێخ نووری، لێونانە بە پلوسکی ساف و بێگەردی ئەدەبی عەرەبییەوە، دیارە ئەم ئەدەبە لە بواری شیعردا ئێجگار دەوڵەمەندە و شێخ نووری پێی سەرسام بووە و بەهرەی ناوازەی پێ بەخشیوە، ئەوەتانێ چەند کۆپلەیەک لە شیعرێکی (ایلیا أبو ماض) بە ناوی (الطلاسم)، واتە مەتەڵەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دیارە ئەم چامەیە یەکێکە لە چامە ناودارەکانی ئەدەبی عەرەبی.

لەکوێوە بۆ چ ئامانجێکە نازانم کەچی هاتم
کە چاوم کردەوە ڕێم گرتە بەر چەشنی خەیاڵاتم
ئەبینم ڕێ و ئەڕۆم بۆ خۆم ئەگەر دڵخۆش ئەگەر ماتم
لەکوێوە هاتم و ئەم ڕێگە کوێیە تێناگەم؟

شێخ نووری بۆ (لست أدري) (تێناگەم)ی داناوە، کە ڕاستییەکەی (من نازانم)، دیارە جیاوازی زۆرە لە نێوان (لا أفهم) واتە (تێناگەم) وە (لست أدري) کە نازانمە!
بە عەرەبییەکەی:





**جئت لا أعلم من أين، و لكن أتيت**
**و لقد أبصرت قدامي طريقا فمشيت**
**و سأبقى ماشيا إن شئت هذا أم أبيت**
**كيف جئت كيف أبصرت طريقي**
**لست أدري**

**أين ضحكي و بكائي و أنا طفل صغير**
**أين جهلي و مراحي و أنا غض غرير**
**أين أحلامي و كانت كيفما سرت تسير**
**كلها ضاعت و لكن كيف ضاعت**
**لست أدري**

کۆی چامەکە بریتیە لە ٦٤ کۆپلە و لە هەر هەموویدا پرسیارە سەخت و ئەنتۆلۆژییەکانی لەمەڕ وجود و عەدەم دەجووڵێنێ کە بێ وەڵام ماونەتەوە. ئێلیاش لە کۆتاییەکاندا دەڵێت (لست أدري). با ئەوەشم لە یاد نەچێت کە مەلایەکی نەجەفیی کۆپلە بە کۆپلە بە (أنا أدري) وەڵامی ئێلیای داوەتەوە. دیارە وەڵامەکان لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دراونەتەوە.
مەولەوی بەر لە ئێلیا ئەم پرسیارە بێوەڵامەی وروووژاندووە و پێوەی تلاوەتەوە:


**هەرچیت دی بە چاو ڕۆیی بۆ سەفەر**
**هەرچی ئەبینی وا لەسەر گوزەر**
**کەس حاڵی نەبوو هیچ کەس نەیفامی**
**ئەو بۆچی ڕۆیی و ئەم بۆ هاتە دەر**

شێخ نووری و ئەحمەد هەردی گەلێ سەرسام بوون بە شوعەرای مەهجەری وەک (جبران خليل، ايليا أبو ماض، ميخائيل نعيمه). دیارە گیانی ڕۆمانتیکی ئەم ئەدەبە دەوڵەمەندە ئەم دوو شاعیرەمانی پابەند کردووە بە ڕۆحی شوعەرای مەهجەرەوە. دیسانەوە شێخ نووری بابەتێکی تری لەسەر ڕۆح وەرگێڕاوە و وەک من بزانم، لەو سەروبەندەدا تووشی هەمان دڵەڕاوکێی مەولەوی و گۆتە و مەولانای ڕۆمی بووە، لەمەڕ تەلیسمی ژیان و ڕۆح و وجود و عەدەم.

**ئەی ڕۆح: بەڕاستی تۆ کێی نازانم**
**هێندەم لێ عایەن بوە کە ڕۆژێ**
**من و تۆ لەیەک جیا ئەبینەوە**
**بەڵام کەی لە کوێ یەک ئەگرینەوە؟**
**نازانم ئەمە مەتەڵەو ئەسرارە**

قورئانی پیرۆز وەک چارەسەرێک بۆ ئەم کێشە فەلسەفییەی ڕۆح، کە دیارە لەو سەروبەندەشدا

هەر جێگەی مشتومڕ بووە، ئەم ئایەتەی کردووەتە دەرمانی برینەکە: (و إذا سألوک عن الروح قل



الروح من أمر ربي) دیارە بەر لە شێخ نوورییش عومەر خەیام و ئەبوو عەلای موعەری و گۆتە و گەلێکی دی بەدەم تەلیسمی هاتنەدنیا و مردنی بێئیختیار و تراژیدیای چارەنووسی ڕۆح و مەودا بێکۆتاییەکانی گەردوونەوە تلاونەتەوە و نەگەشتوونەتە دەرەنجامێکی دڵنیاکەر، هەر ئەم کێشە فەلسەفییانە بوون کە درزی گەورەیان خستە نێوان فیرقەی موعتەزیلە و ئەشعەری و جەبری و قەدەری و خوێنێکی فرە و خەستوخۆڵی لەسەر ڕژا، چاوخشانێک بە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەئموون و دواتریش گەواهیی ئەم ڕاستییەن.


یەکێکی تر لە مەرجەعیاتی ڕووناکبیریی شیعریی شێخ نووری، ئەدەبی تورکییە. دیارە شێخ نووری زمانی تورکیی بە باشی هەزم کردووە و لەو ڕێگەیەوە بەهرەمەند بووە بە شاکارەکانی ئەم

زمانە، بەتایبەتی شوعەرای فەجری ئاتی کە بریتی بوون لە (عبدالحق حامد، توفیق فکرت، جلال ساهیر و نامق کەمال)، تەنانەت بەرهەمێکی دلۆڤانی ئەو بەرهەمە ناوازە و بەناوبانگانە، شیعرە ناودارەکەی (عبدالحق حامدە) بە ناوی (مەقبەر – گۆڕ)، ئەم چامەیە شیوەننامەیەکە کە بۆ فاتیمەی هاوسەری وتووە. ئەم شیعرە لەبەر گرنگی و بەناوبانگییەکەی بۆ ٣٦ زمان وەرگێڕدراوە. دیارە شێخ نووری بەرهەمێکی فرەی هەیە لە بواری شیعری شیوەندا و هەر ئەمەشە کە هانی داوە بۆ وەرگێڕانی ئەم چامەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەو وەفا و سۆز و خۆشەویستییەیە بۆ هاوڕێ و کەسەکانی، کە هەمیشە ئەدگارەکانیان لە دڵیدا قوڵپیان داوە و دەرگای خەمە ئەبەدییەکانی بۆ خستوونەتە سەر پشت و لاواندوونیەتەوە، بەتایبەتی براکانی. سەیرکەن بۆ کۆچی دوایی مەلیک مەحمود چ گەرمەشینێک دەکا و چۆن ڕیشاڵی تۆسقاڵە دڵەکەی دراوە بە چڵاکە خەمێکی ئەبەدیی ئۆقیانووسئاسادا:

**چ نووکی خەنجەرێ بو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم**
**چ تینی ئاگرێ بو وا بەجارێ جەرگی سوتانم**
**لە سەرچاوەی تەقیوی دڵمەوە خوێناوی ئاڵ و گەش**
**بەناو شەریانەکانا دێنە سەر هەردووچاوانم**

عبدالحق حامد دەڵێت:

هاوار من چی بکەم، نە جێ ما نە یار
هەر دڵ مایەوە پڕ دەرد و ئازار
فاتمە لە مەزار سەرێ دەربێنە
ڕەنگی جارانت تۆزێ بنوێنە
یاران ئەم جێیە ناشێ مەقبەر بێ
ناشێ ئەم چاڵە یانەی دولبەر بێ



ئەم جۆرە شیوەننامەیەی پیاو بۆ هاوسەرەکەی لە ئەدەبی جیهانیدا ڕەنگی تۆخ و بەرچاوی هەیە، مەولەویی تاوەگۆزی چەندان چامەی سیحرئامێزی بۆ کۆچی عەنبەر خاتوونی هاوسەری وتووە، لە سەردەمێکدا کە نەنگی بووە پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا بگەڕێت یان هەر ناوی بهێنێت، لە نێو عەرەبەکانیشدا (محمود بارودی و جەریر توغرائی و اسماعیل صبری) شیوەننامەی قیمەتگرانیان کردووەتە دەست و دیاری بۆ هاوسەرەکانیان.

جەریر دەڵێت:

**لولا الحياء لعادني استعباد**
**و لزرت قبرک و الحبیب یزاد**

بارودییش دەڵێت:

**أید المنون قدحت اي زناد**
**و أطرحت اي شعلة و بفؤادي**

زمان و ئەدەبی فارسی چ بە حوکمی دەوڵەمەندیی ئەدەبەکە، چ بە حوکمی دراوسێیەتی و نزیکی لە زمانی کوردییەوە، چ بە حوکمی فەرمانڕەوایەتیی سەپاو لە ناوچەکەدا، ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە لە نێو ئەدەبی کوردیدا. کەم شاعیری کورد هەیە بە زمانی فارسی هۆنراوەی سەرتەڵ و ناوازەی نەوتبێت، هەر لە مەولەوی و بێسارانی و نالییەوە هەتا شێخ ڕەزا و مەحوی و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، تەنانەت زۆربەی ئاڵوگۆڕی نامە و خوێندنی نێو بەشێک لە حوجرەکان لە سەردەمی بابانەکاندا بە



شێخ نووری


فارسی و فارسیئامێز بووە، تەنانەت دەوڵەمەندی و تەمەندرێژی و هەڵکشانی ئەم زمانە بە قووڵایی مێژوودا کارێکی ئەوتۆی کردووە کە لە زۆر مەڵبەندی زانستی و کاروباری فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی، زمانی فارسی باڵادەست بێت و لە جومگەکانی دەسەڵاتدا بەکار ببرێت. بمانەوێ و نەمانەوێت، شێخ نوورییش لێوی تینووی شیعر و ڕووناکبیریی کوردیی ناوە بە کانییە ڕوون و چەییگەکەی ئەدەبی فارسییەوە و لەو ڕێگەیەوە گەلێک شیعری فارسیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، تەنانەت لە قۆناخێکدا بەرپرسی بەشە فارسییەکەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بووە. شێخ نووری (٢٨) کۆپلە لە شیعرەکانی عومەر خەیامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و زۆربەی ئەو کۆپلانە ئەوانەن کە باس لە پیاڵە و بادە و ئاهەنگ و مەجلیسی یاران و یاوەران دەکەن و تەئکید لە قوربانیدان بە داهاتوو لە پێناوی خۆشی و کاتبەسەربردنەکانی

ئێستادا دەکەن، دیارە ئەم بابەتە هاوئاهەنگە لەگەڵ دنیابینییەکانی شێخ نووریدا، خودی خۆیشی بە دەنگە زولاڵەکەی وێنەکەی هەمیشە سوارچاکی ئەو مەجلیسانە بووە و خەمە قورسەکانی خۆی و نەتەوەکەی بە با داوە.

پێک پیاڵە هەزار پیاوی بێ دین دێنێ
جۆرێ لە شەراب، کیشوەرەکەی چین دێنێ
لە جیهان چی بێ لە مەی خۆشتر بێ
تاڵێکە هەزار ڕۆحی شیرین دێنێ
دەستی بە کەلامی خواوە دەستی ملی جام
کە یاری حەلاڵین و گەهێ دۆستی حەرام
ئێمەین کە لەژێر گومەزی شینی چەرخا
نە کافری موتڵەق و نە موسوڵمانی تەمام

ئەم چوارینەیە لەگەڵ ئەم ئایەتەی قورئاندا یەک دەگرێتەوە: (وأما من أوتی کتابة بیمینة فهو في عیشة راضیة، و أما من أوتي کتابة بشمالة فیقول یالیتني لم أوت کتابیة).
شێخ نووری لە وەرگێڕانی سەرجەمی شیعرەکاندا پشتی بە چێژ و سەلیقەی ئەدەبیی خودی خۆی بەستووە و ئەوەندەی بۆی کرابێت، نموونە باڵا و دلۆڤانەکانی شیعری فارسی و تورکی و عەرەبیی خستووەتە بەردەم خوێنەری کورد و پەنجەرەی ئەفراندن و ئیستاتیکای هەرەجوانی بۆ خستوونەتە سەر پشت و لەم ڕێگەیەوە ئاشنای کردوون بە شیعر و ئەدەبی دلۆڤان و پڕ بەهرە. واتە شێخ نووری وەک ئەو هەنگە ماندوونەناسەی کە چڵاوچڵ و گوڵاوگوڵ، وێڵە بەدوای گوڵە بۆنخۆشەکاندا، ئاوەهاش کیۆماڵی هەمیشەیی کردووە بۆ ئەفراندنی بەبەهاترین شیعری قیمەتگران و ناوازە. با ئەوەش لە یاد نەکەین کە سەبکی داڕشتنی شیعر لە کوردستانی باشوور و ئێراندا، بەر لە سەردەمی شێخ نووری سێ جۆر بوو، سەبکی هیندی و عێراقی و خوراسانی، کە هەر سەبکە و کۆمەڵێک سیفاتی تایبەتی گرتبووە خۆ، بەڵام سەبکی شیعری نوێی کوردی لەسەر دەستی شێخ نووری گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هات و مۆرکی داڕشتنی وشە و دەستەواژەی کوردیی پەتی گرتە خۆ و گیانێکی نەتەوەیی کرا بە بەردا و لەو ڕێگەیەشەوە هەست و هۆشی نەتەوەیی گوڕوتینێکی زۆری بە بەردا کرا.





# سێ نامەی شێخ نووری

**نامەی یەکەمی بۆ مامۆستا (گیوی موکریانی) ناردووە**

نووری چاوی نووری

لەگەڵ ڕەمزی ئەفەندی وێنەکەم و بە کابرایەکدا کاغەزێکتم وەرگرت، زۆر لە خۆشەویستی ساف و بێ تۆز و گەردتان دڵشاد بووم، ئەوا هەندێک لەو شیعرانەی کە جەنابتان نەتاندیوە بۆ ئەوەی بژاری بکەی و کامی بە چاکتان زانی نامزەدی دیوانەکەی بکەی کردم بە دیاری و ناوم نا (توحفە) و بۆم ناردی، هیوام وایە مەقبولی تەبعتان بێ. ذاتەن لە هەموو نەوعێکە. لە غەزەتە کۆنەکان بە خوا هەر ئەمە مابوو کە بۆم ناردی، منداڵان هەموویان لەناوبردبوو. بەعزێ مەقالاتی ئەدەبییەی خۆم لەناویاندا هەیە مەقالەیەکی سیاسی تیایە کە وەختی خۆی جوابی غەزەتەی (نەجمە) کە لە کەرکوک دەردەچوو داومەتەوە.

مەعەل ئەسەف قسمی ئەوەل لە غەزەتەیەکدایە کە نەمدۆزییەوە حەقیقی جوابێکی موهیمە. وەختی خۆی لەسەر تورکچێتی شەڕە مەقالەی زۆرم کردووە. هیچیشی پارەیەکی نەکرد.

کە هاتمەوە کاغەزێکی عەلی کەمالم وەرگرت وا تەقدیمم کرد، ئەمجا نازانم جوابی خۆتی داوەتەوە؟

هیوام وایە لە خزمەت سستی نەکات. منیش دووبارە بۆی ئەنووسمەوە.
کاغەزەکەی لەتیفم هێشتا نەداوە، سبحەی شەو ئەچم بۆ ماڵەوە بۆ لای.
ئەمە دوو سێ ڕۆژە ئەگەڕێم ئەحواڵی یەکێک ئەپرسم کە بێت بۆ هەولێر دەست ناکەوێ ئەوا مەجبور بووم ئەم توحفەیەم تەقدیم کرد و غەزەتە کۆن و شڕەکانم هێشتەوە بۆ ئەوەی بە یەکێکدا بینێرم، جارێ ئەم جارە خوا حافیزتان بێت.

**١٩٤٢/١/٢٦**
**ئیمزا**
**سلێمانی.م.نووری**



## نامەی دووەمی بۆ مامۆستا عەلائەددین سەجادی ناردووە، ئەمەش دەقی ئەو نامەیەیە.

برای بەرز و بەنرخم مامۆستا عەلائەددین... هەموو کاتێکتان باش.
لە یەزدان ئەپاڕێمەوە بە تەندروستی و خۆشی ڕابوێرن. نامەکەتانم وەرگرت لێم عایەن بوو کە ئەدەبیاتەکەتان زۆر جوان خوێندۆتەوە، بەرامبەر بەم زەحمەتەتان سوپاسی بێ پایانتان پێشکەش ئەکەم.
قوربان! لە ئەساسا لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ئەوەیە ئەم شاعیرانەی کە ئێستا بە پای پیلان شیعر ئەخەنە پێش چاوی خوێندەواران وا تێگەیشتوون شیعر لەم عەسرەدا وەکو سائیر شتی تر تەتەوری کردووە و تەتەورەکەش عیبارەتە لە ڕیعایەت نەکردنی ئەوزان و ئەقافی و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی لە جێگای خۆیا بێ یا نەبێ، ئیتر هەرچی نەواحی ئەدەبییەی تری شیعر و ئەدەبیات هەیە ڕیعایەت کردن و نەکردنی زیادە. یەعنی شت بڵێن و بنووسن و خۆیان ناوی بنێن شیعر، ئیتر بەسە و تەواوە.
مەعلوومی عالیتانە تەئلیف بۆ ئەو خوێندەوارانەیە کە ئەیخوێننەوە و تێی ئەگەن. بۆ ئەوانە نییە کە نازانن ئەدەب و ئەدەبیات چییە. ئەمجا ئەو بەشە شاعیرانە ئەگەر لەم نەوعە تەئلیفانە خوا کردی و کەوتنە ڕەخنەگرتن ئەو تەنقیدە مەعنەن تەئییدە بۆ ئەو تەئلیفە کە ئیستیناد بە مەباحسی علمییەوە هاتبێتە وجوود. تەبعەن ئەوانە ئەبن بە ڕەخنەگر، شاعیر و یا ئەدیب نین و ناشزانن کە شاعیر و ئەدیب نین (کە فەلاکەتی گەورە بۆ خۆیان) ئەمەیە مەعنای ڕاستەقینەی ئەدیب ئەوەیە کە وەلەو لە دەرەجەیەکی کەمیشا بێ کەم تا بێژێ لە قەواعدی ئەدەب شارەزا بێ. بزانن تەشبیە چییە، ئیستیعارە مەعنای چییە، لەف و نەشر چۆنە و شتی وا لە قەواعدی ئەدەب بزانن.
تەقریبەن دە پانزە ساڵ لەمەو پێش تاقمێک لێرە چووبوون بۆ پێنجوێن و لەجنەی فەحسی تووتن بوون، لەو سەردەمەدا یادی بەخێر ڕەشید سدقی مودیری ناحیەی پێنجوێن بوو.
لەبەرئەوەی مودیر گەورەترین مووەزەفی ناحیەیە بە تەبیعەت لە ئەوقاتی فەراغا هەموو لوجنە لای ئەو کۆئەبوونەوە، مودیریش جەنابتان ئەیزانن کە شاعیرە، ئەکسەری وەقتیان بە شیعر خوێندنەوە لای ئەو ڕابواردووە. ئەوانەی کە گوێیان لە خوێندنەوەی شیعریش نەبووە هەموویان بە تەئسیری شاعیری بەناوبانگ ڕەشید سدقی بووبوون بە شاعیر لە چ جێگایەک کۆئەبوونەوە، چ نەوعە خواردەمەنییەکیان ئەخوارد، عشق و غەڕام لەگەڵ کێ و لە چ دەرەجەی شیدەتێکا بووبێ پەی دەر پەی ئەکرا بە غەزەل و قەسیدە و ئەنێررا بۆ خوالێخۆشبوو پیرەمێرد. یەکێ لەم شاعیرانە

ڕەفعەت درێژ بوو غەزەلێکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە ژیان چاپ بکرێ، شیعرەکان توخنی وەزن نەکەوتبوون، بەڵام هەموو ئاخری دێڕێک لەگەڵ دێری دووهەمی موقەفا وەکو مریشکی سوورەوەکراو و پاقلەی کوڵاو و گۆشتی برژاو، غەزەلەکەش مەوزووعەکەی هەر خواردن بوو و مەوزووع تەطەڕوقی کردبوو بە ئیشارەت لەم غەزەلەدا باسی ئەوەشی کردبوو کە ڕەشید سدقی مەیلی کچی مەلا ئەکات و ڕۆژێک لە مەجلیسەکەیاندا مەوزووع کراوەتەوە و زۆر تووڕە بووە. پیرەمێرد خوا لێی خۆش بێ ئەمەی لە ژینا چاپ کرد. پێنجشەممە بوو ئەو ڕۆژە جەریدە دەرچوو خۆی بۆی هێنام بۆ خەزێنە (ئەو سەردەمە لەوێ کاتبی مەسرەف بووم) نیشانی دام، عەرزم کرد خاڵە بۆ جەریدەکەی خۆت بە جوان و موناسبی نازانم ئەم جۆرە شتانەی تیا بنووسرێ. فەرمووی بۆ ئەوەی حەیایان بەرم بۆیە نووسیومە، منیش بۆ پێنجشەممەی ئاینده ئەم چەند شیعرەم دایە خزمەتی، وتم ئەمەش چاپ کە (ئەمەیە شیعرەکان) لە ١٩٤٢دا وتراوە.



شێخ نووری

حەقە ئەمڕۆ بدا تانە لە ماهو
مشتەری و ئەختەر
سولەیمانی بە شیعری ئێوەوە
ناویەتە سەر ئەفسەر
تەماشای لاپەڕەی ژین کەن نییە
جێ نوختەیە خاڵی
لەبەر ئەشعاری تازەی شاعیران
ئەم سەر هەتا ئەو سەر
ئەبینی شیعری لوجنەی فەحسی
تووتن بێشەمە و بۆندار
ئەبینی میسرەعی وا قامەتی بەرزە
وەکو عەرعەر
ئەبینی شیعری سدقی پڕ لە
نکتەی خۆش و مەعیندار
لەسەر ماڵی مەلا شەڕییە
لەسەر پێیە وەکو وەروەر
ئەبینی شیعری وا پڕییە لە قەیسی و مێوژ و بادام
فەساحەت جیڕ و هوڕی دێ لەوێدا وەک کەلەرمی
تەڕ
لەناو ئەشعاری ئەم خۆراکە نایابانە شیعری کۆن
ئەشوبهێ هەر بە تەشپی پڕ لە ترخێنە و لەپەی
ساوەر
شوکر فەوتا جیناس و قاعیدەی تەشخیس و
ئیستیفهام
هەتاکەی بۆ تەضادێ دابنێم و وا لەو موضطەر
هەتاکەی من مقەیەد بم بە قەیدی قافییە و ئەوزان
هەتاکو کەی (تجاهل عارفانه) بێنمە دەفتەر
لەگەڵ تەردیدی و قەتعا بۆ نەکەم قەتعی عیلاقەی
دڵ
بە کەڵکی چیم ئەشێ غەیری خەفەت هێنان و
دەردی سەر
دەبا بڕوا وضوح و ئیستیعارە گۆڕی با گۆم بێ
ڕجوع و حوسنی تەعلیل و نیدای حسی بەدیع
ئاوەر
لە بۆ چیم چاکە بەینێ دابنێم بۆ لەف و نەشرێ
بە قانوونیش مووەزەف گەییە حەددی خۆی
تەقاویتە
تەمای چیمان هەیە تاکەی بژی شیعری من و
زێوەر

***

کاکە عەلائەددین ئەمجا ڕۆژێک ئەبێ ئەم شاعیرە بەنرخانە یا خۆیان تێئەگەن کە شاعیر نین و یا خێرخواهێک تێیان ئەگەیەنێ و کە لە ئەدەب و ئەدەبیات تێگەیشتن تەبعەن فێر ئەبن و لە فێر بوون ئەمجا ئەنووسن و باش ئەنووسن.

ئەمجا کە وابوو هەروەکو عەرزم کردن، موختار و مفەوەزن، ئەتوانن چ نەوعە دەس لێدانێ کە پێویست بێ دەستی لێدەن و کەلیماتی عەرەبی (حتی الامکان) بگۆڕن بە کوردی. پاش ئەوە تەریتیبی و حەجمی لاپەڕەکانی، لەگەڵ

مقەدیمەیەکی خۆتا بۆم بنێریتەوە کە خۆم لێرە لەسەر ئەو تەوسییەیە تەبییزی بکەم و بۆ چاپ کردنی چی پێویستە عەرزتانی بکەم. ئیتر بە دڵ و بە گیان ژیان و بەرزیتان لە یەزدان داوا ئەکەم.
نووری شێخ ساڵح

**سلێمانی**

**١٩٥٨/٥/١٤**



## نامەی سێیەمی بۆ (عەبدولڕەحمان موفتی) ناردووە

نووری چاوم عەبدولڕەحمان
ئینشائەڵڵا دائیمەن مەسعوود و لە سحەتدا ئەبن، ئەلحەمدولیللا هەموو لایەک باشین.
وتار و ئەشعارەکان پاش سێ - چوار ڕۆژی حەفلەی تەئبینەکە هەموویم کۆکردەوە و مەیدانی فەوتانی هیچیم نەدا، بە ئەمەلی ئەوەی کە ئینشائەڵڵا لە فرسەتێکدا لە چاپ بدرێ. تا ئەم بەینە کەس لێی نەپرسییەوە. لەم ڕۆژانەدا جەمال هات و داوای کرد وتی کاک ئاوڕەحمان داوای کردووە و بۆی ئەنێرم، منیش هەموویم تەسلیم کرد. بەڵام بۆ ئەوەی زایع نەبێ و بەهەر جۆر و تەقەللایەک بووە لە چاپ بدرێ ویستم ئەم کاغەزەتان بۆ بنووسم. بێخود لە دڵی هیچ فەردێکا فەرامۆش نەکراوە. تەبیعی ئەو مەرکەز و مەکانەتەی بە لە چاپ دانی وتارەکان کە بۆ تەئبینەکەی وتراوە و بێجگە لەمەش بە چاپ کردنی ئەسەرەکانی تا دنیا ماوە ئەویش ئەمێنێ. ناشێ موتاڵەعەی حەیاتی گەورە و شاعیرەکانت نەکردبێ. زۆریان لە جیهانێکی موبهەمەوە دۆستێکی، موخلیسێکی، ئەسەرەکانی یا خزمێکی بە جارێ هێناوییەتەوە ناو دڵی خوێندەوارەکانی جێگەیەکی بەرزی بۆ تەئمین کردووە و تا لاموتەناهی ژیاندوویەتی. تۆ، ئێمە ئەگەر بێتوو کەمێک یەعنی هەر بەقەدەر ئیمکانی بۆ ژیاندنی ئەم ناوە گەورەیە تێبکۆشن زۆر بە ئاسانی پێکی ئەهێنین و شتێکی گران نین.
ئەوەلەن: ئەو قەبرەی کە ئەبەدیەن تیا ڕاکشاوە بۆ ئەوەی بە مرووری زەمان لەگەڵ ئەرزەکە نەبێ بە یەک تەدبیرێکی بکرێ.
ثانییەن: ئەو وتار و ئەشعارەی کە بۆ مەرحووم و تەئبینی وتراوە لە چاپ بدرێ و لە تەرەف یەکێکی شارەزاوە موقەدیمەیەکی جوانی عەلاوە بکرێ.
ثالیثەن: ئاسارەکان زۆر بە ئیعتیناوە یەعنی لەسەر کاغەزێکی چاک لە چاپ بدرێ. بە فرۆشتنی ئەمانە ئەوانەی کە لە سەرەوە عەرزم کردن، کە ئیعتبارە لە تەخلیدی ئەستۆی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی) یەوە، چونکە ئەو نەک هەر لەمەدا هەموو شتێکدا بە هۆش و مەعریفەتە.
ئەمجا من ئەمانەم بۆ نووسیت و هەرچی ئەزانی بەمن بکرێ و لە دەستم دێت ئەوە تەودیعی من بکە، من بە ڕۆح ئەیبەمە سەر.
ئیتر خۆشیتان لە خوا داوا ئەکەم.
قەسیدەکەی عەبدولقەهار لای خۆتە
لێی سەندم بۆ خۆتی ناردووە.

**ئیمزا**

**پورزات**

**شێخ نووری**

**١٩٥٥/١٢/٢١**

**تێبینی ڕۆڤار: ئەم بابەتە بە هەمان ڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی خۆی دامان ناوەتەوە**





# شیعری "دلاوەران" هی "شێخ نووری"یە

**نووسینی: ئەحمەد هەردی**

ماوەیەکی دوور و درێژە، مامۆستایان: (محەمەدی مەلا کەریم) و (ئازاد عەبدولواحید)، لەسەر شیعری (دلاوەران)، لە یەک ئەنووسن: کاک (محەمەد) ئەڵێ: (شیعری دلاوەران هی مامۆستا بێخود)ە و کاک (ئازاد) ئەڵێ: (نەخێر هی شێخ نووری)یە. جا لەبەرئەوەی منیش شیعری (دلاوەران)، بە هی (شێخ نووری) ئەزانم، جگە لەوەی کاک (ئازاد)یش، چەند جارێک، منی بە لایەنگری (شێخ نووری) لە قەڵەم داوە.1 بۆیە بە پێویستی ئەزانم، بیروڕای خۆم، لەم بارەوە دەربڕم، بەڵام پێشەکی ئەبێ ئەوە بڵێم: هەرچییەک لەم وتارەدا ئەینووسم، ئەوەندەی تۆزقاڵێک لە ڕێز و خۆشەویستی من کەم ناکاتەوە، بەرامبەر ئەو زاتانەی لێرەدا ناویان ئەهێنم، بەتایبەتی یەکێکی وەکو مامۆستا (بێخود) کە شایانی هەموو ڕێز و پایەیەکی شیاوی خۆیەتی. وە لام وایە شاعیرێکی گەورەی وەک ئەو، شیعری (دلاوەران) هی ئەو بێ، یا هی یەکێکی کە بێ، هیچ شتێک لە نرخ و پایەی ئەو کەم ناکاتەوە.



---


1 بڕوانە: (دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح - بە کۆششی، ئازاد عەبدولواحید - بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم - چاپخانەی دار الجاحظ - بغداد - ١٤٠٥هـ - ١٩٨٥م - ل/٧٣)، هەروەها: (گۆڤاری بەیان - ژمارە/١٣٤ - ئابی/١٩٨٧ - وتاری: وەڵامێک ڕێگەی نیازی پاکی گرتووە - ئازاد عەبدولواحید - ل/٤٠).

دوای ئەم سەرەتایە، با بچینە ناو باسەکەوە.
مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) لە لاپەڕە -٨٢-ی گۆڤاری (بەیان)دا، ئەڵێ: (لە بەهاری "١٩٧٠"ەوە کە دیوانی بێخود بڵاوبووەوە و لە پاشانیش ئەو وتارەم لە (برایەتی)دا بڵاوکردەوە و، تا کاک ئازاد کەوتە پەیجۆری دۆزینەوەی خاوەنی ڕاستەقینەی "دلاوەران" هیچ دەنگ نەبوو. کەسێک خۆی لە مەسەلەکە هەڵنەقورتاند و... یەکێک لەم ڕۆشنبیرانەی کورد کە ئێستا پاش (١٥) ساڵ لە بەردەمی کاک ئازادا شایەتی ئەدەن دلاوەران هیی شێخ نوورییە و هەریەکە حیکایەتێکیشی لەگەڵ ئەگێڕنەوە، تا ئەو نەیهێنانە دەنگ کەسیان بەزەیی بە حاڵی مێژووی ئەدەبی کوردا نەهاتەوە تا ئەگەر ڕاستییەکی لابێ بیدرکێنێ).[2]
دوای ئەوەی دەقی قسەکانی کاک (محەمەد)م، وەکو خۆی نووسی، بە پێویستی ئەزانم لێرەدا بڵێم: من چاو لەوە ئەپۆشم کە کاک (محەمەد) شایەتەکانی کاک (ئازاد)ی وا پیشان داوە لە پەناوە نەبێ قسەیان پێ ناکرێ...! یا بە مانایەکی تر: لە پەناوە (ئازاد) تیژ ئەکەن و خۆیان زاتی ئەوەیان نییە، بێنە پێشەوە بە ئاشکرا (شایەتی بدەن)! یا بەدەم دڵسۆزییان بەشی کەس نەداوە و، وەکو تر بەزەییان بە ئەدەبی کوردا نایەتەوە...!! ئەڵێم: من چاو لەم توانجانە ئەپۆشم، چونکە ئەزانم تیر و توانج هاوێشتن هیچ گرێیەک ناکەنەوە.
هەروەکو ئەشزانم هەزار قسەی ڕەق ڕاستییەکی بچووکیش ناشارنەوە. جا لەبەرئەوە دێمە سەر وەرامی قسەکانی کاک (محەمەد). بەڵام پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ وەرامی قسەکانی بدەمەوە و بۆی دەرخەم کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەدا، بە پێچەوانەی قسەکانی کاک (محەمەد)ەوە، شایەتێکی لە ئێمەمانان لە پێشتر و نزیکتر بە (شێخ نووری) شایەتی بۆ (شێخ نووری) داوە، بێ ئەوەی کاک

2 گۆڤاری: (بەیان - ژمارە - ١٢٢ - ئابی/١٩٨٦ - وتاری/ دیسانەوە لەپێناوی دۆزینەوەی خاوەنی ڕاستەقینەی پارچە شیعری (دلاوەران)دا - ل/٧٨ - ٨٧)

(ئازاد) بە بیریشیا هاتبێ![3]* یا کاک (محەمەد) باسی بکا! ئەڵێم: پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ، پەنجە بۆ ئەو شایەتە ڕاکێشم، لەسەر هەمان (مەنتیقی) کاکە (حەمە) ئەڵێم: ئاشکرایە کە شیعری (دلاوەران) یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٥)دا لە چاپخانەی بەلەدییەی سلەیمانی، لە نامیلکەیەکدا لە چاپ دراوە و ناوی شێخ نووری لەسەر نووسراوە.[4]
هەروەها لە ساڵی (١٩٢٨)دا کەریم بەگی سەعید بەگ، کە بە (کەریم زانستی) بەناوبانگە شیعری (دلاوەران)ی بۆ جاری دووەم بە ناوی (شێخ نووری)یەوە بڵاوکردۆتەوە لە نامیلکەیەکدا لەگەڵ چەند گۆرانییەکی کەدا.[5]
هەروەها بۆ جاری سێیەم (کوردی و مەریوانی) لە ساڵی (١٩٣٢)دا، شیعری (دلاوەران)یان، بە ناوی شێخ نوورییەوە بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ چەند سروود و گۆرانییەکی کەدا، وە ناوی (گۆرانی کوردی)یان، لێ ناوە،[6] هەروەها کاکە (حەمە) خۆی ئەڵێ: لە (دیاری لاوان)دا سەرلەنوێ بە ناوی (شێخ نووری)یەوە بڵاوکراوەتەوە.[7]
کە ئاشکرایە (دیاری لاوان) لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە چاپ دراوە، کە ئەمە ئەکاتە چوار جار. ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵی (١٩٥٣)دا جارێکی کە، شاعیرێکی گەورە باسی کردووە، وەکو لە پاشتردا دەری ئەخەم. جا ئەگەر بمەوێ پێڕەوی کاک (محەمەد) بکەم، لەسەر شێوازی ئەو ئەڵێم: لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە کە شیعری (دلاوەران) بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوە، هەتا ساڵی (١٩٥٥)


3 * چ لە وەڵامەکەی من بۆ کاک محەمەدی مەلا کەریم، یان لە وەڵامەکەی دووەم جارمدا کە لە گۆڤاری بەیان-ی ژمارە (١٣٤)ی ساڵی ١٩٨٧دا بڵاوکراوە، یان لە بیبلۆگرافیایەکەی لەم کتێبەدا سازم کردووە، ئاماژەم بەو سێ سەرچاوەیە کردووە و زۆر چاک بە بیرمدا هاتووە و وەک بەڵگەنامەی گرنگ و زیندوو بەکارم هێناون. (ئا.ع).
4 (دیوانی شێخ نووری - ل/٥٩).
5 گۆڤاری (بەیان - ژمارە/١٣٤ - هەمان وتاری کاک ئازاد - ل/٣٩).
6 (هـ - س) هەمان (ل).
7 گۆڤاری (برایەتی - ژمارە - ١ - خولی دووەم/١٩٧٠ - ل/١٨).



که مامۆستا (بێخود) کۆچی دوایی کردووه،8 ئەکاته (٣٠) ساڵ. هەروەها له (١٩٢٥)ەوه تا ساڵی (١٩٥٨) که شێخ نووری بۆ یەکجاری چاوی لێک ناوه،9 ئەکاته (٣٣) ساڵ. هەروەها له ساڵی (١٩٢٥)ەوه هەتا ساڵی (١٩٧٣) که مامۆستا (ڕەمزی) شایەتی بۆ (بێخود) داوه، ئەکاته (٤٨) ساڵ!!10 ئەڵێم: بۆچی کەسێک نەبوو له پێش ئەم چل و هەشت ساڵەدا، ئەو پێنج سەرچاوەیه ڕاست بکاتەوه و بڵێ: ئەو شیعرەی لەو پێنج سەرچاوەیەدا به هی شێخ نووری دانراوه، هی ئەو نییه و هی (بێخود)ە؟ بۆچی بێخود خۆی هەتا له ژیاندا بوو، ئەو (٥) سەرچاوەیەی ڕاست نەکردەوه؟ باشه شێخ نووری بۆچی بۆچی لەم ڕووەوه ورتەیەکی لێوه نەهات؟ بەلای منەوه ئەم بێ دەنگییەی (شێخ نووری) به دوو جۆر لێک ئەدرێتەوه: یان ئەوەتا بەدەستی ئەنقەست چاوی له ڕاستیی ئەم مەسەلەیه پۆشیوه، یا ئەوەتا شیعرەکه هی (شێخ نووری) خۆیەتی، بۆیه لێی بێ دەنگ بووه، جا لەبەرئەوەی ئەمەی دواییان، لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستییانەدا ئەگونجێ لەمەودوا باسی ئەکەم، بۆیه من ئەمی دووەمیان بەڕاستتر ئەزانم.



دوای ئەم سەرنجانه، ئەگەڕێمەوه بۆ قسەکانی پێشووی کاک (محەمەد) و ئەپرسم: ڕاسته له ساڵی (١٩٧٠)ەوه کەسێک به ئاشکرا شایەتی بۆ (شێخ



نووری) نەداوه، له بەردەمی کاک (ئازاد)دا نەبێ؟ وه ئایا ڕاسته: تاقه دەنگێک بەرزبۆتەوه (دەنگی ڕەمزی بووه) و ئەویش (دلاوەران)ی به هی (بێخود) داناوه؟ له وەرامدا ئەڵێم: نەخێر. چونکه له ساڵی (١٩٨٠)دا، دەنگێکی زوڵاڵی تر به ئاشکرا شایەتی بۆ (شێخ نووری)داوه و کاکه (حەمه) خۆی ئەو دەنگەی به خەڵکی گەیاندووه و جێی سەرسوڕمانه که به هیچ شێوەیەک، ئەو دەنگەی بیر ناکەوێتەوه!!

بۆ ئەوەی خوێندەواری خۆشەویست له سەرسامی ڕزگار کەم، ئەڵێم: ئەو دەنگه دەنگی مامۆستا (گۆران)ە که ساڵی (١٩٥٣) له پێشەکی یەکێک له شیعرەکانیدا، که ئەوسا وەریگێڕاوه، شایەتی ئەوەی داوه که شیعری (دلاوەران) هی شێخ نوورییه و کاک (محەمەد) که هەر خۆی له ساڵی (١٩٥٣)ەوه خەریکی کۆکردنەوەی دیوانی (گۆران) بووه11 و هەر خۆشی له ساڵی (١٩٨٠)

8 (پێشەکی: دیوانی بێخود - به کۆششی محەمەدی مەلا کەریم - چاپی/سلمان الأعظمی - ١٩٧٠ - ل/و).

9 (دیوانی/ شێخ نووری هەمان سەرچاوەی پێشووتر - ل/١٢٣).

10 (نیری نوێ - ژماره/٦٦ ساڵی/١٩٧٣ - وتاری/ دیوان لەبارەی شیعری (دلاوەران)ەوه - محەمەدی مەلا کەریم) هەروا: (دیوانی/ شێخ نووری - ل/٧٣).

11 (دیوانی گۆران - پێشەکی - بەرگی یەکەم - چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق - بەغدا - ١٩٨٠ - ل/هـ - به کۆششی/محەمەدی مەلا کەریم).

دا، دیوانەکەی بە چاپ گەیاندووە، ئەبوو ئەو لە پێش هەموو کەسێکی تردا، ئەمەی لە بیر بوایە...
جا با بزانین ئەو شیعرە کامەیە و پێشەکییەکەی چۆنە؟ شیعرەکە ناوی: (داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین)ە12 کە لە بنەڕەتدا هی (عەشقی)ە و لە کاتی خۆیدا بە پیلانی (ڕەزا شا) کوژراوە. مامۆستا (گۆران) لە پێشەکی ئەو شیعرەدا ئەڵێ: (بەم بۆنەیەوە بێ جێ نییە بیخەینەوە بیر کە ئەو گۆرانییەی بە هاوکاریی خوالێخۆشبوو مەحمود جەودەت و شاعیری تەڕ و پاراو (م. نووری)ی سلێمانی پێکهات:
"ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین"
ئاوازەکەی لەسەر پارچەیەک لە ئۆپەرای (رستاخیز شهر یاران)... دانراوە کە هی خاوەندی تەرجەمە عەشقییە. پارچەکە ئەمەیە:
دیشب کەمرا وضع وطن در نظر آمد
دیدم کەزنی باکفن از قبر در آمد)13
دیارە پێویست بەوە ناکات عەرزی کاک (محەمەد)ی بکەم کە مامۆستا (گۆران) سەردەمێک یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی (شێخ نووری) لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا کە دیارە لە گوترە قسەیەکی وا ناکا. خۆ ئەگەر (گۆران) ئەم شیعرەی لە هەمانساڵدا بڵاوکردبێتەوە (ساڵی/١٩٥٣)، کە داخەکەم من ئاگام لەوە نییە، مانای ئەوەیە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر کە بێخود و شێخ نووری و ڕەمزی هێشتا لە ژیانا بوون، گۆران ئەم شایەتییەی داوە، بێ ئەوەی کەسیان دەنگیان لێوە بێ!! کە ئەمەش بەڵگەنامەیەکی کەیە، ئەچێتە سەر چوار بەڵگەنامەکەی پێشوو...
دوای ئەمە، با ئەمجا چاوێک بە شیعرەکە خۆیدا بگێڕین بۆ ئەوەی بزانین: مۆری کێی پێوەیە: (بێخود) یا (نووری)؟ بەلای منەوە دوو خاسیە لە شیعری (دلاوەران)دا هەیە کە شیعرەکە لەسەر (شێخ نووری) تاپۆ ئەکەن.
بەڵام با لە پێشەوە وەسفێکی دلاوەران بکەین.

12 (هـ - س - ل/٤٧٤ - ٤٧٨).

13 (هـ - س - ل/٤٧٤)

شیعری (دلاوەران)14 لە چەند بەشێک یا چەند کۆپلەیەک پێکهاتووە کە هەریەکێکیان بە دوو (٢) بەیتی عەرووزی دەست پێ ئەکا و15 بە (٣) بەیتی هیجایی دوایی16 دێ کە هەر کۆپلەیەک لەسەر زمانی کەسێک یا چەند کەسێک وتراوە، بەم جۆرە: (مناڵەکان، باوک، دایک، ئافرەت بە مناڵەوە، کچەکان، چەک بەدەستەکان).17
لەمەوە خاسییەتی یەکەمی شیعرەکەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بریتییە لە تێکەڵکردنی کێشی (عەرووزی) و کێشی (هیجایی) لە سیستەمێکی تایبەتیدا. شیعرە عەرووزییەکانی هەر کۆپلەیەک لەسەر کێشی: (هەزەجی یەخرەبی مەکفوفی مەقصور) یا (مەحزوف)ن: **(مَفْعولُ مَفاعیلُ مَفاعیلُ مَفاعیلْ) یا (مَفاعي) کە ئەبێ بە (فَعولن). بۆ نموونە با یەک دێڕە شیعری کۆپلەی یەکەم بکێشین:**

**- - ب ب - - ب ب - - ب ب - -**

**مَفْعولُ مَفاعیلُ مَفاعیلُ مَفاعیلْ**

هەموو شیعرە عەرووزییەکانی ئەم سرووودە، بەم جۆرە ئەکێشرێن. لەمەش گرنگتر ئەوەیە: هەمووشیان بەیەک ئاواز ئەوترێن. هەروەها شیعرە هیجاییەکانیش لە هەر کۆپلەیەکدا (سێ/٣) بەیتن، واتە: (شەش دێڕە شیعرن)، کە بەیتی یەکەمیان (٧) هیجایی و بەیتی دووەمیان (٩) هیجایی و بەیتی سێیەمیان (١٢) هیجاییە.18

14 (دیوانی بێخود - ل/١٣٦ - ١٤٠)

15 لە (دیوانی بێخودا کۆپلەی/باوک - لاپەڕە/١٣٧ - یەکەم جار بەیتێکی عەرووزی دەست پێ ئەکا و لە پاش (٣) بەیتە هیجاییەکان دووبارە دوو بەیتی عەرووزی و سیانی هیجایی، بێ پشوودان ئەڵێتەوە جا لەم حاڵەتەدا ئەتوانین وەکو دوو کۆپلە حسابی لەگەڵ بکەین).

16 لە (دیوانی بێخودا - ل/١٣٩ - کۆپلەی/ ئافرەت بە مناڵەوە). بەیتی یەکەمی شیعرە هیجاییەکان کە ئەبێ حەوت هیجایی بێ، نییە. هەروا لە کۆپلەی (کچانیش)دا (هەمان لاپەڕە) ئەو بەیتە حەوت هیجاییە، دیار نییە!.

17 لە کۆپلەی/چەک بەدەستەکان -دا - ل/١٤٠ - دێڕی/٩ -١٠ واتا ئێمە خولقاوین بۆ خزمەتکردن - یەک دێڕە شیعرە، بەڵام کراوە بە دوو دێڕ - کە هەڵەیە، هەروەها (دێڕی/١١ - ١٢)ش هەردووکیان یەک دێڕە شیعری دوانزە هیجایین - بەڵام لە دیوانەکەدا کراون بە دوو دێڕ هەڵەیە. ڕەنگە ئەو لەنگییەی لە (پەراوێزی - ٧)ی هەمان لاپەڕەدا باسی لێ کراوە، هی ئەوە بێ.

18 دێڕە هیجاییەکان بەتایبەتی (کۆپلەی مناڵان - ل/١٣٦) هەندێ هەڵەیان تیایە. بۆ نموونە (ڕیشەی عەدو) هەڵەیە و

وە ئەم سیسەتەمە بە ڕێکوپێکی لە هەموو کۆپلەکاندا، دووبارە ئەبێتەوە. بۆیە من نەبوونی (٢) بەیتی حەوت هیجایی، لە دوو کۆپلە دیوانی (بێخود) بە هەڵە19 ئەزانم بە کورتی و بە کوردی تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی و کێشی هیجایی لە شیعری (دلاوەران)دا شتێکی تازەیە و لە پێش (شێخ نووری) و هاوڕێکانیدا هیچ شاعیرێک هەنگاوی وای نەناوە. نەک هەر شیعری (بێخود)، بەڵکو شیعری هەموو شاعیرانی ڕێبازی کلاسیکی پێش ئەو بخوێنەرەوە، شتێکی وات بەرچاو ناکەوێ.

ئەمەش شتێکی سەیر نییە چونکە هەموو شاعیرانی ئەو ڕێبازە کێشی هیجاییان بە کێشی سووک و ئاسان داناوە یا وەکو بڵێیت: بە ماڵی پیاوی بێ دانیان زانیوە، بۆیە بەکاریان نەهێناوە (دیارە شاعیرانی لەهجەی "گۆران" لەم یاسایە بەدەرن). ئەو شاعیرانە تەنانەت لە کێشی عەرووزیدا بۆ سەلماندنی شاعیرێتی خۆیان، گەڕاون بەدوای کێشی قورس و گراندا. خۆ تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی و کێشی هیجایی، ئەوە بەلایانەوە هەرگیز نەبووە. ئەوان چاویان لەو شاعیرە نەپۆشیوە کە (تەفعیلە)یەکی عەرووزیی بە هەڵە بەکارهێنابێ یا هەڵەیەکی تیا کردبێ، چ جای ئەوەی کێشەکەی تێکەڵی کێشی هیجایی بکا. ڕاستە لەم دواییەدا هەندێ لەو شاعیرانە تاک و تەرا، کێشی دە هیجاییان بەکارهێناوە، چونکە باوی بووە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کێشی عەرووزیدا تێکەڵ نەکراوە. کێشی هیجایی سنووری تایبەتی خۆی بووە و نەیتوانیوە لەو سنوورە تێپەڕ کات. مامۆستا (بێخود) لە هەموو شیعرەکانیدا (موستەزاد)ێک نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە (موستەزاد) دووبارەکردنەوەی هەندێ لە (تەفعیلە)کانی هەمان کێشە. واتا: لە یاسای (تەفعیلە)ی عەرووزی لای نەداوە. هەموو لادانەکەی ئەوەیە: کە ژمارەی تەفعیلەکانی، بەقەد ژمارەی تەفعیلەی کێشە بنەڕەتییەکە نییە!! بەڵکو کەمترە، کە ئەوەندە بەس بووە بۆ (بێخود) کە بەکاری نەهێنێ!! ئینجا کەسێک ڕازی نەبووبێ (تەفعیلە)ی عەرووزی لە (موستەزاد) دا، بەکاربهێنێ، چۆن ڕازی ئەبێ بەیتێکی درێژی عەرووزی، شان بەشانی بەیتێکی کورتی هیجایی بەکاربێنێ؟

بەهەرحاڵ با بێینەوە سەر باسی (دلاوەران). سیستەمی دلاوەرانی (شێخ نووری) و سیستەمی (ئاواتی دووری)ی (گۆران)، تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک ئەچن، چونکە ئەمیش وەکو (دلاوەران) بریتییە لە چەند کۆپلەیەک کە سەرەتای هەر یەکێکیان بە بەیتێکی عەرووزی دەست پێ ئەکا کە لەسەر کێشی: (موزاریعی ئەخرەبی مەکفوفی مەحذوف)ە و بە (٦) دێڕ و شیعری بچووک دوایی دێ کە (چواریان)20 لە ڕووی کێشەوە شتێکی تازەن و هیچ پەیوەندییەکیان بە کێشی (موزاریع)ەوە نییە، چونکە لەسەر کێشی هیجایین. هەر یەکێکیش کە دوو دێڕەکەی دوایی، لە دوو (تەفعیلە) پێکدێ کە دووبارەکردنەوەی (تەفعیلە)ی یەکەم و چوارەمی کێشە عەرووزییەکەی پێشوون. کەواتە، شیعری (ئاواتی دووری)ش وەک (دلاوەران) لە تێکەڵکردنی کێشی هیجایی و کێشی عەرووزی پێکدێ21 کە سیستەمێکی



ڕاستییەکەی (ڕیشەیی عەدوو)ە. هەروا: (حەق بەدەس خۆمان) هەڵەیە و (حەق بە دەستی خۆمان) ڕاستترە... هتد.

19 بڕوانە: (پەراوێزی – ١٥)ی ئەم وتارە.

20 بڕوانە: (گۆڤاری/ کاروان – ژمارە – ٥٢ – ساڵی/١٩٨٧ – وتاری: بنەڕەتی کێشێکی عەرووزی و... نووسینی خاوەنی ئەم وتارە/ل/١٣).
لە وتاری ناوبراودا وشەی (چواریان) نییە. لەوەئەچێ لەکاتی گواستنەوەی وتارەکەدا، ئەو وشەیەم لەبیرچووبێ. داوای لێبووردن ئەکەم.

21 بڕوانە: (ڕۆشنبیری نوێ – ژ – ١١٣ – ساڵی/١٩٨٧ – وتارە نایابەکەی مامۆستا (بیمار): (عەرووز لە هەڵبەستی کوردیدا – ل/١٥٨ ستوونی/٢).

نوێیە لە شیعری کوردیدا و یەکێکە لە هەنگاوەکانی دەستەی (شێخ نووری) و (گۆران) و (ڕەشید نەجیب). ئەمەی لەمەوبەر لێی دوام، سیفەتی یەکەمی (دلاوەران) بوو. ئەمجا با بێینە سەر سیفەتی دووەمی.

لە پێش هەموو شتێکا ئەبێ بزانین کە (دلاوەران) سروودە. واتا: لەسەر ئاوازێک دانراوە، ئاوازی سروودیش، یا ئەوەتا ئاواز داهێنەرێک **(ملحِّن)** شیعری شاعیرێک ئەخوێنێتەوە و کاری تێ ئەکا و لە پاشا ئاوازێکی بۆ دائەنێ، یا ئەوەتا بە پێچەوانەوە: شاعیرێک، ئاوازی مۆسیقایەک یا ئاوازی سروودێکی بەدڵ ئەبێ و ئەمجا دێت شیعرێک یا چەند وشەیەکی ڕێکوپێک لەسەر ئەو ئاوازە دائەنێ، پاش ئەوەی ئاوازەکە بە چاکی فێر ئەبێ پێویست بەوە ناکات بە بەڵگە بیسەلمێنم کە سروودی (دلاوەران)، بەپێی ڕێگەی دووەم دانراوە، چونکە وەکو (گۆران) لە پێشتردا دەریخست، ئاوازەکەی لەسەر پارچەیەک لە ئۆپەرای (رستاخیزی شهر یاران...)ی (عەشقی) دانراوە.22 واتە ئەوەی ئەم سروودەی داناوە لەپێشا ئەو ئاوازەی بیستووە و کاری تێ کردووە و فێری بووە ئەمجا هاتووە شیعرەکەی لەسەر ئەو ئاوازە داناوە. کەسێک شارەزای ئاوازەکەش نەبێ، بە درێژی و کورتی شیعرەکاندا ئەزانێ کە ئاوازەکە گەلێک گۆڕانی تیادایە، چ جای ئەوەی کە من هەر لە منداڵیمەوە، کۆپلەی یەکەمی (دلاوەران)م چەند جار بە ئاوازەوە وتووە و ئێستاش هەموویم لەبیرماوە و ئەزانم کە شیعرە عەرووزیەکانی ئەم سروودە، هەموویان لەسەر یەک ئاوازن، بەڵام دێرە هیجابییەکان گەلێک گۆڕانیان تیایە کە ئەبێ لە ئۆپەرێتەکەی (عەشقی)شدا، هەر وابێ. بۆیە ئەو قسەیەی خوالێخۆشبوو (مستەفا سائیب) کە ئەڵێ: گوایا ئەو و کاک (ئەنوەر سائیب) ئەم شیعرەیان خستۆتە سەر ئاوازی: (دیشب کە مرا وضع وطن)،23 ئەڵێم زۆرم پێ ناخۆشە کە تەنیا بەشی دوایی ئەم قسەیە بە تەواو ئەزانم کە دەڵێ: شیعرەکە لەسەر ئاوازی (دیشب کە مرا...) یە. چونکە ئەگەر شیعرەکە لە بنەڕەتدا لەسەر ئاوازی (دیشب کە مرا...) نەبوایە، نە ئەو نە کەسی تر نەیئەتوانی بیخاتە سەر ئەو ئاوازە. نزیکترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە دوو شتە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو دێرە شیعرە فارسییەش لەسەر هەمان کێشی (هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحذوف)ە، وەکو بەیتە عەرووزییەکانی (دلاوەران) بۆ ڕاستی قسەکەمان، با دێڕی یەکەمی بکێشین:

**دیشبِ ك/ مرا وضع / وطن درنَ زەرامەد**

**--ب/ ب--ب/ ب--ب/ ب--ب**

بەڵگەی دووەمیش ئەوەیە کە ئەم بەیتەش لەسەر هەمان ئاوازی شیعرە عەرووزییەکانی (دلاوەران) ئەگوترێ... گومانیشی تیا نییە ئەگەر دەقی شیعرەکەی (عەشقی)مان لە بەردەستا بوایە، ئەماندی کە دێڕەکانی تریشی کوتومت وەک هی دلاوەرانن لە ڕووی کێشەوە. بۆچی؟ چونکە دانەری شیعرەکە ئاوازی ئەم سروودەی لە ئاوازی ئەو ئۆپەرێتەوە وەرگرتووە.

ئەمەی کە لێرەدا وتوومە تەنیا لەوەوە نەهاتووە کە ئاوازی سروودەکە ئەزانم، بەڵکو لەوەشەوە هاتووە کە کاتی خۆی چەند جارێک، شیعرم لەسەر ئاوازی هەندێک سروود و گۆرانی داناوە، بۆیە ئەتوانم بڵێم: تاڕادەیەک ئەم ڕێیەم تاقی کردۆتەوە و ئەزانم چ زەحمەتێکی تیایە پیاو لەسەر ئاوازی سروودێک یا گۆرانییەکی تر، شیعر دانێ! چونکە لەوانەیە بڕگەیەکی سروودەکە سەدەها جار بڵێت و بڵێتەوە، هەتا چەند شیعرێکی بە دڵی خۆیی بۆ بدۆزێتەوە!! جگە لەم زەحمەتانە، ئەوەی سروودی وا دائەنێ، ئەبێ دوو سیفەتی تیا بێ. یەکەمیان: ئەبێ گوێی مۆسیقای زۆر سووک بێ، بۆ ئەوەی کەمترین (گۆڕران) لە ئاوازەکەدا هەست پێ بکا، ئاشکراشە شارەزایی (شێخ نووری)، لە زۆربەی مەقامە فارسی و کوردییەکاندا، شایەتی

22 بڕوانە: (پەراوێزی – ١٢)ی ئەم وتارە.

23 (دیوانی/ شێخ نووری – ل/٧٠) کە ئەویش لە (بیری نوێ – ژمارە – ٦٦)ی ساڵی – ١٩٧٣ –ەوە، وەرگرتووە.

بۆ ئەدەن کە گوێی مۆسیقای زۆر سووک بووە. هەرچەندە گومان لەوەدا نییە کە مامۆستا (بێخود) گوێیەکی سووکی بووە لە جیاکردنەوەی کێشی عەرووزییەکاندا، بەڵام من لێرەدا، باسی گوێی (ئاوازناسین) ئەکەم کە یەکێک بووە لە سیفاتەکانی (شێخ نووری).

سیفەتی دووەمیش ئەوەیە: ئەبێ ئەو کەسە تاڕادەیەک زاڵ بێ بەسەر قورگ و دەنگی خۆیدا، هیچ نەبێ ئەوەندەی ئەوەی کە بتوانێ، هەموو (گۆڕڕان) و (بەرز و نزمی) یەکی ئاوازەکە بەبێ هەڵە بڵێتەوە... بۆ ئەوەی ئەوانەی سرووودەکەی لێوە فێرئەبن، بتوانن هەمان (گۆڕڕان) و (بەرزی و نزمی) بەڕاستی دەربێنن و بیڵێنەوە.

ئاشکراشە ئەم دوو سیفەتە بە زیادەوە لە (شێخ نووری)دا هەبووە و لە مامۆستا (بێخود)دا کەمتر. بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەڵێم: ئەم سروودی (دلاوەران)ە هی (شێخ نووری)ە.

پێش ئەوەی دوایی بەم بەشە بێنم ئەبێ بڵێم: هەموو سروودێک لە ڕووی (قورسی و سووکی) و (گرانی و ئاسانی)یەوە، لە یەک پایەدا نین. بۆیە مەرج نییە ئەو وەسفەی کە کردم هەموو سروودێک بگرێتەوە. بەڵکو تەنیا ئەو سروودانەم مەبەست بوو کە تاڕادەیەک لە ڕووی ئاوازەوە (قورس) و (گران)ن، کە (دلاوەران)یش یەکێکە لەوانە.



دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەتوانم توخنی نامەکەی مامۆستا (ڕەمزی) نەکەوم و بڵێم: مادام ئەم شایەتییە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا ناگونجێ کە دوای لێکۆڵینەوەی پێشوو پێی گەیشتین، کەواتە ئەبێ بخرێتە پشتگوێ. بەڵام من بەم شێوازە دڵم ئاو ناخواتەوە.

بۆیە وای بە ڕاست ئەزانم چاوێکیش بە نامەکەی مامۆستا (ڕەمزی)دا بگێڕم.

مامۆستای خوالێخۆشبوو لە کاتی خۆیدا، نامەیەکی بۆ کاک (محەمەد) نووسیوە، دەربارەی شیعری (دلاوەران)، لەو نامەیەدا یەکەم دەر دوو ئەم ڕستەیە سەرنجمان ڕائەکێشێ کە دەڵێ زۆر چاک ئەزانم ئەو غەزەلی (دلاوەران)ە هی (مەلا مەحموودی خاڵمە کە لە وەختی خۆیدا دای بە شێخ نووریی شێخ ساڵح کە بڵاوی بکاتەوە).24

تکا لە خوێندەواران ئەکەم، پێم بڵێن ئەو ڕستەیەی، کە خستوومەتە ناو دوو کەوانەوە، چی ئەگەیەنێ؟ ئایا بێخود بەپێی ئەم ڕستەیە، ڕێگەی ئەوەی داوە بە (شێخ نووری) کە ئەو شیعرە بە ناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە؟ بێگومان نەء. چونکە ڕستەی: (لە وەختی خۆیدا دای بە شێخ نووری کە بڵاوی بکاتەوە)، تەنیا یەک شت ئەگەیەنێ، ئەویش ئەوەیە: کە (شێخ نووری) لەو کاتەدا نزیک بووە لە ڕۆژنامەکانەوە، لەبەرئەوەی (بێخود) ئەو شیعرەی داوەتێ، کە لە یەکێک لەو ڕۆژنامانەدا، بڵاوی بکاتەوە... واتە: بە ناوی ئەوەوە نەک بە ناوی خۆیەوە. ئەمەش وەکو ئەوە وایە بڵێیت: فلانە کەس وتارێکی دا بە کاکە (حەمە) کە بڵاوی بکاتەوە. ئایا کاکە (حەمە) بە ناوی خۆیەوە وتارەکە بڵاوئەکاتەوە، یا بە ناوی فلانەوە؟

جا دیارە ئەم قسەیەش، پێچەوانەی ئەو بڕوایەیە کە دەڵێ: بێخود خۆی ڕێگەی داوە، شیعری (دلاوەران) بە ناوی (نووری)یەوە بڵاوبکرێتەوە!!! ئایا جێی سەرسووڕمان نییە، مامۆستا (ڕەمزی) کە یەکێک بووە لەوانەی، بڕوای وابووە (بێخود) بە ڕەزامەندی خۆی شیعری (دلاوەران)ی بە ناوی (شێخ نووری)یەوە بڵاو کردۆتەوە، ئێستا وای پیشان بدا کە (شێخ نووری) بە پێچەوانەی خواستی (بێخود)، شیعرەکەی بە ناوی خۆیەوە بڵاو کردۆتەوە؟ بەڵام کەسێک قسەکانی کاک

24 گۆڤاری (بەیان – ژ – ٢٢ – ل/٨٢ ستوونی/٢).

(ئەوڕەحمانی موفتی) خوێندبێتەوە سەری لەم ڕستەیەی مامۆستا (ڕەمزی) سووڕ نامێنێ، چونکە ئەم ڕستەیەش کتومت لە ڕستەیەکی کاک (ئەوڕەحمان) ئەچێ کە لەسەر زمانی (مستەفا سائیب) کردبووی!!.

جا بۆ ئەوەی خوێندەوارانیش ئاگاداری باسەکە بن، بە پێویستی ئەزانم بە کورتی بۆیانی بگێڕمەوە. ئەوانەی ئاگاداری ئەم باسەن، ڕەنگە ئەوە بزانن کە کاک (محەمەد) لەسەر زمانی (ئەوڕەحمانی موفتی) باسی ئەو نامەیەی کردووە کە بەڕێز (مستەفا سائیب)، بۆ کاک (ئەوڕەحمان)ی ناردووە و لەو نامەیەدا کاک (مستەفا) وتوویەتی، کە قوتابی بووە لە (کەرکووک) داوای لە مامۆستا (بێخود) کردووە – کە ئەویش لەو کاتەدا لە کەرکووک بووە – سروودێکی بۆ دانێ، ئەویش (واتە بێخود) سروودی (دلاوەران)ی بۆ داناوە و... هتد. لە پاشان بێخود "نوسخەیەکی (ئەو سروودەی) ناردووە بۆ سلێمانی بۆ شێخ نووری کە لە ڕۆژنامەکانا بڵاوی بکاتەوە".25 ئنجا تکا لە خوێندەواران ئەکەم بە وردی سەیرێکی ئەو ڕستەیەی دوایی بکەن کە ئەڵێ: (بێخودیش نوسخەیەکی نارد بۆ سلێمانی بۆ شێخ نووری کە لە ڕۆژنامەکانا بڵاوی بکاتەوە). ئایا ئەم ڕستەیەش کتومت لە ڕستەکەی مامۆستا (ڕەمزی) ناچێ چ لە ڕووی داڕشتن و چ لە ڕووی ماناوە؟

فەرموون ئەمجارە هەردوو ڕستەکە، یەک لەدوای یەک، بخوێننەوە:

مامۆستا (ڕەمزی) ئەڵێ: "دلاوەران هی بێخودە کە لە وەختی خۆیدا دای بە شێخ نووری کە بڵاوی بکاتەوە".

کاک (ئەوڕەحمان)یش لەسەر زمانی کاک (مستەفا سائیب) ئەڵێ "بێخودیش نوسخەیەکی نارد بۆ سلێمانی بۆ شێخ نووری کە لە ڕۆژنامەکانا بڵاوی بکاتەوە".


تکام وایە پێم بڵێن: چ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا هەیە؟ بێگومان، ئەگەر جیاوازییەک بێ، ئەوەی کە کاک (ئەوڕەحمان) لەسەر زمانی کاک (مستەفا) ئەڵێ: بێخود ئەو شیعرەی لە کەرکووکەوە ناردووە بۆ شێخ نووری!! کە ئەمەش جیاوازییەکی سەرەکی نییە. جگە لەوەی کە (مستەفا سائیب) خۆی، دوای ئەو قسانەی (ئەوڕەحمانی موفتی) بە سێ ساڵ، لە چاوپێکەوتنێکدا بە کاکە (حمە)ی وتووە: کە (بێخود) شیعرێکی کەی داوەتێ26 نەک (دلاوەران)!! لەم چاوپێکەوتنەی دوایی (مستەفا سائیب)دا بۆمان دەرئەکەوێ، ئەگەر بێخود شیعرێکی لە کەرکووکەوە ناردبێ بۆ شێخ نووری، شیعری (دلاوەران) نەبووە. بەڵام کاک (ئەوڕەحمان) وای پیشان داوە کە ئەو شیعرە (دلاوەران) بووە!

بەکورتی هەرکەسێک چاوپێکەوتنەکەی کاکە (حەمە) و کاک (مستەفا)ی دیبێ، بۆی دەرئەکەوێ، ئەو قسانەی کاک (ئەوڕەحمان) بە زمانی (مستەفا سائیب)ەوە کردوویەتی، هیچیان قسەی ئەو نین، بەڵکو قسەی کاک (ئەوڕەحمان)ن!! کە ویستوویەتی شیعرەکە بکا بە هی (بێخود)ی مامی!! جا کە کاک (محەمەد) دەستی خستۆتە ڕوو، زانیویێتی قسەکەی بۆ نەچۆتە سەر و کاک (مستەفا) ئەو ئاواتەی نەهێناوەتە دی، ئنجا ڕووی کردۆتە مامۆستا (ڕەمزی)ی پوورزای خۆی کە پیاوێکی دڵناسکی خزم دۆستی بێ پێچ و پەنا بووە. بۆیە بە ئاسانی توانیوێتی کاری تێ بکاو تای لاسەنگی شایەتییەکەی خۆیی پێ ڕاست بکاتەوە.

بەهەرحاڵ من بڕوام وایە، ئەگەر کاک (ئەوڕەحمان)، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دەستی لە نامەکەی مامۆستا (ڕەمزی)دا نەبێ، بێگومان بە شێوەیەکی لابەلا ئاگای لێیەتی. لەیەکچوونی دوو ڕستەکەی پێشووش، گەورەترین بەڵگەیە. بۆیە لەوە زیاتر لە نامەکەی مامۆستا (ڕەمزی) نادوێم. بەڵام ئەگەر لێرەدا بیبڕمەوە، وا هەست ئەکەم کە زوڵمم لە مامۆستا (ڕەمزی) کردووە، چونکە من بڕوام وایە،

25 (دیوانی بێخود – ل/١٣٦ – پەراوێزی/١).


26 بڕوانە: (پەراوێزی – ٢٣)ی ئەم وتارە – هەمان شوێن.



پیاوێکی وەکو (ڕەمزی)، ئەگەر لە کاتی خۆیدا، شتێکی شک نەبردایە... هەزار (ئەوڕەحمان) و خزمایەتی، وایان لێ نەئەکرد، شایەتییەکی وا بدا. یان بە واتایەکی کە: ئەبێ لە کاتی خۆیدا مامۆستا (ڕەمزی) ئاگای لەوە بووبێ کە (بێخود) شیعرێک یا دوو شیعری بە ناوی (نووری)یەوە بڵاوکردبێتەوە، ئەگینا (ڕەمزی) لە خۆیەوە شایەتییەکی وای نەئەدا... بۆیە بە دووری نازانم، کاتێ کە (شێخ نووری) مناڵ بووە، مامۆستا (بێخود) شیعرێک یا دوو شیعری بە ناوی ئەوەوە دانابێ و (ڕەمزی) ش، کە لە (نووری) خوارتر بووە، ئاگای لەوە بووبێ.[27]* کاکە (حمە)ش لە وتارەکەی (بەیان)دا، شتێکی وای بە بیرا[28] هاتووە.

جا ئەگەر ئەم بۆچوونە بەڕاست بزانین و ئاگاشمان لەوە بێ کە (شێخ نووری) لە ساڵی (١٨٩٦) دا هاتۆتە دنیاوە،[29] ئەبێ هیچ نەبێ (بێخود) لەنێوان ساڵانی (١٩٠٧ – ١٩١٢)دا – یا کەمێک ژوورتر – ئەو یەک دوو شیعرەی بە ناوی (نووری)یەوە دانابێ. واتە کە (نووری) عومری لەنێوان (١١ – ١٦) ساڵان دا بووە و (ڕەمزی) ش لە عومری (٩ – ١٤) ساڵاندا بووە.[30] بەڵام (ڕەمزی) لەباتی ئەوەی لە کاتی خۆیدا، ئەم ڕاستییە دەرخا، یا هیچ نەبێ لە سەرەتای لاوییدا بیری بکەوێتەوە، کەچی لە ساڵی (١٩٧٣)دا ئەو شایەتییەی بۆ کاک (محەمەد) نووسیوە، لە نامەیەکدا. واتە دوای نزیکەی (٦١) ساڵ!! بۆیە بە دووری نازانم، لەم ماوە دوورودرێژەدا، خەیاڵی مامۆستا (ڕەمزی)، ئەو یەک دوو شیعرەی، لەگەڵ شیعری (دلاوەران)دا تێکەڵ کردبێ. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەوانەی لە ژیانی، یا مێژووی ژیانی پیاوانی (حدیث) و (ئەدەب) و (مێژوو) ئەکۆڵنەوە، گەلێک جار پیاوانی وایان بەرچاو کەوتووە، کە دوو ڕووداو، دوو قسەی لەیەکچوویان تێکەڵ کردووە، یا (خەیاڵیان بۆ شتێک چووە و مەبەستیان شتێکی کە بووە) کە لە عەرەبیدا پێی ئەڵێن: (وەهم).[31]

ئەمەیە بە کورتی سەرنجی من دەربارەی





شێخ نووری

ڕۆڤار



27 * من کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارێک نەماوە هەڵم نەدابێتەوە و بەپێی ئەو بیبلیۆگرافیایەش کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا سازم کردووە، شێخ نووری لە ساڵی (١٩٢٠) بەدواوە شیعری بڵاوکراوەتەوە، پێش ئەو مێژووە شیعری لە هیچ شوێنێکی تردا بڵاونەبووەتەوە. ئەوکاتەش تەمەنی (٢٤) ساڵ بووە. (ئا.ع.)

28 (بەیانی – ژمارە – ١٢٢ – ل/٨٤ ستوونی/١).

29 (دیوانی شێخ نووری – ل/٩٥ – پەڕاوێزی – ٢)

30 ڕەمزی لە ساڵی (١٩٠٢)دا لەدایک بووە بەپێی قسەی (ڕەفیق حیلمی) بڕوانە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – بەرگی دووەم) بەڵام مامۆستا (فەوزی)ی کوڕی ئەڵێ بەپێی شیعرێکی فارسی کە باپیری لە بەرگی کتێبێکدا نووسیوێتی ئەبێ لە ساڵی (١٨٩٨)دا هاتبێتە دنیاوە.

31 بڕوانە: (المنجد – الطبعة السابعة عشرة/١٩٦٦ – بیروت – ص/٩٢١).

شایەتییەکەی مامۆستا (ڕەمزی). گەلێکیشم پێ ناخۆشە کە ناچار بووم دژی مامۆستایەکی وا بوەستم. چونکە جگە لە خۆیشایەتی و تێکەڵاوی نێوانمان، جێگایەکی دیاری هەبووە و هەیە، لە دڵ و دەروونما، خوا لێی خۆشبێ بە بۆنەی شایەتییەکەی مامۆستا (ڕەمزی)یەوە، ئەمەوێ لە کۆتایی ئەم وتارەدا کەمێک لە شایەتییەکەی کاکە (حەمە) بدوێم. کاکە (حەمە) خۆی لە من چاتری ئەزانێ کە لە شایەتیدا تەنیا ڕاستگۆیی هەموو شتێ نییە، (وەکو لە شایەتییەکەی مامۆستا ڕەمزیدا دەرکەوت) بەڵکو گەلێک پشت و مەرجی کەی ئەوێ، کە گرنگترینی ئەو مەرجانە ئەوەیە: ئەبێ ئەو شایەتە، لەپاڵ ڕاستگۆییدا، بیرەوەرییەکی تیژی هەبێ. ئەگینا لەوانەیە نزیکترین و گرنگترین ڕووداوی لەبیر نەبێ. بۆ ئەمەش کاکە (حەمە) خۆی ئەکەم بە نموونە، من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە کاکە (حەمە) بەدەستی ئەنقەست، شایەتییەکەی (گۆران)ی کردبێ بەژێر لێوەوە، بەڵکو بڕوام وایە ئەگەر قسەکانی ئەوی لەبیر بوایە، ئەو وتارەی بە جۆرێکی کە ئەنووسی. لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵنیام لەوەی کاکە (حەمە) هەر لە ساڵی (١٩٥٣) ەوە خەریکی کۆکردنەوەی دیوانی (گۆران) بووە و هەر خۆشی لە ساڵی (١٩٨٠)دا بە چاپی گەیاندووە. دڵنیاشم کە چەند جارێک بە قەڵەمی پێشەکی ئەو هەڵبەستەی نووسیوە کە باسی شیعری (دلاوەران) ی تیا کراوە و لەوانەشە چەند جارێک هەڵە و چەوتی ڕەشنووسەکەی دەسکاری کردبێ بۆ چاپ. کەچی لە گەرمەی مشتومڕی دۆزینەوەی خاوەنی (دلاوەران)دا، ئەو شایەتییەی (گۆران)ی بیر نەکەوتۆتەوە!! ئەم ڕووداوە چاکترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تەنیا ڕاستگۆیی هەموو شتێک نییە، بەڵکو ئەبێ بیرەوەرییەکی تیژی لە پاڵدا بێ. جا لە کاتێکدا کاک (محەمەد) قسەیەکی نووسراوەی وا نزیکی لەبیر چووبێ کە چەند جارێک بە قەڵەمی خۆی نووسیوێتی! بە چیا بزانین مامۆستا (ڕەمزی)، قسەیەکی لە پاش (٤٨) ساڵ - بەپێی بۆچوونی دوایی دوای (٦٠) ساڵ - لەبیر ماوە کە هەر قسەیەکی ڕووت بووە و هیچی تر!!.

هەرچۆنێ بێ، ئەگەر لای کاکە (حەمە) شتێکی سەیر بێ یەکێکی وەکو من پاش (١٥ - ٢٠) ساڵ، شایەتی بۆ (شێخ نووری) بدەم کە لە پێش مندا هی وەکو: (گۆران) و (کەریم بەگی سەعید بەگ) و (کوردی و مەریوانی) و کێ و کێ... شایەتیان بۆ داوە، لەمە سەیرتر ئەوەیە مامۆستا (ڕەمزی) دوای (٤٨ - ٥٠) ساڵ، شایەتی بۆ (بێخود) بدا ئەو هەموو شایەتانە بێن و بڕۆن، ئەو قسە لە قسەیاندا نەکا!!

زۆر حەزم ئەکرد کەمێکیش لە کتێبەکەی (شێخ نووری)ی کاک (ئازاد) بدوێم و سەرێکیش لە لاواندنەوەکەی (کەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکلی زادە) خوار بکەمەوە، بەڵام داخەکەم پێم نەکرا، بۆیە داوای لێبووردن ئەکەم و سڵاو و ڕێزم بۆ کاکە (حەمە) و کاک (ئازاد) دووبارە ئەکەمەوە.32*

**تێبینی ڕۆڤار: ئەم بابەتە بە هەمان ڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی خۆی دامان ناوەتەوە**



32 * لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٩٩٣ لە ١٩٨٨/٧/٢١ وەرگیراوە.



# شێخ نووری و یەکەمین ئۆپەرێتی کوردی

**پرۆفیسۆر د.هیمداد حوسێن و عەبدوڵڵا ڕەحمان**

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئۆپەرێت وەکو هونەرێکی هاوچەرخ و شێوەیەک لە شێوەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا لەدایک بوو و بە خێراییش بڵاو بوویەوە. سەرهەڵدانی ئەو جۆرە هونەرە هەرچەندە پەیوەستە بەو ڕەگاژۆیەی کە لە ئەفسانە و داستان و کەلەپوور و داب و نەریتی کوردیدا هەبووە، هەر لەو کاتەشدا پەیوەستە بەو تەوژمە نوێخوازییەی کە ڕووبەڕووی ئەدەبی کوردی هاتنەوە و سەرلەنوێ لەسەر چەند پایەیەک داڕێژرایەوە. گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هاتنەکایەی دیدگای نوێ و تێڕوانینی هاوچەرخانە بۆ ڕوانگەکانی ژیان، هاندەرێکی باڵا بوون بۆ ئەوەی شاعیران دەست بە ڕیفۆرمێک بکەن بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی. ئەو پرۆسەی نوێکردنەوەیەش بووە خوڵقاندنی زەمینەسازییەک بۆ لەدایکبوونی ئۆپەرێت. بۆیە دەبینین یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بە ئۆپەرێتی (ئینتیباه)ی شێخ نووری شێخ ساڵح دەست پێ دەکات. دیارە دەستپێکی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەی ئۆپەرێت، جێگەی پرسیارە، لە هەمان کاتیشدا دەرگاکردنەوەی ئەدەبی کوردییە بە ڕووی هونەرە هاوچەرخەکانی جیهان و ئەزموونکردنی ڕێگە و شێوازی نوێیە بۆ دەربڕین لە کێشەکانی ژیان. بەم جۆرە، سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی و ئۆپەرێت هۆکارگەلێکن بۆ کۆتاییپێهێنانی باڵادەستیی شیعر وەکو تەنیا شێواز و ڕێگەیەک لە بەردەستی شاعیراندا بۆ ئەوەی بە هۆیەوە دیدگای خۆیان لەمەڕ بابەتەکان بخەنە گەڕ. دیارە پەنابردنی شاعیران

بۆ بەکارهێنانی تەکنیک و کەرستەکانی ئۆپەرێت، بەتایبەتییش لای (شێخ نووری شێخ ساڵح) بۆ نووسینی یەکەم دەقی شیعری شانۆیی، گونجانی تەکنیک و کەرەستەکانی ئەو هونەرەیە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەتییش لە ڕووی ئاواز و گۆرانییەوە، کە زیاتر گوێگر بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە. لێرەوە دەتوانین چەند هۆکارێک دەستنیشان بکەین، کە لە سەرهەڵدانی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا ڕۆڵیان هەبووە:

-1 بەو پێیەی کە ئۆپەرێت لە ڕووی نواندنەوە دەچێتە خانەی شانۆگەریی گۆرانیئامێز، بۆیە سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا پەیوەستە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆ کە ڕێگەخۆشکەرێک بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت.


-2 دامەزراندنی قوتابخانە فەرمییەکان، هۆکارێکی سەرەکی و زەمینەیەکی بەپیت بوون بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت، چونکە لە لایەکەوە ئەو قوتابخانانە ڕۆڵی هۆڵی شانۆییان لەو سەردەمدا دەگێڕا کە نەک هەر قوتابی و مامۆستا، بەڵکو خەڵکانی دەرەوەش بۆ بینینی نمایشەکان دەهاتن. لە لایەکی دیکەشەوە، قوتابیان و مامۆستایان خۆیان وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر بەشدارییان لە نواندنیدا دەکرد. بۆیە دەبینین کە یەکەم نمایشی ئۆپەرێتی کوردی لە نێو قوتابخانەدا بووە.

-3 پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و ڕزگاربوون لە کۆتوبەندەکانی کلاسیکییەت و هەنگاونان بەرەو فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و سەردەمییانە و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی (هیجا)، شیعریان زیاتر لە ڕۆحی سەردەم نزیک کردەوە و شاعیریش دەستکراوەتر بوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی خۆی، ئەمانەش یارمەتیدەرێک بوون بۆ دەستکراوەیی شاعیر لە نووسینی ئۆپەرێتدا.

-4 سەرهەڵدانی سروود،1 هەر لەو سەردەمەدا سروود وەکو ژانرێکی شیعریی نوێ سەری هەڵدا، کە بریتییە (لە شیعرێکی لیریکی بەزمانێکی ئاسانی ئەوتۆ کە بکرێتە گۆرانی یان زوو بەزوو ئەزبەر بکرێت بۆ منداڵان و قوتابیان، ئەمەش بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە بەرزە ئەخلاقییەکان و شانازییە نەتەوەییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگارییەکان).2 ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت، چونکە سرود و ئۆپەرێت لە ڕووی مۆسیقییەوە یەکدەگرنەوە، هەردووکیان پێویستیان بە ئاوازدانان و گوتنەوەی، جا چ بە شێوەی تاک و لە لایەن گۆرانیبێژ یاخود بە شێوەی کۆرس بێت، تەنانەت زۆرێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمە بەرهەمی ئۆپەرێتەکانیان لەگەڵ بەرهەمە سرووودەکانیان تێکەڵ دەکرد. هەروەها لێکۆڵەرەکانیش لە کاتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی شاعیراندا، گەلێک جاران سروود و ئۆپەرێتەکانیان لە بەشێکدا کۆ دەکردەوە و بەیەکەوە دایان دەنان. بێگومان ئۆپەرێت لە ڕێگەی سروودەوە کەناڵێکی گرنگی دۆزییەوە بۆ چوونەپێش و گەشەکردنی.

-5 ئۆپەرێت بە سروشتی خۆی لە چاو ئۆپێرادا سادەترە، بە هۆیەوە شاعیران زیاتر دەسەڵاتیان بەسەردا شکاوە و لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی نواندنەوەش وەکو ئۆپێرا قورس نەبووە، تەنانەت کەسێکی دەنگخۆش و بە ئاوازێکی سادە دەیتوانی دەقەکە بە گۆرانی بڵێتەوە. ئەم سادەییەی ئۆپەرێت لە نووسین و نواندندا بووەتە هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی، پێچەوانەی ئۆپێرا، کە کاری نووسین و نواندنی قورسە و لەبەر ئەو هۆکارەش یەکەم کاری ئۆپێرای کوردی هەرەسی هێناوە.

-6 خودی شاعیرەکان خۆیان ڕۆڵیان لە





**١ فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، ل ٨٧.**

**٢ سروود ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تازەکردنەوەی سیستەمی کێش و سەرواى شیعری کوردیدا، سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتییش کە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی هەموو بەیانیان سروودی تورکییان دەخوێندەوە. ئەمەش کاری کردە سەر شاعیرانی کورد و هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەو سروودە تورکییانەیان دا. عەبدوڵڵا زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨) ئەو شاعیرە بوو کە لەسەر دەستی ئەو سروود وەکو ژانرێکی شیعریی نوێ هاتە نێو ئەدەبی کوردی و لە ڕێگەی ئەو سروودانەی کە بۆ منداڵان و قوتابیان دایناون، سەرەتاکانی ئەدەبی منداڵانی کوردی دامەزراند.**

بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردیدا گرنگ بووە، چونکە ئەو شاعیرانە خاوەن بەهرەی ڕەسەن و زەمینەیەکی ڕۆشنبیریی پتەو و بەرفراوان بوون، هەروەها بە هۆی زانینی زمانی بیانی و شارەزابوون و بەدواداچوونی باری ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی دراوسێ، هەستیان بە پێویستبوونی ئەو جۆرە هونەرانە لە نێو ئەدەبی کوردیدا کردووە و ئارەزووی ئەوەیان کردووە کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دیکە، خاوەنی چەندین جۆرە هونەر بێت، لەم بارەشەوە هەوڵیان داوە و چەندین ژانری دیکەیان هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

7- وەرگێڕان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە ناساندنی ئۆپەرێت وەکو هونەرێکی هاوچەرخ گێڕا. بەتایبەتییش کە ڕووناکبیرەکانی ئەو سەردەمە، کە زمانە ئەورووپییەکانیان دەزانی، دەستیان بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا کرد و لە سەر ڕووپەری ڕۆژنامەکانی ئەوسا بڵاویان دەکردەوە (وەرگێڕان لە مێژووی درامای کوردی و گەشەسەندنیدا ڕۆڵێکی گرنگی دیوە، جا وەرگێڕانی دەقەکانی درامای عەرەبی و جیهانی بووبێت یا وەرگێڕان لێکۆڵینەوە و باسی ئەدەبی بووبێت کە تایبەت بووە بە ئەدەبی دراما. ئەو وەرگێڕانانە بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە ئەو ئەدەبەیان بە کورد ئاشناتر کردووە و کاریشیان کردووەتە سەر ڕەوتی گەشەسەندنی دراما)3 و هەر لە منداڵدانی ئەم بزووتنەوەیەی وەرگێڕانیشدا ئەو ژانرە نوێیە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە.

8- دەقی شیعری ئۆپەرێت بە هۆی ئاوازبۆدانانی، بە ئاسانی و بەبێ گریوگۆڵ لە لایەن ئەکتەرەکانەوە لەبەر دەکرێن و لەبەرکردنیان خۆشترە، بەتایبەتییش کە ئەو سەردەمانە ئەکتەرەکان مامۆستایان و قوتابیان خۆیان بوونە و دەقی شیعری ئاوازدار بۆ تەمەنێکی بچووکی وەکو ئەو قوتابییانە بۆ لەبەرکردن زۆر ئاسان و شیاو بووە. ئەمەش بە یەکێک لەو فاکتەرانە دادەنرێت کە بە هۆیەوە یەکەم دەقی شیعری بە شێوەی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا لەدایک بووە.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە پاڵپشت و هاندرێک بوون بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت وەکو فۆرمێک






شێخ نووری

٣ سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٤٤.

لە فۆرمەکانی شیعری شانۆیی. بەم شێوەیە، یەکەم دەقی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ساڵی 1925دا بە ناونیشانی (ئینتیباە)4 لەدایک دەبێت. (مەحمود زامدار) لەم بارەیەوە لە (گۆشەی دەنگێ) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا دەڵێت: (لام وایە ئەمە یەکەم دەسپێشکەری و یەکەم ئۆپەرێتی کوردییە، کە بەشیعر نووسرابێتەوە).5 دووبارە (مەحمود زامدار) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی)، جەخت لەسەر ئەم ڕایەی خۆی دەکاتەوە و پێی وایە ( کە یەکە هەوڵێ -بە بۆچوونی من- کە وەکو بەڵگەنامەیەکی نووسراو، بۆمان مابێتەوە، ئۆپەرێتی (دلاوەران)ە، کەلەساڵی 1930 و بەخامەی (ع.نووری) نەمر نەخشەی کێشراوە، کەخۆی لەخۆیدا، نیشانەیەکی سەوزی وەچەی یەکەمی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیمانە).6 (ئازاد عەبدولواحید)یش لە ساغکردنەوە و کۆکردنەوەی دیوانەکەی (شێخ نووری شێخ ساڵح) دا، (ئینتباە) بە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: (ئەمە یەکەم دەستپێشخەرییە لە بزووتنەوەی هونەری ئۆپەرێتدا).7

ئەم ئۆپەرێتە لە بنچینەدا ئامادەکردنێک بووە لە دەقی ئۆپەرێتێکی فڕەنسی کە لە ژمارە (21)ی ڕۆژنامەی ژیانەوە) ساڵی (1) ، (24)ی شەعبانی (1343)، (19)ی مارتی 1925دا و پاشماوەکەی لە ژمارە (22)ی ساڵی (1)، (1)ی ڕەمەزانی (1343)، (26) مارتی (1925) بڵاو کراوەتەوە، کە بە ناوی ( ئینتیباە)ەوە بە پەخشان نووسراوە و لە لایەن مـامۆسـتا (مەحموود جەودەت)ەوە کراوە بە کوردی. مەحمود جەودەت لەم بارەیەوە دەڵێت: (بینائەن عەلەیهی دەرحەق ئەم گۆرانییە کە ناوی (گۆرانی عەزیمەت)ە نەختێ **عەرزی مەعلوومات بەلازم ئەزانم، ئەم گۆرانییە لە** تەرەف ژنە فرانسزێکەوە، کەناوی (ماری ژوزەف شەنی) یەوە وتراوە و لەناو فرانسزەکاندا بووە بە گۆرانییەکی زۆر مەرغوب و مەشهوری میللی)8، دانانی ئەو ئۆپەرێتە، کە بە شێوەی پەخشانە، لە لایەن (ماری ژوزەف شەنی)یەوە بوو، بە بۆنەی شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە بوو و ناوبانگێکی گەورەی لە فەڕەنسا و دەرەوەیدا بە دەست هێنا (کەهۆنراوەکە کرا بەگۆرانی و لەشێوەی (لاساییکردنەوەی بەگۆرانی)دا، پێشانی نەتەوەی فەرەنسە درا، لەهەموو لایەکەوە خۆشەویستی و ڕێزیان بەرامبەر گۆرانییەکە و خاوەنەکەی پێشان دا، کە بەهۆی ئەوەوە ناوبانگێکی گەورەشیان دەستکەوت)9، مەحموود جەودەت مەبەستی لە وەرگێڕانی ئەو ئۆپەرێتە فەڕەنسییە ئاشکرا کردووە، لەو پارچە نووسینەی کە لە کۆتایی وەرگێڕانەکەیدا وەکو ڕوونکردنەوەیەک دایناوە، داوای کردووە شاعیرێک ئەو پەخشانە بە شیعر بهۆنێتەوە و دەڵێت:

(عەرزی ئەسڵیشم ئەگەر یەکێ لە شاعیرەکانمان مەوزووعەکەی لا چا بوو بەزمانی خۆمان نەزمێ بفەرموێ، تاکو لە تەرەف مناڵەکانی مەکتەبەوە بەگۆرانی ببێژێ. لام وایە ئەم هیمەتە هەموو هاوخوێن و هاوزمانمان خۆشحاڵ دەکا).10

بۆیە شێخ نووری شێخ ساڵح وەک شاعیرێکی چالاک و نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی و

**٤ لە لایەن هەریەک لە ئازاد عەبدولواحید و ئەحمەد هەردی و محەمەدی مەلا کەریم و شاکر فەتاح، لە دوای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی زۆری نێوانیان لە سەر ڕووبەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و هەروەها لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا، بە بەڵگە ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئەم ئۆپەرێتە لە نووسینی شێخ نووری شێخ ساڵحە، نەک بێخودی شاعیر، بەتایبەتییش ئازاد عەبدولواحید لە دیوانەکەیدا زۆر بە چڕی و بە قووڵی چووەتە بنجوبنەوانی ئەو مەسەلەیەوە و بیروڕای هەموانیشی بڵاو کردووەتەوە و بە بەڵگەوە یەکەبەیەکەیانی شی کردووەتەوە و لە ئەنجامیشدا کێشەکەی یەکلایی کردووەتەوە و ئەوەی ساغ کردووەتەوە کە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەسەر دەستی (شێخ نووری شێخ ساڵح) لەدایک بووە.**

**٥ محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر (گۆشەی دەنگێ)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٣٥٥) لە ١٩٧٧/٢/١٦، ل ٥.**


**٦ محمود زامدار، دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی. ل ١٥٥. دەبێ مەحمود زامدار مەبەستی (م. نووری) بێت کە دەکاتە حەمەنووری، واتا شێخ نووری شێخ ساڵح، چونکە (ع. نووری) کورتکراوەی ناوی عەبدولواحید نوورییە. ئەمەش لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ.**

**٧ ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ب١، دەزگای ئاراس، چ٢، ٢٠٠٨،ل٦٠.**

**٨ محمود جەودەت، انتباه، ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (٢٢)ی ساڵی (١)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥). ل٢.**

**٩ سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، ل ٣٠١.**

**١٠ محمود جەودەت، انتباه، ل ٢.**



هەستکردنی بەداهێنان و گەشەپێکردنی ژانری نوێ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بە تەنگ داوایەکەی (مەحموود جەودەت)ەوە چووە و ئەو بەرهەمە بە پەخشان وەرگێردراوەی کردووە بە شیعر. هەر لەو ساڵەدا کە مەحموود جەودەت وەرگێڕانەکەی تێدا بڵاو کردووەتەوە، بۆ یەکەم جار دەقی شیعریی ئەم ئۆپەرێتە لەگەڵ کۆمەڵە دەقە شیعرێکی دیکەدا، کە ژمارەیان دەگەیشتە (20) دەق، لە نامیلکەیەکی (15) لاپەڕەییدا، لە ساڵی (1925) لە چاپخانەی شارەوانیی سلێمانی بە ناوی (گۆرانی کوردی) بڵاو کراوەتەوە و لەسەر بەرگی ناوەوەشیدا نووسراوە (لەسەر ئەمری عالی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداری چاپکراوە) دیارە، کە موتەسەریفی ئەوکات ( ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) بووە کە ئاشنا و دۆستی شێخ نووری شێخ ساڵح بووە و ئەو بەرهەمەی بۆ لە چاپ داوە. ئەمەش دوای ماوەیەکی یەکجار کەم لە دوای بڵاوبوونەوەی شیعرە بە پەخشان وەرگێردراوەکە. لە ساڵی (1928)دا بۆ جاری دووەم لە لایەن کەریم بەگی سەعید بەگ، کە بە (کەریم زانستی) ناسراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک سروود و گۆرانی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ، (کوردی و مەریوانی) لەسەر ئەو پێودان و ڕێوشوێنە لە ساڵی (1932)دا نامیلکەیەکیان هەر بە ناونیشانی (گۆرانی کوردی) لە چاپخانەی (الایتام) لە چاپ داوە و دەقی شیعریی ئۆپەرێتی (ئینتبیاە) یشیان لە نامیلکە چاپکراوەکەی ساڵی (1925) وەرگرتووە و سەرلەنوێ لە (گۆرانی کوردی)یەکەی خۆیاندا لەگەڵ چەند گۆرانی و سروودێکدا



شێخ نووری


کە ژمارەیان دەگاتە (65) سروود و گۆرانی، بڵاویان کردووەتەوە و ناوەکەشیان لە (ئینتیباە) ەوە کردووە بە (دلاوەران)، لە ڕاستیشدا دلاوەران لە نامیلکەی یەکەمدا دەستەی یەکەمن. هەروەها لە ساڵی (1934)دا دەقی شیعریی ئەو ئۆپەرێتە لە (دیاری لاوان)دا بڵاو کراوەتەوە.11 بەمەش دەقی شیعریی یەکەم ئۆپەرێتی کوردی چوار جار لە دووتوێی کتێب و گۆڤارەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

لە ڕووی نواندنەوە، دوای دوو ساڵ لە پاش نووسینی دەقە شیعرییەکە، واتە لە ساڵی (1927) دا، بۆ یەکەم جار ئەم دەقە لە قوتابخانەی فەیسەڵییە نمایش دەکرێت و قوتابیان و مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە وەکو ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. (شاکر فەتاح) یەکێک بووە لەو قوتابییانەی کە بەشداریی لە نواندنی ئەو ئۆپەرێتەدا کردووە و دەڵێت:

(لە هاوینی ساڵی 1927دا، ئەم گۆرانییە، لەشێوەیەکی شەنگ و شۆخدا و بەجلوبەرگ و چەک و ڕوخسارێکی کوردانەوە، لەسەر شانۆی خوێندنگاکەمان، لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تری لاسایی کردنەوەدا، بەگۆرانییەوە لاسایی کرایەوە. مامۆستا (فوئاد ڕەشید) و کاک (کەریم سەعید) لەو لاساییکردنەوانەدا بەشداربوون، گۆرانی (أنتباە)ەکە، کە لەلایەن جەماوەرانەوە زۆر پەسەند کرا. من خۆیشم یەکێک بووم لەو شاگردانەی کە دەستەی منداڵانیان پێکهاتبوو، وەک دێتەوە بیرم فەرمانبەرە گەورەکان و پیاوە ناودارەکانی شاریش بۆ ئەو ئاهەنگە هاتبوون. لاساییکردنەوەکانیش تا سێ شەو دووبارە کرانەوە. بەپارەی ئاهەنگەکان گەلێک ئامێری فوویی و ساز و ئاواز و کەلوپەلی دیدەوانی و وەرزشی پێ کڕا، لەگەڵ دەستگیرۆیی کردنی شاگردە هەژارەکان لە دروستکردنی جلوبەرگی دیدەوانی و وەرزشدا).12

11 ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل ٦٠. هەروەها: ئەحمەد هەردی، شیعری ((دلاوەران)) هی ((شێخ نووری))یە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٩٣) لە ١٩٨٨/٧/٢١، ل ٨.

١٢ سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل ٣١٠-٣١١.



وەکو دیارە، یەکەم ئۆپەرێتی کوردی، لە نمایشکردنیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە و خەڵکانی شار لە هەموو چین و توێژەکان ڕوویان لە قوتابخانەکە کردووە و لە داهاتی ئەو نمایشکردنەش یارمەتیی قوتابخانە و قوتابییە هەژارەکان دراوە. ئەو نمایشکردنە بە سەرپەرشتیاریی هەر یەکە لە (ساڵح قەفتان و زێوەر و مەلا سەعید کابان و عەلی ئاگا و فوئاد ڕەشید و مستەفا سائیب و عەبدولواحید مەجید) بوو.13 (شێخ نووری شێخ ساڵح)یش سەرەڕای ئەوەی کە دەقە شیعرییەکەی هۆنیبووەوە، هەر خۆشی قوتابیانی قوتابخانەکەی لەسەر ڕەوانکردنی شیعرەکە و نواندنی پرۆڤە پێ دەکردن. شاکر فەتاح لەم بارەیەوە دەڵێت: "من قوتابی لە قوتابخانەی ( فەیسەڵییە) کە شێخ نووری شێخ ساڵح خۆی هات و ئەم شیعرەی پێ لەبەرکردین و من یەکێک بووم لەناو کۆرسەکان، کە بەشداربووم لە ئەداکردنی ئەم ئۆپەرێتەدا، شێخ نووری بەدەنگی خۆی، کە دەنگێکی تا بڵێی نایابی هەبوو بە ئێمەی ڕەوان کرد).14 هەروەها (عەبدولقادر قەزاز)، کە یەکێک

١٣ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٣١١.

١٤ ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ل ٥٩.

بووە لەوانەی ڕۆڵیان لە نمایشکردنی یەکەم ئۆپەرێتی کوردیدا بینیوە، دەڵێت: (من یەکێک بووم لەوانەی بەشداری ئەم ئۆپەرێتەم کردووە، لەساڵی(1927) لە سلێمانی قوتابی پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئیبدائی بووم لە قوتابخانەی (فەیسەڵییە) لەگەڵ مامۆستا ( شاکر فەتاح) بەیەکەوە بووین، شێخ نووری خۆی هات و پەراوەی پێکردین، من یەکێک بووم لەوانەی تەمسیلی دەستەی کورانم دەکرد).15 لە ساڵی (1954)یشدا، بۆ جاری دووەم ئەم ئۆپەرێتە لە شارۆچکەی شەقڵاوە بە سەرپەرشتیی خودی شاکر فەتاح16 نمایش کرایەوە، لەم ڕووەوە شاکر فەتاح خۆی دەڵێت: (لەساڵی 1954دا کە لە شەقڵاوەدا جێنشین بووم، لەسەر دەستی (دەستەی لاساییکردنەوەو سازو ئاوازی یانەی شەقڵاوە)دا، گۆرانی (أنتباه)م زیندووکردەوە لەگەڵ چیرۆکێکی تردا، کە ناوی:

١٥ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٦٥.

١٦ شاکر فەتاح جیا لە بەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی لە کاری نمایشکردنیدا، ئەو ئۆپەرێتەی لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دیکەدا، بە شێوەی سروود و لە ساڵی ١٩٧١دا لە شاری سلێمانی لە کۆڕێکی گەورەی جەماوەری بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە و گوتوویەتیەوە. هەروەها دیسان لە ساڵی ١٩٧٤دا هەر بە شێوەی سروود لە بەردەم ئامادەبوانی کۆڕێکی ئەدەبی جیهانی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لەگەڵ چەند دەقی چەند گۆرانییەکی دیکەدا بە دەنگی خۆی تۆماری کردووە و گوتوویەتیەوە. بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل ٣٠١-٣١٧.

(دادگاهی سەرچنار) بوو و خۆم دامنابوو، لەسەر شانۆی یانەکە، بە ئاهەنگ و بەزمێکی پڕشنگدارەوە، لەبەردەم دانیشتوانی شاری شەقڵاوەدا لاسایی کرایەوە. گۆرانییەکە و لاساییکردنەوەی بایەخی زۆر پێ درابوو، تەماشاکەرانی ئەو شەوە زۆر پێی گەشکەدار بوون).17

لە ڕووی ئاوازیشەوە، دیارە ئەوکات لە ژێر کاریگەریی سروود و ئاوازی فارسی و تورکی و عەرەبیدا هەوڵ دراوە کە کوردیش وەکو ئەوان خاوەنی سروود و ئاوازی خۆی بێت، بەتایبەتییش کە لە قوتابخانە فەرمییەکاندا سروود و ئاوازی تورکی بە منداڵان و قوتابیانی کوردی لەبەر دەکرا و دەگوترایەوە، ئەمەش هۆکارێک و پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ ڕووناکبیر و شاعیرانی کورد بۆ ئەوەی بیر لە دانانی سروود و ئۆپەرێتی کوردی بکەنەوە، بەڵام لە ڕووی دانانی ئاوازەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی مۆسیقاوە کورد بەو شێوەیە پێشکەوتوو نەبووە و کەسانی تایبەتمەند بە بواری ئاوازدانان نەبوونە، بۆیە کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی ئاوازی فارسی و عەرەبی و تورکییەوە و لەوانیان وەرگرتووە و لە قاڵبێکی کوردیدا دووبارە دایان ڕشتووەتەوە، وەکو (مەحمود زامدار) ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە و دەڵێت: (زۆربەی ئەو سرودو گۆرانیانە لە ئاواز و ئیقاعاتی تورکی و عەرەبی و فارسی وەرگیراون و (کوردێنراون)).18 لەم چوارچێوەیەشدا، ئاوازی یەکەم دەقی ئۆپەرێتی کوردی، لە



ئاوازێکی ئۆپێرایەکی فارسی وەرگیرابوو، (گۆران)ی شاعیر لە پێشەکیی یەکێک لە شیعرەکانیدا کە بە ناوی (داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین)ە، ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێت: (ئەو گۆرانییەی بەهاوکاری خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و شاعیری تەڕو پاراو (م. نووری)ی سلێمانی پێکهات:

((ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین))

ئاوازەکەی لەسەر پارچەک لە ئۆپەرای ((رستاخیز شهریاران ایران)) دانراوە کە هیی خاوەندی تەرجومە عیشقییە19، پارچەکە ئەمەیە:

دیشب کەمرا وضع وطن در نظر آمد

دیدم کەزنی باکفن از قبر در آمد20

ئەحمەد هەردی شاعیر لەبارەی ئاوازدانان بۆ سروود و ئۆپەرێت، پێی وایە کە ئاواز بە دوو شێواز دادەنرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە ئاوازدانەرێک شیعرێک دەخوێنێتەوە و کاری تێدەکا و ئاوازێکی بۆ دادەنێت، دووەمیشیان پێچەوانەیە، کاتێک شاعیرێک ئاوازی سروودێکی بە دڵ دەبێت و ئینجا دێت شیعرێک یاخود چەند وشەیەکی ڕێکوپێک لەسەر ئەو ئاوازە دادەنێت. لەسەر ئەم بنچینەیەش، ئاوازدانان بۆ ئۆپەرێتی ئینتیباه بۆ ڕێگەی دووەم دەگەڕێنێتەوە، واتە شێخ نووری شێخ ساڵح لە پێشدا ئەو ئاوازەی بیستووە و کاری تێکردووە و فێری بووە، ئینجا هاتووە دەقی شیعرییەکەی لەسەر ئەو ئاوازە داڕشتووە. پێشی وایە کە ئەوەی ئاواز بەم شێوەیە دادەنێت، دەبێت دوو سیفەتی تێدا بێت، یەکێکیان دەبێ شارەزایی لە مۆسیقادا هەبێت، وەکو دەڵێن خاوەن گوێیەکی مۆسیقی بێ تا کەمترین گۆڕان لە ئاوازەکەدا هەستی پێ بکرێت. لەم ڕووەشەوە شێخ نووری شارەزایی لە زۆربەی مەقامە فارسی

---

**١٧ سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل ٣١٣.**

**١٨ محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر، ل ٥.**

**١٩ (عیشقی) شاعیرێکی لێهاتووی ئێران بوو، لە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبی ئێراندا ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە، بەتایبەتی شیعرە سیاسییەکانی کە خاوەن سیمایەکی ڕەخنەیی زۆر بەهێز بوون، بۆیە کاربەدەستانی ئێرانی بۆیان قبوڵ نەدەکرا، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی ڕەزا شای ئێران لە کردەوەیەکی نهێنیدا و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا کوشتی، بڕوانە: دیوانی گۆران، چاپی دووەم. ل ٣٥٧.**

**٢٠ دیوانی گۆران، چاپی دووەم. ل ٣٥٧.**

و کوردییەکاندا هەبووە. دووەمیشیان دەبێ خاوەن دەنگێکی ناسک و خۆش بێت، واتە تا ڕادەیەک بەسەر قوڕگ و دەنگیدا زاڵ بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو گۆڕان و بەرزونزمییەکی ئاوازەکە بەبێ هەڵە بڵێتەوە. دیارە شێخ نووری لەم بوارەدا خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و خۆش بووە.21 ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی شێخ نووری دەسەلمێنێت، بەتایبەتییش نووسینی ئەو شیعرە و کردنی بە شێوەی ئۆپەرێت خۆی لە خۆیدا بیرۆکەیەکی نوێ بووە لە نێو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا. لەم بارەیەوە ئازاد عەبدولواحید ڕای وایە کە ئەو شارەزایی و دەنگخۆشییەی شێخ نووری بەڵگەن بۆ زانین و شارەزابوونی شێخ نووری لە هونەری ئۆپەرێت (شێخ نووری کەمامۆستا نەبووە، بەڵکو فەرمانبەری خەزێنەی سلێمانی بووە، خۆی چووەتە قوتابخانەو هانی قوتابییەکانی داوە کار شانۆیی بکەن و هەر خۆشی بەدەنگی خۆی ئاوازەکەی لەناو پۆل بۆ گوتوونەتەوە و خەڵکی بۆ هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی تەمسیل بکەن و پرۆڤەی پێکردوون، واتە خەمی بە شانۆکردن و ئۆپەرێتکردنی ئەو شیعرە، خەمێک بووە بەشارەزاییەوە کردوویەتی، بۆیەش گرنگی داوە بەوەی کە ئاوازیشی بۆ دابنێ و بچێ لە قوتابخانەکانیش خەڵکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵانە ئەدا بکەن).22 بەم شێوەیە، یەکەم ئۆپەرێتی کوردی ڕووناکیی بینی و لەدایک بوو.

---

٢١ ئەحمەد هەردی، شیعری ((دلاوەران)) هی ((شێخ نووری))یە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٩٩٣) لە ١٩٨٨/٧/٢١، ل ٨.

٢٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگای گۆڤاری (ڕامان)، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی (٢٠١٠/٢/١٤).

# شێخ نوریی شاعیر وەک ڕەخنەگری گوتاری پیاوسالاری

شاهۆ (عەبدولخالق) یەعقووبی

گوێم لەناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیرو بەسۆز ئەیوت دڵی ئەتوانەوە
دەنگ و ڕەنگی وا نەبیستراوە و نەبینراوە لە کەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیوت ئەم ڕووپۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشیوین و بەس
روبەرووی خۆمان حقوقی نایەنە ناو نسیانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەربەستی حەقێ داوا بکەین
بۆ بەشی خۆمان بچینە ساحە و مەیدانەوە
ئەووەڵ و ئاخر خەتای ئەم ڕووڕەشەی ڕووپۆشە بوو
بوو بە مانیعمان نەچووینە کۆمەڵی پیاوانەوە
دایگرن توخودا فڕێیدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژێ ڕوو ئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە
زوڵمی ئەم غەددارە بوو حوکمی موساواتی نەهێشت
جینسی ئێمەی خستە حاڵێکی لەپیاو پاڕانەوە

شێخ نووری شێخ ساڵح، ١٩٤١




لەم شیعرەدا، شێخ نووری لە زمانی کچێکەوە سکاڵا لە دۆخی ژنبوون و ژنانەبوونی ژیانی ژنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات. لە ڕوانگەی ئەم کچەوە (کە هەمان ڕوانگەی شێخ نوورییە)، یەک لە بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی گەشەکردنی کەسایەتی و ژیانی ژن ڕووپۆشە. لە دیدی ئەم کچەوە، ڕووپۆش نەک هەر ڕوخساری ژن دادەپۆشێت، بەڵکو مافی ژنیش پەردەپۆش دەکات. بە وتەیەکی تر، ڕووپۆش هەم ڕواڵەت و بوونی فیزیکیی ژن دەسڕێتەوە، هەمیش ماف و کەسایەتیی ئینسانیی ژن دەخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە. لە لایەکی ترەوە، سەپاندنی ڕووپۆش بە سەر ڕوخساری ژندا هەم لە ئامادەنەبوونی ژن خۆیەوە لە مەیدانی داواکاریی مافی ئینسانیی خۆی ئاو دەخواتەوە، هەمیش وا لەم ڕەگەزە ژێردەستەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەکات کە لەم مەیدانە بکشێتەوە و چیتر کێشە بۆ دەسەڵاتی ڕەهای ڕەگەزی پیاو نەنێتەوە. دواجار کچە (یان هەمان شێخ نووری) پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێویستە ئەم بەربەستە فڕێ بدرێت و چیتر ڕووی ژنی پێ دانەپۆشرێت، لەبەر ئەوەی ڕووپۆش دژی بەرامبەریی مافی ژن و پیاوە. بە تەعبیرێکی تر، ڕووپۆش ڕەگەزی ژن دەخاتە دۆخی ژێردەستی لە هەمبەر ڕەگەزی پیاو. دیارە ئەگەر لەم شیعرەدا "ڕووپۆش" بە هێما یان سیمبۆلی "نائامادەیی" ژن لە کۆمەڵگە لە قەڵەم نەدرێت، واتای شیعرەکە زۆر بەرتەسک و تاکڕەهەندی دەبێت و داواکاریی شاعیر فرە بچووک دەکرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە، "ڕووپۆش" بۆی هەیە لە واتای هێمایی خۆیدا بە واتای سەرلەبەری ئەو بەربەستە مادی و مەعنەوییانە بێتە ئەژمار کە ژن لە چالاکبوون لە هەمبەر ماف و چارەنووسی خۆی دەخات. کەواتە، ژن بە داپۆشینی ڕوخساری خۆی لە ڕێگەی ڕووپۆشەوە جەستەی خۆی لە کۆمەڵگەدا نیشاندار دەکات، نیشانی ئەوەی من ژنم و پێویستە سنوورێکی دیاریکراو بۆ نمایشی جەستە و بوونم هەبێت. هەروەتر، ئەم داپۆشینە

بە واتای ئەوە دێت کە غیابی جەستە و بوونی ژن لەبەر مەترسیی پێکدادانی نێوان جەستەی ژن و خواستی پیاودایە، کە ئەگەری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە، بە تەعبیرە نەریتە شەرعییەکەی، گوناهێک سەرهەڵبدات، یان بە تەعبیرە نەریتییە خێڵەکییەکەی، ناموسی پیاو بکەوێتە بەردەست و چاوی نەیار. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەمەیە کە تێگەیشتنی کچی ئەم شیعرە لەم خاڵانە ئەنجامی وریابوونەوەیەکی مەعریفی یان مەعنەوی نییە ئەوەندەی ئاکامی هەست و سۆز و عاتیفەی ژنانەیە:

گوێم لەناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە<br>
وا بە تەئسیرو بەسۆز ئەیوت دڵی ئەتوانەوە<br>
دەنگ و ڕەنگی وا نەبیستراوە و نەبینراوە لە کەس<br>
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە

هەڵبەت ئەم حاڵەتە خۆی لە ئەمری واقیعی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوەی ڕاستی بێت، تا هەنووکەش زەحمەتە بڵێین ڕەگەزی مێی کۆمەڵگەی کوردی لە ئەنجامی ڕاسانی مەعریفی و ئاگاداریی ناخەکییەوە بەوە گەیشتووە کە پێویستە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی "ڕووپۆش"ەکانی وجود و وجودی خۆی تووڕ هەڵبدات. ئەوەی لە بواری فێمینیزمی کوردیدا کراوە و دەکرێت، زۆرتر پەرچەکرداری کورتخایەن و کەمبڕشت بووە تا کرداری درێژماوە و پڕکاریگەری. لەم ڕووەوە، شێخ نووری ناخودئاگایانە ڕووی ڕاستی داخوازیی ژنی کۆمەڵگەی کوردیی وێنا کردووە کە بریتییە لە هاتنە نێو بابەتەکانی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگەی سۆز و عاتیفەوە، نەک هزر و ئەندێشەوە. خاڵی سەرنجڕاکێشی دووەم ئەوەیە کە ڕووی ڕەخنەی کچی ئەم شیعرە لە پیاو نییە ئەوەندەی ڕووی لە خودی "ڕووپۆش"ەکەیە. وەک بڵێی بەکارهێنانی ڕووپۆش پتر لەوەی حوکمێکی پیاوانە بێت (چ حوکمی پیاوی شەریعەت، چ پیاوی خێڵ)،





خواست و هەڵبژاردنی ژن خۆیەتی:
ئەووەڵ و ئاخر خەتای ئەم
ڕووڕەشەی ڕووپۆشە بوو
بوو بە مانیعمان نەچووینە کۆمەڵی
پیاوانەوە

ئەم حاڵەتەش هەمیسان نیشاندەری ئەمری واقیعی زەینیەتی ژنی کوردە کە سیخناخە بە شێوەتیفکرینی پیاوانە. ژنی ئەم شیعرە بەتایبەتی و ژنی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بە چاوی گوتاری باو و باڵادەستی کۆمەڵگەکەی، کە چاوی گوتاری پیاوسالارییە، لە خۆی و جیهانی دەوروبەری دەڕوانێت. لە ڕاستیدا ڕووپۆش خۆی بۆی هەیە کەرەسەیەک بێت لە کەرەسەکانی گوتاری پیاوسالاری و بۆ بچووکردنەوەی بازنەی بیر و جووڵەی ژن بێت (دیارە ئەگەر ڕووپۆش لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ژن خۆی لەسەر بنەمایەکی مەعریفی یان مەعنەوی بێت، ناشێت وەک کەرەسەی گوتارێکی ئەوتۆ بێتە ئەژمار). گوتاری پیاوسالاری لە ڕێگەی کەرەسەکانی خۆیەوە، کە زۆر جار واتایەکی پیرۆزیشیان پێ دەبەخشێت، پێگەی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر دەکات و دواجار قازانجی مادی و مەعنەویی خۆی لەسەر حسێبی بێبەریکردنی لایەنی بەرامبەری (لێرەدا ژن) لە مافە ڕەواکانی خۆی دەستەبەر دەکات. کەواتە، "غەددار"ی ڕاستەقینە دژی ڕەگەزی ژن لەم بوارەدا بریتی نییە لە یەک لە کەرەسە چەوسێنەرەکانی گوتاری پیاوسالاری (ڕووپۆش)، بەڵکو خودی گوتارەکەیە کە تیۆری و پراکتیکی چەوسانەوەی ڕەگەزی ژن لە ڕێگەی ئەو کەرەسەیەوە دادەڕێژێت:

زوڵمی ئەم غەددارە بوو حوکمی موساواتی نەهێشت
جینسی ئێمەی خستە حاڵێکی لەپیاو پاڕانەوە

نەبوونی "حوکمی موساوات" و "حاڵەتی پاڕانەوە لە پیاو" لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕووپۆشەوە نییە ئەوەندەی حاسڵی جێبەجێکردنی حوکمەکانی گوتاری پیاوسالارییە.



لەم شیعرەدا شێخ نووری دەوری ڕەخنەگری گوتاری پیاوسالاریی کوردی دەگێڕێت (بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆمەڵایەتیی سەدەی بیستەمی کوردستان)، بەڵام ڕەخنەگرێک کە زۆر بە وردی بە ناخی دۆخی دەسەڵاتی ئەو گوتارەدا شۆڕ نەبووەتەوە. شێخ نووری لەبری ئەوەی (جا چ ناڕاستەوخۆ لە زمانی کچی شیعرەکەوە، چ ڕاستەوخۆ لە زمانی خۆیەوە) ڕمی ڕەخنەکانی ڕووی لە بنەما مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتی پیاوسالاری، بە ڕەهەندی شەرعی و خێڵەکییەکەیەوە، بێت، واتە ڕەخنەیەکی ئامانجتەوەر بێت، ئاڕاستەیەکی کەرەستەتەوەر بە ڕەخنەکانی دەدات و "ڕووپۆش" بە هۆکاری دواکەوتوویی چینی ژن لە قەڵەم دەدات. هەر بۆیە ڕەخنەی ئەو لەم شیعرەدا پتر لەوەی ناخی گوتاری چەوسێنەری پیاوسالاری بپێکێت، جەستەکەی دەکاتە ئامانج. لەوانەیە ئەم شیعرەی شێخ نووری شێخ ساڵح ببێتە خوازەیەک و لەم ڕێیەوە بکرێت بڵێین گوتاری هاوچەرخی ڕۆشنبیریی کوردی شەرمنانە ڕووبەڕووی گوتارە باڵادەستە چەوسێنەرەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت و بەپێی دۆخی سەردەمی خۆی، شێخ نووری شێخ ساڵح شایانی ئەوەیە وەک یەک لە ڕۆشنبیرە پێشەنگەکانی کوردستان لە بواری بەرگریکردن لە مافی ژن و دژایەتیی گوتاری پیاوسالاری بێتە ئەژمار.

**هەولێر، بەهاری ٢٠١٦**



# بیری پێشکەوتنخوازی لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ سالْحدا

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد



سەرەتایەک

پێویستە لە سەرەتادا چەمکی "بیری پێشکەوتنخوازی" لای شێخ نووری شێخ سالْح (1896-1958) ڕوون بکەمەوە، واتە مانای وشەی "پێشکەوتنخوازی" دیاری بکەم بەو پێیەی لەم باسەدا خراوەتە ڕوو. چونکە لە بنەڕەتدا ئەم وشەیە ئیحایە بۆ بیری چەپڕەوی و لە ڕاستیدا ئەم وشەیە لە نێوەندی بیری چەپەوە بەرهەم هێنراوە، بەڵام لەم باسەی ئێمەدا وشەی پێشکەوتنخوازی مانایەکی تر لەخۆ دەگرێت، ئەگەرچی زۆر دوور ناکەوێتەوە لە بیری چەپڕەوی. لێرەدا پێشکەوتنخوازی بە مانای نوێگەری و بیری ڕەخنەیی و بیری ناسیۆنالیستی بەکار هێنراوە، چونکە شێخ نووری شێخ سالْح لە

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بیر و ئەدەبی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە بڵاو کردووەتەوە، لەو کاتانەشدا شێخ نووری سەر بە هیچ حزب و ڕەوتێکی چەپگەرایی نەبوو، بەڵکو پتر هەڵگری بیری ناسیۆنالیستی بوو. بیری ناسیۆنالیستییش لە سەردەمی شێخ نووریدا بیرێکی پێشکەوتنخواز و نوێ بووە و لە سەرەتادا دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر بانگەشەیان بۆ کردووە.

لێرەدا شێخ نووری بەو مانایە پێشکەوتنخواز بووە کە بە بیرێکی ناسیۆنالیستییەوە داکۆکیی لە خواست و مافەکانی نەتەوەکەی خۆی کردووە و بە بیرێکی ڕەخنەگرانە هەژاری و دواکەوتوویی نەتەوەکەی خستووەتە ڕوو، هەروەها ڕەخنەی لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان گرتووە و هانی گەنجانی کچ و کوڕی کوردی داوە پتر هەوڵی زانست و هونەر بدەن بۆ پێشخستنی وڵات و نەتەوەکەیان وەک دواتر لە نموونەی شیعرەکانیدا دەری دەخەین.

کەواتە شێخ نووری لە سەردەمەکەی خۆیدا شاعیرێکی نوێخواز بوو، هەم لە ڕووی شیعری و هەم لە ڕووی فیکری و هەم لە ڕووی گیانی ڕەخنەگرانەوە، بەو پێیەی نوێخوازی لە فیکردا پێشمەرجی نوێخوازیی شیعرییە. لێرەدا شێخ نووری هەم لە شیعردا هەوڵی داوە شیعری کوردی بە ئاڕاستەی نوێگەریدا ببات، هەم بە بیرێکی نوێگەرانە و ڕەخنەگرانەوە هەوڵی داوە هوشیاریی نەتەوەیی بڵاو بکاتەوە و گەنجانی کورد لە زانست هونەر و مەعریفە نزیک بکاتەوە.

بەڵام ئایا سەرچاوە فکرییەکانی شێخ نووری چین؟ ئاخۆ گرنگترین سەرچاوە نوێگەرییەکانی شیعری ئەم شاعیرەمان لە کوێوە هاتوون؟ شێخ نووری لە کام سەرچاوەوە سوودی وەرگرتووە، بە چەشنێک ئاگایی کراوەتەوە و گۆڕانکارییەکی تری لە ناو شیعر و ئەدەبی کوردیدا دروست کردووە؟

سەرچاوە سەرەکییەکانی نوێخوازی لای شێخ نووری

شێخ نووری شێخساڵح ماوەیەکی ژیانی لە تورکیا بەسەر بردووە، بەشێکی منداڵی و گەنجیی لە ئیستانبوڵ گوزەراندووە و بە زمانی تورکی خوێندوویەتی. لێرەوە شێخ نووری لە نزیکەوە ئەدەبی تورکیی بە زمانی تورکی خوێندووەتەوە، بەتایبەتی ئەدەبی نوێخوازیی تورکیی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، واتە سەردەمی کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. کەواتە شێخ نووری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی شیعری نوێخوازیی تورکیی لەسەر بوو، لە ڕێگەی ناسین و ناساندنی ئەو نوێخوازییەوە هەوڵی داوە نوێخوازی لە نێو شیعری کوردیشدا بەرپا بکات.

شیعری تورکییش لەو کاتانەدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی نوێخوازی ئەوروپی، بەتایبەتی شیعری فەرەنسی و چیرۆک و ڕۆمانی ڕووسی، کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و وەرگێڕانی شیعری ڕامبۆ و بۆدلێر و مالارمێ لە سەرێک و ئەدەبی ڕووسی لە سەرێکی تر، شیعر و ئەدەبیاتی تورکی گۆڕانکارییەکی زۆری بە ئاڕاستەی نوێگەریدا بەسەردا هات، کەواتە شێخ نووری لێرەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی شیعر و فیکری ئەورووپییشی لەسەر بوو. بێگومان ئەم کاریگەرییەی ئەورووپا لەسەر کولتووری تورکی تەنها لە ئەدەبدا قەتیس نەکرابوو، بەڵکو ئەم کاریگەرییە درێژ دەبووەوە بۆ هەموو ئاستێکی سیاسی و فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەلارسازی و ئینجا هونەری و ئەدەبی.

واتە کاتێک بیر و ئەدەبی ئەورووپی و بەتایبەتییش شیعری فەرەنسی دەگوازرێتەوە بۆ نێو ئەدەبیاتی تورکی و دەبێتە مایەی بەدیهێنانی شۆڕشی شیعری و ڕاچەنینی کۆمەڵایەتی، دواتر ئەم کاریگەرییە بە سروشتی خۆی دەگوازرێتەوە بۆ نێو کولتوور و ئەدەبی کوردی و عەرەبی و فارسی و گەلانی تری ناوچەکە، ئەگەرچی ئەدەبی

عەرەبی، بەتایبەتی لە نێوەندی ڕۆشنبیریی میسریدا، لە لایەکی تر و لە ڕێگەی داگیرکردنی ناپلیۆن پۆناپارت بۆ میسر، گۆڕانکاریی مەزن بە خۆوە دەبینێت، بگرە لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا کۆمەڵگەی میسری دابڕانێک لەگەڵ کۆمەڵگەی کۆندا دروست دەکات و ئەم کاریگەرییە درێژ دەبێتەوە بۆ هەندێ لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی تریش، ئەمە وای لە هەندێ توێژەر و بیرمەندی عەرەب کرد کە پێشکەوتنە فیکری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بە "ڕێنیسانسی عەرەبی" ناو ببەن. شێخ نووری بە تەبیعەتی حاڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییەوە، ئەو بە تەنها نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەدەبی تورکی، بەڵکو ڕووی کردووەتە خوێندنەوەی "ئەدەبی فارسی و تەنانەت (مەهجەر) و (ئەپۆلۆ)ش کە بە شێوەیەکی کەم یا زۆر جێی سەرنجی شێخ نووری بووە".1 وەک ڕەفیق حیلمی دەڵێ، شێخ نووری جگە لە زمانی کوردی، زمانی تورکی و فارسی و عەرەبییشی زانیوە.٢



بزاوتە ئەدەبییەکانی سەردەمی عوسمانی


وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەدەبی تورکی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەریی شیعر و ئەدەبی ئەوروپی، لە دەرەنجامی ئەمەشدا چەندین بزاوتی شیعری و گۆڤاری ئەدەبی سەریان هەڵدا، دەشێت گرنگترین ئەو بزاوتە ئەدەبی و شیعرییانە ئەمانەی خوارەوە بن:

١- ئەدەبی سەردەمی تەنزیمات (واتە چاکسازی) کە لە ساڵی 1880دا دەست پێ دەکات، ئەم ڕەوتە ئەدەبییە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ئەوروپییەوە، بەتایبەتی ئەو دەمەی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و نووسەرانی تورک بەردەوام سەردانی فەڕەنسا و وڵاتانی تری ئەوروپا دەکەن، ئیدی دوای ئەوە چیرۆک و شانۆنامە و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی سەرهەڵدەدەن و بزاوتی ڕۆژنامەگەری پەرە دەستێنێت.

٢- ئەدەبیاتی نوێ یان ئەدەبی نوێ کە لە ساڵی 1896 بەدواوە ئەو نازناوە هەڵدەگرێت و تا ساڵی 1908 بەردەوام دەبێت، لەو سەردەمەدا گۆڤارێک دەردەچوو بە ناوی (سەروەتی فنون)، ئەم گۆڤارە پتر برەوی بە شیعری نوێ و ڕۆمان دەدا، شاعیری نوێخوازی تورکی تۆفیق فیکرەت (1867-1915) دەبێتە سەرنووسەری گۆڤارەکە، لەتەک شاعیرانی نوێخوازی دیکەی وەک جەناب شیهابودین (1870-1934) و جەلال ساهیر و عەبدولحەق حامید لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەژێر کاریگەریی شیعری فەڕەنسیدا، شیعری تورکیی نوێیان داهێنا.

٣- ئودەبای فەجری ئاتی 1909، ئەمیش بزاوتێکی ئەدەبی بوو، ململانێی لەگەڵ گرووپی یەکەم، واتە ئەدەبی نوێدا دەکرد، ئەمانە کاریگەر بوون بە ئەدەبی ئەوروپی و ئەدەبی خۆرئاوایی بەگشتی، گرنگترین ناوە دیارەکانی ئەم ڕەوتە بریتی بوون لە: جەلال ساهیر و فایق عەلی ئۆزانسوی و ئەحمەد هاشم و ئەمین بولانت.

٤- قوتابخانەی ئەدەبی نەتەوەیی کە "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی" ڕۆڵێکی گەورەی لە برەوپێدانی ئەو چەشنە ئەدەبەدا هەبوو، ئەم کۆمەڵەیە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسیدا دروشمی (ئازادی و برایەتی و یەکسانی)ی هەڵگرتبوو، ئەدیبان و شاعیرانی ئەم بزاوتە پتر کەسانی ناسیۆنالیست و پێشکەوتنخواز بوون، خەمی سەرەکییان بریتی



بوو له گەشەپێدان و نوێکردنەوەی زمانی تورکی، دیارترین نووسەرەکانی بریتی بوون لە نامیق کەمال و زیا پاشا و خالیده ئەدیب و شەمسەدین سامی، ئەمانە لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا پتر هانی ئازادیی ژن و چوونە قوتابخانەی کچان و خوێندەوارییان دەدا.٣

شێخ نووری شێخ ساڵح بە هۆی ئاگاداریی لەو بزاوتە شیعرییانە و لە دەرەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان، هەوڵی دا بە شێوازێکی جیاواز شیعر بنووسێت، واتە لە سەرەتادا شێخ نووری لە شاعیرانی بەر لە خۆی جیاواز نەبوو، بەڵکو لە نێو چوارچێوەی شیعری کلاسیکی یان شیعری تەقلیدیدا و لە نێو هەمان کەش و ڕیتم و عەرووزی شیعری کلاسیکیدا شیعرەکانی هۆنیوەتەوە، بەڵام پاش خوێندنەوەی ئەدەبی نوێی تورکی، بەتایبەتی شیعرەکانی تۆفیق فیکرەت و جەناب شیهابودین، ئیدی ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەردا هات، وەک چۆن شاعیرانی وەک توفیق فیکرەت و جەناب شیهابودین هەوڵیان داوە کێشی عەرووزی عەرەبی لەگەڵ زمانی تورکیدا بگونجێنن، شێخ نوورییش بە هەمان شێوە هەوڵی داوە کێشی عەرووز لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێنێت. دیسان وەک چۆن ئەو شاعیرانە بیری نوێخوازی و شیعری نوێیان بڵاو کردووەتەوە و ڕەخنەیان لە پاشکەوتوویی و دابونەریتی کۆمەڵگە گرتووە، شێخ نوورییش هەوڵی داوە لە شیعرەکانیدا نوێکاری بکات و فیکری پێشکەوتوو و نوێگەری بڵاو بکاتەوە، ڕەخنەی لە دیاردە کۆمەڵایەتییە پاشکەوتووەکان و نەریتی کۆمەڵایەتی گرتووە.

کاریگەریی تۆفیق فیکرەت و جەناب شیهابودین لەسەر شێخ نووری

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، شێخ نووری لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرە نوێخوازە تورکەکانی گۆڤاری (سەروەتی فنون)، هەوڵی دا فۆرمێکی تر لە نووسینی شیعری دابهێنێت، یان ڕاستتر، هەوڵی دا جۆرێکی تر لە کێشی عەرووزی بەکار بهێنێت کە لەگەڵ ڕیتمی زمانی کوردیدا بگونجێت، ئیدی لێرەوە کەوتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی وەک توفیق فیکرەت و جەناب شیهابودین. شێخ نووری شێخ ساڵح بە ئەندازەیەک سەرسام بوو بەو دوو شاعیرە، کە دوو کوڕی بە ناوی (جەناب) و (شیهاب)ەوە ناو ناوە.٤ هەروەها هەندێ شیعری توفیق فیکرەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە چەشنێک کە لە نێوان شیعری خۆی و شیعری تۆفیق فیکرەتدا ون بووە، لە سەرەتادا نازانرێ شیعری کامیانە،

بۆ نموونە، تۆفیق فیکرەت شیعرێکی هەیە بە ناونیشانی (گریە)، شێخ نوورییش شیعرێکی بە هەمان ڕوخسار و ناوەڕۆک نووسیوە بە ناونیشانی (ڕەخنە لە خۆ و سکاڵا) کە لە ڕاستیدا ئەمە دارشتنەوەی شیعری گریەیە بە زمانی کوردی، هەروەها تۆفیق فیکرەت شیعرێکی تری هەیە بە ناونیشانی (بەدەم ژیانەوە)، لای شێخ نووری شیعری (ژیانی ئادەمیزاد) لەدایک دەبێت. دیسان شیعری (فردا- بۆ گەنجانی ئەمڕۆ)ی تۆفیق فیکرەت لای شێخ نووری دەبێت بە شیعری (ئیستیقبال- بۆ تازەپێگەیشتووان)، ئەمە جگە لەوەی تۆفیق فیکرەت گەشتنامەیەکی شیعریی نووسیوە کە بریتییە لە دوانزە شیعر بەپێی دوانزە مانگی ساڵ، شێخ نووریش هەردوو شیعری (نیسان) و (بەهار)ی بە هەمان ڕیتم و ناوەڕۆک نووسیوە.٥


ئەم کاریگەرییە تەنها لە لای شێخ نووری نامێنێتەوە، بەڵکو شاعیرانی دیکەی وەکو (دڵدار) و (گۆران)یش لە ژێر کاریگەریی شیعری نوێی تورکیدا هەوڵی نوێکاری لە شیعری کوردیدا دەدەن، دواتر گۆران شیعری گەشتنامەکانی دەنووسێت، ئەگەرچی گۆران شیعری نوێی ئەوروپیی بە زمانی ئینگلیزییش خوێندووەتەوە و کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی ئینگلیز.



## بیری پیشکەوتنخوازی و ڕەخنە لە پاشکەوتوویی کۆمەڵگە

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی بوێر و ڕەخنەگر بوو بەپێی ناوکۆیی و سیاقی مێژوویی خۆی، واتە ئەو سەردەمەی شێخ نووریی تیادا ژیاوە (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)، بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و هەستی نەتەوایەتی و بیری چەپ لە سەرەتای گەشەکردنیاندا بوون، ئەوەش گرنگ بوو شاعیرێک بەو ئاراستەیەدا بیر بکاتەوە و بنووسێت، ئیدی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ئاستی نووسینی شیعری شۆڕشگێڕی و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و ڕەخنە لە دابونەریتی دواکەوتوانەی کۆمەڵایەتی و دواجار پیاهەڵدانی شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958، یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە. لێرەدا چەند نموونەیەک لە شیعرەکانیدا دەهێنینەوە.

شێخ نووری لە ساڵی 1941دا، لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە مافەکانی ژنان و ڕۆڵی ژن لە


شەوی ٢ شەممە مصادفی ١٢/١٢ /٧/ ١٩٤٧
حکایتی الف لیلة و لیلةمان ئەخوێندە
و کاترای ئی خوێندەوە ناوی
... (محمد فرج) خلقی سلێمانی
بو لەگەل مصطفی اسلامی برای ...
و جماعتی دەهالی ...
ناوی ... سید کمال سید محمد البرزنجی
... تواومان لە ...
ئەوکەم کە ببیە یادگار

شێخ نووری

پێشخستنی کۆمەڵگەدا، شیعرێک دەنووسێت بە ناونیشانی "پەچە" کە لە زمانی کچێکی کوردەوە ڕەخنە لە پەچە و بێمافیی ژنان دەگرێت و داوا لە ژنانی وڵاتەکەی دەکات هۆشیار بن بەرامبەر بە مافەکانی خۆیان:

گوێم لە ناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیرو بەسۆز ئەیوت دڵی ئەتوانەوە
دەنگ و ڕەنگی وا نەبیستراوەو نەبینراوە لە کەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیوت ئەم ڕووپۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشیوین و بەس
روبەرووی خۆمان حقوقی ناینە ناو نسیانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەربەستی حەقێ داوا بکەین
بۆ بەشی خۆمان بچینە ساحەو مەیدانەوە
ئەووەڵ و ئاخر خەتای ئەم ڕووڕەشەی ڕووپۆشە بوو
بوو بە مانیعمان نەچووینە کۆمەڵی پیاوانەوە
دایگرن توخودا فرێیدەن بیخەنە تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژێ ڕوو ئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە
زوڵمی ئەم غەددارە بوو حوکمی موساواتی نەهێشت
جینسی ئێمەی خستە حاڵێکی لەپیاو پاڕانەوە٦

شێخ نووری لە ساڵی 1958دا شیعرێک بە ناونیشانی "کاروانی ژیان" دەنووسێت کە فۆرمێکی گێڕانەوەیی تیادایە، لەوێدا بیر لە یەکسانی و تەبایی دەکاتەوە و بەدوای خاکێکی یۆتۆپیدا دەگەڕێت کە هەموو ئینسانەکان بە ئازادی و دادپەروەری تیایدا بژین:

گەیشتمە دامەنی ئەو شاخە بەرزو جوانە تێفکریم
لەسەر ئەو لوتکە بەرزو جوانە ئامانجی هیوا دیارە
گوڵستانێکە کانی و ئاوەکانی چەشمەیی کەوسەر
هەتا چاو بڕ ئەکا هەر لالەزارە هەر چەمە نزارە
وتم ئەم جێگەیە بەم خۆشی و دڵگری یە یاران
ئەبێ ئەو شارە بێ وا دوێنێ بۆی کەوتۆتە ڕێ کاروان
بەڵێ بێ شک ئەمە ئەو شوێنەیە کاروانەکەی بۆ هات
ئەمە ئەو شارەیە ناو نراوە شارەکەی ئاوات
بەئومێدی ئەوەی ڕۆژێ بگەم بەو ژینە بێ ژانەی
بەبێ ئاژاوە هەندێ گەیوەتە ئەیوانی و کاشانەی٧

هەر لە هەمان ساڵدا شیعرێکی دیکە لەسەر هەمان ڕیتم و بە شێوازی گێڕانەوە دەنووسێت بە ناونیشانی "لە خەوما"، لەوێدا پێداگری لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتی دەکات، داکۆکی لە شیوعییەکان دەکات کە بەر لە شۆڕشی 14ی تەموز کەوتبوونە بەر شاڵاوی گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان لە لایەن ڕژێمی ناسیۆنالیستی عەرەبیی ئەوسای حوکمی عێراقەوە، ئەگەرچی شێخ نووری سەر بە حزبی شیوعی و هیچ حزبێکی چەپی دیکە نەبووە، بەڵام لەم شیعرەدا بە ڕاشکاوی داکۆکییان لێ دەکات:

ئەمجا لەبەر ئەوەی کە یەکێ دەم نەکاتەوە
ئەسراری ئەم موئامەرەیە دەنگ نەداتەوە
قانون دروست کرا کە شیوعی لە عالەما
ناویشی نابێ تێپەڕێ هەرگیز بەسەر دەما
ئەنصاری ئاشتی ئەوەی داوای سەلام ئەکا
کوشتن حەلاڵ و زیندەگی بۆ خۆی حەرام ئەکا
شورتە بڵێ شیوعیە، کوشتن جەزایەتی
یا حەپسیە هەتاوەکو ڕۆژی نیهایەتی
لەم زوڵم و زۆرو جەورە ئەوی دەم بکاتەوە
ئاگر ئەنێ بە خەرمانی پوشی حەیاتەوە
وای بۆ ئەوانە دەرکی شتی نالەبار ئەکەن
یا حەز لە ئاشتی و لە ڕوفاهی هەژار ئەکەن٨

دیسان شێخ نووری چەند شیعرێکی بۆ 14ی تەموزی ساڵی 1958 نووسیوە و ئومێدی بەوە هەبووە ئەم شۆڕشە بتوانێت گەلانی عێراق و بێگومان نەتەوەی کوردیش لە دەست نەهامەتیەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق ڕزگار بکات، بێگومان شێخ نووری لەو ساڵەدا کۆچی دوایی دەکات و

ئیدی ڕووداوەکانی دوای ئەو مێژووە نابینێت:

ئیمرۆ کە چواردەیە لە تەموز جەیشی بێ ئەمان
ئازانە هاتنە کایەوە وەک کێوی پڕ لە گیان
دەسیان بەجارێ دایە دەسی یەکتر هەموو
جەیش و شەعب مەرامی بە مەردانە خستە ڕوو

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

ئیعلانی حوکمی تازە بە جمهوریەت کرا
کوردو عەرەب شەریکە بەشن هەروەکو برا
کوێ ئارەزو ئەکەی بچۆ سەربەست و دڵنیا
جاسوس و ترسی گرتن و لێدان و شەق نەما
ئەمجا بنوو بەبێ غەم و بێ ترس و بێ خەیاڵ
ئیتر نەما ژیانی زەلیلانە، ژینی تاڵ٩

لە شیعرێکی تردا کە هەر بۆ چواردەی تەموزی نووسیوە، هیوایەکی گەورەتری بەو شۆڕشە هەیە و پێی وایە ئەمە دەبێتە جەژنی هەژاران و بەرقەراربوونی ئازادی:

چواردەی تەممووزەو جەژنی هەژاران
بە زێڕ بینووسن لە مێژووی جیهان
ڕۆژی ئازادی عارەب و کوردان
جمهوریەتی تیا کرا ئیعلان١٠



لە ساڵی 1927دا "کۆمەڵی زانستی کوردان" دادەمەزرێت، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و گرنگیدان بە زمانی کوردی و برەودان بە ڕۆشنبیریی گشتی. شێخ نووری بەم بۆنەیەوە شیعرێک دەنووسێت و لە کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵەیەدا دەیخوێنێتەوە، ستایشی کار و کۆششیان دەکات کە ڕۆڵی ئەمان لە پێشخستنی زانست و مەعریفەدا گەورەیە:

ئەم ئیجتیماعە بۆ مەهی

عیززەت بەراعەتە
بۆ قەومی کورد، نیشانەی سوبحی سەعادەتە
بوغزو غەرەز، نیفاق و حەسەد، کینە و شقاق
بوونی فەلاکەتێکە،نەبوونی سەلامەتە
بۆ میللەتێکی موبتەدی یەک بوون و ئیتیحاد
ئەسبابی ئیعتیلاو تورەقی و ئووخووەتە
میللەت ئەگەر بڵاو بێ وەکو ئاردی ناو دڕک
ئاساری ئینقرازو بەڵاو موسیبەتە
بوغزو نیفاق، موجدی زوڵل و تەدەنی یە
شۆڕو شیقاق، مەحفەری ئەنواعی زیللەتە
بۆ ئیعتیلای قەوم و تەرەقی وڵاتەکەت
تەرکی غەرەز، عەلامەتی قەدرو فەزیلەتە١١

شێخ نووریی شێخ ساڵح شیعری دیکەی زۆرن کە هەڵوێستی ئەو لە ئاستی کێشە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەخەن و هەروەها هاوسۆزیی خۆی بۆ شۆڕشی شێخ مەحمود و حکومەتەکەی دەردەبڕێت، ئێمە تەنها چەند شیعرێکمان وەک نموونە بۆ ئەم باسە هەڵبژارد.

**پەراوێزەکان:**

١- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، ل 221.

٢- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ل 227.

٣- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم کتێبانەی من سوودم لێ وەرگرتوون: (عبداللطیف بندراوغلو، اشارات اولیة في الشعر الترکي) و (د. حسین مجیب المصري، تاریخ الادب الترکي) و (د. علي الوردي، لمحات اجتماعیة في تاریخ العراق الحدیث).

٤- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، ل 52.

٥- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبەکەی مامۆستا ئەحمەد تاقانە بە ناونیشانی: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، ل 42-25.
٦- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم - بەشی دووەم، ل 433.
٧- هەمان سەرچاوە، ل 234.
٨- هەمان سەرچاوە، ل 239.
٩- هەمان سەرچاوە، ل 309 .
١٠- هەمان سەرچاوە، ل 306.
١١- هەمان سەرچاوە، ل 390.

**سەرچاوەکان:**


١- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، 1985.
٢- دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم - بەشی دووەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1989.
٣- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2006.
٤- ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2001.
٥- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ 2، 2010.
٦- د. حسين مجيب المصري، تاريخ الادب التركي، الدار الثقافية للنشر، القاهره، 2000.
٧- عبداللطيف بندر اوغلو، إشارات اولية في الشعر التركي، الموسوعة الصغيرة (27)، بغداد، 1978.
٨- د. علي الوردی، لمحات اجتماعية في تاريخ العراق الحديث، ج2، ج3، گ5، دار التنوير، بيروت، 2012.




# بیری ناسیۆنالیزم لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٢٦

**مەجید ساڵح**

بەشێکی زۆر لە توێژەران و پسپۆرانی بواری مێژوو و بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، کاتێک لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای بەڵگە لەسەر سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێن، بە زۆری پشت بە دیوانی شیعری شاعیرەکانی کورد دەبەستن. کەچی ئەو وتارە سیاسییانەی کە سیاسەتمەدار و شاعیر و نووسەرانی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیاندا نووسیویانن، پشتگوێ دەخەن.



لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە (شێخ نووری شێخ ساڵح) لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٦ لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا نووسیونی، تیشک بخەمە سەر توانا و بەهرەمەندیی ئەو لەو قۆناغە گرنگەی مێژووی باشووری کوردستاندا.

هەنگاوی یەکەم: ڕۆژنامەی پێشکەوتن (٢٩ی ئەپرڵی ١٩٢٠ بۆ ٢٧ی جولایی ١٩٢٢)

سەرەتای دەرکەوتنی شێخ نووری شێخ ساڵح وەک ڕۆژنامەنووس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە سلێمانی دەردەچوو. ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) زمانحاڵی ئیدارەی ئینگلیز بوو و (مێجەر سۆن) دەری دەکرد. ئەو لە پاڵ ئەوەی زمانی کوردیی کردە زمانی خوێندن و نووسین، ئاڵوگۆڕی نووسراوەکانی میریی کرد بە کوردی، کاری دەکرد بۆ "چەسپاندنی زمانی کوردی وەکو زمانی نووسینی ڕۆژنامەوانی و ڕەسمیی دائیرەکانی حکومەت و هەوڵدان بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی ناقۆڵا و نائاشنای بێگانە".
یەکەم بابەتی (م. نووری) کە لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"دا بڵاو بوویەوە، پارچە شیعرێکە کە لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژنامەکەدا بڵاو بووەتەوە، ئەو شیعرە لە وەسفی دەرچوونی (پێشکەوتن) دا نووسراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شێخ نووری پەلەی نەکردووە لە پێداهەڵدانی ڕۆژنامەکە، تاوەکو بە تەواوەتی دڵنیا نەبووە لەوەی بابەتەکانی خزمەت بە کوردەواری دەکات.
شێخ نووری شێخ ساڵح هەر لە سەرەتاوە بەم ڕووداوە نوێیە، واتە ڕووداوی هاتنی چاپخانە و ڕۆژنامە بۆ سلێمانی زۆر دڵخۆش بووە، بە کەرەستەیەک بۆ "تەرەقی کورد"ی زانیوە. بۆیە دەڵێ:

ئەم موژدە خۆشە بۆ بوە یان گوێم زڕایەوە
یا ڕاستە پەردەی طەرەبە هەڵدرایەوە
یا نەجم تەرقی کوردە طلوعی کرد
یانور مەعریفەتە لە وەلاتا پژایەوە..
پێشکەوتن سەعادەتی کورد هاتنت بەخێر
غونچەی دڵم بە بۆنی نەسیمت گەشایەوە

لە شاعیرییەوە بۆ ڕۆژنامەنووسی:


ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" لە (لاپەڕە ٤ی ژمارە ٢٧)دا لە ژێر ناوی بۆ زانین، پێشبڕکێیەکی ساز داوە بۆ ژوورکەوتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی، لە ژمارە ٣٠ی ڕۆژنامەکەدا دەرئەنجامی ئەو پێشبڕکێیە بەم شێوەیە ڕاگەیەنراوە "یەکەمیان باسی جوت وگایە کە (م. نووری) پەنجا ڕوپیە وەردەگرێت.... جوتە گاکەی (م.نووری) چونکە بە شعر دایناوە دیارە ئازایی زیاترە لەبەر ئەوە پێش دوانەکەی تر کەوت".

هاندان بۆ خوێندن:

شێخ نوورییش لە ژمارە (١١)ی ڕۆژنامەی پێشکەوتندا شیعرێکی سەبارەت بە گرنگیی مەکتەب و پەنابردن بۆ سەنعەت نووسیوە و دەڵێ:
لەبۆ ئیفشای مەکتەب صرف غیرەت لازمە زنهار
کە مەکتەب مایەی ژینە کە مەکتەب ڕۆحی ئینسانە
کە میلەت هیچ نەزانێ زوبەزو پێشکەوتنی صەعبە
کە قەومێ صاحب صنعەت نەبی وەک جسم بێ جانە..
لەم پارچە شیعرەدا دەبینین کە شێخ نووری دەیەوێت ئەرکی شیعر لە عیشق و دڵداری و پێداهەڵدان بە بەژنوباڵای یارەوە بگۆڕێت بۆ تێکدانی کۆن و بونیادنانی دونیایەکی نوێ.

داواکاری بۆ پێشخستنی ئابووری:

وتارێک لە ژێر ناوی "توتن لە بەغدا نرخی شکاوە، لەشرکەت زیاتر چارە نەماوە" لە ژمارە (٨٦) لە لایەن (جەمال عیرفان)ەوە نووسراوە. ئەم وتارە باس لە هەرزانبوونی نرخی توتن دەکات کە لەو کاتەدا سەرچاوەی داهاتی سلێمانی بووە. عیرفان قسە لەسەر کاریگەریی ئەم هەرزانبوونە لەسەر ئابووریی کوردستان دەکات، هەروەها ڕێگەچارەی بۆ ئەو هەرزانبوونە دەخاتە ڕوو کە دروستکردنی شەریکەتی توتنە، بۆ ئەو مەبەستە داوای کۆکردنەوەی ١٠٠ هەزار ڕوپیە دەکات.
شێخ نووری بە هەمان نەفەس و هەمان بۆچوونی جەمال عیرفان درێژەی بەو بابەتە داوە. بۆیە بە سێ حەڵقەی بەدوای یەکدا لە ژمارەکانی (٨٨، ٨٩،



٩٠) بابەتێکی بە هەمان ناونیشان نووسیوەتەوە. لەو نووسینەدا پشتگیری لە جەمال بەگ دەکات بۆ دامەزراندنی شەریکەتی توتن و دەڵێ:

"ئەم فکرەتە بە نەظرێکی حەقیقی تەماشا بکرێ، ئەزانن چەند فەوائیدی تیا هەیە، ئەوەڵەن لادێی ئیغفال ناکەین، درۆ و دەلەسەی تیا ناکەین، بۆشکات محاکم اشغال ناکەین سود و سەلەمی بێ شەرعی تیا ناکەین، پارەکەمان حەلال ئەبێ عەشرو ڕەسمی حکومەتی منتظم ئەدەین توتنەکەمان بە هەوەسی خۆمان ئەفرۆشین".

بەرگریکردن لە خوێندن بە زمانی کوردی:


شێخ نووری لە سەروتاری ژمارە (٩١)ی (پێشکەوتن)دا بابەتێکی نووسیوە بە ناوی (زبان) و زۆر بە توورەییەوە وەڵامی مستەفا قەرەداغی دەداتەوە، کە لەگەڵ خوێندن بە زمانی کوردی نەبووە. لە وەڵامەکەدا بە هەستێکی ناسیۆنالیستانەوە بەرگریکردن لە زمانی کوردی بە گرنگتر دەزانێ تاوەکو بەرگریکردن لە گیان. لەوەش زیاتر، دەیسەلمێنێت کە ڕەگەزێکی هەرە گرنگی نەتەوە، زمانە و دەڵێ:



"بە تەجرەبەو دەلائیلی عەقلیە ثابت بوە کە میلەتێ یان قەومێ هەرچەندە دوچاری ئینقلابات و فەلاکەت بێ، بەو شەرطەی کە زمانی خۆی محافظە بکا قەومیەت و میلەتی خۆشی محافظە ئەکا، چونکە زمان مادەی حەیات و ڕۆحی قەومیت و میلەتە".

هەنگاوی دووەم: بانگی کوردستان (١٩٢٢- ١٩٢٦)

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بە دووەم ڕۆژنامە دادەنرێت لە مێژووی سلێمانیدا. شێخ



نووری شێخ سالح لەگەڵ عەلی کەمال موحەڕری بەشە فارسییەکەی بووە.

کوردایەتی بە زمانی فارسی:

لە یەکەم ژمارەی بانگی کوردستاندا بە فارسییەکی ڕەوان و جوان، وتارێکی سەبارەت بە ڕۆڵی (معارف-زانست) لە پێشکەوتنی گەلاندا نووسیوە، داوا لە گەلی کورد دەکات لە ڕێگەی "معارف"ەوە لە نەخشەی جیهانی "موتەمەدن" و "متەرەقی"دا جێگەی خۆیان بکەنەوە؛ ئەو دەنووسێت:

"پس ما قوم کردان که اکنون درحالت ابتدائی هستیم آثار تمدن و ترقیات اجداد خودمان ماد و پهلویان را گم کردایم باید پیش از همه چیز مربوط به معارف پیدا نمایم... تاکه از عصر حاضر که عصر ترقیات است بی بهره نشویم خواهشمندم که اندیشمندان وطن و اشراف مملکت در ترقیات و معارف سعی و جهد کامل نماید تا بی نام و نشان نشویم و از حالت ابتدائی خارج و داخل

زمره ملل مترقیه بشویم..."

شێخ نووری کە پێشتر بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکانی خۆی لە قاڵبی شیعر و ئەدەبیاتدا دەردەبڕی و زیاتر ڕۆمانسیەت بەسەریاندا زاڵ بوو، لەم وتارەدا خۆی لەو شێوازە ڕزگار دەکات. ڕاستە هێشتا نۆستالژیا بەسەریدا زاڵە، بەڵام لە قاڵبی وتارێکی ڕۆژنامەوانیی پڕ ڕەوەنەقدا تێڕوانینە ناسیۆنالیستییەکانی خۆی لە ڕێگەی بەکارهێنانی شکۆی مێژوویی شارستانیەتی ماد و پەهلەوییەکان بەیان دەکات و گرێی دەداتەوە بە ئێستاوە. بیرمەندان و ئەشرافی مەملەکەت هان دەدا پەنا بۆ زانست بەرن بۆ ئەوەی لە پێشکەوتن دوانەکەون.

هەنگاوی سێیەم: ڕۆژی کوردستان (١٥ی تشرینی یەکەم ١٩٢٢-٣ی مارتی ١٩٢٣)

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆژنامە زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو کە دوای گەڕانەوەی لە هیندوستان دایمەزراندبوو. خەتی ئایدیۆلۆژیی (ڕۆژی کوردستان) خەتێکی نەتەوەیی بوو، شێخ نووری شێخ ساڵح کە پێشتر قودەرت و توانا ڕۆژنامەنووسییەکەی بە تەواوەتی دەرکەوتبوو، لە لایەن شێخ مەحمودەوە بە فەرمانێکی شاهانە کرا بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان.

لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەکەدا سەروتارێکی حەماسیی لە ژێر ناوی "مەتانەت وثباتی قەومی کورد" نووسیوە و لە پانۆرامایەکی کورتدا مێژووی کورد و ناودارەکانی دەخاتە ڕوو، سەروتارەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"قەومی کورد قەریب چوار هەزار ساڵ لە پێش میلادا لە شەرق دیجلە یعنی لە موقع حازردا هەربوەو زۆر دەمەش ئیثپات موجودیەتی میلی خۆی کردوە....

(م. نووری) لە زۆربەی وتارە سیاسییەکانیدا کەڵکی لەو پاشخانە مێژوویی و زانستی و کولتوورییەی خۆی وەردەگرت بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و پێدانی ڕاوێژ و ڕێنمایی بە (ئەولیائی ئمور). لە پەرەگرافی دووەمدا بە ورەیەکی بەرزەوە باس لەوە دەکات سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە، کەچی هێشتا بوونی خۆی پاراستووە:

لەگەڵ ئەم هەموو ئینقلابە تاریخیەدا کە لە ژێر پێی ئۆردی جیانگیرانی شەرق وغەربدا پەرێشان بوون کە ئەگەر ئەم مهاجماتە دائیمیە بەسەر حکومەتێکی معەظمەدا بهاتایە وەکو ڕۆمای شەرق نە لیسان و نە ناوی لە ڕوی کائیناتا نەئەما. قەوم نەجیب کورد مەوجودیەتی مادی ولسانی میلیەی خۆی محافظە کرد لە هەموو فرسەتێک بلا استفادە ئیدعای حەق ژیان و ئازادی خۆی کردوە، قەهرمان زۆر ناودار و حوکمدار زۆر عالی جەنابیان بوە وەکو صلاح الدین و کەریم خان زەند و سائیرە.

بانگی پشتبەخۆبەستن:

لە ژماری (٥)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا شێخ نووری سەروتارێکی دیکە بە ناوی (مجادلەی حیات) لەسەر یاسای مانەوە بۆ بوونەوەرە شیاوەکان (نظرية التطور والبقاء للأصلح)ی (داروین) دەنووسێ، لە نووسینەکەیدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، کە خۆی بەرپرسە لە هەموو هەڵە و کەموکوڕییەکان، کەواتە با هەر خۆشی خۆی بگۆڕێ، بۆ ئەم مەبەستەشی ئایەتێکی قورئان دەهێنێتەوە.

تا ئێستا خطا وکۆ لە خۆمانەوە بووە وتەعمیریش با لە خۆمانەوەبێ، خودای تەبارەک و تەعالا هادییەکی حەقیقیە ئەفەرمێت (إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ) یەعنی قەومێک خۆی سبحیەی خۆی تێک نەدا خواش سعادەتیان تێک نادا"

م. نووری لە ڕێگەی وتارەکانیەوە هەوڵی دەدا هۆشیاریی سیاسیی خەڵک و بەشداریکردنیان لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری و

سیاسییەکاندا فراوان بکات، چونکە دەیزانی لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت سیستمی گشتی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابووری ساز بکرێت، داوای دەکرد هەمو ئەرکەکان نەخرێتە سەر شانی دەوڵەت و کۆمەڵیش بە ئەرکەکانی خۆی هەستێ:

"ئێمەش مەجبورین کە ئەسباب بەرزکردنەوەی سەویەی ئیدراک و معارفی خۆمان پەیدا بکەین و پیاوی صاحب ئیدراک و هۆش پێ بگەیەنین، هیچ وەقتێ نابێ تەکلیف لە حکومەت بکەین کە فکرمان تەنویر بکەین، کە فکرمان تەنویر بکات، چونکە ئەمە وەظیفەی میلەتە".

لە قانوونی سروشتییەوە بۆ قانوونی فیزیا و ماتماتیک:

(م. نووری) لە هەموو ئەو وتارانەی کە لەو قۆناغەدا نووسیونی، پشتی بە زانست و مەعریفەت بەستووە، لەو سەروتارەی کە لە ژمارە (٤)ی ڕۆژی کوردستاندا بە ناوی (میلەت) نوسیویەتی، پشتی بە یاسای ماتماتیک بەستووە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانی و گرێی داوەتەوە بە ئامانجە سەرەکییەکەی کە یەکێتی و یەکڕیزیی کوردە؛ ئەم وتارە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخ و دابەشبونە سیاسییەیە کە لەو سەردەمەدا لە ئەنجامی هاتنی (ئۆزدەمیر) خەریک بوو تۆوی دووبەرەکی دەکەوتە نێوان دەوروبەری مەلیکی کوردستانەوە. بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەکییە ڕوو نەدات، شێخ نووری ئەم سەروتارەی نووسیوە و تێیدا دەڵێ:



"میلەت لە جەمعیەت و جەمعیەتیش لە اجتماعی چەند فەردێک تەشکیلی کردوە. کەوابێ فەرد هەتا خویندەوار و فەعال بێ بە تەربیەتێکی ئەصیل تەربیەو پەروەردە کرابێ ئەو جەمعیەتەی کە تەشکیلی ئەکا ئەوەندە ڕەسین و ئەوەندە پایەدار ئەبێ و لەو نسبەتەیشدا ئاساری تەرەقی و تەکامل نیشان ئەدا.

ئەفرادی جیا جیا ئەگەر هەریەکێ بە قوەتێ تەلەقی بکرێت ئاثار و قوەت و عەظمەت ئەو هەیئەتە عمومیە کە نشانی ئەدا بالطبع متناسبە بەو محصەلەیە کە لە شدت وتەرکی ئەو قوەتانە هاتبێتە وجود..... ئەم قانونە ڕیاضیەش لەگەل ئیجتماعێکدا تەطبیق بکرێ عەینەن بەم نەوعە ئەبێ.

وتاری شیکاری لای (م.نووری)

سەروتار جگە لەوەی دەربڕی بیروڕای ڕۆژنامەکەیە، لە هەمان کاتدا سەلیقە و توانای نووسەرەکەشی دەردەخات. زۆر جار نووسەری سەروتار کۆمێنتێکی سیاسی لەسەر ڕووداوێکی گرنگی ڕۆژ دەکاتە سەروتار. لە ژمارە (٦)ی ڕۆژی کوردستاندا شێخ نووری سەروتارێکی بە ناوی (ولایەتی موصل لە لۆزاندا) نووسیوە و لە ڕێگەی وروژاندنی پرسیارێکەوە خوێنەر ڕووبەڕووی هەڵوێستوەرگرتن دەکاتەوە:

"ولایەتی موصڵ کە بە ئیعتبار عموم کوردن، بە ناوی میلەتەوە مدافعە یا غصبی ئەم ولایەتە بۆچی لە طرەف ئەقوام سائیرەر طەلەب ئەکرێ؟

دواتر خۆی بە ڕستەیەکی گاڵتەئامێز کە بۆنی ڕەخنەیەکی گەورەی لێ دێت بۆ کاربەدەستانی ئەو کاتە، خوێنەر تێدەگەیەنێت کە هۆکارەکەی خۆمانین، چونکە:

ئێمە غافڵ و عاطل و بە وەطن خۆمان بێگانە طبیعیە عالەمیش چاوی لە وەطن و موڵکمان بڕیوە.

ئەوەش دەخاتە ڕوو هیچ بیانوویەک نییە کە لە ئێستادا بە بەرچاوی دونیاوە لێرە خەریکی

هەتا دوێنێ مەعذورەتێکی وەلو نامەعقولیش بێ بۆمان فەقط ئەمڕۆ علی ملای الناس خەریکی تاسیس حکومەتین و خەریکین لە بەینی ئەقوامدا ئیثباتی موجودیەت بکەین. نابێ گەورەو بچوک بەرامبەر حقوقی مەشروعەی خۆمان ئەوەندە لاقید بین.

لە هەمان وتاردا لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا دەردەکەوێت شێخ نووری شێخ ساڵح بەبێ پێچوپەنا داوای (کوردستانێکی موستەقل) دەکات:

"طەڵەب ئێمەش لە مەجلس لۆزان محافظەی ئەقەلیات نییە، مدافعەی حق حەیات میلەتێکی گەورەی سەربەخۆی صاحب وەطەنە؛ ذاتەن دائیرەی تەشکیل حکومەتێکی کردوە، وەقتی خۆی لە سەر مذاکرەیەک کە لە طرەف کورد عەلی پاشا زادە نامیق بکەوە بە مەجلس سن ڕیمۆ تەقدیم کرابو لە مەجلس مەذکوردا دورو درێژ ئیستقلالیەتی کوردستان مەوضوع بەحث کرابو مع الاسف لەبەر ئەوەی کە طالع صلح عمومی مساعدەی نەکرد و لەو مەجلیسەدا صلح تەقریری نەکرد، لەبەر ئەوە مەسلەی کوردستانیش مەسکوت عەنهو مایەوە ئەمجارە لە مەجلس لۆزان ئومید ئەوە دەکەین کە کوردستانێکی موستەقل لە داخل حدودێکی جغرافی و طەبیعیدا بۆمان تەشکیل بکا و هەمو نەوعە حقوق مەشروعە و حەق حەیاتیمان بداتێ.

(م. نووری) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕووداوە مێژووییەکان، زانست و شیکاریی لۆژیکیيانە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، توانیی هونەری نووسینی وتار لە قاڵبە ئەدەبییەکەیەوە بگوازێتەوە بۆ قاڵبە ڕۆژنامەوانییەکەی. هۆکاری ئەم قەڵەمبازەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەشە کراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە بۆ یەکەم جار لە پارچەیەکی کوردستاندا دروست ببوو. گەر تەماشای پەرەگرافی دووەمی ئەم وتارە بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو پێشەکییەی سەبارەت بە مێژووی کورد بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێت



دروستکردنی دەوڵەتین، کەچی لەولاوە نەتەوەکانی دیکە خەریکی دابەشکردنی نیشتمانەکەمانن:

که ئەم نەتەوەیە لە کونەدارەوە نەهاتووە تا هەر کەسێک هەڵسێت و بەشی بخوات:
بێ خواهش و ڕضا موڵکێک لە باو باپیرمانەوە نەسڵەن بعد نەسڵ بۆ بطن حاضرە ئیرثەن ئینتقاڵی کردبێ و ئەم مدعایەش عرق، جنسیت، لسان، محیط، تاریخ بە شهادات متعددە اثباتی بکا. باوەڕناکەم دائرەی طاپۆی ویجدان هیچ دوڵەتێک دراوسێمان سند خاقانی ئەم موڵکە بۆ خوی ببڕی و معاملەی فراغیەی بەفضولی ئیجرا بکا. یاهیچ دماغی ئەم خوە ببینی و بیهینیتە دی.

شەڕەوتار لەگەڵ نەیارانی کورد:
(م. نووری) بەشێک لە سەروتارەکانی خۆی بۆ وەڵامی ئەو دەنگە عێراقییانە تەرخان کردبوو کە لە ڕۆژنامە عێراقییەکاندا و بە فیتی "مس بیل" دژ بە نەتەوەی کورد دەنووسران و بانگەشەی بۆ لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەکرد و زۆر جاریش ڕۆژنامەی (النجمة ) کە تورکخوازەکان لە کەرکوک بەسەریدا زاڵ ببوون، جارێکی دیکە ئەو بابەتانەی بڵاو دەکردەوە. شێخ نووری لە سەروتارێکدا بە ناوی "قسەی حەق ڕەد ئەکرێتەوە"دا وەڵامێکی توندی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەداتەوە. لە نامەیەکدا کە بۆ گیوی موکریانیی ناردووە، ئاماژە بەم وتارە دەدات و دەڵێ "لە نامەکەدا مەقالەیەکی سیاسی تیایە کە وەختی خۆی جوابی غەزەتەی (النجمة) کە لە کەرکوک دەردەچو داومەتەوە. مع الاسف قسمی ئەوەڵ کە لە غەزەتەکەدایە کە نەم دۆزیوەتەوە حەقیقی جوابێکی موهیمە. وەختی خۆی لەسەر



تورکچێتی شەڕە وتاری زۆرم کردوە. هیچی پارەیەکی نەکرد". لە سەرەتای وتارەکەیدا بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاگا بێت، لە چوار خاڵدا مەغزای ئەو وتارانە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:
"هەرچەندە تێ ئەفکرم و ورد ئەبمەوە لە غەزەتەی دراوسێکانماندا مع التاسف تصادف وتاری هیچ محرڕێکی حەق و حەقیقەت پەرەستێکم نەکردوە کە بێ طرەفانە بنوسێ و حەقیقەت ئیهمال نەکا. بالعکس ئەوەی کە حەق و حەقانیەت بێ چاوی لێ ئەقوچێنن هەرچە باداباد ستون غەزەتە ڕەش ئەکەنەوە صرف بۆ تمەتع ذاتیە، یا بۆ تەعقیب غایەو ئامالێکی واهیە ئەیانەوێ محیط، عرق، لسان، ڕاستی موجودیەت کوردستان بە خۆرایی ئهمال و پایەماڵ بکەن و لەم عەصر بەخشایش حقوقەدا ئەم میلەتە قەدیمە بە قصە بێ بەش و مەحروم بکەن کە ئەمەش وا ئەزانم زۆر موشکلە، چونکە تاریخ، جغرافیا بەو خاصیەتانەی کە لەسەرەوە وتمان کورد و کوردستانی لە ملیلی محیط سائیرە جیا کردوەتەوە ..

هەنگاوی چوارەم: ڕۆژنامەی ژیانەوە (١٨ی ئابی ١٩٢٤ – ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦)
ڕۆژی (١٨)ی ئابی ساڵی ١٩٢٤، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە سلێمانی دەرچوو. ژیانەوە بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی ئەدەبی بوو، لە چاپخانەی شارەوانی چاپ دەکرا و دوای "تێگەیشتنی ڕاستی" و "پێشکەوتن" بە سێیەم ڕۆژنامە دادەنرێت کە گوزارشتی لە سیاسەتی ئینگلیزەکان دەکرد لە باشووری کوردستان، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ناوچەکەدا.

هێرش بۆ سەر (جلخوارەکان):
دوای ئەوەی لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە چارەنووسی ولایەتی موسڵ بە تەواوەتی ساغ بوویەوە و

خرایە سەر عێراق، هاوکاریی نێوان هەردوو وڵاتی بریتانیا و عێراق بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر زیادی کرد. بزووتنەوەی شێخ مەحمود لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣١ لە شێوەی خەباتی پارتیزانیدا دەستی پێ کرد.

لە سەروتارێکدا بە ناوی "تورک و کورد - گورگ و مەڕ" دژایەتیی خۆی بۆ گەڕانەوەی تورکەکان دەردەبڕێ و لە ڕێگەی خستنەڕووی مێژووی داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن تورکەکانەوە خوێنەری بابەتەکەی بۆ لای مەسەلەیەکی گرنگی ڕۆژ ڕادەکێشێت کە مەرامی گەڕانەوەی تورکەکانە بۆ سلێمانی و دەڵێ:

"لە ڕۆژێکەوە کە حکومەتی تورک حقوقی حوکمداری بابانەکان و قەومیەتی کوردە مەظلومەکانی غصب و ئیستیلا کردوە هەتا تەخلیەی تورکەکان غیر از خصومت وفلاکەت ئەسبابێکی تەرەقی و سعادەتیان بۆ ئەم قەومە مظلومە اظهار نەکرد. بلعکس دائیمن سعی و جهدیان بۆ ئەوە کرد کە یەکێ لەم ملتە ملیەتی خۆی تەرک نەکا شاید کردبێتی فورن نفی یان اعدام کراوە بە هەمو صورەتێ مفکرەی میلیەتی لەم قەومەدا ئیمحا کردبوو. ..

لە پاش خستنەڕووی ئەو سەرەتا مێژووییە پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت "عەجبا ئەو تورکانە کە دوبارە ئارەزوی ئیستیلا ئەم قەومە ئەکەنەوە؟!" وروژاندنی ئەم پرسیارە بۆ مەبەستێکی گرنگە کە سەرتاپای وتارەکەی بۆ تەرخان کراوە.

هەروا ئەزانین دوێنێیە کە ئەرخەوان و دار قەبرستانەکەی گردی سەیوان و داری بەیداغی سەر قەبر و مەرقەد پیاو چاکەکانمانیان بڕی بە کۆڵ هێنایانەوەو سوتاندیان مەنظرەی ئەو قەبرە مقەدەسیە کە نمونەیەکی جەنت بو کردیان بە جەهەنم. بێ شبهە ڕۆح ئەو کوردە مردوانە کە ئەم ظڵمەیان دیوە حتمەننفرەت لە تورک حەتا لە هاتنی ئەم دوو ٣ ئەعضای لیژنەیە ئەکا.

دواتر جارێکی دیکە هەموو ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسی کردوون، گرێ دەداتەوە بە مەرامەکانی تورکەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و جارێکی دیکە کارە نەگریس و دژ بە کوردەکانی تورک بیری خوێنەر دەخاتەوە و دەڵێ: هیچ نەبێ با خوێن برا کوژراوەکانمان لە دیوارەکانی قشڵە و سەرا بچوایەوە....

هەنگاوی پێنجەم: ڕۆژنامەی ژیان


ڕۆژنامەی (ژیان) غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بوو، هەفتەی جارێک لە سلێمانی دەردەچوو، درێژکراوەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی پێش خۆی بوو. یەکەم ژمارەی لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دەرچوو، دواژمارەشی کە (٥٥٣) یە، لە ١٠ی مارتی ١٩٣٨ دەرچوو. هەرچەندە ژمارەی بابەتە سیاسییەکانی (م. نووری) لەم قۆناغەدا کەمن، بەڵام پێویست و لە جێگەی خۆیدا بوون و دەکرێت لە ڕووی مێژووییەوە گرنگییەکی زۆریان هەبێت، بە تایبەتی ئەو دوو حەڵقەیەی لە وەڵامی موحرری ڕۆژنامەی "نجمە"ی کەرکوکیدا نووسیونی، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەرکوکەوە هەیە، کە تاوەکو ئێستاش کێشەی سەرەکی و ستراتیژیی گەلی کوردە.

(م. نووری) و کەرکوک

لە ژمارەی ڕۆژی ٢ تەموزی غەزەتەی (نەجمە)دا کە ڕۆژنامەیەک بووە لە کەرکوک دەرچووە (ئاماژەی بە ژمارە و ساڵی نووسینەکە نەکردووە) سەروتارێک لە وەڵامی بابەتێک کە لە کۆواری "زاری کرمانجی" ڕەواندوزدا دەرچووە، نووسراوە و تێیدا پەلاماری کورد دراوە و کەرکوکی بە شارێکی تورکی ناساندووە. بەڵام (م. نووری) کە ئەم سەروتارەی خوێندووەتەوە، خۆی پێ ڕانەگیراوە و وەڵامێکی توندی غەزەتەکەی داوەتەوە.

لە سەرەتادا دەڵێ:

"ئێمە لێرەدا ئیجاب ناکا دائیرە بە زاری کرمانجی تطویل مەقال بکەین مەقصدمان لە نقاط مختلفەوە



تشكيل جوابه بۆ محرر محترم غەزەتەی نەجمە، چونكە ئەم تەعرض و تەنقيدە ئەگەر عائيدی شخصيات بوايە حەتا ئەگەر تعرض شخصی خۆشم بوايە عەفوم ئەكرد، فقط هەدف تيری تنقيدات محرر محترم وطن و ميلەتمە بناء عليهی له عفو نەكردن مەعذورم".

شێخ بۆ ئەوەی موحەریری نەجمە بە تەواوەتی بخاتە گۆشەیەكی تەسكەوە، دێت باسی ناو كەركوك و گەڕەكانی بۆ دەكات و شارەزايانە دەيخاتە بەردەم ئەمری واقع و دەڵێ:

"ئيمە ئەمڕۆ له عراقدا دو عنصر ئەناسين، كه غالب و صاحب وطنن "عەرەب و كورد "جزئياتەكانی تر به مقتضيات دەساتير تاريخيه ئەبێ لەم دو هيئتەدا حل وهضم بين ئەمەش قانونيكی طبيعیيە. بناء عليه امتيازاتی كه له عصبەدا بەسايەی بريتانيای عظماوە بۆ قوم كورد تثبت بوە بەرەبەرە هەمو حقوق و منافعی بۆ ملتی كورد تامين كردوە ساحەت طبق ئەم امتيازاتە شرق و شمالی دجلەيە، كركوكی تيا ئيستثنا نەكراوە.



دەكرێت خەسڵەتەكانی بابەتە ڕۆژنامەوانييەكانی شێخ نووری شێخ ساڵح لەم خاڵانەدا كورت بكەينەوە:

١. شێخ نووری بۆ هۆشياركردنەوە و بوژانەوەی هەستی ناسيۆناليزم له لای پەيامەوەرگرەكانی، كاری لەسەر چەمكەكانی مێژووی نەتەوەیی كورد، يەكخستنی توانا سياسييەكان و زيندوێتيی زمانی كوردی و مەسەلە كۆمەڵايەتی و ئايينييەكان، باشكردنی دۆخی ئابووری كردووە و وتاری ڕۆژنامەوانيی لەسەر هەموو ئەو چەمكانە نووسيوە.

٢. تاوەكو دەركەوتنی ڕۆژنامەی پێشكەوتن، نووسين لە سنووری سلێمانيدا و نووسينی وتار وەک جۆرێک لە هونەری ئەدەبی سەربەخۆ سەری هەڵنەدابوو. پێشكەوتن ئەم جۆرەی لە هونەری نووسين لەگەڵ خۆيدا هێنايە شارەوە، هەر لە سەرەتاوە ناوەڕۆكی بابەتەكان زياتر سياسی و كۆمەڵايەتی بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات ئاسۆی ناوەڕۆكەكانيان بەرفراوانتر بوون و بابەتە ئابووری و پەروەردەيی و ڕووداوە مێژووی و كاتييەكانی گرتەوە. هەروەها ستايلە سەرەتاييەكانيشی پەرەيان سەند و تا دەهات شێوازی مۆدێرنی ڕۆژنامەوانی بەسەرياندا زاڵ دەبوو. ئەم جۆرە نووسينانە پەيوەندييەكی ڕاستەوخۆيان بەو ئازادييەوە هەبوو كە جارجارە بۆيان دەڕەخسا.

٣. نووسينەكانی شێخ نووری لەو قۆناغەدا بەوە لە نووسينی هاوڕێكانی جيا دەكرێنەوە كە بە شێوەكی ورد جەختی لەسەر ئەو بابەتە كردووەتەوە كە دەيەوێت قسەی لەسەر بكات و زمانی نووسينەكەشی ڕووی لە خەڵک، ڕۆشنبيران، دەسەڵاتداران (ئەوليائی ئمور) بووە.

٤. نووسينەكانی كورت و پوختن و هەوڵی نەداوە لە هەموو لايەنەكانی بە بابەتەكە بدات. وشەكان بۆ خزمەتی گەياندنی ئەو بۆچوونە تەرخان كراون كە دەيەوێت بيگەيەنێت، لە نێوان پەرەگرافێک و پەرەگرافەكەی ديكەدا هاوسەنگی و پەيوەندی هەيە و تا مەبەستەكەی نەگەيشتووە، پەرەگرافەكەی تەواو نەكردووە، هەر لەبەر ئەوەشە درێژيی پەرەگرافێک لە يەكێكی ديكە جياوازە.

٥. وەک چۆن "شيعرەكانی ئاوێنەی باڵا نومای سەردەمێكی ناسكی ميلەتی كوردن و ڕوداوە سياسی و كۆمەڵايەتيەكانی ئەو سەدەمەی نوسيوەتەوە"، ئاواش ناوەڕۆكی بابەتەكانی فرەچەشنن و پەيوەندیی بە ئەزموونی شەخسيی

خۆی و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە کە تێیدا ژیاوە و توانیویەتی ڕابوردوو ببەستێتەوە بە ئێستا و ئێستاش بکات بە خاڵی وەرچەرخان بۆ ئاینده و داهاتوو.

**سەرچاوەکان:**


1) نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٨٩٨–١٩٥٨، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٣.

2) ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر– هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨.

3) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ٣٠، ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠.

4) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە ١١، ٨ی جولای١٩٢٠.

5) پێشکەوتن ژمارە ٩١، ساڵی دووەم، ١٩ی جینیوەری ١٩٢٢.

6) م. نووری: (...)، بانگی کوردستان، ساڵی ١، ژمارە ٨.

7) م. نووری، مجادلەی حیات، ڕۆژی کوردستان ژمارە ٥، ساڵی ١.

8) م. نووری: تورک و کورد – گورگ و مەڕ، ژیانەوە، ژمارە ٩، ٢ی مارت ١٩٢٥.

9) ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٦، ٢٩ تموز ١٩٢٦،



# شێخ نووری شێخ ساڵح...و دەرفەتی ڕابەربوون بۆ گۆران

**هومایۆن صاحب**

بێگومان شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێکە لە ئەدیبە دەگمەنەکانی نێو ئەدەبی کوردی. ئەو یەکە پێشینەناسی شیعری کوردی بووە کە هەرزوو هەستی بە پێویستبوونی وەرچەرخانی شیعری کوردی کردووە، بەتایبەتی لە ئاستی شێواز و ناوەڕۆکدا. ئەو زۆر چاک زمانی کوردیی لە ئاستی میللیدا ناسیوە و یەقینی بە جیاوازیی ئەدەبیی ئەو زمانەش پەیدا کردووە. گەرچی وەک ڕۆشنبیرێک ئاگاداری زمان و شیعری دراوسێکان بووە و لە ژێر کاریگەرییاندا ژیاوە، کەچی نوێبوونەوەی شیعری کوردی هەوڵەکانی بەرەو پێشچوونی زمانی ئەدەبیات لە دۆخی ناوەوەی کۆمەڵگە و بزاوتی شیعری کوردی خۆیەوە دەبینێت. کۆمەڵە وتارەکانی لەسەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی وێنا و بچمی ئەو قەڵەمەمان وەک ڕەخنەساز و لێکۆڵەرێکی بەئاگای نێو کایەکە بۆ دەکێشێت. کە پێش ڕەفیق حیلمی و شیعر و ئەدەبیاتەکەی،



نەخشە و هێڵە گشتییەکانی شیعرناسیی کوردی و پێویستییەکانی نوێبوونەوە و وەرچەرخانی بەرەو تەشکێکی تر لەو مەیدانەدا دەخاتە بەردەم قەڵەمە جدییەکانی ئەو هەنگاوە.

سەرەڕای وروژاندنی چەندین بابەتی فەلسەفی لەسەر ئەدەب و هونەر بەگشتی و شیعر و شاعیر بەتایبەتی، وەڵامی کوردانەی خۆی بۆ کایەکانی ڕۆشنبیری و ئەدەب داوەتەوە. دکتۆر کامل بەصیر لە کتێبێکدا بەو کۆمەڵەوتارە شێخ نووری لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەسازیدا هەڵدەسەنگێنێت. شێخ نووری شێخ ساڵح وەکو هەستیارێکی تازەکەرەوەی هۆنراوەی کوردی بە لادان لە کێشی عەرووز و باوەشکردنەوە بۆ کێشی خۆماڵی و سەرەوای ڕەنگاوڕەنگ لە تیۆرییەکی نەتەوایەتییەوە و لە بۆچوونێکی وێژەیی و ڕەخنەسازی داهێنراوەوە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە. شێخ نووری خۆیشی چالاکانە و پەیتاپەیتا چەندین دەقی جیاوازتر لە شیعری پێشین لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەنووسێت و گورجوگۆڵانە بڵاویان دەکاتەوە، لەبەر ئەمەش لە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا گۆران بە زمانی خۆی ددان دەنێت بە سەرۆک و ڕابەریی شێخ نووریدا. گەرچی لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدان و نوێبوونەوەی شیعری کوردی و ڕۆڵی ڕابەردا، ددانپیانانەکەی گۆران بە خاکیبوون و خۆنەویستیی گۆران دەدرێتە قەڵەم. بۆیە کاکەی فەلاح لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵی شێخ نووری و پیرەمێرد باش هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام لەسەر بیناکردنەوە و ڕابەربوون ئەوان دەخاتە لاوە و پاساوی خۆیشی بۆ ڕابەرنەبوونی ئەو دوانە پێشکەش دەکات و لە کاروانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بە گۆران دەست پێ دەکات و ئەو دەکاتە سەرقافڵە. خودی گۆرانیش ناوی ڕەفیق حیلمی و ئەوڕەحمان بەگی نفوس وەک نموونەی شیعری تازە ناو دەبات. بەڵام دیارە هەوڵەکانیان وەک شێخ نووری بە نەخشە و پلان نەبوون و لە ڕووی چەندایەتییشەوە کەم بوون.

گەرچی دەیان لێکۆڵینەوە و نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر شیعری نوێی کوردی و ڕۆمانتیکیەتی ئەو نوێبوونەوەیە و ڕۆڵی هەریەکە لە پیرەمێرد، زێوەر، ڕەشید نەجیب، ئەوڕەحمان بەگ، شێخ نووری، گۆران و...هتد نوسراون، کەچی ئێمە هێشتا دەبێت جدیتر لە مەسەلەکانی زەمینەسازیی نوێبوونەوەکە و تەقەلاکانی ئەو بوارە و پێشکەوتنی گۆران و بەجێمانی شێخ نووری و هاوڕێکانی وردتر و بەدیقەتتر بکۆڵینەوە. ئەگەر نووسین بە هیجا و گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی و فۆلکلۆری کوردی لە ڕووی کێش و مۆسیقای زمانەوە بۆ نووسین و لادان لە عەرووز و هێنانی سروشت وەک ڕووبەر و نمایەکی جوانی بە دیمەن و وێناکانیەوە و فرمانڕەوایەتیکردنی جوانی ژن و ئامادەبوونی لە وێنە و بابەتە شیعرییەکاندا و لاکردنەوە بۆ بابەتەکانی خود و مرۆڤ و کێشەکانی و داڕشتنی هەموو ئەمانە لە قاڵبێکدا کە یەکیەتی بابەت پارێزراو بێت.. ئەو پێوەرانە بن کە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە سەدەی ڕابوردوودا ساخ بکاتەوە لەسەر شێخ نووری یان گۆران، ئەوە هەمان ئەو پێوەرانە شیعری کوردی بە زاری هەورامی دوو سەدە پێشتر دەخات و لە شێخ مستەفای تەختەیی و هاوڕێکانیەوە زەمینەی خوڵقاوە و لە بێسارانیدا مەییوە. ڕەنگە لاکردنەوەی قەڵەمە جدییەکان بۆ سەر ئەو پاشخانە هۆکاری پاراوکردنەوەی زمانی کوردی و ڕاچڵەکینی کەسانی وەک پیرەمێرد و شێخ نووری و گۆرانی لێ کەوتبێتەوە، کە نیگایەکی تر بدەنە نووسینی خۆماڵی لە هەموو ڕوویەکەوە. هەر ئەمەش دەتوانێت بەرچاوڕوونی بە ئێمە بدات کە بۆچی شێخ نووری دەستی پێ کرد و گۆران بوو بە ڕابەر.

گەر لە بەرهەمەکانی شێخ نووری ورد ببینەوە، دووررونزیک کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شیعری هەورامییان بە زەقی بەسەرەوە نییە. واتە

ئەم کەمتر توانیویەتی چەشە و چێژی میللی و کوردانە لەو زارە پارێزراو و خاوەن وێنە ناسک و مۆسیقییە وەربگرێت کە شیعری بێسارانی و صەیدی و خانا و مەولەوی و شاعیرانی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان لە ڕابوردوودا کردوویانە بە گەنجینەی سۆز و لیریکا. هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە هێزی ڕاکێشانەوەی شێخ نووری بۆ ئیقلیمی کێشی "هیجا" و میزاجی کوردانەی ئەو هێزە نەبێت کە بە تەواوی ئەو لە کێشی بێگانەی "عەرووز" بپچڕێنێت. بە پێچەوانەوە، گۆران ئەو قوتابییە بلیمەتەیە کە چالاکانە کەڵک لە دۆخ و گەڕی شیعری هەورامی وەردەگرێت و تیفتیفەی زەوق و قەریحەی مۆسیقا و زەمزەمەی شادی و تەنانەت هەڵکێشانی خەم و نیگەرانییەکانیش لە ناسکی و تەرکیبەی جوان دەدات.

بە کەمێ ڕامان لە ئەدەب و شیعری گۆران هەست بە جوانیی سروشت و دیمەنی وەرزە ناسک و گوڵە تەڕەکانی بێسارانی و عیشقی صەیدی و ڕۆحی مەولەوی دەکەین. نزیکیی گۆران لە مەڵبەندەکانی ئەو زارە و سفتوسۆی وێنەی جوان و مۆسیقای زمان و ڕەوانی و ئیسکسووکیی کێشی پەنجە گۆرانی یەکلا کردەوە بەسەر دنیابینیی سروشتی کوردانە و بە تەواوی لە عەرووزی پچڕاند. لە ڕووی هەستکردنەوە بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی و باری تیۆری، شێخ نووری زووتر و باشتر ئەو هەستەی لا دروست بوو، نەخشەسازیی بۆ کرد و هەنگاوی هەڵگرت. بەڵام لە ڕووی مەیدانی و کردارییەوە کەس وەکو گۆران یاریی نەکرد. یاریکردنی شێخ



نووری لەسەر هەردوو کێشی عەرووز و پەنجە، کەمێ ئەوی دواخست و پێیەکی لە زەمینە سەخت و قورسەکەی عەرووزدا باری ئەوی لە ناقۆڵایی زمان و تەرکیبەی قورسدا گران کرد. ئەو هەنگاوەش بۆ زەمینی کێش و مۆسیقای خۆماڵی کە زۆر چاک پەیی پێ بردبوو، قاچەکەی تری بە شوێندا نەهات. بەڵام گۆران پێچەوانەی سەرەتای نووسینی، بەرەبەرە سەرزەمینی عەرووزی بەجێ هێشت و هەواری لە کێش و مۆسیقای خۆماڵی هەڵدا. یاریی ئەسڵی دۆزییەوە و بەقای ئەدەبیی پێ دا و دەستی لە ئەسمەرەی شیعری بە عەرووز نووسراو بەردا. گۆرانیش ئەو دڵدان و مەیلگۆڕینەی بە هەوەس کردووە و تەنانەت بۆ جارێکیش حەزی نەکردووە لای لێ بکاتەوە.


لە لایەکی تریشەوە، کامێرای زەین و خەیاڵی شێخ نووری وەک گۆران نەبووە، ڕەنگە مەیلی نەقاشیی گۆران و شکستی ئەو لە وێنەکێشاندا، ئەوی خستبێتە سەر وێنە دەنگدارەکان. دەرفەتی



شێخ نووری

خەیاڵ و جۆری ژیانیش ڕۆڵی بینیوە لەسەر یەکلاییکردنەوەی ڕابەرێتییەکە.. ئەوە دەزانین شێخ نووری بە کاری کارگێڕییەوە سەرگەرم دەبێت و کاتوساتێکی ماندووکەرانە بەسەر دەبات، بە پێچەوانەوە، ژیانی زیندانی و بێکاریی گۆران خەیاڵی ئەو دەسرۆیشتووتر دەکات و بە ڕێبوارییش کچێکی سەرەڕێ فەرامۆش ناکات.
بابەتێکی تر کە ڕەنگە هۆکاری دواخستنی شێخ نووری بێت لە مەسەلەی ڕابەریکردنی شیعری نوێدا و پێشکەوتنی گۆران، مەسەلەی تێکەڵکردنی جوانی و نمای سروشتە بە سروشتی خودی مرۆڤ. ئەو ڕەنگ و ڕەمز و حیکایەت و شکایەتەی کە سروشت و پێکهاتەکانی هەیانە، لەگەڵ کەڵکەڵە و ئومێد و خەون و شکست و ڕۆح و بینا و دیدەی مرۆڤدا لای گۆران لە قاڵب و دۆخی دڵبردەتردا جێیان گرتووە. دیسانیش پێم وایە گۆران ئەم سەلیقە سیحراوییەی لە باخی شیعری هەورامی و باخچەی مەولەوییەوە وەرگرتووە. بە پێچەوانەوە، ئەو سەلیقەیە لای شێخ نووری کاڵتر دەبینرێت. شاعیر و ئەدیبانی سلێمانی، پیرەمێردی لێ دەربچێت، کەمیان ئاگاداری پاشخانی شیعری هەورامی بوون کە چ ناسک و سروشتی و خۆماڵییە. بەڵام شاعیرانی هەڵەبجە باشتر و زیاتر ئاگاداری ئەو گەنجینە خۆماڵییە بوون. ئەم ئاگاداربوونە سروشتییانە بووە بە سوژەی بەهرە و سەلیقە. هەر بەهۆی بەکاربردنی ئەو سەلیقەوە وێنە و مۆسیقای شیعری گۆران تیژتر و زیاتر مەوداکان دەبڕێت و دەگاتە هەواری دڵ. ئەوەش وا دەکات ئاوازی شیعری ئەو خێراتر دەنگی لێوە بێت. ئەمانەش یارمەتیی باشیان بە ڕابەربوونی گۆران پێشکەش کردووە.
هۆکارێکی تر کە شانسی ڕابەربوونی لە شێخ نووری سەندەوە و لە مێژووی ئەدەبی ئێمەدا بە ناوی گۆرانەوە چەسپاندی، پەیڕەوکردنی مۆدێلی نووسین و شێوازی گۆران بوو، بەتایبەتی لە ڕووی هەست و سۆزەوە، بڕوانە شیعرە شەیداییەکانی گۆران بۆ ئافرەت و دەستنەگەیشتن بە کامی دڵ لەگەڵ ئەو یارەدا، لەگەڵ شیعرە دڵدارییەکانی هەردی. شیعری دیلان و کامەران و کاکەی فەلاح زیاتر ڕەدووی شیعری گۆران کەوتن تا شێخ نووری. نووری و گۆران ڕابەرە لادەر و شۆڕشگێڕەکانی شیعری نوێی ئێمە بوون لە سەدەی ڕابوردوودا. بەڵام چۆنیەتی و چەندیەتیی لادان لە عەرووز و ئاستی بەکاربردنی کێشی خۆماڵی، گۆرانی پێش شێخ نووری خست.
دەتوانرێت بوترێت کە شێخ نووری ئەو یاریزانە بوو لە گۆڕەپانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا پاسە جوانەکانی خستە بەرپێی گۆران و گۆرانیش ئەو یاریزانە لێهاتووە بوو کە هیچ دەرفەتێکی نەفەوتاند و میدالی باشترین یاریزانی بردەوە.
سەرچاوە و پەراوێزەکان:






# دێڕی دڵۆڤێز

## (بەرباسدانی دێڕگەلێک لە دیوانەشیعری شێخ نووری شێخ ساڵحدا)

**هەژار فەقێ سلێمان**



لە هەر دیوان و کۆمەڵەشیعرێکدا چەند دێڕێک هەن کە ڕوانینمان لای خۆیان گل دەدەنەوە و دڵمان کێش دەکەن و دەبنە نمایندەی شیعری شاعیرەکەیان، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەوانی تر دڵخواز و دڵبەند و دڵسەنج نەبن، لێ گومانی تێدا نییە پێودانگگەلێک هەن، وا دەکەن خوێنەرە جیاوازەکان ئەو دێڕ و شیعرانە لێکتری جوێ بکەنەوە، ئەمەش لە کۆی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا هەمیشە بەر باس دراوە و بەر باس دەدرێ، لە تیۆری ئەدەبییشدا ئەو پرسیارانە دەکرێت، شیعرییەت و ئەدەبییەتی هەر دەقێک لە چی و لە کوێدایە، بۆ ئەم غەزەلە شاغەزەل و بۆ ئەم بەیتە شابەیتە (بە نیسبەت ئەدەبی

کلاسیکەوە)، بۆ ئەمەش، وەک وتمان، شیعرییەتی دەقەکە هۆکارێکی دیارە، وەکو شیعرییەتی وێنە و شیعرییەتی زمان و شیعرییەتی مۆسیقا و شیعرییەتی لادان و...هتد.

هاوکات هۆکارگەلێکی تر هەن کە وا دەکات شیعر و دێڕێک لەوانی تر دڵاوێزتر و دڵخواهتر بن، کە کۆی میتۆدەکانی ڕەخنەی لەسەر داڕێژراوە، هەر جارە و یەکێکیان خۆی مانیفێست دەکات، ئەویش سێکوچکەی نووسەر و دەق و خوێنەرە.

بۆ نموونە، کاتێک کۆمەڵەشیعرێک دەخوێنینەوە، زۆر جار ئەو شیعرانەی کە شاعیرەکەی لە غەریبیدا نووسیونی زیاتر لەبەردڵانە تا ئەوانی تر، ئەوەی کە لە ژووری سێدارەدا نووسیویەتی یان ئەو کاتەی شاعیر ئازیزێکی لە دەست داوە، یان ئەوە شیعر و دێڕەی لەسەری دەربەدەر و ئاوارە کراوە و زۆری تر، لێرەدا خوێنەر لە نووسەرەوە بۆ دەق دەڕوانێت، بۆ ئەمەش میتۆدە پێشینەکانی وەکو ڕەخنەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەک بەم باسە دەکات، بۆ لایەنی دەقیش شیعرییەتەکانی دەق بڕیاردەرن (لە پێشەوە ئاماژەی پێ درا)، کە بە تێڕوانینی بارت نووسەر دەخەینە دەرەوەی دەق و چاوەڕێی دەق دەکەین کە خۆی چیمان پێ دەڵێت، بۆ ئەمەش میتۆدە ڕەخنەییەکانی بونیادگەری و زمانی و و سیمۆلۆژیا کۆمەک بەم باسە دەکەن.

کۆتالایەن و تێڕوانینیش دونیابینی و دیدگای خوێنەرە، ئەمەش لەسەر باکگراوند و مەعریفەی خوێنەر وەستاوە و لەم ڕێگەیەوە هەرگیز هیچ دەق و شیعرێک بە یەکجاری خۆی بە ڕووی خوێنەردا داناخات، لێرەدا خودی خوێنەر سەنتەرە و بە دیدی هۆسرەڵیش خود بنەمای هەموو ئەزموونێکە و هەموو پرۆسەیەکیش وابەستەی خودە و لە خود بەدەر نییە، بۆ ئەمەش میتۆدەکانی ڕەخنەی هێرمۆنتیکی و فینۆمینۆلۆژی هاوکاریمان دەکەن.


لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بەرباسدان و هەڵبژاردنی ئەم دێڕانەی دیوانی شیعری شێخ نووری شێخ سالْحی شاعیر، بەرمەبنای یەکێک لەو سێ لایەنەی سەرەوەیە، دەشێت بە دیدی ئێوەی خوێنەر دێڕگەلێکی تر لەبەردڵان بێت.

لە خوارەوە هەوڵ دەدەین شیکردنەوە ڕاڤەکردن و خوێندنەوەیەک لە چەند ڕوویەکەوە بۆ هەر یەک لەو دێڕانە بکەین و ئیستاتیکای هەر دێڕێک بخەینە ڕوو:

یەکەم:

ئەشکی حەسرەت، لازمی جەمعی سیەە بەختانە هەر

شەونمی سوبحە، دەلیلی قەترەیەک گریانی* شەو ل227**



یەکێک لە ئەرکەکانی شیعر، وێناکردن و خۆبەیانکردنی مرۆڤە لە لایەن خودی خۆیەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە دەبێت کە لە دەوروبەریدان، هەمیشە لە لایەن شاعیرانەوە هەوڵ دراوە خۆیان بە سروشت بشوبهێنن و سروشتیش بە مرۆڤ بکەن، کە ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوام و ناکۆتایە لە هەناوی شیعردا و هەر شاعیرە و بە جۆرێک کاری لە وردەکاریدا کردووە. بۆ نموونە لەم دێڕەدا شێخ نووریی شاعیر دەڵێت، سیابەختان و فرمێسکی حەسرەت دوانەیەکی دانەبڕاون، بۆ ئەمەش لە نیوەدێڕی دووەمدا پاڵپشتی ڕاکەی خۆی دەکات و دڵنیا دەبێتەوە و دەڵێت ئەوەتا شەویش کە سیایە وەک سیابەختان، بەیانیان شەونمی گریانی بە سەر گەڵا و گیاکانەوە دەکەوێت، نیشانەی هەبوونی گریان و خەم و کەسەرە، لەم دێڕەدا هەردوو پرۆسەی خۆبەسروشتچواندن و بەمرۆڤکردنی سروشت لە وێنەیەکی ناوازەدا دەبینینەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئیستاتیکایەکی تری ئەم دێڕە لەوەدایە، کە ئێمە هەم لای شەو و هەم لای سیابەختان تەنها و تەنها بەرئەنجام دەبینین کە فرمێسک و شەونمە، ئیتر هۆکار هەرچییەک بێت لای هەردووکیان، سڕی و پەنهانە و نابینین و

تەنها بەرئەنجامەکانیان لە سوبحی دیدەدا دەبینین، مەبەستمانە بڵێین ئەگەر وێنەکە بە نزیکی زووم بکەین، لە بنەڕەتدا چاو تەشبیە کراوە بە سوبح.

دووەم: لە دڵەوە بۆ چاو (دێڕگەلێکی هاوتا)
(وێنەی نێو ئەم دێڕانە بۆ خوێنەر جێ دێڵین، تەنها کۆمێنتی ئێمە ئەوەیە: هەر شاعیرە و وێنەکەی بە جۆرێک داناوەتەوە و هەریەکەیان بە جۆرێک شیعرییەتیان پێ بەخشیوە).

شێخ نووری دەڵێت:
خەمم نەدیوە بەری خوێنی دڵ وەها بەردا
لە فوارەیی دڵەوە هەڵقوڵێتە سەر دیدە و سەر ل 123

باباتاهیری هەمەدانی دەڵێت:
دلی دیرم ز عیشق گیج و ویجە
موژەم بەرهەم زەنەم خوونابە ڕیجە
دلی عاشق بسانی چووبی تەڕ بی
سەری سووجە، سەری خونابە ڕیجە
ل 181



حافزی شیرازی دەڵێت:
دل بسی خون بە کف اورد ولی دیدە بریخت
الله الله کە تلف کرد و کە اندوختە بود ل 117
واتا (دڵ خوێنی زۆری بە دەست هێنا، بەڵام چاو ڕژاندی، سەیرە کێ بە بای دا و کێ بۆی کۆ کردبووەوە).
نالی دەڵێت:
بۆ چی نەگریم، صەد کەڕەتم دڵ دەشکێنێ
بۆ مەی نەڕژێ، شووشە لە صەد لاوە شکاوە ل

535
هەروەها دەڵێت:
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبوور
ل197

مەحوی دەڵێت:
لە بۆ ئیمدادی گریانم، دەروونی کردمە خوێناو
لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە جەرگ و دڵمی جاری کرد ل 111

سێیەم:
تەفسیری حەواشی خەتی نەورستەیی کوڵمت
موحتاجی موتاڵا نییە، یەک دەفعە لەبەرمە
ل 187

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی ناسک و وردی ئەدەبی دەخاتە پێش چاو کە خۆی وتەنی پێویستی بە حاشیە و تەفسیرکردن نابێت، چون وێنەکە هێند ناسکە، لە دیدە و دڵدا سەبت دەبێت، شێخ نووری شێخ ساڵح دەڵێت: ئەو خەت و مووە تازە پێگەیشتوانەی دەوروبەری کوڵمت، پێویستی بە لێکدانەوە و حاشیە و پەراوێز و دووبارەخوێندنەوە نییە، هەر بە یەک جار وەک ناوی خۆم لەبەرمە.
ئەوەی ئەم دێڕە دڵاوێزە ناوازە دەکات، چەند بابەتێکە، یەکەم: کوڵمی چواندووە بە پەڕەیەکی سپی، دووەم: گەندەموو و خەتی یاری بە دێڕی سەر پەڕەکە چواندووە و تەناسوبێک لە نێوان خەتی ڕووی یار و و خەتی ڕووی پەڕەدا هەیە، سێیەم: لای زۆربەی شاعیرانی پێش شێخ نووری باس لە خەتی دەوری لێو کراوە، بەڵام شێخ نووری خەتی کوڵم دەهێنێتەوە.
چوارەم:
وا ئێستە لەتاو ئاگری هیجرانی بەتاوت



فرمێسکی ئەڵێی تەرزە و بارانە دڵی من                ل 170

لەم دێڕەدا شاعیر دوو جۆر لە لێکدژی و ئاوەژووبوونەوەیەکی واتایی جوانی خوڵقاندووە، دەڵێت لە تاو ئاگر و بڵێسەی دووریی تۆ، فرمێسکم دەڵێی تەرزەیە، هاتنی تەرزە لێرەدا بیر و خەیاڵی خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا مانای ساردی لە تەرزە داماڵراوە، دوو مانای تری هەڵگرتووە: یەکەم دانەی فرمێسک کە لە شێوەدا لە تەرزە دەچێت (نالیی شاعیریش وێنەیەکی لەم بارەیەوە بەکار بردووە و دەڵێت: سروشکم ئاب و دانەیی نارە، کێ دی: بەگەرمی داوەرێ بەم تەرزە تەرزە – ل 448)، دووەم: دابارینی تەرزە لەگەڵ باراندا بە خوڕ و بە تاو، موبالەغەیەک دەداتە وێنەکە، لە لایەکی ترەوە لە وشەی (تاو)دا جوانکارییەکی وشەیی بەکار بردووە کە هەم لە ئاگرەوە نزیکە، هەمیش لە تەرزە و بارانەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە فرمێسک لە بنچینەدا هیی چاوە، کەچی لێرەدا خواستراوە بۆ دڵ.

پێنجەم: نیمە زەڕ و زیو، بیکەمە شاباشی قودوومت
هەر شیعرە کە دانەیی دوڕ و ئەڵماس و گەوهەرمە
ل 188

ئەمەش هاوکات دێڕێکی بە دیقەتە و شێخ نووریی شاعیر هونەری بادانەوەی بەکار بردووە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا دەڵێت بە داخەوەم هیچ زێڕ و زیوێکم نییە لە شاباشی هاتندا بیبەخشم، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا پەشیمان دەبێتەوە، بەڵێ شتم هەیە، ئەوەشی هەمە زێڕ و زیو نییە، بەڵکو دوڕ و ئەڵماس و گەوهەرە کە شیعرە. شیعریش تاکە سەروەت و سامانی منە. دەبینین شاعیر هەم شانازی بە شیعرەکانیەوە دەکات و هەمیش بە یار دەڵێت تۆ قابیلی لە زێڕ و زیو زیاتریت.
مەحویی شاعیریش دێڕێکی وەهای هەیە. باسی مەعشوق نەکراوە و تەنها شانازی بە شیعرەکانیەوە دەکات و دەڵێت: (چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر – کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گەوهەر وەرگرێ لە هیچ – ل 100). ئەگەر سەرنج بدەین، هونەرێکی جوانی شاردنەوەی تێدایە، خۆی

تەشبیە کردووە بە هیچ و شیعرەکانیشی بە گەوهەر، بۆ ئەمەش بادانەوەیەکی واتایی جوانی بەکار بردووە. لە لایەک خۆی لە نازناوی مەحوییەوە بۆ هیچ دەڕوات و لە لایەکی ترەوە پەسنی شیعرەکانی دەکات کە هیی خۆیەتی، ئەمەش مانای وایە زۆر جار دەقئاوێزانەکان بە شێوەیەکی تر دەردەکەونەوە و دێڕی ناوازەی وەک ئەوەی شێخ نووری بەرهەم دێنن.

جگە لەو دێڕانەی سەرەوە، دێڕگەلێکی تر لە دیوانەکەدا هەن کە شایەنی ئەوەن ئاماژەیان پێ بدرێ کە پڕن لە وێنەی نوێ و مۆسیقا و ڕیتمی نوێ، ئەوانیش:

ئەو ئومێدەت قەت نەبێ ڕازی دڵت شاراوە بێ
تۆ کە خۆت فاشی بکەی، بۆ عالەمێ ڕازی نیهان ل 158

بەسییە (نووری) ئەم قسانەت، وا ئەزانم ئاخری
وەک چرا بۆ سووتنی خۆت، گڕ ئەخەیتە سەر زبان ل 159



صەد خۆزگە بێ بەو ڕۆژە کە نەمبیستبوو ناوت
نەمچێشتبوو تامی مەیی مەیخانەیی چاوت ل 169

موژگان و برۆت صەف وەکو عەسکەر کە دەبەستن
باکت چییە تۆ صاحبی شمشێر و سینانی ل 174

هەرچی یەتە بەر دیدە هەموو یا ڕەمە، یا غەم
عالەم هەموو دەشتێکە کە من بوومە غەزالی ل191

لە ئوفقی ئاسمانی دیدە، گووم بوو میهری ڕووی، بۆیە
سیەە بەختانە وەکو شەو، تیرەگی ئەڕژێتە دامانم ل 215

دەس لەمل بەردێکی ئەلحەدکەم لەلای من چاترە
لەو دەسی پڕ زێڕە بینێمە دەسی ئەغیارەوە ل 218

ڕێ کەوێ بۆت ژینی دونیا خۆشە بێ زووخاوی دڵ
ناخورێ هەنگوینی شیرین قەت بەزەهری مارەوە ل218

هەر کە ڕووی تۆی دی، ئیرادەی بەیعەتی کرد ئافتاب
تورەیی موشکینی، تازەی کردەوە ئیمانی شەو ل227

مونتەهای ئەم زوڵمەتی هیجرانە، ڕۆژی وەصڵ ئەبێ
ئاخری نووری شەفەق ئەڕژێ لەهەر دامانی شەو ل228

نووری لەم پێچ و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخیتەبعان مەحاڵە، ڕووخسەتی میوانی شەو ل228

---

* لە دیوانەکەی شێخ نووری شێخساڵحدا، نووسراوە (قەترەیی موژگانی شەو)، بەڵام لە دیوانی ڕازی تەنیایی ئەحمەد هەردیدا نووسراوە

(قەترەیەک گریانی شەو)، کە لە ڕاستیدا ئەمەی دوایی واتای دێڕەکە تەواو دەکات و وەڵامی نیوەدێڕی یەکەم دەداتەوە و وێنەکە تەواو دەکات.
** ژمارەی لاپەڕەی دێڕی دیوانی شاعیرەکان.

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**



1- دیاریدەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2015.
2- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدالواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم- بەشی دووەم، چاپخانەی جاحز، بەغداد، 1989.
3- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم) ، انتشارات کردستان، چاپی دووەم، سنندج، 1379.
4- دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلاکریم)، انتشارات کردستان، چاپی سێیەم، سنندج، 1381 هەتاوی.
5- فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی-سالم-کوردی)، د.محەمەد نووری عارف، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009.
6- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، چاپی دووەم، بەغداد، 1971 ز.






# هزرە تیۆرییەکانی شێخ نووری

**حەمە مەنتک**



هێندەی ئەزموونی شیعری شاعیرانی کوردم خوێندبێتەوە، لە چەند دانەیەک تێپەڕ ناکەن، ئەوانەی لە ڕووی تیۆرییەوە شارەزای شیعرن. دەبینین کەمن ئەو شاعیرانەی جیهانبینی و تێڕامانی خۆیان لەبارەی شیعرەوە هەبێت. ئەوەی بۆ ئەزموونی شاعیر گرنگ بێت، تێڕامانیەتی لە گەوهەری شیعر، بزانێ شیعر چییە؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارەیش بە تێڕامانیەتی لە ئەزموونەکانی پێش خۆی. ئەویش بەو مەبەستەی ئەوان تێپەڕێنێ، بە شێوەیەک، هەموو کەلێن و وردەکاریی دەقی ئەوان ڕاڤە بکات. لەمەوە بگات بە کۆمەڵێ لایەنی تیۆری. ئەم جیهانبینییەی بۆی دروست دەبێت، زەمینەسازیی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی

ئەزموونی شیعریی خۆی بە شێوەیەکی داهێنەرانە دابڕێژێت.

بە بڕوای من، "شێخ نووری شێخ سالْح" چ لە سەردەمی خۆی و چ لە سەردەمی پاش خۆی، یەکێکە لەو تاکە شاعیرانەی هزرە ڕەخنەیی و تیۆرە ئەدەبییەکانی داڕشتووە. نوێکردنەوەی شیعر، یان تێپەڕاندنی ئەزموون و فۆرمە شیعرییەکانی پێش خۆی بە شێوەیەکە، کە جیاوازە لە زۆربەی ئەو شاعیرانەی بە سەرمەشقی تازەکردنەوەی شیعر لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی دادەنرێن. جیاوازییەکەی لەوەدایە، شاعیرانی سەردەمی خۆی لە نموونەی "گۆران" و "ڕەشید نەجیب" و "پیرەمێرد"، شاعیرانی دوای خۆیشی، بۆ نموونە ڕوانگەییەکان، بە کاریگەریی ئەدەبیاتی دەرەوە هاتوون شیعریان تازە کردووەتەوە. کەواتە لێرەدا بەبێ دیتنی ئەزموونی دیکەی میللەتان، بۆ ئەم شاعیرانە سەخت بووە گۆڕانکاری لە فۆرم و شیعری سەردەمی خۆیاندا بکەن. "گۆران" خۆی لەو چاوپێکەوتنەی "عەبدولڕەزاق بیمار" لەگەڵی ساز کردووە، دەڵێ: ئێمە بە کاریگەریی شاعیرە نوێخوازەکانی تورک شیعری کوردیمان تازە کردەوە. شاعیرانی ڕوانگە بە کاریگەریی گۆڤاری (شیعر ٦٨)ی عەرەبی بەیاننامەیان دەرکرد. بەڵام "شێخ نووری" ئەگەر کاریگەریی دەرەوەیشی بەسەرەوە بێت، کاریگەرییەکە دوای بیرکردنەوە تازەکانی لەبارەی شیعرەوە دێت. چۆن؟ ئەم شاعیرە پێشتر توێژینەوەی لە کۆی ئەزموونی شاعیرانی کلاسیک لە نموونەی: نالی، مەحوی، شێخ ڕەزا و مەولەوی کردووە. بۆ ئەمەیش چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە. خۆ دەکرێ لێرەدا بپرسین: لە سەردەمی ئەم شاعیرەدا چەندین شاعیر و نووسەری دیکە وتاریان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو کردووەتەوە، ئەدی بۆ ئەوەی "شێخ نووری" بایەخی پترە؟ نووسینی شاعیر و نووسەران لەبارەی شیعر و بابەتی تازەکردنەوە، لە چەند سەرنجێکی گشتی لەبارەی کێش و سەرواوە پتر نەبوون. مەگەر نووسینەکەی "سیاپۆش" بە ناوی (شاعیرەکانمان) لە هەردوو ژمارەی (٣٣٥ و ٣٣٦)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا، هێندێک لای لە پێناسە و سەرچاوە و ئەرکی شیعر کردووەتەوە. بەڵام نووسینەکانی "شێخ نووری"، بەتایبەتی ئەوەی بە ناوی (ئەدەبیاتی کوردی)یە، نووسینێکی تیۆری و ڕەخنەیی وردە.

لە یەکێک لەو زنجیرە وتارانەی بە ناوی (لەشێوازدا شەخسیەت) دەنووسێت: (شێواز نەزەر بەوەی کە عیبارەتە لەو شکڵە کە ئەدرێ بە ئەفکار لە هیچ زەمانێکدا مالیکی ماهیەتێکی موجەڕەد نابێ، بەڵکو لە تەختی تەئسیری ئەو عەلائیقەدایە کە ڕابیتەداری لیسان و ئەدەبیاتن. یەعنی ئەدەبیات چۆن شەخسیە، شێوازیش شەخسیە).1 لەم تێڕوانینەی "شێخ نووری" هەمان پێناسەکەی "بۆفۆن"مان بۆ شێواز دێتەوە بیر، کە دەڵێ: شێواز خودی مرۆڤە. لێرەدا دەردەکەوێ "شێخ نووری" خاوەنی چ ڕۆشنبیرییەک بووە. شتێکی دیکە لەم تێڕوانینەیدا دەردەکەوێ، ئەویش مادام شێواز خودی مرۆڤە، کەواتە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێ. ئەم دیاریکردنەی شێواز بەو شێوازە تیۆرییە پێشتر قسەی لەبارەوە نەکراوە، تا ئەم دواییانەش نەبێت، بە کاریگەریی لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان لە شێوازناسیدا بەو جۆرە باسی شێواز نەکراوە (هێندەی من ئاگادار بم). بێگومان ئەم بۆچوونەی هەر لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو لە ئەنجامی توێژینەوە و کارکردن لەبارەی ئەزموونی شاعیرانی پێش خۆی بووە. هەرچەندە "د. کامل بەسیر" لە کتێبەکەیدا (شێخ نووری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا) ئەم لایەنەی نووسەری ڕوون کردووەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرپێیی بە بۆچوونەکانی "ئەرستۆ" و "فرۆید"ی پێوەست کردوون. بۆچوونەکەی "شێخ نووری" هێندەی هەڵقوڵاوی تێڕامان و بیرکردنەوەی خۆیەتی، هێندە ئەنجامی کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی دیکە نییە. لەبەر

هۆیەکی سادە، ئەویش نموونەهێنانەوەیەتی بە ئەزموونی نالی و شێخ ڕەزا.
لە لایەکی دیکە، کارکردنی ئەم تیۆرزانە لە ناو ئیستاتیکای ئەدەبدا کارکردنێکی تیۆری بووە. (ئەساسی ئەدەبیات جوانییە، یەعنی لیباسێکی جوان بدرێ بە مەعنایەک و ئەساسی مەنطقیش ڕاستیە).2 بنەڕەتی هەموو دەقێک بۆ لایەنی جوانیی دەقەکە دەگەڕێنێتەوە. لێرەدا پێچەوانەی "د. کامیل بەسیر" کە ئەمەی پێوەست بە لایەنی فۆرم کردووەتەوە. دیارە فۆرمیش لەو سەردەمەدا بە واتا سادەکەی دەهات. بەڵام بە تێڕوانین لەم بۆچوونەی "شێخ نووری"، ئەوە دەزانین کە مەبەستی تیۆرزانەکە زۆر لەوە قووڵترە واتای فۆرمی بەو شێوە سادەیە بێت. جوانی لە ئەدەبدا بە هۆی زمانەوە دروست دەبێت. واتە جوانی بۆ ئەدەبیات پێوەرە. (دارشتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە قالبێکی ئێستاتیکیدا بە یەکێک لە دیارترین و گرنگترین مەرجە سەرەکییەکانی دیاریکردنی خاسیەتە تایبەتییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەنێت و خاڵی جیاکەرەوە لە دەربڕینی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بەرگێکی جواندا دەبینێت).3 ئێمە دەزانین تەنها کێش و سەروا پێوەری جوانیی دەق نین. بەڵکو لەوە زۆر فراوانترە. ئەگەر قووڵتر لەم تێڕوانینەی "شێخ نووری" بنۆڕین، دەردەکەوێ، چۆن لە ئەنجامی تێڕامانی وردی بۆ گەوهەری ئەدەبیات و شیعر بەم لایەنە تیۆرییانە گەیشتووە. ئەو جوانییەی ئەم تیۆرزانە باسی دەکات، جوانییەکی خودییە. واتە بەرهەمهێنانی جوانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە



جوایەزە. ئەو جوانییە تایبەت نییە بە سروشتی شتەکەوە، بەڵکو تایبەتە بە زەینی خودەکانەوە. پێوەندیی بە ئازادی بیر و هێزی خەیاڵەوە هەیە. ئەو جوانییەی "شێخ نووری" مەبەستیەتی، ئەو جوانییەیە کە شاعیر خۆی، لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی زەینی خۆی بۆ شتەکان، وێنەکان دروستی دەکات. بێگومان یەکەم کەرەسەی ئەوەیش زمانە. وەکو دەزانین، خودیش بنەمای ڕۆمانتیکیەتە. لێرەوە دەردەکەوێ لەخۆڕا نەبووە ئەم تیۆرزانە جوانیی کردووە بە یەکەم پێوەری دەقی ئەدەبی. کەواتە ئەم جوانییە گوزارشتە خودییەکانی شاعیرە. لە ڕێی لێکدانەوەی واتاکانی پشت ئەم نووسینەی "شێخ نووری"یەوە ڕەوتی ڕۆمانتیکی دەدۆزینەوە. کەواتە ئەو سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری توێژینەوە و تێفیکرینی لەبارەی ڕۆمانتیکیەتەوە کردووە، پاشان لە ناو شیعرەکانیدا هەوڵی ئەزموونکردنی داوە.
ئەوەی لە ئەزموونی ئەدەبیی ئەم نووسەرەدا جێی سەرنجە، تازەکردنەوەی شیعری لەسەر بنەمای تیۆری بووە. واتە ئەو نەهاتووە لەخۆڕا شێوازی نووسینی شیعر و تازەکردنەوەی شیعریی ئەنجام دابێت، بەڵکو پێشتر گەیشتووەتە چەند بنەمایەکی تیۆری، ئەوجا ئەو کارەی کردووە. سەرچاوەی ئەم بنەما تیۆرییانەی نووسەر، وەکو پیشتر گوتم، لە لایەک ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەی ئەزموونی شاعیرانی پێش خۆی بووە، پاشان لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە. ئەو نەهاتووە وەکو "گۆران" تەنها بە چاولێکەری لە ئەدەبیاتی تازەی تورکی شیعر تازە بکاتەوە. بە بڕوای من، تازەکردنەوەی شیعر لەسەر بنەمایەکی تیۆری، ڕووی "شێخ نووری" زۆر پێش "گۆران" دەکەوێت. هێندەی من تەماشای دیوانەکەی "گۆران"م کرد، شتێکم نەدۆزییەوە کە تازەکردنەوەکەی بنەمایەکی تیۆری و ڕەخنەیی هەبێت. لە پێشەکی (بەهەشت و یادگار) تەنها ئاماژە بە تازەکردنەوە لە ڕووی

کێشی پەنجەییەوە دەکا. لە دیوانی (شێوەن و فرمێسک)دا دەنووسێ: هەرچی بۆ پێشەکی بوترێ، هەر ئەوانەن لە سەرهاتی بەرگی (بەهەشت و یادگار)دا نووسراون.4 من نامەوێ لە هەیبەتی شیعری "گۆران" کەم بکەمەوە، دەمەوێ بڵێم ئەوەی "شێخ نووری" بۆ تازەکردنەوەی شیعر کردوویەتی، زانستیترە، لە ئەنجامی تێرامان و بیرکردنەوە لە چییەتیی ئەدەب و شیعر، لە چییەتیی کێش و سەروا، لە شێواز...تاد ئەمانە هەموو بە لێکۆڵینەوە گەیشتووە بە ئەنجام. "ئەژی گۆران" لە نووسینێکیدا لە سەرەتای ئەم دیوانەی "گۆران"، کە ئاماژەمان بۆ کردووە، ددان بەوەدا دەنێ کە "گۆران" کاریگەر بووە بەو بەیاننامە شیعرییەی کۆمەڵێ لاو لە قوتابخانەی (فەجری ئاتییا)، کە ناویان لەخۆ نابوو (گنج قلم لر). ئەو بڕگانەی لە بەیاننامەکە خستوونیەتیە ڕوو، سەلمێنەری ئەوەن "گۆران" تەنها وەکو پراکتیک هاتووە بۆ شیعری کوردی سوودی لێ وەرگرتوون. هەر لەوێدا لەبارەی "شێخ نووری"یەوە دەڵێت: (لاوانی کوردیش لە ڕوانگەی پێداویستی شارستانیەوە، لەم مەیانەدا کۆششیان کردووە، هەروەک نووسینە ڕەخنەیەکی مامۆستا شێخ نووریش لە ساڵانی ١٩٢٢دا، بە دەم هەمان زایەڵەوە گوێ هەڵئەخا).5 بەڵام ئەگەر ورد ببینەوە، نووسینەکەی "شێخ نووری" هێندە کاریگەریی ئەم بەیاننامەی لاوانی تورکی بەسەرەوە نییە. بەڵکو زۆر قووڵتر لەوە دەچێتە ناو ئەدەبیات و شیعر، چونکە بەیاننامەکە (بەگوێرەی سەرچاوەکەی "ئەژی گۆران") تەنها باسکردنی تازەکردنەوەی شیعرە لە ڕووی کێش و سەروا و کەمکردنەوەی وشەی بێگانە. بەڵام نووسینەکانی تیۆرزانەکەمان لەوە قووڵترە. قسەکردنە لەبارەی ئەدەبیات وەکو یەک لە داهێنانە جوانەکان (سەنایعی نەفیسە)، کە چێژ و سوودی هەیە. دەبینین ئەم قسەیە لە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو بنەمایەکی تیۆریی هەیە. ئەمەیش کارکردنە لەسەر بۆچوونێکی "سوکرات"، کە هەر شتێک ئەو کاتە جوانە، کە سوودبەخش بێت. مادام ئەدەبیاتیش سوودی هەیە، کەواتە پڕە لە جوانی. هاوکات هەستی جوانیمان دەداتێ. ئەوەی لە کۆی قسەکانم دەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە کە تازەکردنەوەی شیعر لای "شێخ نووری" بنەمایەکی تیۆریی هەبووە. کەسێک بووە، وەکو تیۆرزانێک لە ئەدەبیاتی کۆڵیوەتەوە. تەنها کاریگەریی ئەدەبیاتی دیکەی بەسەرەوە نەبووە، بەڵکو خۆیشی لە چییەتی و چۆنییەتیی ئەدەبی کۆڵیوەتەوە. ئاماژەی بۆ زۆربەی لایەنە تیۆرییەکانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی کردووە. ئەمەیش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی تازە بووە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(Endnotes)**

**1 م. نووری، ادبیات کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژ ٤٠، ساڵی (١)، ١٤ی تشرینی دووەم، ١٩٢٦.**

**2 سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢٤)ی (١٥)ی تەمووزی ١٩٢٦.**

**3 د. پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٨٨.**

**4 عەبدوڵڵا گۆران، دیوانی گۆران، نشر پانیذ، تهران، چاپی سێیەم، ١٣٨٦، ل٤٠ و ل ٩٠.**

**5 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.**







# شێخ نووری شێخ صاڵح و مامۆستا (گۆران) لە کتێبی ( ڕەخنەسازی، مێژوو و پەیڕەوکردن)

دوابەدوای شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ (ز)یەوە لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازی کوردی کەوتە گەڕ و شاسوارەکانی بەتوندی لە مەیانە جۆر بەجۆرەکانیدا ئەسپی خۆیان تاو دەدا.

ئاکامی ئەم بارە سازکردنی چەند بڕیارێکی ڕۆشنبیری و زانیاری و بگرە زانستیش بوو کە توێژەر و پسپۆڕە کوردەکانیان تاقم تاقم کرد و هەر تاقمێکیان لەسەر هەڵوێستێکی ئایدۆلۆجی و وێژەیدا ڕاگرت.

باسکردن لەم مەسەلەیە بێگومان زەمینەیەکی فراوانتر لە جخزی لێکۆڵینەوەکەمان تەخت دەکات و لە مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان دوورمان دەخاتەوە. سەرەنجام بۆ ئەوەی خۆمان لەم سەرگەردانیە بپارێزین لەبەر تیشکی تێکستەکانی لێکۆڵینەوەکەماندا شورەی باسەکەمان بە چەند پرسیارێک بنیات دەنێین:

پرسیاری یەکەم: لەم چەند پرسیارە دەپرسێت: کە بڕیار دراوە مامۆستا گۆران سەرکردەیی ڕێبازو قوتابخانەی تازە کردنەوەی هۆنراوەی کوردییە، ئایا ئەم بڕیارە تا چ ڕادەیەک فەرامۆشی ئەرکی شێخ نووری شێخ صاڵح لەم بوارەدا دەکات؟!

دوابەدوای ئەم پرسیارە پرسیارێکی تر بەرپا دەبێت و دەڵێ: تازەکردنەوەی هۆنراوەی کوردی بە دیاردەیەکی دوابەدوای ساڵانی (٤٠) لە قەڵەم بدرێت، تا چ ڕادەیەک ئەم کردەوەیە لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەی وێژەو ڕەخنەسازی کوردییدا دەگونجێ؟!

پرسیاری سێهەم: لەم کۆمەڵە پرسیارە لە پرسیاری یەکەم و دووەم بەرینتر و زانستیتر دێتە پێشەوە دووپاتی دەکاتەوە کە لەم ڕۆژانەدا لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانکۆیی وێژەو ڕەخنەسازی کوردی باوەش بۆ ڕێبازە ئەوروپییەکان دەگرێتەوە بەهیچ جۆرێک بە هێماش بێ ناوی سامانی نەتەوایەتیمان نابرێ، ئایا ئەم سامانە تا ئەم ڕادەیە لە لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازی بێبەشە؟!

مامۆستا گۆران —هەروەکو دیارە— بەرەنگاری هەندێک لەم پرسیارانە بووە و وەڵامەکانیشی تایبەت بە شێخ نووری شێخ صالح سەرەتایەکی مێژووییە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە بە ڕوونی لە مەسەلەی تازە کردنەوەی هۆنراوەی کوردی دواوە و سەرچاوەکەی بەڕای خۆی دەست نیشان کردووە و ئەرکی شێخ نووری شێخ صاڵحی لەم کۆڕەدا خستۆتە ڕوو و وتویەتی: (نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بە ئەدەبی کوردی موتەئەسیر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنها شێخ نووری شیعرەکانی بڵاو ئەکردەوە و من بڵاوم نەئەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نیشاطی دەردەکەوت. وە ئەدەبی تورکی و قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا بوو بوو، کە پێیان ئەوترا (ادبای فجری ئاتی) لەوان (تۆفیق فیکرت) و (جەلال ساهر) بوون وە ئەدیبێکی تری تورک کە (عبدالرحمان خالد)ە ئەگەر چی لەم کۆمەڵە نەبوو بەڵام دیسان هەر پێی مووتەئەسیر بووین کەوابێ هەمووومان بەیەکەوە ئەمانڕوانینە یەک کڵاو ڕۆژنە، بەڵام ئەتوانرێ بەشێخ نووری شێخ صالح بووترێ سەرۆک بەهۆی:

یەکەم: زۆری بەرهەمی.

دووەم: بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێگومان تەئسیری ئەبەخشیە سەر ئەدەبی کوردی.1

ئەم وتەیە —هەر وەکو ئاشکرایە— لە ڕوانگەی خاوەنەکەیەوە دوو بڕیارمان بۆ ساز دەکات:

یەکەم: سەرچاوەی تازە کردنەوەی هۆنراوەی کوردی لەو سەردەمەدا وێژەی تورکیە و تازەکەرەوەکانی سامانی نەتەوایەتی کوردی شوێن پێی نوێخوازە تورکەکانیان هەڵگرتووە.

دووەم: سەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە لە هۆنراوەی کوردیدا شێخ نووری شێخ صالحە.

ئەم دوو بڕیارە بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ لەم ڕۆژانەدا بەسەر خامەی مێژوو نووسەکانی وێژەو ڕەخنەسازی کوردییەوە بەرچاو ناکەون، بگرە بڕیاری دانانی شێخ نووری شێخ صالح بە سەرۆک و پێشەوای بزوتنەوە هۆنراوەی کوردی لەلایەن هەندێک نووسەری هاوسەردەمی کوردەوە نەک فەرامۆش کراوە و بەس، بەڵکو بنەڕەتیانە دەستکاری کراوە و لەبریدا بڕیاری کەی تازەیان دروست کردووە کە دەڵێ مامۆستا (گۆران) سەرۆکی بزووتنەوەی تازە کردنەوەی هۆنراوەی کوردییەو لەم کۆڕەدا ڕێبازێک و قوتابخانەیەکی هونەری و ئایدۆلۆجی بنیات ناوە کە لەژێر سێبەرەکەیدا هەموو هەستیارە نوێخوازە کوردەکان وەک و قوتابیی و مرید خڕ دەبنەوەو لە سەرچاوەی وێنەی هونەری و ناوەڕۆکە داهێنراوەکانیەوە هەڵبەست دەهۆننەوە.

ئەم بڕیارە تازە بە هەموو زەمینە مێژوویی و هونەری و ڕامیاریەکەیەوە پێویستی بە توێژینەوەو لێکدانەوە هەیە.

ئەوەی جێگەی شادمانیە شێخ نووری شێخ صالح پێداویستیەکانی ئەو پێویستیە لە کۆمەڵە وتارێکدا2 کە بەر لە (55) پەنجاو پێنج ساڵ نووسیوویە وەکو کەرەستەیەکی زانیاری دەیخاتە



شێخ نووری

بەردەستی پسپۆڕو توێژەران دەرفەتی ئەوەیان بۆ ئامادە دەکات کە بتوانن ئەم لایەنە گرنگانە لە مێژووی وێژەو ڕەخنەسازی کوردی بەجۆرێکی زانستی ساغ بکەنەوە.

شێخ نووری شێخ صالح لەم کۆمەڵە وتارەدا بابەتە گەلێک لە کۆڕی زمان و وێژەو ڕەخنەسازی کوردیدا یەکالا دەکاتەوەو وەلامی دەیان پرسیاری مێژوویی لەم ڕووەوە دەداتەوە. جا با بزانین ئەم نووسەرو هەستیارە کوردە چلۆن بابەتەکانی باس کردووەو لە چ ڕوانگەیەکەوە بیروڕاکانی چەسپاندووە؟

شێخ نووری شێخ صالح هەروەکو لە ئەڵقەی یەکەمی کۆمەڵە وتارەکەیەوە دەردەکەوێ دەمێک بووە لەباری وێژەی کوردی ورد بۆتەوە بڕوای وابووە کە زمانی کوردی بوون و قەوارەی تایبەتی خۆی ڕەچاو کردووە.

زمانی کوردیش بەلایەوە کە ئەمە باری بێت دەبێت دۆخی وێژەکەی چۆن بێت؟

نووسەرەکەمان وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ (معلووم عالیتانە زبانێکیش کە مەوجودیەتی خۆی ئیسپات بکات لازمە بەڵکو واجبە ئەدەبیاتی ببێ، لە نووسیندا ڕێعایەت بکرێت، چونکە طرزی تکم و شیوە و تحریریەی همو قوم و ملتی جیاوازە، ڕیعایەت کردنی ام نقطیەش بە وجوودی عیلم ئەدەبیاتەوە ممکنە کە ئەم جیهەتەش مع الاسف مفقودە).3 ئەم تێکستە بە ڕوونی سێ ڕاستیمان دەدات بە دەستەوە:


یەکەم: شێخ نووری شێخ صالح بیروڕای وابووە کە وێژەی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دی جیاواز بێت، ئەم ڕاستیەش بێگومان ئەوە بریار دەدات کە ئەم هەستیارە کوردە بە ژیری و هەستیەوە نەیوویستووە لاسایی هیچ وێژەیەکی نا کورد بکاتەوەو شوێن پێی هەستیارێکی بێگانە هەڵبگرێت.

دووەم: لێکۆڵینەوەی وێژە لە ڕوانگەی نووسەرەکەمانەوە زانستەو چلۆن لەش و تەنی ئادەمیزاد زانستی هەیە وێژەش بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەو خاوەن زانستێکە. ئەم ڕاستیە دیسان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شێخ نووری شێخ صالح بیروڕای وابووە وێژەی کوردی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕێباز هەیە.

سێهەم: سامانی نەتەوایەتی کوردی دێرین تا سەردەمی نووسەرەکەمان زانستی وێژەیی پێک نەهێنا بوو. ئەم ڕاستیە هەڵبەت ئەوەمان بۆ بڕیار دەدات کە شێخ نووری شێخ صالح یەکەم نووسەری کوردە کە لەم کۆڕەدا چاکی مەردانەی بەلادا کردووە.

ئەم سێ ڕاستیە ڕاستەوخۆ دووبارە مامۆستای ناوبراو دووپاتیان دەکاتەوەو پلانی کارەکەی لە نووسینی زانستی وێژەیی کوردی دەخاتە ڕوو دەڵێ: (لەپێشەوە ڕجائەکەم ئەم قسەیە کە ئەیکەم حملی نەکەنە سەر خودفرۆشی (هێنانە وجودی ڕسالەیەکی ئەدەبی کوردی لەسەر شانی ئەدیب و تجدد پەروەرەکانمان بە لزومێکی قەطعی ئەزانم) حاشا ثم حاشا من ناڵێم ئەدیبم، من ناڵێم شاعیرم، بەلام لبراوەی مندالیمەوە فکرم ئیشتخالی لەگەڵ ئەدەبیاتدا بووە بە تتبعات نختی شارەزایم هەیە وە ئەم شارەزاییە دائمە سووقی ئەوەی کردوم کە لەم علمەدا کە هێشتا بە زمانی کوردی نەنووسراوەتەوە ڕسالەییەک تالیف و تەبع بکەم مع التآسف وضعیت خصوصیەم و دەست نەکەوتنی شیعری شاعیرە کۆن و تازەکانمان بوو بە ئەسبابی تآخری ئەم تشبثە خیرە).4

لەم تێکستەدا سەرەڕای ڕەنگدانەوەی ئەو سێ ڕاستیە بەڕوونی خۆماڵی ڕێبازی نووسەرەکەمان لە توێژینەوەی وێژەی کوردی بەرچاو دەکەوێت و کە تا ئێستا ئەو کتێبەی دانەناوە بیانووەکەی دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی هۆنراوەی دێرین و سەردەمی کوردی لەبەردەستی دا، کە دەیەوێ ئەو کتێبە دانێ داوا لە هەستیارەکان دەکات بەرهەمەکانیان بۆ بنێرن. ئەم دوو بنەواشەیە هەڵبەت ئەوە دەچەسپێنن کە شێخ نووری شێخ



صاڵح لە ڕووی ڕێبازەوە بڕیاری ئەوەی داوە زانستی وێژەیی کوردی لە وێژەی کوردی خۆیەوە هەڵبهێنجێنێت و بە جۆرێکی بیری و ئەقڵی خۆی لە شکاندنی وێژەی کوردی بەسەر باسی تیوری و پلانی نەزەری بێگانەدا دوور بخاتەوەو چالاکانە وەکو توێژەرێکی کوردی ڕاستەقینە لە تێکستی شیکراوە و ڕێبازی شیکردنەوەدا خۆماڵی بێت.

سەرەنجام نووسەرەکەمان لەسەر ئەو پلانە بەردەوام دەبێت و دەڵێ: (معلومی عالیتانە بۆ هەموو قاعیدەیەکی ئەدەبیە کە ئێمە ایضاحی ئەکەین چ بەنثرو چ بە شیعر مثال پێویستە ڕجا ئەکەم لە هەموو شاعیرو ئەدەبێکی کورد لە زادەی ئەفکارەی مهما امکن اشعاری خۆیمان بۆ بنێرێ بۆ ئەو زاتەش ئەبێتە نەمەیەکی ئەدەبی ئەبەدی و جاری لەپێش طبعا بە صورت مقالات متفرقە هەفتەی مەقالەیەک بە افتخارەوە بۆ طبع و نشر تقدیمی دائرە و علیەتانی الم).5



مێژوو نووسی وێژەو نەخشەسازی کوردی لەبەر دەستی ئەم پلانەو ئەو سەرئەنجامانەدا بەبێ مشت و مڕ دان بەڕاستیەکی وادا دەنێ کە دووپاتی دەکاتەوە: شێخ نووری شێخ صاڵح لە جیهانی ڕۆشنبیری کوردیدا لەو سەردەمەوە تیوریزان و (منظری) وێژەی تازەی کوردی بووە، لە کۆڕی بوژاندنەوەی سامانی وێژەیی نەتەوایەتی و بەرپا کردنی بزوتنەوەی تازە کردنەوەی ئەم سامانە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبووە و بنەڕەتی ڕەخنەسازی خۆماڵی چەسپاندووە و ئاسۆی پەرەسەندن و خەملاندنی ڕۆشنبیری جیهانی لەبەرچاو گرتووە. ئەمجا بە وریایی لەناو جەرگەی هەست و نەستی هۆشمەندی ملەتەکەیەوە بیروڕاکانی ڕەچاو کردووەو لە ڕێگای نووسین و داهێناندا هەنگاوی هەڵگرتووە:

### هونەری جوان و هونەری بەسوود

شێخ نووری شێخ صاڵح بۆ پێناسەی وێژەو دەست نیشان کردنی زانستی لێکۆڵینەوەی لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە بناغەی کارەکەی دەچەسپێنێ و لەژێر ناونیشانی (سنعەت و سنایع ی نەفیسە)دا دەڵێ: لەبەرئەوەی ئەدەبیات شعبەییکە لە صنایع نفسیە لازمە اول جار بزانین صنایع نفسیە چیە؟ تەماشای لەوحەیەک بکەین کە ڕەسامێکی ماهر دروستی کردبی یاخوود گوێ لە مۆسقیک بگرین کە مۆسیقی شناسیک لێبدات، یاخود مقابل بە بنایێکی جوان ڕاوەستین بە کمالی لذتەوە تەماشای ظرافەتی ئەم بنایە بکەین. ئەم لەوحەیە، ئەم مۆسیقایە، ئەم بنایە چۆن ئێمە منون ئەکا و لە ڕۆحی ئێمەدا چە نوعە هیجانیک ئەنوێنی. چە لە معنا ووردیە و چە لە وسعەت و قوڵی دا بە اعتباری ئاهەنگ و طرزی ئیفادە قسەیەکیش بکەین و یا گوێی لێ بگرین ئاگر دقتی تەواو بکەین عینا او هیجان و حسیاتە حس اکین کە لەسەرەوە عرضمان کرد. کەوابوو او تآثیرەی کە لە قصەیەکی جوان بۆمان حاصل ابی لەگەڵ چاوپێکەوتنی لوحەیەک و بنایەکی چاک و جوان و گوێ لە مۆسیقا گرتنێکی خۆشدا عین تآثیرە).6

نووسەرەکەمان لە دانانی وێژە بە بەشێک لە بەشەکانی –سنائعی نەفیسە– واتا پیشەسازیە جوانەکان مەسئەلەیەکی مێژوویی لە بواری ڕەسەنی لاسای کردنەوەی ڕەخنە سازیی جیهانیدا دەهێنێتە کایەوە و نووسەری مێژووی وێژەی کوردی هاندەدات کە بپرسێ: شێخ نووری شێخ صاڵح لەم بۆچوونەیدا تا چ ڕادەیەک لاسایی ڕەخنە سازیی اغریقی و عەرەبی دێرین

دەکاتەوە؟
ئەوەی لە مێژووی ڕەخنەسازی اغریقیدا چەسپاوە "افلاتوون" بە چەشنێکی میکانیکی وێژەی بە پیشەسازییە بەسوودەکانەوە بەستووە و بڕیاری داوە کە وێژەر لە بەرهەم هێنانی وێژەدا لاسایی پیشەسازەکان دەکاتەوە و جگە لە تۆمار کردنی جیهانی هەست پێکراو بە دوورکەوتنەوە سێ هەنگاو لە ڕاستی هیچ شتێکی دی ئەنجام نادا.
هەروەها ئەرستۆ هەرچەندە لەم بیرو ڕایانەی افلاتوونی مامۆستای تا ڕادەیەک خۆی دوورخستەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە ڕوانگەیەکی فراوانە تەماشای هۆنراوەی کردووە و بیروڕای وابوو کە هۆنراو بەشێکە لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان و تاقە جیاوازی نێوانی وێنە کێشان و پەیکەر تاشین و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و هۆنراو تەنها لە هۆی دەربڕین دا بەرچاو دەکەوێ.
لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا بەتایبەتی لە سەدەی چوارەمی کۆچی یەوە کە تاقمێک لە زانا عەرەبەکان جۆرە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەغریقیدا پەیدا کرد "زاراوە"ی "الصناعە" واتا پیشەسازی بۆ باسکردنی وێژە بەکاردەهێنرا:
بۆ نموونە زانای ڕەوانبێژیی عەرەبی بەناوبانگ "ابو الهلال العسکری" کە ساڵی "٣٩٥" ک مردووە کتێبە ڕەوان بێژیەکەی بە ناونیشانی "الصناعتین صناعە الشعر و صناعە النثر" ناونا.
ئەم تێبینیە مێژوویانە – هەڵبەت – سەرنجمان بۆ بۆ چوونەکەی شێخ نووری شێخ صاڵح بە گوێرەی ئەو پرسیارەی سەرەوە ڕادەکێشن.
وەڵامی ئێمە لەم ڕووەوە لەبەر تیشکی ڕێبازی بەراوردکاریدا دووپاتی دەکاتەوە کە نووسەرە کوردەکەمان کووت و مت لاسایی هیچ کەسێک لەو فەیلەسوف و نووسەرانە ناکاتەوە!
بەڵێ شێخ نووری شێخ صاڵح وەکو "افلاطون و ئەرسطۆ" وێژە بە بەشێک لە بەشەکانی هونەرە بەسوودو جوانەکان لەقەڵەم دەدات هەروەها



"ابو هلال العسکر"یش زاراوەی "الصناعە" بەکاردەهێنێ، بەڵام بەهیچ جۆرێک وێژە وەکو افلاتوون بە لاسای کردنەوە نازانێت و شوێن پێ ی "ئەرستۆ" لە دابینکردنی هۆی دەربڕین بۆ جیاکردنەوەی وێژە لە هونەرە جوانەکانی تر هەڵناگرێت و بە چاوی "العسکری" ناڕوانێتە مەسەلەی داهێنانی هۆنراو پەخشان بە بنەواشە و دەستووری وشک و مەنطقی، بەڵکو ئەم داهێنانە پەنجە بۆ سۆز و هەڵچوون درێژ دەکات و هەست و نەستی وێژەر و هونەرمەند بە بناغەی بۆچوونەکەی دادەنێت و دەڵێ: "ئەو هیچانەی کە لە ڕۆحی ئێمەدا حاسڵ ئەبێت ئەبێ بە دوونەوع تظاهور دەکا اول (حظ) دووەم (الم) وەقتی کە گوێمان لە مۆسیقایەکی نشئە بەخش و خۆش بێ و بۆ هیچانەی کە لە ڕۆحی ئێمەدا حاسڵ ئەبێ ئەڵێن "حظ و ممنویت"وە بەو تآثیرەی کە لە وەرگرتن خبری مردنێک یا فلاکتیک بۆ ئینسان حاسڵ ئەبێ پێی ئەڵێن "حزن و الم".7


شێخ نووری شێخ صالح لە دەستنیشان کردنی ئەم دوو جۆرە سۆزە واتا سۆزی خۆشی و سۆزی ئێش و ئازار – بێگومان – جیاوازییەکی ڕەسەن لەنێوانی ڕەخنەسازی ئەغریق و ڕەخنەسازیی کوردیدا بنیات دەنێ، چونکە هەر وەکو لە مێژووی ڕەخنەسازی ئەغریقی دا زانراوە "ئەرستۆ" دەروونی خێر مەند و چاکە خوازو دەروونی شەڕ مەندو خراپە کار بە دوو سەرچاوەی هۆنراو لە ڕوانگەیەکی میتافیزیقییەوە و بە چەشنێکی گەردوونی و جەبری دەست نیشان دەکات. کەچی ئەم نووسەرە کوردە لە هەست و نەستی هەست پێکراوی



خوێنەرەوە بە تیشکی ڕێبازێکی شیکەرەوە ئەو دوو شوێنەوارەی هونەر دەخاتە ڕوو.

سۆزی وێژەیی

نووسەرەکەمان ئەو دوو شوێنە وارەی (صنائعی نفیسە) یەکالا دەکاتەوە و بۆ جاری یەکەم هەیەجانی سنائعی نەفیسە لە چەشنەکانی دی ی هەیەجان جودا دەکاتەوە و دەڵێ: (لێرەدا نقطەیەک هەیە تعریفی لازمە لەم اثرانەدا ئێمە تدقیقمان کرد ئەو هەیەجانەی کە بۆ انسان حاصل ئەبێ لەوە ناچێ کە بە ڕێگایەکدا بڕۆیی و پارە یاخود شتێکی چاک بدۆزیتەوە و مەمنون ببی. یا لە وەختی برسیەتیدا طعامێکی خۆش بخۆی. کەوا بوو لە بەینی ئەم دوو هەیەجانەدا کە ئێمە حسی ئەکەین فەرق زۆرە. وەکو ایضاحمان کرد لەوحەێک. بنایکی ظریف، هیکلیکی ماهرانەمان کە تەماشا کرد مۆسیقییەک یاخود قصەیەکی جوانمان کە




بیست، یا وضعێکی مووئەثرمان تەماشا و یا حیکاتێکی فاجعمان کە استماع کرد ئەو هەیەجانەیە کە بۆ ئێمە پێدادەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ حسیات حیواندا تفریق بکرێ پێ دەڵێن هەیەجان بدیعی).8 زاراوەی (هەیەجانی بدیعی) لەبەر تیشکی ئەم شی کردنەوەیەدا بە ڕاستی بۆچوونێکی داهێنراوە، چونکە لەگەڵ زاراوەی (العواطف الادبیة) ی عەرەبی و (ئارت ئێموشن)ی ئینگلیزی لە ڕەخنەسازیی جیهانی هاوچەرخ دا یەک دەگرێتەوە و دەیسەلمێنێ کە ڕەخنەسازیی کوردی بەر لە نیو سەدە سوودی لە زانستی دەروون ولێکۆڵینەوەی هونەر وەرگرتووە.

شێخ نووری شێخ صاڵح پاش ئەوەی لەشی کردنەوەی هیجانی بەدیعی دەبێتەوە لە هۆی بەرپاکردنی ئەم هەیەجانەی دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: عجبا همورسی، هەموو قصیەیەک، هەموو هیکلیک، هەموو مۆسیقییەک حظ و هەیەجانێکی بدیعی لە ئێمەدا حاصڵ دەکا؟ نەخێر. ئەو منداڵانەی کوا بە قەڵەمێکی فەرەنگی یا تەباشیرێک چ لە دیوار و چ لەسەر تختە ڕەسمی حیوان و، ئینسان و شتی تر اکیشن لەمەدا جوانی و طراوەتێکی وای تیدایە کە لە ڕۆحی ئێمەدا حظ و مەمنونیەتێک حاصڵ بکا؟! نآ. کەوا بوو هەموو قصەیەکیش هەیەجانی بدیعی حاصڵ ناکات. مثلا ئەچم بۆ مکتب ئەم قصەیە بۆ ئێمە هەیەجانێکی بدیعی حاصڵ ئەکا نەخێر. یاخود لە موسمی زستاندا لە وەقتی بەفر بارینا منداڵان لە بەفر (شێرە بەفرینە) یەعنی ئەنواع ڕەسم و هیکل درست ئەکەن عجبا حظ و مەمنونیەتێکی بدیعی بۆ ئێمە حاصڵ ئەکا؟! نەخێر یاخود شەخسێک کە بە فەنی مۆسیقی بێگانە بێ هەر لەخۆیەوە دەست بداتە عود و یا کەمانێک و لێیدا عەجەبا تآثیرێکی معنەوی حسێکی بدیعی بە ئێمە ئەگەیەنێ؟ نەخێر. کەوا بوو لم وسائط مختلفەیەدا کە حسابمان کرد ئەوەی کە لە ڕۆحی ئێمەدا حضێکی بدیعی حاصڵ بکا ئەوەیە کە لە دەستی صاحیبی مهارەتێک و صنعاتکارێک دەربچی یعنی هەموو وەقتێک ئەوەی کە جیهانێکی بۆ ئێمە حاسڵ ئەکا ڕەسم و مۆسیقا نیە بەڵکو ئەو صنعت و مهارەتەیە کە قیمەت ئەدا بەمانە.9 نووسەرەکەمان کە (صنعت و مهارەت) بەهۆی بەرپا کردنی (هەیەجانی بدیعی) دەزانێ، زیرەکانە بەشداری وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ڕەخنەسازی جیهانی دێرین و تازە سەبارەت بە سەرچاوەی هونەر دەکات؟ ئایا ئەم سەرچاوەیە خورپە و ئیلهامە یاخود زانست و فێربوونە؟ هەر وەکو دیارە شێخ نووری شێخ صاڵح زانست و فێر بوون بە تاقە سەرچاوەی (سەنائعی نەفیسە) لەقەڵەم دەدات و پشت دەکاتە خورپەو ئلهام و زاراوە میتافیزیقیەکانی ترو دووبارە دووپاتی دەکاتەوە کە ڕەخنەسازێکی هۆشمەندەو وێژەرو هونەرمەند لە ئەنجامدانی کارەکانیدا ئادەمیزادێکی ژیرو وەعین.

(سنعت و مهارەت) بەلای ڕەخنەسازەکەمانەوە کە سەرچاوەکەیان زانست و فێر بوونە لە دوولایەنی بەرهەمی (سەنائعی نەفیسە)دا ڕەنگ دەدەنەوە کە لایەنی فۆرم و ناوەڕۆک و شکڵ و مەعنان. ئەم لایەنە، شێخ نووری شێخ صاڵح بە نموونە گەلێک ڕوونی دەکاتەوە و دەیچەسپێنێ، جا بۆ ئەوەی بە ڕوونی لێی بگەین با نموونەیەکی لە بابەتی وشە سازیدا بهێنینەوە کە تیایدا وتویەتی: (کوا بۆ میثالێکی تر بهێنینەوە بەڵام ئەم میثالە بۆ ڕەسم نەبێ بۆ الفاظ بێ.

١- کاسبی پیاو ئەژیەنێ. ٢- زەحمەت ڕەحمەت ئەهێنێ. مانای ئەم دوو جووملەیە ئەگەر تەحلیل بکرێ هەردووکیان زۆر نزیکی یەکن ئەتوانم بڵێم عەینی یەکترین. بەڵام میثالی ڕاست و ڕەوان مەقصەدەکە ئەیفاو بەیان ئەکا.

مثالی دووەمیان – بۆ ئەوەی (کە کاسبی پیاو بەخێو ئەکاو ئەیژیەنێ) بە جووملەیەکی جوان و ئەدەبی نیشان بدرێ هێناویانە جووملەی (ڕەحمەت زەحمەت ئەهێنێ) یان وتووە ئەمجا دیقەت بکە بزانە ولە ئیفادەی میثالی اولدا حضێکی بدیعی تیا نیە کە ئینسان مەمنوون بکا مەثەلە



(دوو کەڕەت چوار هەشت) ئەم جوملەیە هەرچەند ئیخباری هەقیقەتێک ئەکا بەڵام حظ و مەمنوویەتێک حاصڵ ناکا، میثالی ئەوەلیش وایە. فەقەت تەماشای میثالی دووەم بکەین ئەم جوومڵەیە جوومڵیەکی زیادە نیە بەڵکو پێچ و پەنای زۆری تیایە چونکە (زەحمەت ڕەحمەت ئەهێنێ) هەرچەند ضاهرا جوومڵەیەکی تضادە بەڵام ئیفادەیەکی حەقیقەتە بە طرزێکی جوان و مەعنادار یعنی کە ئینسان کە ئیختیاری سەعی و زەحمەتی کرد و فیض و ڕەحمەت دەزگیری ئەبێ بێ زەحمەت استراحەت تآمین ناکرێ بێ هەوڵدان پیاو دەوڵەمەند نابێ، بێ خوێندن پیاو عالم نابێ خلاصە هەزار مەعنای حەقیقی لێ ئەدۆزرێتەوە).10 لەبەردەستی ئەم تێکستە گرنگەدا بە بەڵگە و شاهیدەکانی و ڕاڤەکردنیانەوە بۆ مێژوو نووسی ڕەخنەسازی کوردی ساغ دەبێتەوە کە ئەم ڕەخنەسازە بلیمەتە لەو سەردەمەدا بە ڕوونی و قووڵی جیاوازی نێوانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو شێوازی زانستی و شێوازی وێژەیی وا زانیوەو ڕێبازی شیکردنەوەی بەڵگەکانی لابەلاو ڕووکەش نەبووە، بەڵکو ڕێبازێکی زانستی و قووڵ و بنەڕەتی بووە. ئەم ڕێبازە –هەڵبەت– بەهیچ جۆرێک لاسایی مامۆستاکانی عەرەبی ڕەوانبێژی سەردەمە دواکەوتووەکانی نەکردۆتەوە، بەڵگەشمان بۆ سەلماندنی ئەم سەرەنجەمان لە شیکردنەوەی پەندی پێشینانەکەیدا: (زەحمەت ڕەحمەت ئەهێنێ) خۆی دەچەسپێنێ، چونکە وشەی زەحمەت و ڕەحمەت لەم پەندەپێشینانەدا جناسی ناتەواون مامۆستاکانی ڕەوانبێژی تەنیا لەگەڵ ڕەگەزدۆزی ئەم دوو وشەیەدا مامەڵە دەکەن و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە ئەم دوو ووشەیە لەڕووی ژمارەی دەنگ و ڕێکخستنی دەنگەکان و سەرو بۆرەوە یەکن و تاقە جیاوازی لەنێوانیاندا هەر ئەوەیە کە دەنگی یەکەم لە وشەی زەحمەت (زێ)یە دەنگی یەکەم لە وشەی ڕەحمەت (ڕێ)یە بەبێ ئەوەی وەکو شێخ نووری شێخ صالح سەرەنج بۆ مەهارەت و صنعەت کاری ئەو پەندەپێشینانە ڕابکێشن و واتاکەی لێک بدەنەوەو پەنجە بۆ شوێنەوارە مانایەکانی درێژ بکەن. ئەم ڕێبازەی شێخ نووری سێخ صالح لە پێپلیکانەکانی پەرەسەندنی ڕەخنەسازی کوردیدا لووتکەیە، چونکە لە لێکۆڵینەوەکەماندا11 سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی بنەڕەتیەکانی ڕەخنەسازی لە هۆنراوەی کوردییدا بۆمان ساغ بۆتەوە زۆربەی هەستیارە کوردەکان شانازییان بە هونەرەکانی بەلاغە و فەساتەوە دەکرد هەڵبەستەکانیان لەبەر تیشکی پێوەری وشەسازی ڕووکەشدا دەهۆنییەوە. ئەم ڕاستیە بەبێ موشت و مڕ سەرەنجامێکی گرنگ دەدات بە دەستەوە کە دووپاتی دەکاتەوە! شێخ نووری شێخ صالح کە سەرۆکی کاروانی هەستیارە تازەکەرەوەکانی هۆنراوەی کوردی بووە، شارەزایانە لە سروشتی شێوازی وێژەیی تێگەیشتووە و لایەنی فۆرم و لایەنی ناوەڕۆکو پەیوەندی نێوانیان لەبەرچاوی دا بەڕوونی چەسپێ.

**تێبینی ڕۆڤار: ئەم بابەتە بە هەمان ڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی خۆی دامان ناوەتەوە**

(Endnotes)

1 بڕوانە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، شوباتی ١٩٧٠.



2 ئەم کۆمەڵە وتارە بە (٢٥) ئەڵقە بە ناونیشانی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژنامەی ژیاندا بڵاوکراونەتەوە. بڕوانە ڕۆژنامەی ژیان ساڵی (١) ١٩٢٦ و ساڵی (٢) ١٩٢٧.

3 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، (٢٠) حوزەیرانی ١٩٢٦.

4 هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان ژمارە.

5 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان ژمارە.

6 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان ژمارە.

7 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان ژمارە

8 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان ژمارە (ف ٢)

9 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە (٢١) حوزەیرانی ١٩٢٦ ساڵی ١.

10 بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢٢) ، ای تەمووزی ١٩٢٦.

11 بڕوانە بنەڕەتیەکانی ڕەخنەسازی و هۆنراوەی دێرینی کوردی و گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کوردی ژمارە (٧) ساڵی ١٩٨٠.





**بەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر کامیل بەصیر**



# پایەی شێخ نووری لە لای شاعیران و نووسەرانی کورد

ئەم چەپکە بیروڕا و سەرنج و شیعرانەی لێرەدا دەیانخەینە بەردەست، بەڵگە و شایەتی زیندوون بۆ دیاریکردنی پلەوپایەی شاعیرێکی وەک شێخ نووری شێخ ساڵح. بێگومان باسکردنی شێخ نووری لە لایەن ئەم شاعیر و ڕۆشنبیرانەوە زادەی قەناعەتێکی ڕاستگۆیانەیە. وەک لە لای هەمووشمان ئاشکرایە، ئەوانە خاوەنی پلەوپایەی خۆیانن لە ژیانی فیکری و ڕۆشنبیری و داهێنانی میللەتەکەماندا. مەبەست لە هێنانەوەی ئەو بیروڕایانە ئەوەیە شێخ نووری وەک شاعیر و وەک ئینسان لە لای وەچەی ئەمڕۆکەمان زیاتر بناسرێ، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی ئەو قسە و ڕەخنانە بڕەوێنەوە کە دەیانەوێ بە دەستی ئەنقەست لە پایە و نرخی ئەم شاعیرە کەم بکەنەوە.
ئەم ڕایانەش بۆ خۆیان پاڵپشتی هەموو بیروڕایەکانی منن کە دەتوانم لەوە زیاتر پشتم پێیان ئەستوور بێت، بەرامبەر بەو کەسانەی -لەبەر هەر هۆیەک بێت- دەیانەوێ مافی شێخ نووری بخەنە ژێر لچ و لێوەوە، تا لە پاڵ ئەم چەپکە شیعرەی شاعیر ببنە دوو هۆی سەرەکی بۆ ناسینی پتری پایەی شاعیر، بگرە ببنە کەرەستەیەک بۆ ئەوانەی تا ئێستا لە خۆڕا قسەیان دەربارەی (شێخ نووری) دەکرد، هیچ نەبێ، چاوێ بە بیروڕای پێشوویاندا بخشێنن و نەختێ -هەر نەختێ- بابەتییانەتر بێنە مەیدانی

لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی.

***


مامۆستا (گۆران)ی نوێخواز دەربارەی شێخ نووری لە پێشەکیی (بەهەشت و یادگار)دا نووسیویەتی: (بەهەشت و یادگار) کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە. هەڵبەستی وای تیایە بیست و پێنج ساڵ، بەڵکو زیاتر، لەمەوپێش دانراوە، هەروەکو هی چەند مانگێک لەمەوبەریشی تیایە. بەشی زۆری کۆنەکان بەوەزنی عەرووض وە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە: یان وەک هی "سالم" و "نالی" لەسەر پێ و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیا کراوە بەسەر مەشق کە مامۆستا (م. نووری) و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرتووە، لە سەردەمێکی سنووردارا (١٩٢٠-١٩٣٠) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە.

بۆ جارێکی دی مامۆستا (گۆران) دەربارەی ڕۆڵی شێخ نووری لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دەڵێ: نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی. بەڵام تەنها شێخ نووری شیعرەکانی بڵاوئەکردەوە من بڵاوم نەئەکردەوە ئەو لەو بارەیەوە نیشاطی دەردەکەوت وە ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا بووبوو کە پێیان ئەوترا (ادبای فجری ئاتی) لەوانە (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهر) بوون وە ئەدیبێکی تری تورک کە (عەبدولحەق حامید)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی مەتەئەسیر بووین. کەوابێ هەموومان بەیەکەوە ئەمان ڕوانییە یەک کڵاوڕۆژنە، بەڵام ئەتوانرێ بە شێخ نووری شێخ ساڵح بووترێ سەرۆک بەهۆی:

یەکەم: زۆری بەرهەمی

دووەم: بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی کە بێگومان تەئسیری ئەبەخشییە سەر ئەدەبی کوردی. بەم جۆرە دەبینین مامۆستا (گۆران) زۆر بابەتییانە دەستنیشانی کارتێکردنی شاعیرایەتیی (شێخ نووری) دەکات بۆ سەر ئەدەبی کوردیی ئەو سەردەمە، بە هۆی داهێنانی ئەو شێوازە تازەیەی لە ناو شیعری کوردیدا بەرپای کرد.

* مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)یش وەک ڕۆشنبیرێکی سەردەم کە زمانی تورکیی باش زانیوە و بە هۆیەوە شوێنپێی ڕۆشنبیریی تورکیی هەڵگرتووە، دەربارەی ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی شیعری تازە لە لایەن -شێخ نووری شێخ ساڵح-ەوە دەڵێت: (لە وەزن و قافیە و شێوە و ئاهەنگا، ڕێگەیەکی تازەی داناوە بۆ شیعری کوردی). لەبەر ئەمە سەردەمێک (شێخ نووری) سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی (سلێمانی) بووە. وە زۆریان تەنانەت (گۆران)یش هەوڵی لاساییکردنەوەی (شێخ نووری)یان ئەدا). هەر لە هەمان نووسیندا مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)، (شێخ نووری) هەڵدەسەنگێنێ و دەربارەی هەنگاوی تازەبوونەوەکەی دەڵێ: (نووری شاعیرێکە تەجەدودپەروەر)، ئەڵقەیەکە ئەمسەر و ئەوسەری چەمەری شاعیرەکانی چەرخی پێشووی لەگەڵ شاعیرەکانی ئەم چەرخەدا هانیوەتە یەک. لە شیعری (کلاسیکی) بەشێکی زوبدەی وەرگرتووە وە لە سەلیقەی ئەدەبی تۆزێک فیتری (فطری) و تۆزێکیش ئیرسی (ارثي)ی خۆی خستۆتە سەر، ئنجا چاوی بە دەوری خۆیا گێڕاوە و شیعری شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوە و ئینقلابی (عثمانی) بە وردی خوێندووەتەوە وە باش سەرنجی داوەتە مەغز و ئسلووبی ئەدەبی تازە وە بەبێ ئەوەی ئەبلەق و حەپەساو دامێنێ دوایان کەوتووە، بەڵام لەم شوێنکەوتن و پەیڕەوی کردنەدا لەوانە ناچێ کە لاسایی ئەکەنەوە. بەڵکو شان بە شانی ئەوان ڕۆیشتووە وە بۆ دەورێکی کورت بووە زەعیمی ئینقلابی شیعری کوردی لە ناوچەی "سلێمانی". ئەوانەی کە ئەمڕۆکە خۆیان بە دامەزرێنەری





شیعری کوردی تازە ئەژمێرن، ئەبێ بزانن یەکەم بەردی بناغەی قوتابخانەکەیان لە لایەن نووری شێخ شالح – ەوە دامەزرا).

* مامۆستا (عەلی کەمال باپیر ئاغا)ی شاعیر و دۆستی شێخ نووری دەربارەی وتوویەتی: (شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵحی شێخ غەنییە لە سلێمانی بووە و ئێستاش لە سلێمانی لە دائیرەی خەزێنە کاتبە، شاعیرێکی زۆر بە فیکر و زەمزەمەیە. دەنگ و سەدایێکی خۆشیشی هەیە. بەڵام ڕەقەمی ئەعداد، کە ئەعدای فیکر و شیعرە، پەکی خستووە، شیعریشی زۆرە ئاخ حەیف بۆ نووری).



شێخ نووری

* گۆشەی (شیعر و شاعیرەکانمان) لە ڕۆژنامەی ژین، کە دیارە مامۆستا (نەجمەدین مەلا) بەڕێوەی دەبرد، دەربارەی (شێخ نووری) نووسیویەتی:

(شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵح بێجگە لەوەی کە ئەمڕۆکە لە هونەری هەڵبەستدا پایە بڵندە، هەروەها کە ئێستا پیر بووە و لە بەهاری لاوی خۆیدا دەنگ خۆشێکی بێ وێنە بوو، شیعرەکانی خۆی بەبەستەوە وە شیعری (مەولەوی) بە قەتار لە ئێوارانی بەهار لە دەمی زەردەپەڕدا لە گوێ ئاو و سەرچاوەکانی کەنار شار، ڕووبەڕووی سەوزە زار، هەر لە خۆی ئەهات، بە بلبلی کوردستان ناوبانگی دەکرد بوو، بەڵام ئێستاکە کە گوڵشەن پەشێوە، کەڵکی بلبلی نەماوە پێوە. هەرچەندە ئێمە بیرمان دابووە شیعری ئەو شاعیرانەی کە نەماون زیندوو بکەینەوە، بەڵام ئەترسین نووسەری ئەم بەشە بەم زووانە بمرێ و کەسێکی تر وەک ئەو نەبێ کە پارچە شیعرێکی "شێخ نووری"مان بێ هەڵە بۆ بنووسێ. لەبەرئەوە ئەو هەڵبەستەیمان نووسی).

* هەر مامۆستا نەجمەدین مەلا سەبارەت بە شێخ نووری دەڵێ: محەمەد نووری ئەفەندی کوڕی شێخ ساڵحی حاجی شێخ غەنییە و خەڵکی سلێمانییە. منەوەرێکی نرخدار و شاعیرێکی

عەسری زۆر بەرزە، ساڵی ١٩٢٢م سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) بوو کە حکوومەتی کوردستان ئیدارەی ئەکرد. محەمەد نووری ئەفەندی بە کوردی و فارسی و تورکی شیعری وتووە، دیوانی ئەشعاری چاپ نەکراوە، بێجگە لەوەی کە لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا پەڕاگەندە چاپ کراوە.

* دیسان مامۆستا (نەجمەدین مەلا) یادی شێخ نووریی کردووەتەوە و لە نووسینێکی دیکەیدا دەڵێ: (لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە شاعیرێک، یان زانایەک، یان پێشەوایەکیان بمرێ، لەدوای خۆی بە هەزاران جار دیوانی شیعر و نووسراو و مێژووی ژیانی بە وێنەی ڕەنگین چاپ ئەکرێ وە پەیکەری بۆ ئەکرێ وە لە پاش بەجێماوەکانی لە (مۆزە - ئەنتیکەخانە) دائەنرێ... وە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا کە مردووە کۆبوونەوەیەک ئەکرێ بە ناوی یادییەوە، کەچی شاعیر و زاناکانی ئێمە کە مردن وەک بەفری ساڵی پار ئەتوێنەوە و ناوونیشانیان کوێر ئەبێتەوە. سا مەگەر دێوانەیەکی وەک من لەم حوجرە تەنگەدا کە ئەڵێی گۆڕە، جارجارە بەدەم دەردەوە شیعر و سەرگوشتەیان بنووسێتەوە. لەم دواییەدا "شێخ نووری" لە هونەری شیعر و نیشتمانپەروەریدا گرەوی لە "نامیق کەمال" وە "تۆفیق فیکرەت"ی تورک بردەوە. هەروەها لە ڕۆژی (٢٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨م کۆچی دوایی کرد. نووسەرێک لە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا یادێکی نەکردەوە، پارچە شیعرێکی نەنووسی. ئەمجا لەبەر ئەمە بە پێویستم زانی وێنەکەی لەگەڵ ئەم پارچە شیعرەی بخەمە بەرچاوی خوێنەوارانی خۆشەویست).

* بۆ جارێکی دیکە مامۆستا (نەجمەدین مەلا) دەربارەی (شێخ نووری)ی نووسیوە و دەڵێ: (شاعیری شیرین زمان، وە بلبلی چیمەنی نیشتمان، وە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) شێخ نووری شێخ ساڵح کە لە ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/٢٠م دوا ڕۆژی خەزان - پایز کۆچی دوایی کرد بەم هۆیەوە بەڕاستی پایەیەکی لە ئەدەبی کوردی وێران کرد و ڕمان. بەس شێخ نووری لە تافی خۆیدا مرۆڤێکی ئەنجوومەن ئارا و ڕووخۆش و هێمن بوو، هەمیشە لایەنگری ئاشتی و برایەتی و ڕێکخستن و بەخۆوە ژیوی و خۆیبوونی ناوخۆیی بوو. وە بە وتار و شیعرە بەسۆزەکانی بۆ مافی گەلی کورد سکاڵای ئەکرد. تەنانەت لە (١٩٢٣/٦/٣)دا جاری سێیەم کە ئینگلیزەکان سلێمانیان داگیر کرد، لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد یەکەم کەس شێخ نووری خستە بەندیخانەوە و تووشی چەرمەسەریی کرد. شێخ نووری بێجگە لە کوردی، بە تورکی و فارسیش شیعری وتووە. شیعرە دڵدارییەکانیشی هەمووی بەسۆزی نیشتمانەوەیە).

* هاوار لە گۆشەی شیعر و شاعیرەکانمان نووسیویەتی: (لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهاندا کە وشەی سەربەستی و ئازادی لەناو گەنج و خوێندەوارەکانی ئەستەمبوڵدا بڵاو ئەبێتەوە و ئەستەمبووڵی ئەوساش سەرچاوەی کردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بووە بەنیسبەت وڵاتی کوردەوارییەوە، هەندێ لە خوێندەوارەکانی ئێمەش بەهۆی بوونیانەوە لە تورکیادا یا لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و هەڵبەستانەی کە تاکە تاکە ئەگەیشتنە کوردستان هەستی نەتەوایەتیی جووڵەی تێئەکەوێت و قەڵەم بەدەستی ئەوسا ئەکەونە سەودای کێش و وەزن و جۆرە بابەتێکی نوێ لە شیعر و نووسیندا وەکو لە شیعرەکانی پیرەمێرد و لە هەندێکی زێوەردا دەرئەکەوت، لە پاش ئەمیش عەبدولواحید نووری و نووری شێخ ساڵح کە ئەمانەی دوایی لەوانی پێشوو تازەتر و مێشک و بیروباوەڕ بوون، تەوژمی هەڵبەستەکانیان شۆڕشگێڕتر بوون.

* مامۆستا (عەلائەددین سەجادی) لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: (شێخ نووری ١٨٩٦-١٩٥٨ کوڕی شێخ ساڵح لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. یەکێک بووە لە شاعیرە بەرزەکانی شاری سلێمانی و بە

یەکێکی هەرە بەدەسەڵات دائەنرێ لە داهێنانی ڕێچکەی تازە لە شیعردا).
* ڕەفیق چالاک دەربارەی شێخ نووری شێخ ساڵح دەڵێ: وا لێرەشدا شێخ نووری شێخ ساڵح-م هاتەوە یاد و بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم شێخ نووری نەمر تەنیا هۆنەرێکی باڵا نەبوو، بەڵکو لە ڕیزی یەکەمین هۆنەرە تازەکار و باوەڕ پێشکەوتووەکانی کورد بوو، پێش مامۆستا (گۆران) بوو لەو ڕێڕەوەدا، یەکەمین هۆنەرە کە ئۆپەرێتی داناوە بە هۆنراوە و ئاوازەوە، یەکەمین ئاواز دانەرە بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی. هۆنراوەی مەلاحم لەمەوە دەستی پێ کردووە، پێش ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانی نەمر لە سەردەمی تازەدا، دەنگ و ئاوازێک کە بە شێخ نووری-یەوە بوو بەردی ئەکرد بە ئاو... دڵدارییە ناکامەکەی ناسۆرە لە جەرگی منا و کە بۆی گێڕامەوە لە شەوێکی دوورودرێژی زستانا و دووبەدوو لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی و گۆرانییەکەی (عەزیز)ی برای بۆ وتم، خۆم پێ نەگیرا و منیش گریام و قوڕم پێوا:



لەوێ دیجلە وەکیلی دیدەکەی من
بوو
بە لێلی و سوور
سکووتی خەستەخانەت بوو بە
شینی
عائیلەی ڕەنجوور
ئەمە داخێکە جەرگم کون ئەکا تا
ڕۆژی
نەفخی صوور
عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ،
عەزیزی نەونیهالم ڕۆ

* پیرەمێردی نەمر بەم چوارینەیە پایەی (شێخ نووری) دەردەخات و دەڵێ:

شوکری خوا ئەکەم کە لە (نووری) کوژاوەوە
پرشنگی جوانی شیعر و ئەدەب کەوتە ناوەوە
نووری! بە نووری ئێوەوە زوڵمەت لەناو ئەچێ
(یاڕەب)ی! ئەم (ضیا)یە نەبێ قەت بە چاوەوە

* ڕەشید نەجیب-ی هاوڕێی شێخ نووری و یەکێک لە نوێخوازانی شیعری کوردی سەبارەت بە شێخ نووری دەڵێ:


ئەی کێوی بڵند پایە، ئەیا شاخی موعەللا
هەر گاە کە ئەکەی جەزبی نەزەرگاهی حەزینم
بەم بەرزی و بەم سەتوەتە ئەی کەژی واڵا
سروە و شنەکەت دەفعی ئەکا ئاهو ئەنینم

* (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر لە دوای خوێندنەوەی دەستنووسی (گەڵاڕێزان) باری سەرنجی خۆی دەربارەی شیعرەکان و (شێخ نووری) لە شیعری کوردیدا دەربڕیوە:

**لەناو ساماڵی هونەری جوانا**
**مرواری شیعرت، ئەدرەوشێتەوە**
**لە کانی بیر و قووڵایی گیانا.**
**زەنگی نەمرییت، ئەزرنگێتەوە**

* مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ) دەربارەی (شێخ نووری) ڕای وایە کە (گۆران و سەلام و قانیع و شێخ نووری، وەک گەنمی قەندەهاری وان، بە هەموو شت ئەبن وە هەرچی بڵێن جوانە).
* (حەسیب قەرەداخی) شاعیر دەربارەی بزووتنەوەی نوێخوازی لەسەر دەستی (گۆران) و (شێخ نووری) دەڵێ: (نکوڵی لەوەدا نییە دوای حەزرەتی نالی و هاوڕێکانی بۆ ماوەیەکی درێژ شیعری کوردی بەجێما لە کاروانی ڕێگرتوو، ئەویش بەهۆی ئەو دەرفەتە ناهەموارانەوە بوو کە گەلی کوردی پێدا ڕۆیشت، بەڵام دوای دەرکەوتنی شێخ نووری شێخ ساڵح و هەڵکەوتنی گۆرانی نەمر، شیعری کوردی ڕێگەی نوێی گرتەبەر. لەم بوارەشدا گەلێ شاعیری تر بەشداری پێشخستنی

کاروانی شیعری کوردییان کردووە).
* ڕۆژنامەی (بیری نوێ) لە کورتە وتارێکدا بە ناوی (بیرەوەری شێخ نووری شێخ ساڵح) دەڵێ: (شێخ نووری شێخ ساڵح دەنگێکی نوێ و شاعیرێکی پێشکەوتنخوازی گەلی کوردە و خاوەنی دەورێکی دیارە لە پەیڕەوکردنی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردا. ئەو شاعیرەیە کە عەبدوڵڵا گۆرانی نەمر بە مامۆستا و ڕێچکەشکێنی دادەنێ لە جووڵانەوەی شیعر و نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا).
* ڕۆژنامەی برِوا لە کورتەنووسینێکیدا بەم جۆرە ڕێز و خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر بە شێخ نووری دەربڕیوە: (لە ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/٢٠دا شاعیری ڕێچکەشکێنی شیعری نوێی کوردی مامۆستا شێخ نووری شێخ ساڵح لە گردەکەی (سەیوان) بوو بە میوانی (مستەفا پاشا) و (بێکەس) بەرامبەر پیرەمێرد یەک بەدوای یەک شاعیران و گەورە پیاوان و زانا و دانا بە ئاواتی تاساوەوە سەر ئەنێنەوە و داخ و زووخاو پاش مردن و دوای مردن سەر ئەکا).
* ئەژی گۆران دەڵێ: (ئەدەبی تازەی کوردی لەسەر دەستی شێخ نووری نەمردا، یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو، کێشە عەرووزیەکانی ڕەت کردەوە و هیجای لە فۆلکلۆری کوردییەوە هێنایە کایە، ئەمە لە لایەکەوە ڕەسەنایەتییە و لە لایەکەیشەوە خاڵی نییە لە تاقیکردنەوەی دەوروبەر).
دیسان ئەژی گۆران لە لاپەڕە ٧٧دا دەربارەی (شێخ نووری) و (گۆران) ڕایەکی دی دەردەبڕێ و دەڵێ: (خۆم لە میانی شیعری کوردیدا، لە بەرامبەر دەیان لوتکەی وەک خانی – مەولەوی – حاجی قادر – نالی – سالم – شێخ ڕەزا – حەمدی – ئەحمەد موختار – پیرەمێرد – شێخ نووری – گۆران – بێ کەس و دڵدارا ئەبینم. مەیانیش لەم بنارەدا ئەوەندە فراوانە کە دەیان لوتکەی تازەی پێیا هەڵچێ، بۆیە دەڵێم: (شێخ نووری) و (گۆران) دوو لوتکەن لە زنجیرە شاخێکدا ڕوخساری تایبەتی و کەسییەکانیان، بە هێمای تایبەتی و کەسی خوێنەر جیا دەکرێنەوە، بەپێی ماوەی مێژوویی).
* (کاکەی فەللاح) دەربارەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەنووسێ و چەند شتێک دەستنیشان دەکات بە لای منەوە لە دەستنیشانکردنەکەیدا نیشانی پێکاوە و تا ڕادەیەکی زۆر قسەکەی جێی خۆی دەکاتەوە، لە بۆچوونەکەیدا دەڵێ: (پێش ئەم جموجووڵە ئەدەبییە (واتە جموجووڵی ئەدەبی تازە) شیعری کوردی لە بۆتەی شیعری کلاسیکیدا قاڵ بوو بوو، کێشی عەرووز و قاڵبی غەزەل و قەسیدە و ڕوباعیات و تاک و موعەمما و لاواندنەوە و پیاهەڵدان و داشۆرین و بابەتی ئاینیی و تەرجیع بەند (خەیاڵبازی و وشەکاریی) هەر بەیتێ واتایەک و جوونەوەی یەک جۆر دەربڕین و کەرەستەی تێکرا چوون یەک و زۆرتر بە قەد و باڵای یارا و تێگەیشتنی گران و بەکارهێنانی لق و پەلەکانی بەلاغە و هتد... سیمای یەکگرتووی شیعری کلاسیکی بوون... بێ گومان پێشەوایانی وەک (نالی ١٧٩٧–١٨٥٥) و (سالم ١٨٠٠–١٨٦٦) و (مەحوی ١٨٣٠–١٩٠٤) و (کوردی ١٨٠٩–١٨٤٩) مامۆستایانی دیار و لێهاتووی ئەو قوتابخانە کلاسیکییەی دەوری بابان بوون و ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاند و بنچینەی نووسینی شیعر بەو لەهجەیەیان بەرزکردەوە. ئەدەبیش کە شیعر لەو دەمەدا بەرزترین لقی دیار بە دەرەوەی بوو، وەک هەر ڕواڵەتێکی تری ژیان، هەمیشە لە پێشکەوتن و جووڵە و گۆڕان دایە، جا بەو پێیەش کە ئەدەب و سەرجەم ژیانی ڕۆشنبیریی هەر نەتەوە و میللەتێک، ڕەنگدانەوەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە و ئەمانەش هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆڕاندان. ئەو سەردەمە لافاوی شەڕی یەکەمی جیهان تازە نیشتبووەوە، دەنگی چەند دەوڵەتێکی گەورە کپ کرا بوو، زۆر پەیوەندی نێوان دەوڵەتان گۆڕا بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ڕاپەڕینی تازەی نەتەوایەتیی تورکەکان و باری ئەدەبی سەردەمیان لەژێر زەبری ڕۆژئاوادا لە شەپۆلدانا بوو، باری سیاسی و



کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمەی کوردیش، لە سایەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و ناکۆکییەکانی نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان و سیاسەتی بەناو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بە ناوەرۆک بۆ دەست بەسەرداگرتن و چەوساندنەوە لەلایەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە. بەڵێ لە گەرمەی ئەو دار و بارە تازانەدا ڕۆشنبیرە هونەرمەندەکانی ئەو سەدەمەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، کە هەر یەکەیان لە ڕاسی خۆیەوە خاوەن سەرمایەیەکی ئەدەبی پتەو بوو، تاسە و تامەزرۆی بەهرە و سەلیقە و چێژی هونەرییان بەو چەشنە شیعرە کلاسیکیانە نەدەشکا و بەدڵ تینووی شێوە و ناوەرۆکێکی سەردەم بوون، تا ئەوەبوو وەک حەوتەوانەیەک چەند شاعیرێکی بەهرەدار لەسەر ئەو ڕێبازی سەردەمە یەک کەوتن لە ڕێگای:

١ – زانین و هەزم کردنی تەواوی بەرهەمی کلاسیکی پێش خۆیان.




زانینی زمانی فارسی و بەتایبەتی بۆ ئەو هەنگاوە گەورەیە زمانی تورکی، کەوتنە سەر ئەو خولیایەی کە بین بنێن بە سەرچاوەی ئەدەبی سەردەمی تورکەکانەوە، ئینجا هەر شاعیرێ، بەپێی بەهرە و توانا و باری ژیانی خۆی و پلەی ڕۆشنبیری و ئامادەبوونی کەوتە بەرهەم داهێنان. لەو سەردەمەدا (هەنگاوی یەکەم لەو بارەیەوە لاسایی کردنەوەی شیعری نوێی تورکیی بوو) شێخ نووری کوڕی شێخ سالّح –یش، لەبەرئەوەی بەتەمەن لە (گۆران) گەورەتر و لەگەڵ باری ژیانی ڕۆژنامەگەری ئەو ڕۆژگارەی کوردیشدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ و لە باری بە ڕۆژنامەوە هەبوو، بەرهەمەکانی زۆرتر بڵاوکردەوە و ئاووهەوا ئەدەبییەکەیشی سازگارتر بوو، بۆیە لەو سەردەمەدا هەنگاوی یەکەمی گۆڕین و بەرەو پێشەوە چوون بەرەو شیعری تورکەکان زیاتر بە کنە و تەقەلای ئەدەبی شێخ نووری دەدرێتەوە قەڵەم و ئەو دەرکەوتووتر دەبینرا لە حەوتەوانەکە.

هەرچۆنێک بێت، ئەو دەستە لاوە بەهرەدارە توانییان لەژێر زەبری شیعری نوێی تورکیدا چەند گوژمێک خوێنی تازەکردنەوە لە ڕووی کێش و دەربڕین و واتا و هەست و بیر و وشەی کوردییەوە بەدەمارە ساردوسڕەکانی شیعری کوردیی ببەخشن و گەرمایی جووڵە و داهێنان و گۆڕان و پێشکەوتنی بدەنێ).

* مامۆستا (محەمەد ڕەسووڵ هاوار) لە کتێبی (پیرەمێردی نەمر)دا دەربارەی (شێخ نووری شێخ سالّح) ڕای خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە و دەڵێ: (شێخ نووری شێخ سالّح بە یەکێک لە پێشەوای بوێژەکانی ڕۆمانتیکی کورد ئەژمێردرێ کە بەهۆی هەڵبەستەکانیەوە چ لە ناوەرۆک و چ لە شێوەدا شۆڕشێکی ناوەتەوە و دەرگایەکی تایبەتی کردۆتەوە بۆ بوێژانی ئەو سەردەمە).

* لە کتێبی (باخچەی شاعیران) دەربارەی شێخ نووری نووسیویانە: (شێخ نووری بە یەکێک لە بوێژە پێشکەوتووە تازەکەرەوەکان (مجدد) لە ئەدەبی کوردیدا ئەژمێردرێ و خاوەنی قوتابخانەی هەڵبەستی نوێیە و ئەو ڕێگەیەی ئەم شکاندنی، تەنانەت گۆران و هەموو بوێژە لاوەکانی تر لەسەری ئەڕۆن...) ئینجا لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێن: (گۆران بەشوێن پێنووسی شێخ نووریدا ڕۆیشت و ئەو قوتابخانەی هەڵبەستی نوێی لە وێژەی کوردیدا دامەزراند، هەڵبەستی تازەی کردە باو. ئەم پەرەی پێ دا و گەشەی پێ کرد. لە هەموو ڕوویێکەوە قاپی هەڵبەستی نوێی لە وێژەی کوردی کردەوە و هانی بوێژە




لاوەکانی دا کە پەیڕەوی بکەن. کەواتە ئەتوانین بڵێین کە ویژەی کوردی بۆ یەکەم جار قەرزاری شێخ نووری و دوای ئەو هی گۆرانە کە شێوەی هەڵبەستی نوێی پێ بەخشی).

* مامۆستا ڕەمزی مەلا مارف دەربارەی شێخ نووری دەڵێ:

ئەی خۆشەویستی قەمی جەفاکێشی دەس بەسەر
وەی نووری چاوی کوردی سیارۆژی دەربەدەر
ئەی بولبولی بە شەوکەتی باخی سوخەن وەری
وەی گوڵبونی بەزینەتی گوڵزاری زیب و فەڕ
ئەی شاعیری بەقودرەتی مەیدانی نەزم و نەسر
وەی کاتبی بە هەیبەتی سەرکورسی هونەر

* مامۆستا (عەلائەددین سەجادی) دیسانەوە دەربارەی (شێخ نووری) دەڵێ: ، ئەتوانرێ بوترێ، ئەو ڕێبازی تازەی هێنایە ناو ئەدەبی زمانی کوردی-یەوە، فیکری بەرز و ورد بوو، زەینێکی قووڵی بووە، ئێمە کارمان بەوەوە نییە کە چەوساندنەوەی ڕۆژگار نەیهێشتووە لەسەر هۆنەری -وەکو هۆنەرەکانی تر- بڕوا. مەبەستەکەی ئێمە ئەوەیە کە بەرهەمی شێخ نووری لەناو دەقی ئەدەبی هۆنراوەی کوردیدا شوێنێک لەم سەردەمە بۆ خۆی تەرخان ئەکا) دیسانەوە دەڵێ: (لەم سەردەمەی دواییەدا لەناو هۆنەرانی کورددا ڕێبازێکی تازەی پەیدا کردبوو کە ڕێبازێکی نوێ بوو، نوێ بوو لە بیر و ئەندێشەدا، لە کێش و سەرروادا، ئەمانە بوون بە قوتابی قوتابخانەیەک کە ئەم قوتابخانەیە شۆڕشێکی خستە ناو گێتیی ئەدەبی کوردییەوە، یەکێک لەو قوتابییە زیرەکانە شێخ نووری خاوەنی پارچەی خوێنراو بوو، بەڵکو پێشینگی ئەو کاروانە بوو) پاشان لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: (جا ئەم گۆڕانە کە شێخ نووری هێنایە ناوەوە، ئایا هەر لە بۆتەی دڵی خۆیا قاڵی کردبێتەوە؟ یا بۆنی هەناسەی "نامق کمال" و "تۆفیق فیکرەت"ی کردبێ؟ ئەو توانی ڕێبازێکی نوێ لەناو ئەدەبی کوردیدا دیاری بکات).

* (د. مارف خەزنەدار)یش دەربارەی شێخ نووری بەو جۆرە ڕای خۆی دەربڕیوە: (لە پلەی دووەمدا نەوەکو تەنیا ناوەڕۆک، بەڵکو ڕوخساریش گۆڕانی




بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی زمانی شیعر. شیعرەکانی نەوەی لاوی ئەم ماوەیە گۆران و بێکەس و دڵدار و شێخ نووری شێخ ساڵح و هی تر نموونەی شیعری ئەم سەردەمەن لە گۆڕانی ئەدەبی کوردی).

لە بارەی ماوەی ڕۆمانتیکیش ڕای وایە: (ڕێڕەوی ڕۆمانتیکی لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکی ئەوروپا و لەڕێی ڕۆمانتیکەکانی تورکەوە لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بوو، لە ناوەڕاستی چلەکان تا سەرەتای شەستەکان توانی لە قاڵبدا تا ڕادەیەک بمەیێ و خۆی بگرێ. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێڕەوە شاعیرە ناودارەکانی وەکو پیرەمێرد و بێکەس و گۆران و سەلام و نووری شێخ ساڵح و دڵدار و هی تربوون. بەڵام لە بەرهەمی ئەمانە ڕۆمانتیزم وەکو مەبەستێک بوو لە مەبەستەکانی شیعریان و هەموو بەرهەمیانی داگیر نەکردبوو).

* مامۆستا (کامەران موکری) دەربارەی نوێکردنەوەی شێخ نووری نووسیویە: (بەلای منەوە مامۆستا شێخ نووری شێخ ساڵح مامۆستای ماوەی گوێزانەوەیە (فترە الأنتقال) لە هۆنراوەی کوردیدا، لە کۆنەوە بۆ نوێ... وە کە ئەڵێم نوێ، یان کات و سەرەتای دەرکەوتنی هۆنراوەی (نوێ) مەرامم دەوروبەری کۆتایی شەڕی جیهانگیری یەکەمە. لەکاتێکدا کە هۆنراوەی کوردی لە کۆتی (شێوە و هەستی کۆنا) بوو، ئەو و مامۆستا گۆران شۆڕشێکی قووڵیان لە هۆنراوەی کوردیدا بەرپا کرد. ئەگەرچی زۆر کەسیش ئەم شۆڕشەی بە لاوە (یاخیبوونێکی ناڕەوا بوو) دەربارەی هۆنراوەی کوردی، بەڵام لە ئەنجاما بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوت کە شۆڕشێک بوو پڕ بە پڕی (واقع و پێویستی لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکیشا).

پاشان دەڵێ: (بەڵێ مامۆستا شێخ نووری شۆڕشێکی گەورەی بەرپا کرد یان بە وردی بڵێین سەرکردەیەتی شۆڕشێکی ئەدەبی کرد لەگەڵ مامۆستا گۆران و نووسەر و شاعیرە نوێ کەرەوەکانی ترا...).

* مامۆستا (ا.ب.هەوری) دەربارەی شێخ نووری دەڵێ: (جارێ لە پێش هەموو شتێکدا ڕەوشت و خوو هەڵسان و ڕابواردنی لە ژیاندا بەقەد بەرزی شیعرەکانی جوان و بەرز و بێ لەکە و پەڵە بووە. هەرگیز خۆی بە هۆنراوەکانیەوە هەڵ نەکێشاوە و بۆ سوودی تایبەتی خۆی و ناوبانگ بڵاوبوونەوە بەکاری نەهێناون. ڕیا و دوو ڕوویی لێ نەبینراوە، بۆ پارە و دەسکەوت فرمانی ناڕەوای نەکردووە و گوفتار و هۆنراوەی نەوتووە، ئەو هەر لەبەر شیعر شیعری وتووە. لەسەر هێڵێکی ڕاست لە


شەوی ٢ شەمە مصادفی ١٢/١٢ /٧/ ١٩٤٧
حکایەتی الف ولیلە ولیلەمان ئەخوێندە
و کاسرای ای خوێندەوە ناوی
لو لەگەڵ مصطفی اسلیمانی برای
ناوی سید کمال سید محمد البرزنجی



شێخ نووری

خۆشی و ناخۆشی و بوون و نەبوون و هات و نەهاتدا و، لە تەنگانە و فەرەحیدا، لە تاریکی و ڕووناکیدا هەر لەگەڵ میللەتی کوردا بووە، بە گریانیان گریاوە و بەخۆشییان پێکەنیوە و، هەوێنی مەیینی شیعری شێخ نووری بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بووە، بۆیە هەموو هۆنراوەکانی لە هەر بابەتێکەوە بێت بەرامبەر بە کورد لە سۆزێکی دڵسۆزانە بە دوور نییە و خۆی وا نیشان ئەدات کە غەمخواری نەتەوەکەی خۆیەتی. شێخ نووری یەکێکە لەو هۆنەرانەی کە بەردی بنچینەی گۆڕانی هۆنراوەی کوردییان داناوە بەرەو پێش پاڵیان پێوە ناوە، بەهۆنراوە لە دەروازەی هەموو گۆشەیەکی ژیانی داوە، بەرامبەر بە ئازادی ئافرەت بیروڕای سەربەستانەی زۆر بەرز و باش نیشان داوە، هەرچەندە هۆنراوەکانی شێخ نووری چاپ نەکراوە لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە بەڕاستی شیعرن وخۆشی پیاوێکی ڕەوشت و خوو بەرز بووە، بە ڕەنگێک بڵاوبوونەتەوە مەگەر بەدەگمەن ئەگینا خوێندەوار نییە شیعری ئەوی لەبەر نەبێت، کە ئەمەش جوانترین و گرنگترین بەڵگەیە بۆ ئەمانەی لە پێشەوە وتمان لە بابەت شێخ نووری-یەوە).




# تورك و گورگ و مەڕ

**لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) وەرگیراوە**

**نووسینی: شێخ نووری شێخ ساڵح**

"لە ڕۆژێکەوە کە حکومەتی تورک حقوقی حوکمداریی بابانەکان و قەومیەتی کوردە مەظلومەکانی غەصب و ئیستیلا کردوە، هەتا تەخلییەی تورکەکان، غەیرئەز خصومەت و فەلاکەت، ئەسبابێکی تەرەقی و سەعادەتیان بۆ ئەم قەومە مظلومە ئیظهار نەکرد. بیلعەکس دائیمەن سەعی و جەهدیان بۆ ئەوە کرد کە یەکێ لەم میللەتە میللییەتی خۆی تەرک نەکا، شایەد کردبێتی، فەورەن نەفی یان ئیعدام کراوە. بە هەمو صورەتێ مەفکورەی میللیەتی لەم قەومەدا ئیمحا کردبوو. ئەتوانم بڵێم هەتا حەربی عمومی و ئیحتیلال سلێمانی، هیچ فەردێک لە ئەفرادی ئەم میللەتە، حەتا هیچ مونەووەر و تەحصیل دیدەیەک عیرقەن و لیسانەن، عیرق و میللەت و قەومییەتی خۆی لە تورکەکان تەفریق نەکردوە، یا کردویەتی، لەبەر ظوڵم و ئیستبداد معلومە یان تەجاهولی کردویەتی.

عەجبا ئەو تورکانە کە دوبارە ئارەزوی ئیستیلای ئەم قەومە ئەکەنەوە؟!
ئایا مەظلەمەی (سەفەر بەرلک) یان لە فیکر چوەتەوە کە چیان بەسەر ئەم میللەتە هێنا؟ فەرضەن ئەوانیش لە بیریان نەمابێ، هیچ فەردێک لە ئەفراد ئەم میللەتە، مەذبەحە و قەصابخانەکەی بەردەرکی قشڵەی لە فیکر چوەتەوە؟ دیواری ئەنباری جبەخانە کە ئێستا کون کونی ئەو گوللانەیە کە لە سەر دڵی کورد و ئەرمەنیەکان دەرچوە و دیوارەکانی کردوە بە بێژنگ، ئەو ئاثارە هەر ماوە، سورایی خوێنی جەرگ و دڵی کوردەکان بە دیوارەکەوە هەر ماوە و نەفرەت لە ظوڵمایان ئەکا.
هەروا ئەزانین دوێنێیە کە ئەرخەوان و داری قەبرستانەکەی گردی سەیوان و داری بەیداغی سەر قەبر و مەرقەدی پیاو چاکەکانمانیان بڕی، بە کوڵ هێنایانەوە و سوتاندیان مەنظەرەی ئەو قەبرە مقەدەسیە کە نمونەیەکی جەنت بو کردیان بە جەهەنم. بێ شبهە ڕۆح ئەو کوردە مردوانە کە ئەم ظڵمەیان دیوە حتمەننفرەت لە تورک حەتا لە هاتنی ئەم دوو ٣ ئەعضای لیژنەیە ئەکا.
هەروا ئەزانین دوێنێ یە، کە ئەرخەوان و داری قەبرستانەکەی گردی سەیوان و داری بەیداغی سەر قەبر و مەرقەد پیاو چاکەکانمانیان، بڕی. بە کوڵ هێنایانەوە و سوتاندیان. مەنظەرەی ئەو قەبرە موقەدەسیە کە نمونەیەکی جەنەت بو، کردیان بە جەهەنەم. بێ شبهە ڕۆحی ئەو مردوانە کە ئەم ظوڵمەیان دیوە حەتمەن نەفرەت لە تورک، حەتا لە هاتنی ئەم دوو ٣ ئەعضای لیژنەیە ئەکا.
هەروا لە بیرمانە کە لە برسانا باوک ئەولاد و جگەرگۆشەکەی خۆی سەر ئەبڕی و ئەیکوڵان و ئەیخوارد. هەموو دیومانە کە لە ناوەڕاست بازاڕدا لەسەر لاکی کەرێکی تۆپیو کە لە بەینی خۆماندا تەقسیمی بکەین، چ شەڕ و هەرایەک وقوعی ئەبوو. گۆشتی سەگ و پشیلە.. و ئاردەدار دەست هەموو کەس نە ئەکەوت.
هەروەها لە بیرمانە کە عەسکەرە تورکەکان لە چایخانە چاییان ئەخواردەوە لە دوکانەکان شەکرو چایی و ماڵەزیمەیان کامیلەن ئەکڕی. لە پاشا بانقەنۆطێکی لیرەیی کە بە ڕوپیە و نیوێک ئەچو، دەریان ئەهێنا و ئەیانداو داوای باقیشیان ئەکردەوە. ناچار چایچییەکە، دوکاندارەکە ڕاضی ئەبو کە هەرچیەکی پێ فرۆشتوە، بە خۆڕایی بیداتێ بۆ خۆی. ئەتوانم بڵێم بۆ خەرجیی بازاڕیان بانقەنوطێک بەشی قۆڵ ئوردیەکی ئەکرد (ماشەڵڵا پارەی جاران چەند بەبەرەکەت بو)... هەر ئەو بانقەنۆطە کە بە لیرەی ئاڵتون بە ئێمەیان ئەگۆڕیەوە، خۆیان لە جیاتی هیچ تەکالیفێکی حکومەتی قبوڵیان نەئەکردەوە.
هێشتا لە بیرمانە کە عائیلەیەکی عەفیف دە پازدە بیست کەسی کە واسیطەی مەعیشەتیان ٣ چوار کەس بو بیلا ئیستثنا هەر چواری گەلە ئەکردن و بە سەوقییات ڕەوانەی قەفقاسی ئەکردن. لەوێ یان لە ژێر بەفرا ئەخنکان، یان ئەکوژران یا لە برسانا ئەمردن و ئەم دە پازە ژنە موحتەرمە و مەعصومانە بە... ضەرورەت و پەرێشانی سەوقی ئەنواع ئیشی نامەشروعی ئەکردن.
هیچ نەبێ مام تورک ئەبو ئینتظاری ئەم نەسڵە حاضیرە کوردەی بکردایە، ئەم ظوڵم و ئیستبدادەی ئەوانی هێشتا لە بیر نەچوەتەوە.
هیچ نەبێ با خوێنی برا کوژراوەکانمان لە دیوارەکانی قشڵە و سەرا بچوایەوە.
هیچ نەبێ با ئێسقان و مێشک بە کەللە شکاو و پژاوی ئیعدام کراوەکانمان بڕزایە.
هیچ نەبێ با ئینگلیز تۆزێ تەنقییەیەکی مەعیدەمانی لە گۆشتی سەگ و پشیلە و بەنی ئادەم بکردایە.
هیچ نەبێ با دەرەجەی ثەروەت و ئیقتصادمان ضربەی بانقەنۆطەکانی ئەوانی لە فیکر بچوایەوە.
هیچ نەبێ با ئەو هەزار چاوەی کە صاحێی ئیعدام کراوە یا کوژراوە، یا لە برساندا مردوە، تەعمیرمان بکردایە.
هیچ نەبێ با دارئەرخەوانەکانی مەقبەرە و سەر شەخصەکانمان لە پاش بڕین و سوتاندنەکەی



ئەوان، نەختێ نەشونمای بکردایەوە.
ئەنجا دوبارە خەیاڵی کوشتن و بڕین و خزمەتکاریی کوردە فەقیرە مەظلومەکانی بکەوتایەوە سەر.
جلخوارەکان ئەیانوت تورکەکان عاقڵ بون. مەعەل تەئەسوف ئەگەر عاقڵ بونایە، نەدەبو تا چەند عصرێکی تریش ڕوویان بهاتایە ناوی کوردەکان بەرن (خوا بتانگرێ بۆ درۆتان).
خولاصە، لە بەر ئەم مەظالیمانە کە هێشتا لەبەر چاوما گوم نەبوە، دائیمەن بۆ یەکتری بە حیکایەت ئەیگێڕینەوە. هیچ فەردێک لە ئەفرادی قەومی کورد دەفعەیەکی تر ئارەزوی ئەو ظوڵم وئیستبدادەی مام تورک ناکاتەوە.
ئینجا لیژنەی وەفدی موحتەرم عوصبەتول ئومەمیش لەبەرئەوەی تیمثالی عەدالت و حامیی بەشەرییەت و ئەقوامی مەضلومەیە، وا ئومێد ئەکەین کە ئەم هاوار و فریادەی ئێمە بە مەعروضاتێکی تەماشا و (رانێکی مەڕ، تەسلیم بە شوانێکی گورگ نەکاتەوە) نامانەوێ، نامانەوێ"
٣مارت ١٩٢٥ (ژیانەوە) ژمارە١٩
تێبینی ڕۆڤار: ئەم بابەتە بە هەمان ڕێنووسە کۆنەکەی سەردەمی خۆی دامان ناوەتەوە





# شێخ نوری، شاعیری بەئەزموون

شێخ نووری شاعیرێکی داهێنەر و نوێخوازە، ڕۆشنبیرییەکەی هیچی لە داهێنانەکەی کەمتر نییە، ئەگەر زۆر بالآتر نەبێت. ئەو ڕۆشنبیرییەی شێخ نووری لە شیعر نووسین و بەردەوامبووندا هەناسەی درێژکردووە. ئەگەر شاعیری چاک بریتی بێت لە (بەهرە + ڕۆشنبیری + ئەزموون و مەشقکردن لە نووسینی شیعر) ئەوە شێخ نووری زۆر لەو ڕەگەزانەوە نزیکە، چونکە ئەویش شاعیرێکە توانست و بەهرەی لەگەڵ ڕۆشنبیری و خوێندنەوە و هەوڵی خۆ پێگەیاندن گونجاندووە، تا توانیویەتی (خەیاڵ)ی شاعیرێکی بەدەسەڵاتی دەسکەوێ و بە ڕوانینێکی فراوان و هەمەلایەنەوە بڕوانێتە ژیان و لە گۆشەنیگای بۆچوون و خەیاڵی خوڵقێنەرانەی خۆیەوە سەیری بکات، ئەمە حەقیقەتێکە ئەگەر لە چەند شیعرێکیشیدا هاتبێتە دی، کەس ناتوانێ لاری لێ هەبێ، یان گومان لە بەهرە و توانایی و بەخششی بکات.

شێخ نووری ناوی شاعیرێکە لەناو دەیان شاعیردا لێکۆڵینەوە و قەڵەمی زانستی لە بەرانبەریدا دەبێ بوەستێ، لەبەرئەوەی سەرەتای ڕاپەڕینێکی گەورە و تەکانێکی بەهێزی شیعری کوردی ناوچەی سولەیمانی پێ دەستنیشان دەکرێت. ساڵێک بەرلەوەی شێخ نووری ئەو سەرەتایە دابنێ، ڕاپەڕینێکی سیاسی لە سەرتاپای کوردستاندا دەستی پێکرد و بۆ یەکەمین جار دەرگای هەڵمەت و هێرش بردنی چەکداریی بۆ گەلی عیراق

له تێکۆشانی جەماوەریدا خستە سەر گازەرای پشت. وەک لە شوێنێکی دیکەی ئەو کتێبەمان وتمان، ئەو ڕاپەڕینە بووە هۆی هەڵتەکاندنی کۆمەڵی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵی بنەمای تازە جێگەیان گرتنەوە. هۆی سەرەکی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و هۆشیاربوونەوەی خەڵکی بوو لە کوردستان، چونکە هەستی نەتەوایەتی زیاتر لەلایەن چەکەرەی کردبوو و هەستیان بە چەوسانەوە و ژێردەستەیی خۆیان دەکرد. ئەمەش لە سایەی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانەوە بوو کە سەرپاکی جیهانی گرتەوە و لە زۆر لاوە خەباتکردن لە پێناوی سەربەخۆیی و یەکسانی و مافی ڕەوای ئەو میللەتانە هاتە کایەوە. ئامانجی زۆربەی ئەو شۆڕشانەش لە جەوهەردا یەکی دەگرتەوە و دەبوونە یەک زنجیرەی لە یەک دانەپچڕاو لە خەباتی هاوبەشیاندا بۆ دەرچوون لە چنگی ئیمپریالیزم و داگیرکەران، کە خەریکی ژێردەستەکردن و دەستەمۆکردنی ئەو گەلانە بوون. شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلانیش لە جەوهەردا دەستنیشانکردن و ڕەنگ ڕشتنی چارەنوسی خۆیان بوون بە دەستی خۆیان. کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە، کە لە چارەکی یەکەمی ئەو سەدەیەدا کەوتە خەبات بۆ ئەو مەبەستە و قوربانیدان لە پێناویدا. سەرەتای ئەو ساڵانەی کە دەوڵەتی عوسمانی ئەژنۆی دادا و لەپەڕووو کەوت و میللەتانی سەر بە ئیمپراتۆریەتەکەیان کەوتنە خۆیان، تا ئەوە بوو خۆیان و هاوپەیمانەکانیان جەنگەکەیان دۆڕاند.



شێخ نووری

له ساڵی (١٩١٧) ئینگلیز هاتە عیراق، بە هاتنی ئەوان گەلانی عیراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی زوو لە فاک و فیکیان گەیشتن، بۆیە وەک "د. ن کوتلوڤ" مێژوونووسی بەناوبانگی ڕووسی نووسیویەتی: "گەلی کورد بەوەی کە لە ڕاپەڕینی ١٩١٨-١٩١٩دا پێشەنگی جووڵانەوەی گەلی عیراق بوو نەخشێکی گرنگی لە ئامادەکردنی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٢٠)ی عیراقدا دیاری کرد". هەر لەو کاتەوە ڕاپەڕینی جەماوەری بە سەرۆکایەتی ڕابەری بزووتنەوە (شێخ مەحموود)ی نەمر دژی دەسەڵاتی داگیرکەرانی تازە دەستی پێکرد، شیعری کوردیش کەوتە تەکاندنی ئەو تەپوتۆزەی چەند ساڵ بوو بە باڵایەوە نیشتبوو، بزووتنەوەکەش لەسەر دەستی یەکێک لە موونەوەرەکانی ئەو سەردەمە چاوی بۆ ژیان کردەوە، کە ئەو موونەوەرە لە نزیکەوە ئاگای لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری میللەتەکەی خۆی و دەوروپشتەکەی بوو، ئەوەبوو شێخ نووری دەستپێشخەری کرد لە نووسینی شیعری تازە و لە لاپەڕە تازەکانی ئەو مێژووە تازەیەدا جێگەی شیاوی بۆ کردەوە. میللەتی کورد هەر لە ڕێگای زانینی زمانی تورکییەوە ئاگاداری بزووتنەوەی سیاسیی و نەتەوەیی گەلان نەبوون، موونەوەرەکان هەر لەو دەلاقەیەوە لەسەر تاقیکردنەوەی شیعری تورکی وەستان و تام و بۆ و هەناسەی شیعری هەندەرانیشیان هەر لە پەنجەرەی ئەو زمانەوە بۆ هات. شێخ نووری وەک نووسیویەتی: "ئەوی ئینقیلابی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هێناوە و لەسەر ئوسووڵی غەرب شیعری وتووە، نوورییە". بێگومان شیعری تورکیش لەژێر کارتێکردنی ڕاپەڕینەکانی شیعری ئەورووپا، شیعری خۆیان تازە کردەوە، بەشێکی زۆری ئەو شیعرە تازانە و بیرورا ڕەخنەییەکانیان کردووە بە تورکی، ئەوانیش ورد ورد کەوتوونەتە خوێندنەوەیان و سوودیان لەو تەوژمە تازەیە وەرگرتووە. شیعری کوردیش بەپێی ئەو بارودۆخەی بۆی ڕەخسابوو، بەهۆی (شێخ نووری) خوێنی تازە


کرایە ناو دەمارەکانییەوە.


هۆی سەرەکی سەپاندنی ئەم بزووتنەوەیە بۆ نەمان و ڕووخانی ئەو کۆڵەگانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵی کوردەواری بەند بوو، ڕووخانی ئەم کۆڵەگانەش خۆ ڕانەگرتنیانە لەبەردەم تەوژم و شاڵاوی ئەو بزووتنەوە تازەیە. ئەم بزووتنەوە سیاسییە تازەیەی لە کوردستانی عیراقدا بەرپا بوو لە خۆیەوە سەری هەڵنەدا، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێ بارودۆخی مەوزووعی و خۆیی هاتنە گۆڕێ، ئەویش لەلای خۆیەوە کارێکی وای کرد کە شیعری کۆڵەگەیی – کلاسیکی خۆی لە بەردەم ئەو ڕاتەکان و هەژانە قووڵ و گەورەیە ڕانەگرێ، بگرە ئەویش وەک چەکێکی خەباتکردن و گەورەکردن و هەڵایسانی زیاتری (مەسەلە) نەتەوەییەکە ڕژایە ناو ڕووباری خەباتی سیاسی و هەر لەوەوە ئەزموونی شیعری تازە کەوتەوە، بەڵام لەسەر دەستی کەسێک کە هەلومەرجی ئەو تازەکردنەوەیەی تێدا بوو، تا بتوانێ ڕۆشنبیری باوی ئەو سەردەمە ڕەت بکاتەوە و بەشێوەیەکی تازەتر لە ئامانج و چەمکی شیعر تێ بگات.

ڕاستییەکەی تا ئێستاکە لەبەر نەنووسینی مێژووی نووسینی شیعرەکانی شێخ نووری، یان بەهۆی دەست نەکەوتنی کۆمەڵێک شیعری دیکەی ئەو شاعیرە، نەمتوانی لە خۆمەوە یەکەم شیعری شێخ نووری دەستنیشان بکەم کە لەسەر ڕێچکەی تازە نووسیویەتی، چونکە بەپێی ئاگاداری ئێمە شێخ نووری بەرهەمێکی ئێجگار زۆری فەوتاوە، وەک خۆشی دەریخستووە (زۆر منداڵ بووە کە شیعری وتووە) ئەم ڕاستییەش بۆ خۆی بەڵگەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە شیعرە سەرەتاییەکانی گووم بوون یان دەست ئێمە نەکەوتوون. ئەمەش بۆ نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بڕیارە ڕەخنەییەکان بە درشتی و ناکاملی دەهێڵێتەوە. لەلایەکی دیکەوە پشتگوێ خستنی مێژووی نووسینی شیعرەکان وامان لێ دەکات نەتوانین هێڵی بەیانیی پێشکەوتن و دواکەوتنی شیعری شێخ نووری دەستنیشان بکەین، بەپێچەوانەی مامۆستا (گۆران)ەوە کە وەک لە پێشەکی دیوانەکەیدا نووسراوە: "ئێمە پێ بزانین گۆران شیعری بڵاونەکراوەی زۆر کەمە، هەرچیی وتووە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی دەرەوە و ناوەوەی عیراقدا بڵاوکراوەتەوە".1

شێخ نووری وەک ئینسان و وەک شاعیر شێر و خەتی پارەیەکن و ناتوانین لە یەکیان جودا بکەینەوە، واتە ژیانی لەناو شیعرەکانیدا، شیعرەکانیشی لە ژیانیدا هاوکێشەیەک پێکدەهێنن. ژیانی خۆشی چەندان لاپەڕەی ژیانی میللەتەکەی و ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە. شاعیر پێکدەهێنن. ژیانی خۆشی چەندان لاپەڕەی ژیانی میللەتەکەی و ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە. شاعیر لە سەردەمێکدا ژیاوە و چاوی هۆشی کردووەتەوە، کە کارتێکردنێکی زۆری لەسەر ژیان و بەرهەمی بەجێ هێشتووە. ئەو کارتێکردنەش هەر هەمان کارتێکردنە بەسەر گەلی کوردماندا، بەڵام لەلای کەسێکی وەک ئەم کە چەکی شیعری بەدەست بووە، هەوڵی داوە ئەو ژیانە بکات بە بەشێک لە شیعرەکانی و بیگوشێتە ناو بەرهەمەکانی و ببێتە هەوێنێک بۆیان. ئەو ڕووداوانە بەشێکی گرنگ لە ئەزموونی شیعریی شێخ نووری پێکدەهێنن و بوونەتە بەشێک لە تێڕوانین و بوون و خودی ئەو، بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕووداو و سەردەمەی تێیدا ژیا، وای لێ کرد ببێ بە شاعیری (ئەزموون – تجربة)، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەزموونی شێخ نووری بێجگە لە چاووگە ڕۆشنبیرییەکانی بینی پێوە ناون و سوودی لێ وەرگرتوون، بەهرەی شاعیرایەتی و خوێندنەوە و ئەزموونێکی زیندوو، کەسایەتی شیعریی شێخ نووری پێکدەهێنن، کە ئەزموونەکەی لە ژیانی خۆی و دەوروپشتەکەی وەرگرتووە، وەک کەسێک کە لەناو ڕووداوەکاندا ژیابێ و بە چاوی شاعیرێکی هۆشیار و بەدەسەڵات

1 دیوانی گۆران –سەرجەمی بەرهەمی گۆران– بەرگی یەکەم، ١٩٨٠، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی عیراق – لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد ل.م.





له شیعردا بەرجەستەیانی کردبێ و بەهۆی ئەزموونی ژیانە تایبەتییەکەی، ئەزموونە شیعرییەکەی خۆی دەوڵەمەند کردووە و نەیویستووە وەک شاعیرێکی سەر بە میللەت لە ئەزموونەکانی ژیان دابیبڕێت و لە سەنگەری گەلەکەی بچێتە دەرەوە، هەر ئەوەش وای لێ کردم ناوی بنێم شاعیری ئەزموون.

شێخ نووری تەنیا پشتی بە ئەزموونی ناو کتێب نەبەستووە، کە ئەم جۆرە ئەزموونانە، زیاتر ئەزموونی زیهنین و ڕووی لە ڕۆشنبیری ناو کتێبە و پشتی لە واقیع و کەرەسەکانیەتی، چونکە ئەو لەگەڵ هەموو ئازار و ئاواتێکی میللەتەکەی بووە. لە بورجێکی بەرزەوە سەیری ژیانی نەکردووە و بۆی نەڕوانیوە. هەوڵی بەردەوامی داوە ئاسۆی فراوان لەبەردەم شیعرەکانیدا بکاتەوە و بدۆزێتەوە، ئەمەش بەهۆی بەستنەوەی بەرهەمەکانی بەڕووداو و بەسەرهات و خەباتی میللەتەکەیەوە بووە. ئەزموونی ژیانی گەلەکەی لەناو بیر و ناخ و ویژدانیدا جێگەی خۆی گرتووە، بەمەش توانیویەتی بە شیعری ڕەسەن و ڕاستگۆیانە گوزارشت لەو خەون و خولیا و ئاواتانە بکات.

شێخ نووری شاعیرێکی (کسبی) نەبووە، شیعر نووسینی لە ئەنجامی خوێندنەوە دەسکەوتبێ، یان هاتبێ شەڕی پێ فرۆشتبێ و زۆری لە خۆی کردبێ شیعر دابنێ، بەڵکو شیعر لە کانگای دڵییەوە هەڵقووڵاوە و لە ناخی دەروونییەوە هەڵچووە و بە خوڕی دایڕشتووە، شاعیرێکی شیعر سوار و بەدەسەڵات بووە، بەرانبەر بە وشە و تەعبیر دانەماوە و شیعر لە دڵییەوە قەڵبەزەی داوە و ئەم سیفەتە زاتییەی تەرخان کردووە بۆ ژیانی گەلەکەی و دڵی شیعری هەر بۆ ئەو مەسەلەیەی میللەتەکەی لێی داوە. تا دوا هەناسەی شیعر لە ویژدانیدا ماوەتەوە و ئاگری شیعر لە دڵیدا نەکوژاوەتەوە و ئاوی ڕۆژگاریش نەیتوانی پشکۆی شیعر لە دڵ و دەروونیدا بکوژێنێتەوە. بەدی کردنی ئەم لایەنەش لە شیعرەکانی شێخ




نووری وا لە لێتوێژەرەوە دەکات پانتاییەکی زۆر لە نووسینەکانی بۆ لایەنی (ڕیالیزم) لە شیعری ئەو شاعیرەدا تەرخان بکات. هەتا میللەت فەرهەنگەکەی وشەی (نا)ی تێدا بێت لە بەخشش و داهێنان ناکەوێ. تا داهێنان بەپێوە بوەستێ، گۆڕان و شۆڕش و میللەت بەردەوامن و بەپێوە دەوەستن و ئەزموونەکانیان تێکەڵی ئەزموونە شارستانییەکانی ئادەمیزاد دەکەن. ئەو ئینقیلابەی شێخ نووری لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گێڕای و سەرکردایەتی کرد، بەپێوە وەستان و زیندوویێتی ئەم میللەتە نەبەزەیە کە هەرچەند لەژێر چنگی وەیشوومەکانی ڕۆژگار ڕزگاری نەبووە، بەڵام میللەتێکە لە بەخشس نەکەوتووە.

شێخ نووری بەتەنگ پێداویستییە نەتەوایەتی و شارستانییەکانی ئەم چاخەوە چووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە سیاسییە، بتوانێ بەهۆی داهێنان و ڕۆشنبیری، خۆی لە گیانی سەردەمەکەی نزیک بکاتەوە، تا شیعرێک بڵێ بەقەدەر ئەوەی خزمەتی ئێستای دەکات، ئەوەندەش لە دەرگای داهاتوو بدات و خۆی لە جووڵانەوەی مێژوو دانەبڕێ، بۆیە زۆر زیرەکانە لە مەنتیقی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵ و سەردەمەکەی گەیشتووە، ئینجا توانیویەتی تێکەڵی ببێ و پاڵپشتی بکات. بەڕوانینی تازە و جۆرە دەربڕینێکی تازەترەوە ئەو تێگەیشتنەی خۆی خستە ڕوو. هەوڵی دا لە نیشتمانی داهێنان و کاتی داهێنان و تازەیی دانەبڕێ، چونکە دەیزانی بزووتنەوەی مێژوو دەیداتە دواوە. لەدواییدا چووە ناو ئەو نیشتمانە و زەفەری پێ برد، لە ئەنجامی تێگەیشتن لە جەدەلی مێژوو، توانی ڕابردوو تێپەڕێنێ و تازەبوونەوە بگرێتە باوەش، کە ئەو جەدەلە بێ سنوورە دەیسەپێنێ. شێخ نووری لە زمانی سەردەمی خۆی نەگەیشتبێ هەرگیز نەیدەتوانی بەدەنگ ئەو داوایەوە بچێت!

قەبارەی بوونی میللەتێک کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە گەورە بوون دەکات بەهۆی ئەوەیە کە ئەو میللەتانە بە زمانی تازە گوزارشت لە سەردەمی خۆیان دەکەن. میللەتێک دان بە بوونی زمانێکی تازەدا نەنێ بۆ ئەوەی ڕەنگی چارەنووس و مەسەلەکەی خۆی پێ بڕێژێ و خەون و ئاواتەکانی پێ بنووسێ، ئەو میللەتە ڕوو لە نەمان و قڕ تێکەوتنە. شێخ نووری هەستی بە هەموو ئەمانە کردووە، بۆیە داوایەکانی ئەو قۆناغەی بە ئەمانەتەوە بەجێ هێناوە. ئەو زمانە تازەیەی شێخ نووری خەونی کوردی پێ تۆمار کرد، زمانێکە خوێنی چارەنووسی خۆی دەدا، چونکە زمانی داهاتوو و پاشەڕۆژە. زمانی ڕابردوو نییە، شتەکانی پێ گێرە بکاتەوە. ئەو زمانەش نییە لە وڵاتێکی دیکەوە قەرز کرابێ و خوازرابێتەوە، بەجۆرێ وەک ڕەشەبایەک ڕەگوڕیشە و ڕەسەنایەتی ئەوی هەڵکەندبێ، ئەگەر زۆر کەسیش هەبن ئەمە وا تێبگەن، من تازەبوونەوەکەی شێخ نووری بە حەڵاڵ زادە دەزانم، چونکە زادەی واقیعێکی دیاریکراوی سەردەمێکی ژیانی کوردە و لە واقیعی شیعری کوردی دانەبڕاوە.

ساتوسەوای شێخ نووری لەگەڵ شیعری تازە، ساتوسەوای خوێنەرێکی هۆشیاری سەردەمە کە بەقەدەر ئەوەی شت وەردەگرن، ئەوەندەش هەست دەکەن کەوا پێویستە شت بدەن و بەخششیان هەبێت. ئەمەش دیاردەیەکی شارستانی چاکە و هیچ ڕەخنە و گلەییەک قبووڵ ناکات. ئەم شاعیرە ڕۆشنبیرە زوو دەرکی بەوە کرد شێوەی شیعری تازە، پێویستی بە ڕوانینی تازەیە بۆ ژیان و بوون و مرۆڤ. من لەلای خۆمەوە لەگەڵ ئەوەدا نیم ”تازەکردنەوە“ تەنیا لە شێوەدا بەرپا بێت، ئەگەر لە پێش هەموو شتێکەوە ڕوانینی شاعیرەکە نەگۆڕێ و ئەو ڕوانینە بەهۆی ڕۆشنبیرییەوە لە ڕەگەوە هەڵنەتەکێ، ئەوەتا شێخ نووری خۆشی لەو بڕوایە دایە کە ڕوونکردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە ئەرک و پەیامی ”تەجەدودپەروەرەکانمانە“ و دەڵێ: (لە پێشەوە ڕجا ئەکەم ئەم قسەیە کە ئەیکەم، حەملی نەکەنە سەر خود فرۆشی. ”هێنانە وجوودی ڕیسالەیەکی ئەدەبیی کوردی لەسەر شانی



ئەدیب و تەجەدودپەروەرەکانمان بەلزوومێکی قەتعی ئەزانم". حاشا سومە حاشا من نالێم ئەدیبم، من نالێم شاعیرم، بەڵام لەبەرئەوەی لە منداڵیمەوە فیکرم ئیشتیغالی لەگەڵ ئەدەبیاتدا بووە بە تەتەبوعات نەختێ شارەزاییم هەیە وە ئەم شارەزاییە دائیمەن سەوقی ئەوەی کردووم کە لەم عیلمەدا کە هێشتا بە زمانی کوردی نەنووسراوەتەوە ڕیسالەیەک تەئلیف و تەبع بکەم. مەعەل تەئەسوف وەزعییەتی خسوسییەم و دەست نەکەوتنی شیعری شاعیرە کۆن و تازەکانمان بوو بە ئەسبابی تەئەخوری ئەم تەشەبوسە خێرە).2 ئەم قسەیەی شێخ نووری کە سەرەتایەکە بۆ ڕۆژنامەی (ژیان)ی نووسیوە، کۆمەڵێ لایەنی جۆربەجۆری تێدایە کە ئێمە لە شوێنی دیکەدا دەستنیشانمان کردووە و لێرەدا لەم چەند نوقتەیەدا خەستیان دەکەینەوە:

یەکەم: گرتنە ئەستۆی پەیامێکی شارستانی، کە ئەم پەیامە تا ئەو کاتە بەو شێوەیە کەسی بۆی نەچووبووە مەیدان و خۆ لە قەرەدانی شێخ نووری بۆ ئەم بابەتە تازەیە، هەستکردنی ڕۆشنبیرێکی شارستانییە بە پێویستی ئەم لکە لە ئەدەبەکەماندا کە کاتی هاتبوو دەربارەی بنوسرێ.


دووەم: نیشاندانی بێ فیزی و تەوازوع لەلایەن (شێخ نووری) یەوە کە ئەم سیفەتەش وەک سێبەرەکەی لێی جیانەبووەتەوە تا ڕۆژی مردنی، ڕەنگە هەر ئەم لایەنەش بێت لە ژیانی، کە حەزی لە خۆ بردنە پێشەوە و هەڵپەکردن نەکردووە، پایە و پلەی شایانی خۆی وەرنەگرێ. ئەوەتا خۆی دەڵێ: "من نالێم ئەدیبم، من نالێم شاعیرم" ئەمەش سیفەتی هەموو ئەدیبێکە بە گەورەیی لە پەیامە شارستانی و مێژووییەکەی سەرشانی خۆی گەیشتبێ.

سێیەم: شێخ نووری هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ هونەری شیعر و ئەدەبیاتدا خەریک بووە و "ئیشتیغالی" کردووە، ئەمەش شارەزایی تەواوی لەلا دروست کردووە و ئەو خیبرە دوورودرێژە هەلومەرجی ئەوەی تێدا دروست کردووە خۆی لە قەرەی ئەو کارە بدات.

چوارەم: خوێندنەوە و ڕۆشنبیری شێخ نووری و شوێن پێ هەڵگرتنی ڕۆشنبیری سەردەم کە وەک خۆی دەڵێ: (بەتەتەبوعات) ئەو شارەزاییەی فێر کردووە لەپاڵ مەشق کردنی خۆی بۆ هونەری شیعر.

پێنجەم: ڕووکردنی ئەم شاعیرە بۆ چەند لایەنێکی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر و مشوور خواردنی بۆ





شێخ نووری

پڕکردنەوەی کەلەبەرەکانی لە ئەدەبەکەماندا، ئەم پەل هاویشتنەش بۆ لایەنە ڕۆشنبیرییەکان وای کردووە بەتەنیا خۆی تەرخان نەکات بۆ شیعر.
شەشەم: ڕووی دەمی کردووەتە "ئەدیبە تەجەدودپەروەرەکان" و بە پێویستییەکی گەورەی زانیوە ئەم ئەدیبانە پەیامەکەیان بەجێ بگەیەنن و ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن، چونکە نووسین دەربارەی ئەم لایەنە لە زمانی کوردیدا نییە.
حەوتەم: شێخ نووری زووتر بیری لەم مەسەلەیە کردووەتەوە، واتە پێش ساڵی (١٩٢٦) و (١٩٢٧) کە وتارە ڕەخنەییەکانی تێدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لەبەر "وەزعی تایبەتی" خۆی و نەبوونی کەرەستەی تەواو بۆ ئەم ئیشە کە "شیعری شاعیرە کۆن و تازەکانە" ئەم پڕۆژەیەی دواخستوە.
شێخ نووری بەرلەوەی دەست بداتە "تازەکردنەوە" هەستی بەوە کردووە، شیعری کوردی پێویستی بە تەکانێکە، بەڵام پڕۆژە ڕەخنەییەکەی پێش کاری تازەبوونەوەکە نەخستووە، دواخستنی ئەم زنجیرە وتارە ڕەخنەییە زیاتر لە بەرژەوەندی بزووتنەوە تازەکە بووە، چونکە لە ساڵی (١٩٢٦-١٩٢٧)دا کە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەیان، (تنظیرات)ەکەی لەسەر بۆشایی دانەنابوو، بەڵکو کۆمەڵێک بەرهەمی شیعریی نووسیبوو کە نوێنەری تازەبوونەوەکە بوون و بوونە نموونەی پراکتیکی بۆ ڕا و بۆچوونەکانی.

لە دیوانی (شێخ نووری شێخ ساڵح)ەوە وەرگیراوە





# نامەیەکی شیعری لە "شێخ نووری"ەوە بۆ "زێوەر"

ئەی بادی سەبا! پەیکی خەیاڵاتی ئەدیبان
ئەی میروەحەیی فێنکی زامی دڵی سووتاو
ئەی باسی خەرامان
وەختێ کە ئەدەی شەو لە لق و پۆپی درەختان
سەد دەنگی نەی و ناڵەیی و عوودت بەفیدابێ
ئەی موتریبی ناڵان
گەر تۆ نەئەبووی، ئەی ئەسەری قودرەتی لاهووت
چۆن پێئەکەنی خونچە دەمی سوبحی بەهاران؟
ئەی نەیزەنی بوستان
چۆن ناڵەیی مەحزوونی کەوی مەدانی کێوان
تەئسیری ئەکردە جگەری لەت لەت و برژاو؟
ئەی مونسی مورغان
ئەی بادی سەبا! هەستە مەوەستە وەکو ئینسان
ڕوویە بکەرە مەسکەنی جارانی سولەیمان
مەدفوونە لە سەیوان
ئەو شارە کە مەشهوورە بە کاشانەیی بابان

یەنبووعی ئەدەب، کانی گوهەر، مەنبەعی عیرفان
هەم لانەیی شێران
سەیرێ بکە بنواڕە بە شار و بە کەنارا
دەورێ بدە نەختێ لە دەمی سوبحی بەهارا
ئەی بادی دڵارا
ئەم نامەیە جوان بگرە بە دەستێکی بلوورین
ڕازاوەتەوە، چونکە بە میهر و مەه و ئەختەر
عەینەن وەکو ئەفسەر
بەو شەرتە لە تەقدیمی ئەوا واسیتە بێ (ژین)
بیخەیتە سەری شاهی ئەدەب، حەزرەتی (زێوەر)
ئەی بادی پەیامبەر
زاتێکی ئەدیبە، بە ئەدەب بچووە حزووری
عەرزی بکە، چاکە بە دڵی ئێوەیە (نووری)
هەر ماتە لە دووری
عەرزی بکە، ئەی هەیکەلی شیعر و ئەدەبیات!
بێ دەنگی بەسە گیانە لە ئوتێلی "شەریفا"
ئوستادی ئەدەب، شاعیری پڕ فیکر و خەیاڵات
نابێ بەزەیێت بێ بە غەریبێکی زەعیفا
مەزڵووم و نەحیفا
ئاخۆ ئەسەرێ ماوە لە سەیرانگەهی (یارە)
چوارشەممە ئەڕازانەوە، نەورەستە نیهالان
وەک توولی نەمامان
لاگیرە بەسەریانەوە، وەک ڕۆژی درەخشان
گەردانە لە ملدا ئەبووە ماهو ستارە
بەم فەسڵی بەهارە
چوارشەممە کە دێ، ناڵە ئەکا دڵ لە قەفەسدا
وەک مورغی ستەمدیدەیی مەحبووس و موکەدەر
وەک کۆتری پابستە، لە ئەسنایی هەوەسدا
مەهبووت و سەراسیمە، مەکەدەر لە موقەدەر
بێ تاب لە نەفەسدا
دایم دڵەکەم ئێستە لەلای (قۆرییە شکاو)ـە
ئەو جێیە کە مەشهوورە بە مەڵبەندی نیگاران
جێی سوحبەت و سەیران
چۆنە ئەسەری ماوە؟ وەیا بۆتە کەلاوە؟
کیسرایی سولەیمانییە، ئاساری نەماوە!
هەر بوومی لەناوە!

**شیوەنی شێخ عەزیزی برای**

لە فوارەی دڵ لەبەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچاوم
لەبەرچی سوور نەبێ داوێنی بەدبەختیی بە خوێناوم
کە من زانیم ئیتر مەرهەم نییە بۆ جەرگی سووتاوم
ئەناڵێنم لە دووری تۆ، ئەڵێم شەرتە هەتا ماوم
ئەسیری خاکی گۆڕ و نەوجەوانی پڕ مەلالم ڕۆ
عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ
بە ئومێدی ئەوەی بێمە سەرینت هەروەکو مەجنوون
لە دووجەیلی نەهاتیدا ئەناڵێنێ دڵی مەفتوون
بە فرمێسکی پەژارەم چۆڵی (قفرە)م ئاو ئەدا مەحزوون
کەچی ئەمڕۆ بیابانێ بە خوێنی دڵ ئەکەم گوڵگوون
ئەسیری خاکی گۆڕ و نەوجەوانی پڕ مەلالم ڕۆ
عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ
***
لەوێ دیجلە وەکیلی دیدەکەی من بوو بە لێڵی و سوور
سکووتی خەستەخانەت، بوو بە شینی عائیلەی ڕەنجوور
لەکاتی گیانەڵای جەرگم کون ئەکا تا ڕۆژی نەفخی صوور
برایی جەرگ و دڵ سووتاوی کوردی پڕ مەلالم ڕۆ
عەزیزم ڕۆ، عەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ



## ئامۆژگاری

گوێ لە نووری بگرە جانا، با نەبی تووشی زیان
ئیعتیمادت قەت نەبێ، هەرگیز بە ئەوزاعی جیهان
تاکو تۆ ماوی لە ئازاری ئەم و ئەو دوور ئەبی
گەر نەکەی تۆ مەیلی ئازار و عەزابی ئین و ئان
یاری کۆن هەروەک شەڕابی کۆنە، تابێ چاک ئەبێ
قەت نەکەی هەرگیز بە یاری بازەوە خۆت سەرگران
سوبحەت و مەیلی موحیبانت ئەگەر لا مەتڵەبە
تێپەڕیوی ئیمتیحان، هەرگیز نەکەی تۆ ئیمتیحان
ئەو ئومێدەت قەت نەبێ ڕازی دڵت شاراوە بێ
تۆ کە خۆت فاشی بکەی، بۆ عالەمێ ڕازی نیهان
لات موحەقەق بێ، بەجارێ گووم ئەکەی ئاساری خۆت
خۆت نەکەی گەر تۆ بە خولقی چاکە لای کۆمەڵ عەیان
قەت غەمی ئەم دەهرە نانیشێتە سەر پەڕەی دڵت
گوێ ئەگەر نەگری لە ڕێکی یا لە ناڕێکی زەمان
ژینی باشت بۆ پەیابوو گەر لەسەر ڕوویی زەمین
باڵی مەغرووری مەجووڵێنە بەرەو ڕوویی ئاسمان
دوژمنت گەر دی زەعیف و ناتەوان، مەسروور مەبە
ژینی دنیا بۆ کەسێ نامێنێ تا ئاخر زەمان
بەسییە (نووری) ئەم قسانەت وا ئەزانم ئاخری
وەک چرا بۆ ستوونی خۆت، گڕ ئەخەیتە سەر زبان

١٩٥٢/٢/٢١

## بولبول فیداتم

بولبول فیداتم
حەیرانی سۆز و دەنگ و سەداتم
قوربانی ورشەی باڵی خێراتم
فیدای زانیاری و مێشکی وریاتم
لەو تۆزە مێشکەی خوا بە تۆی داوە
زانیاران هەموو سەریان سوڕماوە
دەمێکە مەیلی لای یاران ئەکەم
تاسەی دیدەنی، نازداران ئەکەم
بدە لە شەقەی باڵی نەرم و سووک
بڕۆ تا چەمی خاسەی ناو کەرکووک
لەوێوە باخچەی، خانەقا دیارە
مێرغوزارێکی، تەڕ و ئاودارە
بنیشەرەوە، سەر لقی چڵێ
دەس کەرە ناڵە، هەردەم بۆ گوڵێ
شمشاڵی گەرووت دێنێتە خرۆش
دڵی دڵداران دەهێنێتە جۆش
ڕاسپێرم هەیە، گوێ بگرە بەزەین
بچۆرە خزمەت شێخ (کاکە حوسەین)
بڵێ: ئەی نووری دوو دیدەی (نووری)
نووری خەریکە، بمرێ لە دووری
عەقڵ و شعووری وا نزوول ئەکا



شێخ نووری
ڕۆڤار

مەیلی هاتنت بۆ قەیتوول ئەکا
زۆرم پێ خۆشە، وەک خونچەی بەهار
بگەشێیتەوە لە دەم جوێبار
ئاواتەخوازم، ڕۆژێ هەزار جار
چۆن شەماڵ ئەدا لە چیا و نزار
نە سروە دڵم فێنک کاتەوە
خەمی کۆن و نوێم لە بیر باتەوە
پێکەوە لە گوێ ئاوێ دانیشین
ئەو بە پێکەنین، من بە گریە و شین
بێنمەوە بیری، بەزمی ئەو شەوە
ئێستاش نازانم، خەیاڵە، خەوە
ئەو شەوە ماری ئەگریجەی ماری
لە هەستم ئاڵا، بە لەنجە و لاری
گێسووی وەک ماری، ماری لە ئەستۆم
نەوعێ ئاڵابوو، پێم نەبوو بڕۆم
وای بێهۆش کردم، بە بادەی چاوی
عەقڵ و شعوورم، نایە پێناوی



# شێخ نووری شێخ ساڵح–
# بیبلیۆگرافیا و پێڕستکاری –1956 2010
# لە پڕۆژەی (کورد و کوردستان– بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا –1920 2010)

**ئامادەکردن: بوار نوورەدین**


کورتکراوەکان: چاپ: نۆرەی چاپ، چ: چاپخانە، ش: شوێن، ژس: ژمارەی سپاردن، س: ساڵ، ل: لاپەڕە، ق: قەوارە (بە سانتیمەترە و "پانی"ی پێش "درێژی"ی نووسراوە).

یەکەم: بیبلیۆگرافیا –1980 2008

1. شێخ نووری شێخ ساڵح له كۆڕی لێكۆڵینەوەی ویژەیی و ڕەخنەسازیدا
نووسین: د.كامیل حەسەن عەزیز ئەلبەسیر
لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاریی عێراق
چاپ: یەكەم، چ: كۆڕ، ش: بەغدا، ژس: 1410، س: 1980، ل:85، ق:17×24
ناوەڕۆك:
پێشەكی/ شێخ نووری شێخ ساڵح و مامۆستا گۆران/ هونەری جوان و هونەری بەسوود/ سۆزی وێژەیی/ پێناسەی وێژە/ مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆك لە وێژەدا/ هۆنراو و پەخشان/ كێش و سەروا/ كەسایەتیی وێژەر/ بنچینەییەكانی كاری نووسین/ شێواز چییە؟/ سەرەنجامە گشتییەكان/ سەرچاوەكان/ ناسنامەی كتێبەكە بە زمانی عەرەبی.

2. شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر
نووسین: موسڵیح مستەفا جەلالی
لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن- دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی
چاپ: یەكەم، چ: دار الحریە، ش: بەغدا، ژس: 1543، س: 1984، ل:89، ق:16×23
ناوەڕۆك:
شتێك بۆ پێشەكی: پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ/ لەم بەرهەمەدا/ سەرەتا/ شیعری نیشتمانی/ كۆمەڵایەتی/ دڵداری/ جوانیی سرۆشت/ شیعری شیوەن/ چەند ڕایەك دەربارەی شیعرەكانی شێخ نووری شێخ ساڵح/ كورتەی باسەكەمان/ بەرهەمی تری شێخ نووری/ پێڕستی ناوداران/ پەراوێزەكان/ ناوەڕۆك/ سوپاس.

3. دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح- بەرگی یەكەم
كۆكردنەوە و ساغكردنەوە: ئازاد عەبدولواحید
لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
چاپ: دووەم ، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: 55، س: 2008، ل:758، ق:16×23
ناوەڕۆك:
لەبارەی چاپی دووەمی ئەم دیوانەوە/ پێشدەستی/ كۆمەڵێ بەرهەمی نادیاری شێخ نووری/ شیعری شێخ نووری لە دیوانی بێخوددا/ سەربردەی ژیانی شێخ نووری شێخ ساڵح/ شێخ نووری شێخ ساڵح لە كۆڕی هونەری گۆرانیدا/ شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیری ڕچەشكێن/ شێخ نووری نوێخواز و سەردەمەكەی/ ئایا چاووگی ڕۆشنبیریی شێخ نووری هەر ئەدەبی توركی بوو؟/ شێخ نووری شاعیری ئەزموون/ سیمایەكانی قوتابخانەی شیعری نوێ/ پێداچوونەوەیەك بە هەندێ بیروڕا كە لەبارەی شێخ نوورییەوە نووسراون/ شێخ نووری لە كۆڕی ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا/ پایەی شێخ نووری لە لای شاعیران و نووسەرانی كورد/ شیعرە وەرگێڕراوەكان/ شیعری موستەزاد/ نامەیەكی شیعری لە (شێخ نووری)یەوە بۆ زێوەر/ بە موناسەبەتی تەبدیلی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بۆ (ژیان) تەقدیمە/ من و گەلاوێژ/ تاڵعی كوردی بەدبەخت/ ئەو كارەساتەی لە هێنانەوەی جەنازەكەی (شێخ مەحموود)دا ڕوویدا/ بانگەوازی ویژدان/ سۆزی دەروون/ دڵی من/ بەهار و سروشت/ شیعر و ژیان/ چیرۆكە شیعر/ شیعری نیشتمانی/ سروود و ئۆپەرێت.. پشتگیری لە زانست و خوێندەواری/ پێنج خشتەكی/ بە یادی كۆنەوە/ شیعری بۆنە/ هەمەجۆر/ كوردیی پەتی/ چوارین-ڕوباعی/ پاشكۆ/ فەرهەنگۆك/ بیبلیۆگرافیا یان سەرچاوەی نووسین لەبارەی شاعیرایەتی شێخ نووری/ سەرچاوەكان/ پێڕست.



دووەم: پێڕستکاری 1956- 2010

1- بەرگی دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی- باسی ئەم بوێژانەی کورد و شیعرەکانیان بخوێنینەوە: دڵدار- ڕەمزی- (سالم) سەلام- عەلی باپیر ئاغا- گۆران- نووری شێخ سالح

نووسین: ڕەفیق حیلمی

چاپ: یەکەم، چ: الشباب، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: 1956، ل:208، ق:17×23

ناوەڕۆک:

نووری (شێخ نووری شێخ سالح).

2- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی

نووسین: عەلادین سەجادی

چاپ: یەکەم، چ: مەعاریف، ش: بەغدا، ژس: ؟، س: 1968 ، ل:348، ق:17×24

ناوەڕۆک:

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی/ وردبوونەوەیەک و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی: ... نووری شێخ سالح.



3- دەقەکانی ئەدەبی کوردی

نووسین: عەلادین سەجادی

لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد

چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: 1199، س: 1978، ل:220، ق:17×24

ناوەڕۆک:

بە هۆی باسکردن لە دەقی ئەدەبییەوە...: شێخ نووری شێخ سالح.

4- ئەدەبی کوردی

نووسین: فریاد فازیل عومەر

لە بڵاوکراوەکانی خوێندنی کوردی بەرلین

چاپ: دووەم ، چ: ؟، ش: بەرلین، ژس: ؟ ، س: 1986، ل:180، ق:15×21

ناوەڕۆک:

نووری شێخ سالح.

5- تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد

نووسین: ئەحمەد تاقانە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ژس: 220، س: 2001، ل:120، ق:14×21

ناوەڕۆک:

بەشی یەکەم: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد/ تۆفیق فیکرەت کێیە؟/ فیکرەت و شێخ نووریی شێخ سالح.

6- ڕەشید نەجیب- ژیانی و بەرهەمەکانی 1906-1968

نووسین: ڕەشید نەجیب

ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: 313، س: 2001، ل:160، ق:14×21

ناوەڕۆک:

بۆ شێخ نووری شێخ سالح-شیعر.

7- گۆران- نووسین و پەخشان و وەرگێڕانەکانی

نووسین: گۆران

ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: 10، س: 2002، ل:173، ق:21×14

ناوەڕۆک:

لە نووری شێخساڵحەوە بۆ (مێشو).

8- ڕۆژنامەی ژیان- ژمارە 1-81 یەکەم بەرگ

ئامادەکردن: ڕەفیق ساڵح

لێکۆڵینەوە: سدیق ساڵح

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: 115، س: 2002، ل:428، ق:31×21



ناوەڕۆک:

ژیاننامە: شێخ نووری شێخ ساڵح.

9- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی

نووسین: عەزیز گەردی

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپ: یەکەم، چ: دێکان، ش: سلێمانی، ژس: 208، س: 2003، ل:790، ق:23×17

ناوەڕۆک:

کارکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمی 82 شاعیری کورد کە بۆ هەر یەکێکیان بەشێک لە ناسنامەی سەرچاوەکان (کتێبەکان)یان نووسراوەتەوە: شێخ نووری شێخ ساڵح.

10- شیعری نوێی کوردی 1898- 1958

نووسین: د.فەرهاد پیرباڵ

لە بڵاوکراوەکانی گرووپی هانەی ئیعلامی

چاپ: یەکەم؟، چ: کوردستان، ش: هەولێر، ژس: 701، س: 2005، ل:231، ق:27×20

ناوەڕۆک:

گرووپی شاعیرانی سلێمانی و کەرکووک...: شێخ نووری شێخ ساڵح.

11- مێژووی ئەدەبی کوردی 1945- 1975 بەشی شەشەم

نووسین: د.مارف خەزنەدار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: یەکەم، چ: و-پەروەردە، ش: هەولێر، ژس: 71، س: 2006، ل:633، ق:23×17

ناوەڕۆک:

بەشی بیست و دووەم: نووری شێخ ساڵح.

12- فیمینیزم لە شیعری کوردیدا- کرمانجی

خواروو

نووسین: د.عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر-پڕۆژەی بەچاپگەیاندنی 30 کتێب

چاپ: یەکەم، چ: بینایی، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: 2009، ل:236، ق:15×20

ناوەرۆک:

بەشی دووەم: شیعری شاعیرانی کورد لە پێناوی بەرگریکردن لە مافەکانی ژندا/ شێخ نووری شێخ ساڵح.

13- مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی شەشەم 1945-1975 A

نووسین: د.مارف خەزنەدار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

چاپ: دووەم، چ: ئاراس، ش: هەولێر، ژس: 374، س: 2010، ل:672، ق:15×21

ناوەرۆک:

هەمان ناوەرۆکی چاپی یەکەمی هەیە، بڕوانە کتێبی ژمارە 11.



سەرچاوە: کورد و کوردستان، بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا 1920- 2010 (12 بەرگ و 5206 لاپەڕە)، ئا: بوار نوورەدین، چاپی یەکەم، تاران، 2016.





# شێخ نووری

رۆڤار